مدخل

حکومانێ و اقوامی قدیمه کرد کل

اصلی کورد مناسبی هه

هرو کوله جلدی اولی ئەم تاریخه داباسمان کرد، بعض اقوامی منطقه‌ی زاغروس، به کوره‌ی آثار ووثائق دوزراوه‌ی تا ایستا وبه‌نظر دقیقات واستنتاجاتی علمای آثاروتاریخه‌وه، له‌گەل اصلی کوردامناسبتکی به قوتی هه‌یه، وئەم مناسبته، اگه‌ربه‌چاویکی بیطرف وعلمی باش لی‌ی وردبینه‌وه، ئه‌بینین که له مناسبتی قومی (آکاد) و (عموری) له‌گەل اصلی عرب، ومناسبتی قومی (هون=قون) له‌گەل تورکدائه‌وه‌نده فرق نیه. جا ایمه ش اگروه کوئەم دوقومه، له‌نوسینی تاریخی قدیمانه‌سرشوینی ئەم دوقومه بروین، باوه‌ناکەم هیچ فامیده وبه انصافیك اعتراضمان لی بکا وذاتا مقصدیش له‌مه، به زور ریك خستنی ماضیه‌کی زور کون بو تاریخی قومی کوردنیه، ته‌نیا ئەمانه‌وه‌ی فکر ونظری بعضی علمای

آثار وتاریخ بخەینە سر کاغذ ، لە گەلئەمە شدا لازمە بزانری ، کەئەم سرچاوەی تاریخی کونە ، هروەکو بو بعض اقوامیتر هیشتا بەتەواوی رون نەبوتەوە ، بوایەمش دیسانەوە تادرجەیەك لیلە ، وبورون کردنەوەی پی ویستی سعیکی زور وزمانیکی بەطولە . بەلام ئەم حالە ، وە کوچون اقوامیتری لەباس کردنی تاریخی کونی ، وداگیر کردنی تاریخی قومەکونە کانی بە مناسبت لەگەل اصلیدا منع نە کردوە ، لازمەمساعدەی ایمەش بکا کەلەسرئە وشوینەبروین وەوە کوئەوان — تاءکسي دەرئەکەوی — ایمەش تاریخی ئەوقومانە ، کە آثاروتدقیقاتی تا ایستا بە اصلی کوردیان ئە نوینی ویا لەگەل اصلی کوردا مناسبتداریان ئە بینی ، بکەین بەمقدمەی تاریخی خومان ئە وقومە کونانەی کەلە گەل اصلی کوردا کم وزوری مناسبتیان هەیە ، لە جلدی اولدا باسمان کردبون ، ولەم جلدە شدا — بە کورەی مساعدەی آثار ووثائق — نەیاباسی تشکیلاتی سیاسیە یعنی حکومتە کانیان ئە کەین .

١ — حکومتی لولو :

حیف کە تاریخ ، هیشتا درحق بەم حکومتە وسرحدە وسنوری ئیتنکی زور نازانی . بە کورەی وثائق زمانی (سارغون) و (نارام — سین) ی (آکاد) ئەبی ، ئەم حکومتە لەگەل(اررافا)وولانی (کاسای) داهاو حدودبی .کەوابو ، ئەبیلوای سلیمانی ایستاو ناحیەی (هورین — شیخان) و (قوراتو) ومنطقەی (زهاو = هالمان) ، ولانی (لوالو) ی قدیم بوبی ،

قومي لوللو ، لەگەل بەشيكى (گوتى) دا حكومتيكى سربە خوبوە ، مركزەكەشى بەگورەى بەغدى مورخين (زيمرى) وبەكورەى پروفسور سپايزەر (اراكدى) بوە . ەين مؤرخ ئەلى ، (آنتوبانينى) ى قرالى لوللو ولاتى (هالمان = ارمان) ى زەوت كردوە كەئەمەش تصادفى قرنى بيست وهەشتە مي پيش ميلادئەكا . مستر هول (تاريخى قديمي شرق قريب) ، لەدواى (آنتوبانينى) ، (لاسيراب) ناويك بەقرالى لوللو ئەنوينى وئەبى لە دورى ئەم قرالەدا مشهور (سارغون) ى آكاد هاتبيتە سرولاتى لوللو .

ئەم حكومتى (لوللو) ەتادورى (تلمانأشە ري سيەم) ى قرالى آسوريش دوامى كردوە ونهايت لە تاريخى ٨٢٨ پ . م دا لەطرف لشكرى آسوريەوە داگيركراوە .

٢ — حكومتى كوتى :

احوالى تاريخيە ى ئەم حكومتەش مجهولە . ظاهر وايە كەئەم قومە لەدورى (زەى كويە) دابزن ولە ويوە بەرە بەرەهاتونەخوارەوەولەدواى مردنى (شاركالى شارري) ى خلقى (نارام — سين) وتقريبا لە اواسطى ٢٦ ەمين عصرى پيش ميلاددا داخلى ولاتانى (آكاد) و (سومەر) بون ولەگەل ئەم قومانە كۆتونە شرەوە وبارە بەرە بەسرهردولايانا زال بون وحكومتى شاراني (سومەر) وولاتى (آكاد) يان هيناوەتە ژير چنگى خويانەوە .

به وره‌ی جدولیك که‌له (نیپور) دوزراوه ته‌وه ٢١ قرالی گوتی ١٢٥ سال وچل روژ له (بابل) داحکداریان کردوه . باخصوص لهم قرا لانه (آنری داپیزر — Enridapizir) زور به شوکت بوه وحدودی سلطنتی به‌ته واوی به‌قه‌د حدود سلطنتی (نارام — سین) بوه . نهایت قرالی (ته‌رنخ) مشهور (اوتوخیگال — Utukhegal) فرصتی له آخر حکداری (گوتی) ی بابل‌دی وله (آکاد) ی کرده ده‌روه وحکومتی (بابل) ی زه‌وت کرد [٢٥٢٤ پ . م] .

قومی (گوتی) له دوای ئه‌مه‌گه راوه‌ته‌وه وطن اصلی ی خوی [منطقه‌ی زی کویه و (کرکوك — ارابخا] وئیتر وحدتیکی سیاسی‌ی مهمی نه‌ماوه .

٣ — حکومتی کاسای [١] :

له زمانی پانزه‌مین وآخر حکدار سامی‌ی بابل دا که [سامسور — دیتانا] یان پی ئه‌گوت ، قومی خانی Khatti ویا هیتیت هجومی کرده سر مملکتی بابلستان وسلسله‌ی حکومتی اولی یعنی حکومتی (عمودی) ی‌له ناوبرد [١٩٢٦ پ . م] . به کوره‌ی بعضی مؤرخین ، له دوای تالان

---

[١] حکومتی (کاسای) ، له تواریخ وتصیفاتی قدیمه‌دا به‌سیه‌م سلاله‌ی حکومت داراون . حکومتی (عمودی) . سلاله‌ی اوله وله ٢٢٢٥ تا ١٩٢٦ ب . م دوای کردوه ومشهور (حورابی) شه‌شه‌مین حکمداری ئه‌م سلاله‌یه . له‌م دوره‌دا له شاری (سومر) دا بعض حکومای سر به‌خوهه‌بوکه هیئتی عمومیه‌یان به سلاله‌ی دوه‌م حساب کراون .

وویران کردنی، ئەم قومی (خاتی)یە بابلستانی بەجی هیشتوە و کەراوەتەوە ودلانانی غربی فرانی خوی ؛ ولەدوای امانە لە بابلدا حکومتیکی خوولانی دامزراوە ونزیك عصر ونیویك دوامي کردوە، ولە نهایتی ئەم دورەدا قومی (کاسای)هەلیان کوتاوەتەسر ئەم ولاتەوبابلستانیان زەوت کردوە[۱۷۶۰ پ. م]ولانی ساحل (سومەر)بشیانلە. ۷؛پ م دالەدەس آخر حکمداری سومەری کە (ئی — غامیل — Ea—Camil) بوسند وبەم تەرحە ولاتانی (سومەر) و (آکاد) یان لەژیر عنوانی [کار — دونیاش — Kar—Dunyiash] [۱]دا توحید کرد وحکومتەکەیان بەم ناوەوە ناونا .

مؤسس ئەم حکومتە قرال (غاندیش — Candish) ویا(غادداش)ە بەلام درحق بەوقایعی زمانی معلومات نیە .

مدتی سلطنتی (غاندیش) شانزە سالبوە ، و (مستر هول) لە کیتبە کەی [تاریخی قدیمی شرق قریب . لاپەرە — ۱۹۹] دائەلی ، (اولام بوریاش Ulam—buriash) ی کاسی ، کە ولاتی ساحلیلە (ئی غامیل)ی سومەری زەوت کرد (۱۷۱۰ پ . م) کوری قرالی بابل (بورنابو

---

[۱] مستشرق سیر کیغ ، لە کیتبی (تاریخی بابلستان ، لاپەرە — ۲٤٤) دائەلی : تعبیری (کاردونیاش) ، بودو ولاتی متحدی(سومەر) و (آکاد)ە ، لەکەل ئەمشدا تقسیماتجغرافی ئەم دوروولاتە مخلفظە کراوە.. وبەکوردی فکری (سیر سیدنەی سمیث) ، اساس تعبیری (کاردونیاش) یش ئەمەیە : دونیەش بەکەم لەمعبودە کانی (کاسای) بوو (کار) یش بە معنا اراضی ویا مملکت بوە . کە وابو (کاردونیاش) یعنی (مملکتی آلهە دونیاش) ، وئەم تعبیرەش بە قصدی تبرك قبول کراوە . بەکوردی (اقوای مەزوربوتامیا . لاپەرە — ۹۸) ئەبی (کاردو نیاش) تاویکی کاسابی شاری (بابلی) بوبی .

(بورناباوریاش - Burnaburiash) بو ، وکوژەزای ئەم(اولام بوریاش)ە کە (اگوم - Agum) ی سیەمە آخر شاري مستحکمی سومەری کە (دور - ئی — Dûr—Ea) بو زەوتی کرد . مستر هول ئەلی : درحق ملوکی کاسای معلوماتمان زورکەمە . لەدوای (غاندیش) . [اوشئی — Ushshi-] و (ابی راتاش — Abi—rattash) و (تاشئی گورماش — Tushshigurmash) و (اگومی دوەم — Agum II) ویا (اگوم کاکەریم) هاتوە [لاپەرە — ٢٠٠] .

بەگورەی ئەمە کە تاریخي عومومی مؤرخین [جلد — ١ ، لاپەرە — ٣٢٨] ، مبدئی سلطنتی ئەم (آگوم کاکریم) ە بە ١٧٠٠ پ . م . نشان ئەدا ، وادە رئەکەوی لە درای (غانداش) - هرزکو مستر هول ئەلی — سیە چوار حکمدارتر تائەم تاریخی درایی بە سلطنتان کردبی ، لە دوری حکومتی (اگوم کاکریم) دایە کە کاسای شریکی زورگەورەی لەگەل هیتیە کانا (جثئیین) کردوە وشکاندونی وهیکلی معبودانی بلاد (مردوك — Marduk) و (سارپانیتیوم — Sarpanitum) ی لی سەندونەوە ، قومی هیتیت ئەم معبودانەیان لە اواخری حکومتی سلالەی اول یعنی لە زمانی آخر خلق (حورایی) دا ولە استیلاو تالانی با بلدا بردبو .

حکومتی کاسای لە زمانی ئەم ملکە دازور توسعی کردولە

(اگوم کا کریم) هەموولاتی (سومەر) ی علاوەي (آ کاد) کردوله ژیر ءنوانی کاردویاشدا کردی به مملکیتگ علاوەي ئەم دوولانە قومی (هیتیت = حیثیث) يشکاند وشمالی سوریشی زەوت کرد ونادور ي فتوحاتی مصر به کان [عصري شانزه ین پیش میلاد] به سر قومی (عامووري) شدا حاکم بو [تاریخي قدیمی شرق قریب ، لاپەرە — ٢٠١] .

له دواي (آگوم کا کریم) ، (بورنابورایاش) [رەنگە دووەمی] کاو (شتیلیاش — Kushtiliash) ي دووەم و (اگومی سیەم) هاتوه بلام درحق ئەمانه تفصیلاتی نیه . له دواي ئەمانه فاصلەیه کی تردي ، وله فاصلەیەدا ناوی (کاراشمەن خربی اول — Kadashman- Kharbe I) و (کوري گالزوي اول — Kurigalzu I) وامەلی شیپکاي اول — Meli—shipak I) یان ئەکري . وله دواي ئەمانه تازمانی سلطنتی (کارا اینداش — Kara-indash) (١) که به کوردي تاریخی عومیي مؤرخین له ١٤٥٠ پ . م . دادەنرێ نەکا ، معلومات نیه یعنی له دواي دوري حکومتی (اگوم کا کریم) [٢٢ ساله] تازمانی (کارا اینداش) م/وقوعاتی دو عصرو ٢٨ سالی مجهوله . به لام له اعتباري ئەم حکدارەوه ا ١٤٥٠ پ . م] تاریخی کاساي تادرجەیەك معلومه ، وخلاصه کەي

---

(١) ئەم ماسکه هاو عصری « بوبنس » ی جوارەمی فرعون مصره .

محه مه یه (١) :

پ.م

١٤٥٠ (كارا اينداش) : له زمانی ئهم ملكهدا حكومتی بابل لهلحكومتی اشور دا مناسبتی په یا كردوه ، ولهلل حكداري اشور (آشور — بهل — ينش — ئهنو) دا درحق به خطی حدود معاهده يك كراوه وبو معبود [ئی — انا - E. Anna] معبديك درست كراوه .

١٤٣٠ (كاداشمهن — بهل - Kadashman—Bel) : معاصري فرعونی مصر (آمهن هوتهپ) ي سيام بو .

١٤٢٠ (بونابورياش — Burnaburiash) ي اول : — لهگهل قرالی آشوري (پوزورآشور) دا لهخصوصي حدودهوه كهوتونه منازعهوه ، له (لارسا) دابو (رب الشمس) معبديكی درست كردوه .

١٤١٠ (كوري گالزوی اول— Kurigalzu II) : له زمانی ئهم ملكه دا يه كی له شاران بناوي ئهوهوه ناوترا واغلب احتمال له دوای تعمير كردنی له طرف ئهوهوه ناوه كهي تبديل كرا [ئهم شاره خرابهي عقرقوف] ه .

---

(١) تاريخی عمومی ی مؤرخن The historians hisory of the world
جلد — ١ ، لاپهره — ٣٢٨ — ٣٢٩ .

پ م

١٤٠٠ (بورنابورياش دوەم) : خانی (کوری کاڵزو) بو ودور سلطنتی
بەطول ومسعودبو .

١٣٧٠ (خاراخارداش — Kharakhardash) : کچی قرالی آشوری
(اشور اوبالیت) ی مارە کرد . کورە کەی کە (کاداشمەن —
خارب) ی اول بو ، بە رامبە ریە قومی (سوتو — Sutu)
سفریکی کرد وظفری بردبە سریانا وبعض لە تبعە ی خوی لە
ناواوانا اسکان کرد .

١٣٦٠ بە سبب زیاد بونی نفوذی اشوری ، (کاسای) یەکان اختلالیان
کرد وقرالیان کوشت و (نازی بوغاش — Nazibugash)یان
لە سرتخت دانا . بە لام ئەم قرالەش لە طرف قرالی آشوری
(اشور اوبالیت) ەوە مغلوب کرا و کوژرا .

١٣٥٠ (کوری کاڵزوی سیەم) ، لە طرف حکداری اشورەوە نرایە
سرتخت وئەم قرالە ولاتی (عیـلام) ی استیلا وشاری
(سوسا — Susa ویا شوشان) ی زەوت کرد . ولە گەل
(بەل نیراری — Bel—nirari) ی قرالی اشوریشدا دا
شری کرد .

پ م

١٣٤٠ (نازی – ماروتاش – Nazi–Marutiash)

١٣٣٠ (کاداشمەن تورغو–Kadashman-Turgu)

(کاداشمەن بوریاش)

١٣٠٤ (کودور — بال — Kudur–Bel)

١٢٩٨ (شاگاراکتی – بوریاش — Shagarakti–Buriash)

لە زمانی ئەم پنج ملکەدا شریکی بە طول لە بنی بابلستان وآشوردا،ل گیرسا

١٢٧٥ – ١٢٧٠ : قرالی آشور (توکولتی — نینیب Tukulti–Ninib) ی اول بابلستانی دا گیر کرد وداخلی شاری (بابل) بو . خزینەی معبودی زەوێتکەرد ومعبود (مردوك)ی بردە آشوریە . ئەم اسئیلایە رەنگە لە دوری سلطنتی (بیبی یاشو – Bibeiashu) ذابی واخلافی ئەم ملکەش (بیل شوم ئیدین) ، (کاداشمەن خەربی دوەم) [١٢٧٧ – ١٢٧٥] و (اداد شوم — ئیدین) [١٢٧٤ — ١٢٦٩] وئەمانە تابعی ملکی آشوری بون کەحەوت سال حاکم حقیقی ی بابلستان بو .

١٢٧٠ : لەم تاریخەدا خەلکی بابلستان قیامیان کرد ، آشوریە کانیان دەرکرد و (داد شوم — اوسور) یان کردبە حکمدار لە زمانی ئەم ملکەدا بابلستان زیایەوە . تعرضیان کردە ولاتی آشور . (بەل کودور – اوسور) ی قرالی آشوری کوژرا وبعض لە

پ٠م
ولاتی آشور خرایه سر بابلستان .
١٢٣٨ - ١٢٢٤ (مەلی شیپاك — Meli-shipak) : بە رامبە ربە قرالی آشوری (نینیب — آپال — ایشارا) حریکی غالبانە ی کرد ، وبەم تەرحە لە زمانی (ماردوك — آپال — ئیددین) [١٢٢٣ — ١٢١١] دا بابلستان ، تۆشی تەدیدی (آشور دان) ی آسوری بو ، ونهایت لە ١٢٠٧ ی پیش میلادا ولە نتیجەی اختلالیکی سامی یە کاندا ولە دوای دوریکی (٥٧٦ سال و٩ مانگ) (کاسای) لە ناوچو (١) .

---

(١) مبنی کینغ ئەلی : ناوی اخر ملکی « کاسای » رەنگە « ئی نادین — Ea—nadin » بی ، ومستر « سیدنەی سمیث » (لە تاریخی قدیم اثور . لابەرە — ٢٩٤) دائەلی ناوی ئەم آخر حکمدارە « انلیل — نادین — آخە — Enlil — nadin — akhe » یە ، وحکومتی « کاسای » ، لە سر تعرض حکمداری عیلامی « شوتروك — نافخرند » واسیر بونی آخر حکمداری کاسی منقرض بو ولە دوای روپشتنی عیلامیە کان حکومتیکی محلی تأسس کرد . بە کورەی جدولە کەی « سیر سیدنەی سمیث » عددی حکمدارانی « کاسای » ئەبی ٣٦ بی .
صاحبی « تاریخی قدیمی شرق قریب » لە « لا بەرە — ٣٨٦ » دائەلی : آخر حکمداری « کاسای » (بەل — نادین « آخی » — Bel—nadin—Akhi) ی کوری « زامامە — شوم — ایددینا » بو ولە دوای سیە سال حکومت کردن تقریبا لە تاریخی ١١٨٠ ب . م دا مردویاکوزرا . لەدوای ئەولە بابلدا حکومتی « پاش — Pashe » تأسسی کرد .
بە کورەی ئەمە تاش حکومتی کاسای بە تعرض عیلامی لە ناوچوی بلکی لە دوای غلبە ی « اشوردان » ی آسوری بەسەر « زامامە » ی کاسایی خە لکی بابل اختلالیان کردبی وحکومتی کاسای منقرض بوبی .

٤ — حکومتی میتانی :

ئەم حکومەتە بێ قولیکی کاتای بێ ولە منظومەی سوباریدایە .
لە جزیرەدا حکومتیکی گەورەی دامزراندوە ولە جەلەی چوار حکومەتی بەرزتی (مصر ، هیتیت ، کاسای ، میتانی) زمانی خوی بوە . مرکزی (واششوغانی) بو .

لە تاریخی [١٥٨٠ پ م] دا فرعونی مصر (تەهوتیمس — Tehutimes) ی اول ، لە سفری اسیای دا تصادفی حکومتی میتانی ی کردوە ولە محاربە یەکی حدوددا شکاندویەتی . لە اعتباری ئەم تاریخەوە لە بینی دوحکومتدا مناسبت پەیابوە ولە ١٥٢٢ پ . م دا میتانی بوتە تابعیکی مصر .

لە عصری چواردە مینی پیش میلاددا لەگەل حکومتی هیتیت اتفاق کرد ولە فتوحاتی ئەم قومەدا حصە یەکی گەورەی شان وشرفی هەیە . لە اواخری عصری سیانزە میندا ، اردوی مصری لە ولاتی (عموری) دەربەراند وقرالی میتانی (کوشان ریش آتایم) ، بەشی لای ژوروی سوریەی داگیر کرد وقومی بنی اسرائیلی هەشت سالیك خستە ژیر حکمی خویەوە بەشی زوری کوردستان وولاتی آسوری وارافاش بەدەس حکومتی میتانی یەوەبو .

لەدواییدا بارە بەرەبێ هیز کەوت ، ولاتانی غربی فراتی کەوتە دەس هیتیت وشمالی سوریەش کەوتە دەس فرعونە کانی مصر . وولاتانی شرقیش

لە طرف (تیغلات پلایزری) اولی قرالی اسوریەوە زەوت کرا ونهایت لە زمانی (آسورنا صرپال)ی سیە مدا باق ولاتانیشی لە دەس چو وحکومتە کەی دوابی ی هات [عصری هەشتە می پیش میلاد] .

٥ — حکومانی سوباری :

وادیارە کە حکومتیکی متحدو بەقویان دانە ەزراندوە وهەر عبارت بوە لە حکومانی بچوك بچوك .

٦٠ — حکومانی ناپری :

تەم نەتەوەی سوباری یەش دیسان حکومتیکی گەورە ومتحدی نەبوە بەڵام لە شکلی قوننەدە راسیوندا یعنی حکومانی بچوك بچوك ومتفق بوە . قرالی آسووی (تیغلات پلایزری اول) ، لە دشتی ملازگردا شری لەگەل بیست وسیە قرالی ناپریدا کردوە [سیدنەی سمیت . تاریخی اشور] .

٧ — حکومتی مەدیا :

باوکی مؤرخین مشهور (هەرودوت) ی یونانی ، درحق بە اساسی تشکلی حکومتی (مەدیا) مختصراً ئەلی [١] : « لە دوای ئەمەکە حکومتی آسوری ، ٥٢٠ سال لە اسیای ژوروودا حکمران بو ، قومی (مەدیا) ، لە پیش تابعا یتری آسوریدا اختلالی کرد ولەمحاربە یە کدابە تەواوی استقلالی خوی کرنەدەس ، وباقی اقوامی تابعە ی تریش چاویان لە (مەدیا)

[١] ئەم باس « میدیا » یە لە « تاریخی آسوری » ی A.T. Olmstead ١٩٢٣ خلاصە کراوە ..

کرد وهەمویان یەك لە دوای یەك سربە خوبون .

لە دوریکدا (دەیوسەس — Deioces = کیقباد) ناوپیاویك لە ناو قومی (مەد) داپەیدا بو ، کوری (فرائورت) و کوخای دی یەك بو ، زور عاقل بو و (مەدیا) پی یە کان بودەوا وایش ئە هاتنەلا ی وپرسیان پی ئە کرد وبەم تەرحە لە ناوهەمو (مەدیا) داشورەتی پە یا کرد . لە دواییدا وتی اگر داثرەو ومعیتم بوریك نەخەن ونەم کەن بە گەورەی خوتان ایتر دەواتان بوحل ناکەم ونصیحتتان نادەمی . قومەکە ی ئەم شرطانەیان قبول کرد وکەبو بەحاکم بەسریانەوە دیهاتە کانی پی چول کردن وشاری (اقباتان = همدان) ی پی دورست کردن وئەم شارە ی کردبە پایتخی خوی ولە دوای ٥٣ سال حکمداري ، کوچ کەي کەناوي (فرائورت) بوهاتە جیگەي وبەم تەرحە حکومتی (میدیا) دامەزرا » .

والحال ئەم روایتە ئەوندە راست نیە . وطن اصلی ی قومی (مەد) پلاتوي ایران بو ، وردنکە لەگەل قومی دوایی ي ایراندا خزم بن ولسانیان محتملە لهجەیەکی ایرانی بوبی اساسا گەروك بون بە لام لە شاخ وکیواندا بەرە بەرە جی کیر بون وعرف وعادتی شاریان قبول کرد . شارانیان لە سرشاخیکی حاکم بە سردولیکدا دورست ئە کرد . حیاتیکی سادەي عشایریان بو لە جدولی اسماي ئەم قومە داچە ندگەورە ي عشیرە تیك بە شوردت بون هیچ دي بە کیان بە سردي بە کیترا حاکم بنوە

هەمویان له حقوق وصلاحیتدا مساوي بون . ئاویان وەکوناوي ایرانیه کان بو وله افاده ومعنادا قسەیان وەکو قسەي عشائري (کاسی) وابو . له ئاواسمیانا اشارتی (اهورا مازدا) هیچ نەبو . لەمە وادە رئه کەوي که آیین رزدەشتی له دواییدا له ناو ئەم قومه داجی کیربوه .

اول ملکی میدیا (دیوسیس = کیقباد) ه که کوري (دایوکو) بو .

(دایوکو — Duiaukku) ، والیي (ماناي = ماندا) بو وکورەکەي خوي به بارمته له لاي (روساش — Rusach)ي حکمداري (اورارتو) دانابو وئەم کوره له شریکدا که وتە دەس آسوریه کان ونئی کرایه (حامات — حما) ي سوریه [٧١٥ پ م] ، له ناو وجیگەي وا معلوم بوه که ئەم پرنسه بچکولەیه ، مؤسس دولتی میدیا (دیوسەس = کیقباد) بوه . (١) خاندانەکەی تا دیر زمانیك باقی بو وخوشی بوبه جد حکدارانی میدیا ، که سردەمی هەرە به قوتري حکومانی دینا بو .

خلاصه (دیوسەس - Deiokes) ، له دواي ئەمه که شاری آقباتانی کرد به مرکزي حکومت ، روز باش تحکیم وتزینیش کرد . زمانی سلطنتی بەبی شر ودعوا رابوارد وبو توحیدی عشایري (مەد) گەلی

---

(١) رەنگه ئەم پرنسه ، له دواییدا به واسطەي « مەد »ي سوریەوه بەدەر نوعی بی نجاتی بوبی وکەرایتیەوه میدیا . واقعا « تیغلات پلایزر »ي سیەم باسی بعض عشایري « مەد »ي کردوه که له سوریه داساکن بون (تاریخی اسور . اولاستید لا بزه — ٥١٦) .

هەولیدا وموفقیش بو . (سناخریب) ي حکمداري آشوري چونکه لەم یینه دا له بابل وعیلامدا مشغول بونەي پە رژا کە ئەم ئاشادو دامزرانه منع بکا .

(دیوسەس) ، بە کورەي (هەرەدوت) ، له دواي سلطنتیکی ٥٣ سالی و بە روایتیکی تر ٤٦ سالی [له ٧٠١ تا ٦٥٥ پ م] وفاتی کرد و(فراوارتیش — Fravartish) ویا (فرائورتیس — Phraortes) ي کوري هاته جیگەي .

(فرائورتیس) ، یینیك لەگەل حکومتی آسوریدا مدارا ي کرد . له دواي دا بعض اقوامي (آري)ی تر کەله شرقه وه هابتون وها وعرقی (مەد) بون هاتنه ژیر حکمی (فرائورتیس) ەوه ، وقومي (فرس) یش کەبه چاویکی سوك تماشاي ئه کرا دیسان بونه تبعەی وبەم ته رحه قوت وشوکتی حکومتی (مەد) زور زیادی کرد ، وپادشاي (مەد) وبستی لەم وضیعته استفاده بکا و اینربه هیچ ناویك باج وخراج به آسور نەدا وله سرئەمه لەگەل حکومتی آسوربدا کە وته شرەوه وله نتیجه دا شکا ولەگەل بەشی روزی امرا ومعیتی دا کوژرا [٦٣٣ پ . م] .

له دوای (فرائورتیس) ، براکوکەکي (١) کەناوي (هواخ شاتارا — Huvakhshatara) ویا (کی اقسارس — Cyaxares = کیکاوس) پوهاتەجیگەی . ئەم ذاته قوماندانیکی ممتاز وحکمداریکی وریا وزورنی گه

(١) تاریخي عمومي مؤرخین ، جلد — ٢ .

یشتوبو اول ایشی ، تنظیم واصلاحی اردوه کەی بو چونکه له شکانی (فراٹورت) ، تی گه یشبتو که بەاردویەکی عشیرتی وتی کەل وپی کەل شر کردن لەگ ل اردوی منتظمی اسوریدا ممکن نیه لەبەرئەوه اردوه کەی له سرا صولیـکی تازەی ئەو وقته ریك خست صنفی پیاده وسواری ی جو کردوه پیادەی به تیروکەوان وشیر تسلیح کرد وصنفیکی سواری ی چالاك وبه کاری هینایه وجود کەله گەلی خصوصانەوه به سر-وارەی آسوریدا غالب بو .

(کی‌افسارس) ، که تشـکیلات وتعلیم وتر بیەی اروده کەی ئەوا کرد وبەرامبه وبەحـکومتی آسوری لەگەل قرالی بابلستان (نابوپولاسار ــ Nabopolassar) ریك کەوت ، له کانونی اولی ٦١٥ پ م . دا روی کرده آسوریه ، ووادیاره که به سر ولاتانی (تامری) و (مازاموآ) داهات وولاتی (ارافا = Arrapha) وشاره کەشی زەوت کرد . ئەم شاره بو اصل ولاتی آسور زور مهم بو . وادیاره که (کی اقسارس) ئەم شارەی کردوه به اس الحرکه بوخوی .

اردوی میدیا ، له ٦١٤ پ . م . دا روی کرده پاتیختی حـکومتی آسوری که (نینوا) بو (١) . شاری (تاربیزی) داگیر کرد وله پاشدا

---

(١) مستر هول له کیتبه کەی (تاریخی قدیمی شرق قریب . لا بعره — ٥١١)-دا ئەلی . له اواخری حـکومتی « اشور بانیبال » دا قرالی میدیا « کی اقسارس » له کەل عشایری متفقەی « اومان ــ ماندا » دا که عبارت بو له اردوی مختلطەی « سیث » ، « مانای » و« کیممری به کال ارمنیه » ، له پشت شاخی «جودی»=

بۆتامین ارتباط لەگەل اردوی بابلدا روی کردە طرفی جنوب وشاری (آشور = شرقات) ی ، کە قدیم مرکزی حکومتی آشوری بۆ ، زەوت وویران کرد . قرالی بابل لە دوای زەوتی ئەم شارە گە یشتە جی لەوی لەگەل (کی‌اقسارس) دا درحق دوامی اتفاق وحدودی مستقبلی معاهدە یەکی تازەی کرد و (کی اقسارس) ، بۆ تحکیمی ئەم رابطەی سیاسی یە ، کچی (استیاغ) ی کوری کە ناوی (ئە میتیس — Amyitis) بو دای بە (نەبوقادنەزار — Nebuchadnezzar) ی کوری قرالی بابل ا تاریخی آسور . لستید ، لا پەرە — ٦٣٦] .

لە بقیەی ٦١٤ پ . م . وسالی دوایی دا درحق بە حرکات وفعالیتی اردوی میدیا معلوماتیك نیە بەلام ، (هەرودوتوس — Herodotus) ی مؤرخی یونانی ئەلی ، (کی اقسارس) کە اول جارهاتە سر (نینوا) ، خبری زانی کە قبائلی (سیث — Scythian) تعرضیان کردوتە میدیا ، لە بەر ئە مەگە رابەوە ، ولەگەل ئەم قومە

= دا تجمعیان کرد ولە ٦٢٦ پ . م . دا تعرضیان کردە « نینوا » بەلام شارە کە یان بونە کیدا .

« هەرودوت » ئەلی ، « فرائورت » ی بیدباش لە ٦٣٤ داهاتە سر آسور ، بەلام مغلوب بو ؛ و « کی اسەریش » لە ٦٣٠ پ . م . داهاتە سر « نینوا » و محاصرەی کرد بەلام لە طرف تورانی « سیث » موە کە لە قوماندای تە مادایس » دا بو مجبوری رجعت کرا . ئەم دو روایتە غیر ممکن نیە ، ووا دە رئەکەوی کە میدیا و « سیث » داتماریك نەبون و کوردانی رئیس « سیث » « مادایس » لە طرف « کی اخسار » موە اتباعی ئەمە ئەکا ،

کەوتە شرەوە وله نتیجه دا مغلوب بو وولاتی میدیا ٢٨ سال له ژیر حکم واستیلای ئەم قومدا ما ، وله پاشدا (کی اقسار) ، به فیل هەره گەوره کانی کوشتن وله میدیای کردنه دره‌وه وله دواییدا هاتەوه سر (نینوا) .

ئەم روایتی (هەرودوت) ه ، نەبه آثاری دوزراوه تأیدی کردوه ونه موافقتی نفس الامربشه ، چونکه له بینی اول تعرض (نینوا) وسقوطیدا نهایت سیه سال فرق هەبه والحال ئه گەر ولاتی میدیا ٢٨ سال له ژیر استیلای (سیث) دابوبی به طبیعت ممکن نەبوه که قرالی میدیا بیته وه سر نینوا . ویا خود اینجا له دوای ئەم ٢٨ ساله یعنی له ٥٨٦ پ . م . دائه بی (نینوا) ی زەوت کردبی .

خلاصه (کی اقسار) ، له ٦١٢ پ . م . دا دیسان هاتەوه سر (نینوا) واردوی بابلیش گه یشته ئەوی بعضی له عشایری (سیث) (١)

---

(١) ئەم قومی « سیث » ه « قوقازی » ن. له عصری حوونه ی پیش میلادا له شمالی « اورارتو » وله جنوبی بحری رەش‌دا بیزاون ؛ واده رگەرتوه که ئەم قومه له سر تضییق عشایری « کیممر = غومەر » له جنوبی روسیه دەربەر بون . له زمانی « ئەسارهادون » ی قرالی اسوریدا (٦٨١ — ٦٦٩ پ . م .) تعرضیان کرده حدودی شمالی ی آسور . له دواییدا به کی له رؤسای « سیث » که ناوی « بارتاتوا » بو له خوف « کیممر » ی به کان هاتبوه « ماتای » وئەم رئیسه به رامبەر « سباکا = اشباکا » و « کاستاریت » یعنی قرالی « سیث » و « کاسکائی » اتفاق کرد . ئەم « بارتاتوا » یه ، که به کورەی « هەرەدوت» « پروتوئیوس » ، باوکی « مادایەس » « که له پاش بینیك تا حدودی مصر هەموسوریه وفلسطین استیلا وتخریب کرد . قرالی آسوری ، « بارتاتوا » ی له جی ی « سباکای » مغلوب کراو کردی به قرالی اردوی « سیث » ی ارمنیه وماتای (هول . لابەره ٤٩٧ —) .

یش هابتون به امدادی آسوریه کانەوه . بەلام « کی اقسار » ، به تالانی مملکتی دولە مندی آسور به تەمای کردن وتەمانەش لە گەل اردوی « میدیا » و « بابلستان » دایکد یکیربون ، ولە دوای ئەم اتحادە (کی اقسارس) عنوانی « ملکی اومان — ماندا » ی بوخوی قبول کرد (۱) .

لە ینی « سیوان » و « آب » یعنی مایس وتموز دا سیە دفعە تعرض کرایە (نینوا) ولە نتیجە دا ئەم شارە گەورە وجوانە وئەم پایتختە بە شورەت ودولە مندە کەونە دەس اردوی متفقین ، وقرالی آسوری ی بدبخت (سین — شار — ایشکوم — Sin — shar — ishkum) یش لە گەل مال وانباعی دا خوی سوتاند .

متفقین شاری نینوا یان تالان وویران کرد بەشی لە اسوریە کان لە گەل (آشورا وبالیت) دا لە طرف اردوی بابلەوە ئەمر چون والتجایان کردە (حران) وسرلەنو حکومتیان دامزراند .

« کی اقسار » لە گەل کومەلی « سیث » ، لە ایلولدا گەرایەوە بو میدیا ، لە سالی دوایدا ، لە سر استمدادی « نابوپولاسار » ، روی کردە پایتختی تازەی آسور کە شاری « حران » بو ولە گل اردوی بابلدا

---

(۱) اومان — ماندا عنوانیکی عمومی بو بوهیئتی متحدەي عشایري شمال کە عبارت بون لە مەد ، مانای ، سیث وبعضی لە کیممري . مستر هول ئەلی تعبیر « ماندا » ، عنوانیکی مشترکی « مەد » و« سیث » بو وبابلیە کان هیئتی عمومیە ي عشائري وحش ي شمالیان بەم ناومو تسمی بو (لایارد — ۵۵۱) .

زەونی کرد ودیسانە وە کەرایەە .

بە کورەی تاریخی «ایران قدیم» ، لە میراتی آسوری ، مستملکاتی اسیای بچوك بەر «حکومتی مەدیا» کوتبو . شطی دجلە تا ئەگاتە دیاربکر لە بینی میدیا وبابلستاندا حدود بو ولە اعتباری دیاربکرەوە تافراتیش خطیکی نردودولتی لە یەك جو ئە کردەوە . لە ساحلی راستی فراتەوە غالبا تا شمالی « ملاطیه » حدودی حکومتی « کلکیا » بو . حدودی حکومتی میدیا ولیدیاش رەنگە بەتاو « اوزون یایلا » دا تا (هالیاس = قزیل ایرمق) ولە وی وە تابحری رەش چوبی .

لە پاش بنیبك وبە کورەی « ایرانن قدیم » لە سر انتجای بعض مجرمین « سیث » بە حکومتی لیدیا واعادە نە کرانیان بو حکومتی مەد بە روانیکی تر لە سر چاونی برین لیدیا بە مستملکاتی آسوری کەلە دوای تخریبی « نینوا » ، بەر حکومتی میدیا کوتبو ، بینی دودولت تیك چو واردوی « میدیا » و « لیدیا » ، لە قەراغ نهری« هالیاس » دا شریکی قورس وبە طولیان بو [لە ٥٩١ تا ٥٨٥ پ م] . لە آخر شردا کە لە تاریخی ٢٨ ی مایس ٥٨٥ دا واقع بو روژگیرا وهەردولا ئەمەیان بە علامتی غضبی خوایی دانا ولە سر توسطی ملکی بابل« نەبوخودنصر = بختصر » وملکی کلکیا « سیەنەسیس » صلحیان کرد وآوی « هالیاس » بە حدود قبول کرا .

ئەم صلحە بە مناسبتی ازدواجیك لە بینی دوخاندانی حکمداریدا

تەویە کرا ، کچی قرالی لیدیا « اریەنیس » درا بە « آستیاغ »ی کوری « کی اقسارس » .

لە دوای ئەم صلحە بە سالیك کی‌اقسارس» وفاتی کرد ، «استیاغ» هاتە جیگەی وزمانی بەبی شر ودەوارابورد بە لام اسبابی نشستی ولە ناوچونی حکومتی میدیا ، کە پیشکەوتن وبە هیزبونی حکومتی فرس بو ، لە زمانی « استیاغ » دا واقع بو . لە لایەکی تریشەوە بە سبب بعض احوال ومعاملەی گەلیپا ومافولانی قومی خوشی لی عاجربو . نهایت حکومتی تابعەی « فرس = پارس » . کەلە ژیر ادارەی امرای « اخەمەنی — Achaimenes » دا بو بەرە بەرە نفوذی زیادبو وبە غیری قومی«پارس» بعض قومی‌زیش وە کو « پارث وهیرکان » ی لە گەل خویدا ریك خست ولە میدیا عاصی بو . مدیری ئەم عصیانەگە ورەیە حکمداری « پارس » مشهور (سیروس — Cyrus) ی دوەم یاخود [کوروش — Kurush] و یا « کیخسروی گەورە » بو (۱) .

---

(۱) ئەم خاندانی «آخەمەنی »، « انشانی — Anshan » ویا « انزان»ین ، ورەنگە ئەم ولاتە لە جنوبی شرقی ی اورستانی ایرودا وزیك ولاتی « عیلام » بوبی . ئەم خاندانە لە یەکدا هەر ربە سر بەش « فرس » دا حاکم بو وعنعنە عنوانی ملکی ی ، لە دوری انقراضی اسوریدا وبلکو لە دوای وفاتی « اشور بانیپال » وزەوت کردنی ولاتی « عیلام» دا بی بە خوی . لە پاشدا ولاتانی « پارث » و « هیرقان » یانی خوراسانیشی داگیر کرد . بە کورەی کتابە ی « بهستون » ، وتدقیقاتی مستر « هول » ئەم خاندانە رەنگە لە اواسطی قرنی حەوتەمە مینی پیش میلاددا لە طرف « هەخەمانیش=اخەمەن » ەوە تشکیل کرابی لە دوای دوەم حکمدار ، کە « جیش = پیش » . بو ، خاندانەکە بوە بە دوقول

« سیروس » ، به‌لشکریکی زوره‌وه هاته سرمیدیا وله‌گ ل اردوی « آستیاغ » دا شریکی قورمی کرد قرالی میدیا مدافعه ومقاومتیکی فوق العاده ی کرد به لام «هارپاغوس — Harpagos » ی رئیس خاندانیکی گه‌وره‌ي میدیا خیانتی له‌گ ل کرد وبه خویو طرفدارا نیوه التحاقی کرده « کیخسرو » وبه طبیعت له نتیجه دا « استیاغ » خراب شکا وقوی میدیاش له پادشاهی عزلیان کرد [۵۵۰ پ م .] .

کیخسرو ، به رامبار به خدمت ومعاونتی « هارپاغوس » وخاندانانی میدیا معامله‌ی باش له‌گه‌ل کردن وعادتا له‌گه‌ل اردوی وعادتا له‌گه‌ل خاندانانی فرس زورکم فرق کردن یعنی له خصوص حقوق وامتیازاتی مخصوصه وه فرق یانی خاندانانی پارس ومیدیا ، هروه کو حقوق متقابله‌ی انکلیز واسقوچیایی ویا پروسیایی وباویرایی‌ی دوری قیصر بو [تاریخی قدیمی شرق قریب هول . لاپاره — ۵۵۵] .

خلاصه به نتیجه حکومتي میدیا . له دوای سلطنتیکی صه‌د وپنجا سالی وانقلابیکی مهمی تاریخی له ناوچو وله جیگه‌ی ئه‌و حکومتی « آخه‌مه‌نی » ی ایرانی په یابو .

=به کوره‌ي « ایرانی قدیم» ، تولیکی پارسی وتولیکی انزانی بوه . مستر «هول» ئه‌لی له قولی « انزانی » جوار حکمدار هاتوه وله نوله که‌ي ترسیه . « سیروس » ی دوه‌م که « کورش » یشی پی ئه لین وعنوانی « که ورد » یه . حه‌وته مین حکمداره وله گه‌ل « استیاغ » دا شري کردوه یابلی کرتوه وجها نگیر یکی مشهوره . « داریوس » ي اول نوبه‌مین حکمداره .

به کورەی تاریخی « ایرانی قدیم مشیر الدوله » ، قومی « ماد » ، اساساً له « آذربایجان » و « کوردستان » و « عراقی عجم » (١) دابوه له دواییدا توسعی کردوه ودائرەی نفوذ وسلطتی له « هالیاس = قزیل ایرماق » ەوه تا ولاتی « باختر » [یعنی افغانستانی ایمرو] ، وله بحری « خزر » ەوه تا پارس وخوزستان بوه .

له دواییدا علمای جغرافیای دوری قدیم گوتویانه که «ماد » عبارت بوه له دوبەش : مادی گەورە له « عراقی عجم » دا و « مادی بچوك » له آذربایجاندا .

(١) تاریخی « ایرانی قدیم . مشیر الدوله » ئەلی : عراق عجم عبارت بوه له « کەروس — همدان — کرمشان — قزوین — عراق — اصفهان — نهاوند — ری » وتادربندی بحری « خزر » جوه که حد فاصل بوه له بینی « ماد » و « پارت » دا .

حکومتی سالاریه[1]

آذربایجانه

مملکتی آذربایجان ، وه کو له‌جلدی أولدا دیمان ، تاسالی ۳۳ پیش میلاد به‌ده‌س حکومتی مادی بجو که‌وه بو وله دوابیدا له‌طرف حکمداری أشکانی (فرهادی چووارەم) ه وه زەوت کرا ؛ [تاریخی ایران قدیم . لاپەره — ۱۵۶] .

واقعاً حکومتی أشکانی استقلالی حکومتی مادی بچوك (حکومتی آذربایجان) ی له‌ناوبرد ، به‌لام ملته که‌ی به‌طبیعتی حال وبه‌گویره‌ی سیاستی اداری به‌کی ئه‌وزمانه ، عشأری مادی بچوك دیسان له‌شکلی بعض حکوماتی بچوك بچو کدا استقلالی داخلی خویان له‌ده‌س نه‌داوه .

---

(۱) سید حسین حزنی (حکومتی آورابکان) ئه‌لی . (الصدق) « الدولة السالارية » ویا « الدولة للسالرية » ئه‌لی : لام وایه تصیری اول ومناسبتره . چونکه مؤسسی ئه‌م دولته به (سالار مرزبان) مشهور بو . الصدق ئه‌لی : ئه‌م دولته له عنصری دیلمه ، والحال انسیفلو به‌دیای اسلام له کوردیه ، ئه‌م حکو ته هیچ شبهه ناکا که وابو هر وه‌کو (اسکندرمنش) له‌تاریخه که‌یدا به‌آشکرا إعتراف ئه‌کا : ئه‌بی دیلمی کیلان ، به‌یکی کوردبی [عالم آرای عباسی . جلد ۳ ، لاپەره ـ ۷۶۲] .

حیف ! کەدرحق بە احوالی تاریخیەی هەشت نو عصری ئەم اقلیمی آذربایجـانە شتیکی بەتفصیل نازانین . حتی مؤرخین وسیاحین عربیش تامبادی فتوحاتی اسلام ئەوندە باسی ئەم ولاتەیان نەکردوە . لەبەر ئەوە نانوانین وقایعی آذربایجانی دور اسلام،لە گەل حادثاتی قدیمیدا بەتەواوی ربط بکەین . بەلام لەمجرای حادثات وادەر ئەکەوی : کەلەم اقلیمەدا حکومتی گەورە وسر بەخودانە بزراوە وتادوری فتوحاتی اسلام دائما لەبینی ایران وحکومانی رومای غرب وشرقیدا ، میدانی شر و دعوا بوە .

تەبیادوعلمای عربەکەباسی آیاربایجانیان کردوە یەکیکیان(ابرخوردادن) یە ، کەلەسالی ٢٣٢ ی هجریدا « تەوریز = تبریز »ی لەژیر فرمانی (محمد الروادی) دا دوە .

سیاح (اصطخری)ئەلی : هەری لەسیەمی هجریدا ، تبریز ،جبردان [دی‌خوازەکان] و (اوشنو) بەدەس عشاری (ردینی) یەوە بو ، وئەمانە معاصری حکومتی ساجدی بون . پایتختی حکومت اولاً (مراغە) بوە ، ولەدوایيدا نقلی (اردبیل = آردەویل) کراوە .

ئەم مادی بجوکە ، تادوری میدیاوە تادوری استیلای تورك [غەز وسلجوق ٤٢٠ هجری] ،بەدەس کورد یعنی نەتەوەی قومی [ماد]دوەبوە .

هەرچندە (یاقوت‌حموی) ، لە (معجم البلدان) دا ، ئەلی : ئەم ولاتی آذربایجانە بێنیك بەدەس تورکەوە بوە ، ولەدوایيدا (کیخسرو) ، فرامرزی حکمداری ئەمانەی کوشت وئەو ناوچون : بەلام ئەم

روایته راست نیه وافسانه‌یه وهو ئیزانین که‌افراسیاب حکمداری تورکستان یعنی (ما وراء النهر) بو .

عینی اثر ئه‌لی : ئه‌م ولاته له ٢٨٨ ی هجریدا که‌وته دەس (یوسف بن ابی الساج) . له‌زمانی خلیفه معتضدا (مونسی) خادم له‌یوسفی ساندوه . له‌پاشا دیسانه‌وه که‌وته دەس یوسف له٣١٦ی‌هجریدا به‌کی‌له‌قوماندانه کانی (وشمگیر) ی حاکمی (ری) که (لشکری بن مردی) یان‌پی‌ئه‌گوت، وحاکمی جبال بو هاته‌سر اذربایجان ، ولەم وقته‌دا ئه‌م ولاته به‌ده‌س سرداری یوسف : [دیسمی کوری ابراهیم] ی کورده‌وه بو .

دیسم(١) :

---

(١) سید حسینی مکریانی ئه‌لی : له‌وای ئه‌سه که‌ولاتی (آوربایکان) که‌وته دەس عباسی ، وخاندن ، فرخشاهی له‌حکمداری که‌وت ، ابراهیمی کوری محمدی کوری بیزن کوری رستم کوری فضلون تازمانی خلیفه مهدی ، له ایشو کاری حکومتیدا بو ، وکه‌هارون الرشید بوه والی‌ی اذربایجان ، ابراهیم له‌که‌یدا جو ، وله‌دوری‌خلافتی هارون الرشید دا به‌صفتی وزیرکه لی‌یش که‌وت ، وله‌دوای‌وفاتی‌هارون الرشید جوره ولای آوربایکان ، وله « لاجان » داکجی ابیری (موتا اوای) هینا ؛ ولەم کجه (دیسم) هاته دنیاوه . له‌سالی ٢٨٨ ی هجریدا که‌یوسفی کوری ابو الساج له‌شاره زوره‌وه روی کرده ولاتی (آوربایکان) ، دیسم که لی‌خورائی‌به‌اکرد بو ، یوسف له‌گه‌ل (دیسم) ری‌که‌وت ودیسمی کرده امیری لشکریک ، وله‌سالی ٣٠٠ ی هجریدا (مونسی خادم) به تشویق خلیفه معتضد ئه‌م ولاته‌ی خسته دەس خوی ، وزوری پی‌نه‌جو (سبك) بیاوی یوسف ـ ـ ولاته‌که‌ی له‌مونسی داگیر کرد و ئه‌م‌جاره ـ ـ ـ

٢٨

لشکری کوری مردی ، کەلە ٣٢٦دا هاتە سر آذربایجان ، دیسم بەلشکرەوە ری‌ی پی گرت ، ولەدوای شردیسم شکا ، ولە دوای بیدیك شریکی تریشیان بو ، بەلام ئەم جارەش طالع مساعدەی دیسمی نەکردو بە نتیجە بەغیری (آردەویل = اردبیل) هەمو آذربایجان کەوتە دەس لشکری شاری (آردەویل) کەظلم وغدری دیلمی‌یان یەستبو ، بەوعدی (لشکری) تەفرەیان نەخوارد وبەشدت مدافعەیان کرد ، ولە (دیسم) کومەکیان خواست ، وبو تعرض روژیکیان تعیین کرد ، واقعاً لەو روژە دا خەلکی (آردەویل) لەقەلا هاتنە دەرەوە وروویان کردە ازدوی (لشکری) . لەعینی وقتدا (دیسم)یش لەدواوە هەلی کوتایەسر(لشکری) وکوشتاریکی زوریان لەکردن (لشکری) : بەهزار حال نجاتی‌بو وخوی گەیاندە (موقان) [1] ، ولەوی (ابن دلوله اصفهبذ) بعضی لشکری دایە وبەم قەوە تەوە گەرایەوە سر (دیسم) . ئەم جارە (دیسم)خوی لەشر پاراست ، وخوی کیشایە دواوە تا گیشتە آوی(آراس) وبە بەلەم لی‌ی پەریوە ، وبە لەم کانیشی‌لەوبەردوە بەستەوە . (لشکری) لەشوینیەوە گەیشتە (آراس) بەلام نەی توانی بپریتەوە . لەدوای چند روژی بعضی لەدیلمی‌یەکان بەشەو لەژور تردوە پەرینەوە ، ولەپریکا دایان بەسر

=کرتە دەس خوی . یوسف‌لەسالی ٣١٦ ی هجریدا وفات کرد ، ایتربوە دیسم « شریك نەما ، مرکزی حکومەتی «اردبیل» بو « بیشکەوتن» ـ نشریات ـ ٦ » .

(١)سید حسن ئەلی : (موقان) ناوی قدیمی (مکریان) بوە « نشریات٦ـ» .

لشکری (دیسم) دا وشکاندیان .

لەدوای ئەمە (دیسم) آذربایجانی بەجی هیشت وچوە (ری)لای (وشمگیر)ی حاکمی ئەوی ، وبە شرطی کە سالی صە دهزار دینار بە (وشمگیر) بدا وخطبەش بەناوبەوە بخوێنێتەوە وە قەوەتیکی مناسبی دایە وناردیوە بو آذربایجان .

(لشکری) بەی توانی بەرامبەری بویستی ولانە کەی بەجی هیشت وروی کردە (زوزان) ، وهەرآوە دانیەکی لەریگەی دابو تالان ووبرانی کرد ، بەلام لەدوابیدا توشی أرمنی هات ولەناوچو . کورەکەی لەگەل قوتیکی کەمداگە یشتە موصل ، ولەوی لەگەل عبدالله‌حسین کوری سعید حمدانی لشکریکیان هەلگرت وروبان کردە آذربایجان ، بەلام بەرامبەر بە (دیسم) شکان وبلاوبو نەوە وبەم ترحە : آذربایجان دیسانەوە کەوتە دەس (دیسم) .

(بەشی زوری) قوتی دیسم کوردبو . بەضی‌لە دیلمی‌ي أردوی (وشمگیر) پش لای مانەوە . دیسم تماشای کرد : کەقوتی کورد وسر کو مارە کانیان غلبەیان لی‌سەندوە ، وزورەلا وشاریشیان گرتوتە ژیردەس ، ترسی‌لی کردن ، وویستی بەرامبەر بەئەوان قوتیکی دیلمی پەیا کا ، لەبەرئەوە خوی کرد بەطرفداریان وبعضی لە گەورە کانیان وەکو صعلوك وعلی کوری فضلی خەلات کرد ، وکردنی بەهاوڕە می‌خوی ، وورده وردە ئەوشاروڕدیهاتانەی کەبەدەس کوردەوەبو لی‌ی ساندنەوە ، وحتی

بەضی لەپیاوە گەورە کانیشی گرت وحبسی کردن .

(دیسم) خوی خارجی مذهب بو (١) و « ابو القاسم علی کوری جعفر » ی وزیری باطنی ولەخەلـکی آذربایجان بو ، بعضی لە دشمنانی وزیر (دیسم) یانلەو عاجز کرد ، ودیسم هەرەشەی لی کرد،علی کوری جعفر ترسا ، ولەپریکا رای کردبو (طرم) بولای محمدی کوری مسافر (٢) .

علی کوری جعفر ، کە گەیشتە ئەوی ، دیی کە محمدی مسافر لەگەل گەورە کانیا تیکچوە ، و (مرزبان) و (واهسوزان) ی کوری هەمو ملك ودیهاتیان لەدەس ساندوە ، وخوشیان لە ولاکەدا هیشتوتەوە علی کوری جعفر کەئەم حالەی دی خوی خزاندە لای مرزبان وطماعی زەوت کردنی اذربایجانی خستەپیش مرزبان ،علی ی کرد بەوزیری خوی وزونە گەلی ریکەوت چونکە خوی شیعە وعلی بن جعفریش باطنی مذهببو . مرزبانیش مساندەی کرد کەبونشری مذهبی باطنی بەآشکرا هەول بدا .

علی کوری جعفر ، ورده ورده دیلمی بەکانیلای (دیسم) ی تەفرەدا ، وسر کومارە کانی کردە طەفداری خوی مرزبان وعلی پشت

---

(١) سید حسینی مکریانی ، ئەلی : مذهبی دیسم اشعری بو .

(٢) انسیقلو بەدیای اسلام ئەلی : ئەم محمدە « مەلەلان » یان پی کوتوە . وبەو نوعەشورەتی بوە « جلد — ٣ ، لاپەرە — ٢٦٣ » .

استوزبون وبا لشكروه رويان كرده آذربايجان (ديسم) پش به لشكروه هات به پريانه‌وه وكه‌نوشى به‌ك بون : ديلمى‌به‌كان وبه‌شيكى كوردله (ديسم) جو بونه‌وه ، وهاتنه لاى مرزبان .

(ديسم) ايتر خوى رانه‌گرت ، وله‌گه‌ل بعضى قوت ميدانى شرى به‌جى هيشت وچوبو ولاتى ارمينيه ، حاكمي‌ئه‌و ولاته (خاجيكى كورى ديرانى) دوستى‌بو وبه‌رو خوشي قبولى كرد ، و (ديسم) ده‌مي كرد به‌لشكر كوكردنه‌وه له‌كوردان . له‌ولاشه‌وه يه‌شكانى (ديسم) ولاتى اذربايجان بيجگه‌له (تەوريز) هه‌موى بومرزبان صاغ بووه .

على كورى جعفر له پاش بينيك ، وه كوچون خيانتى له‌حق ديسم كرد ، له‌حق مرزبانيش كه‌وته خيانته‌وه ، وله‌وقتيكدا كه‌له‌طرف (مرزبان)ه وه‌نيردرابوه سر (تەوريز ، كاتنى نوسى بوضه‌لكى شاره كه كه (مرزبان) طماعى كردوته‌مال ودولتيان بويه‌ئه‌وى ناردوته سريان ، ئنجا كه‌وابو لازمه خبر بنيرن‌بو ديسم كه‌بى‌به امدادياوه ، وكه‌ئه‌وهات ديلمى‌به‌كانى ته‌وريز بكوژن . واقعاً أشرافى تەوريز به‌وته‌رحه حركتيان كرد ، وكه‌ديسم روى كرده تەوريز ، به‌شي له‌كوردان كه‌له‌مرزبان عاجزبوت لەى جو بونه‌وه ، وبولاى ديسم رويشتن . مرزبان كه‌واى زانى به لشكريكه‌وه روى كرده (تەوريز) وله نزيك شاروه شريكى له‌گه‌ل ديسم كرد وشكاندى . ديسم خوى هاويشته ناوشاره‌وه ومرزبانيش محاصره‌ى كردن . له‌پاش بينيك (ديسم) به‌خوبو به‌مي قوته‌وه به‌شه‌و له (تەوريز) هاته ده‌ره‌وه وچو بو (آرده‌ول) ، مرزبان ، قوتيكى بو

محاصره‌ی تەوریز بەجی هیشت ، وله گەل باقی لشکریدا شوین دیسم کەوت و (آردەویل) ی محاصره کرد .

دیسم . لەپاش علی کوری جعفر ابوعبدالله محمدی کوری احمد انمیمی‌ی کردبو باوزیری خوی ، مرزبان له گەل ئەم وزیره خائنەدا بەدزیەوه کەو تەخابره وترتیباتەوه . ابن المنعیمی خبری بوناردو گوتی من دیسم اقناع ئەکەم بو طلبی آشتی پیاو ماقولانی شاربێریتەلای تو ، وکەهاتن حبسیان کەومەهیله بگەرێنەوه تا دیسم تسلیم ئەبی واقعاً مرزبان وای کرد وخەلکی شارەکه بو سلامتی پیاو ماقوله کانیان دیسمیان مجبور کرد که تسلیم بی . واقعاً مرزبان ، خراپەی درحق نه کرد ، وله سر طلبی خوی قەلای (طرم) ی بو تخصیص کرد ، که بەخو یو عائلیەوه تیادانیشی . بەم تەرحه هەرای دیسم برایەوه و(آردەویل)یش بەمال وپاره یەکی زورەوه دەس مرزبان کەوت وآذربایجان لەرقیب خالی‌ما .

دیسم ، مدەتیك له (طرم) دابی غائله وەختی رابو ارد . بەلام له دوای اسارتی مرزبان وهاتنی لشکری (بویه) ی بو سر اذربایجان . (واهسوذان) ی براي مرزبان بەامیدی ئەمه که استفاده لەقوتی کوردبکا (دیسم) ی بانگ کرد وله گەلی آشت بوه ومدافەەی آذربایجانی خسته عوده‌ی ئەو .

دیسم قوتیکی مناسبی کو کردەوه وآذربایجانی خسته ژیر اداره‌ی خویەوه وبو مقابله‌ی لشکری (بویه)ی حاضر کرد . لشکری بویهی لەقوماندای

(محمدی کوری عبد الرزاق) دابو .

ابن مسکویه له‌جلدی دوه‌می [کتاب تجارب الامم] یدا وبه‌گوره‌ی روانی دیسم ، ته‌م بحثه وانه‌گیرتیه‌وه :

محمدی کوری عبد الرزاق ، کاتبیکی خوراسانی‌ی هه‌بو زوری لی‌امین بو وکردبوی باوزیری خوی و (کوری محمود) یان پی نه‌گوت . ئه‌م کاتبه‌ی‌له‌گه‌ل قونیکدا ناردبو بو تحصیلاتی آذربایجان ئه‌م کاتبه هه‌رچونی بو به‌خویو پاره ولشکریه‌وه ئه‌چو لای دیسم . محمدی کوری عبدالرزاق له‌م خیانته که‌وتنه‌شبهه وه وایتر ئه‌وتده نه‌ماله آذربایجاندا وگه‌رایه‌وه (ری) ٣٤٢ ی هجری) .

دیسم ، إیشو کاری اداره ووزارتی تسلیمی ابو عبد الله النعیمی و (الصقر)ی[1] گاوور کردبو ، ورده ورده قونی کوردو دیلمی لی کو

---

(١) ابن مسکویه له‌جلدی دوه‌می « کتاب تجارب الامم . لابه‌ره — ١٣٥ » دا ، ئه‌م‌بابه‌ی « ابن الصقر » ، به‌نوعیکی‌تر ئه‌کرتیه‌وه وئه‌لی : ابن الصقر تحصلداری طرق « خوی » و « سلماس » بو وله‌طرف « مرزبان »ه‌وه تعین کرابو ، که‌خبری دیسمی پیست هه‌مو تحصیلاته‌کی بیبرد . دیسم ممنون بو وکردی به‌عمری خوی ، له‌و تیکدا که‌ویستی بچی بوشری « محمد بن عبد الرزاق » هه‌مو خزینه وبارگرانی‌ی خوی له‌گه‌ل « ابن محمود » دانارد بو شاخانی « مکریان » . والحال ابن محمود خ ی دا به‌محمدی بن عبد الرزاق وقونیکی بوهات وخزینه‌و بارگرانی‌ی دیسم هه‌مو ده‌س محمدی کوری عبد الرزاق که‌وت ، ودیسم له‌م خیره‌ی له‌وختی شردایی که‌یشت وزور متاثر بو وشکا .

بووه واداره‌ی (آذربایجانی) گرتوه‌ده‌س خوی.

ئه‌وندەی پی نه‌چوکه (مرزبان) له‌اسارت نجاتی بو و (علی کوری میشکی) ش که‌له‌حبسخانه‌ی (رکن الدولة) رادکردبو، هاتلای (واهسوذان) واتفاقیان کرد که (دیسم) ده‌ربه‌رنین.

دیسم، آگای له‌خلاصی مرزبان نه‌بو. وزیر ابوعبدالله، له‌طمعکاری دیسم نه‌ترسا وبو خیانت له‌گه‌لی له‌فرصت نه‌گه‌را (غانم)ی خوشکه‌زای دیسم‌ی ته‌فه‌ددا وله (اردبیل) هاته‌لای خالی وداوای مالی ابو عبدالله وکاتبه‌که‌ی لی کرد وبه لشکری دیلمی وخویه‌وه مغرور بو. ابن النعیمی به‌فرصتی زانی (علی بن عیسی) ی کاتبی کوشت وهه‌مو پاره‌و اموالی (دیسم) ی هه‌ل گرت ورای کرده‌لای (ابن میشکی) له‌و وقته‌دا دیسم له (آرده‌ویل) نه‌بو، که‌ئه‌م خبره‌ی بیست گه‌رایه‌وه (آرده‌ویل)، قوتیکی کوکرده‌وه وچو بوشری (علی‌ی کوری میشکی). که‌توش یه‌ك هاتن، به‌ره‌ی دیلمی خیانه‌تیان له‌گه‌ل کرد وچونه لای دشمن. دیسم، له‌گه‌ل بعضي قوتی کورد خوی گه‌یانده ارمینیه، وله‌وی خبری زانی که‌مرزبان نجاتی بوه وهاتوته‌وه آذربایجان و (علی‌ی کوری میشکی‌ای تاردوه به‌شوینیا. دیسم که‌ئه‌مه‌ی بیست چو بو موصل وله‌ویشه‌وه چوه بغدا بو لای (معز الدوله. زور قدر وحرمتی گرت‌وایراد یکی سالانه‌ی پنجا هزار دینارری‌ی بو تخصیص کرد. دیسم، بهم ته‌رحه مدتیك‌له بغدا به‌ره‌ناه وزاختی‌وخنی رابووارد، معز الدوله زوری خوش‌ئه‌ویست ـ

و (اخی ابو سالم)ی پی ئه گوت له‌دوایدا خزم ودوستانی له آذربایجانه‌وه کاغذیان بو نوسی ودعوتیان کرد ، دیسم‌خوی رانه گرت‌ذاتاً له‌معاونتی معز الدوله مأیوس بو چونکه مرزبان له گه‌ل رکن الدوله ریك که‌وتبو وخزمایه‌تی‌ی په‌یا کرد بو معزالدوله ، له‌بەر خاطری رکن الدوله‌ی‌برای نه‌ی‌ویست لشکر بدابه دیسم له‌بەر ئه‌وه‌دیسم‌له‌بغداوه ، امیدی‌معاونت چوه موصل لای ناصر الدوله‌ی حمدانی [٣٤٣ ی هجری] ، بئیك بی فائده له‌وی مایاوه وله پاشده چو بولای سیف الدوله‌ی حاکمی شام . له‌ویش معاونتی ذی گه‌رایه‌وه ارمینیه لای (خاچیك) و ان الدیرانی مرزبان خبری زانی و و خاچیکی نوسی که‌یگری . خاچیك گه‌لی سعی کرد فائده‌ی نه‌بو ، له‌پاشدا به‌مجبوری گرتی وتسلیمی (مرزبان)ی کرد . مرزبان مدتی به‌چاوا هینا وحبسی کرد ، له‌دوار وفاتی مرزبان له‌حبسخانه‌دا کوشتیان [٣٤٥ ی هجری] .

حکومتی ، روادی [1]

به گوره‌ی تدقیقاتی انسیقلو په‌یای اسلام : ئه‌م (حکومتی‌روادی) یه‌قدیمه ، و (ابن خوردانی) . له‌سالی (۲۳۲ی هجریدا) که (تبریز)ی زیارت کردوه شاره‌که‌ی له‌ژیر حکمی (محمد الروادی) دادیوه ، به‌گوره‌ی عینی اثر ، له ۲۸۰ ی هجری ئه‌م ولاتی آذربایجانه‌که وتوته ده‌س ساجد محمد افشین کوری دیوداد وتا ۳۱۷ ی هجری ده‌س نه‌تاوه‌ی ساجدمحمده وه‌بوه . له‌دوای [ساجدی] منطقه‌ی مراغا که‌وته ده‌س مظفری کوردی دیلم یعنی نه‌وه‌ی روادی‌ی قدیم . وعینی‌اثر ، مرزبان وبرا که‌ی له‌عینی خانه دان حساب ئه‌کا . واقعاً تا دوری (مرزبان) ، درحق به‌حکومتی (روادی) کوردی معلوماتیکی وانیه . واثاری عربیه له‌اعتباری (مرزبان)ه وه‌به‌تفصیل باسی ئه‌م حکومته ئه‌کا .

له‌باسی (دیسم) دادیمان‌که (مرزبان) ی کوری (ماملان=محمد) ،

---

[1] سید حسین‌مکریانی ، ئه‌م حکومته به‌حکومتی « اوربایکان » ویا « مسافر » دا ئه‌نی . نازانم ناوی اولی له‌کو هینناوه . انسیقلو به‌دیای اسلام : حکومتی « روادي » ئه‌لی چونکه باوکی مرزبان له‌عشیرتی روادي بووبه «ما ملان» شهوریو .

بەدسیسە ومعاونتی وزیرەکەی دیسم .آذربایجانی دا گیر کرد . مرزبان کاتبیکی خصوصی‌ی‌بو بە (عیسکویە) مشهور بو ، ئەم کاتبە دائما تحریکاتی لەضدی (علی کوری جعفر) ئەکرد نهایت: طمعی مالی مرزبانی تەفرەدا، علی کەوای زانی فکری‌لە گەل مرزبانداگوری وبەطمعی مال وخزینەی زوری (تبریز) مرزبانی بوزەت کردنی شارەکە تشویق کرد . نهایت مرزبان : لشکر یکی‌دایە ونارديەسر (تبریز) .

علی هاتە سرئەم شارە وخبری بونادرن کە (مرزبان) بەطمعی مال ودولینان لشکری کردونەسر ونصیحتی کردن کەلە (دیسم)امدادبخوازن ودبلمی‌یەکانی ئاوشار بکوژن واقعاً خەلکی تەوریز وایان کرد . مرزبان کەخبری هاتنی (دیسم)ی یەت بەلشکروە روی کردە تەوریز ولەنزیك تەوریز نوشی دیسم بو وشکاندی .

دیسم بەخویو باقی‌لشکریەوە وعلی بن جعفر چونەناو شاردوە و (مرزبان) یش هات ومحاصرەی کردن . مرزبان بەدزیەوە لەگەل علی بن جعفر کەوتە مخابردوە وتأمینی کرد لەباش بینیك(دیسم) ، دەرجو بو (آردەویل) وعلی بن جعفریش چووەلای مرزبان .

لەباسی (دیسم) دا دیمان کە مرزبان بەدسیسەی وزیری دیسم کە (ابن الشمیی) بو (آردەویل)ی‌گرت ودیسمی نارده ولای (طرم) .

مرزبان ، کەلەشرو دعوای دیسم نجاتی‌بو وآذربایجانی پتەواوی

بوصاغ بووه لەگەل ترتیب وأصلاحی مملکتدا مشغول بو لەسالی ٣٣٠ی هجریدا توشی هەراوتالانی قومی روس بو ئەم یغماگرانه بەسفینه لەبەری خزرەوه هاتبونـه منبعی آوی (کوری) ، ولەویوه هەلیان کوتابوه سر آذربایجان حاکمی برذعه [قەلای حدودی شمالی آذربایجان بو] بەلشکریکی مناسبەوه ریگەی پی کرتن بەلام لەدوای شری ساعتیك شکا وروسەکان شوینیان کەوتن و (برذعه) یان محاصره کرد ولەدوای چند روژیك گرتیان وشناعتیکی زوریان تیا کردوخه لکه کەیان هەموکوشت .

مرزبان ، کەئەم خبرەی زانی أردویەکی ٣٠٠٠٠ کەسی کو کردەوه وروی تی کردن روسەکان بەرامبەر بەمرزبان نەیان توانی خوبگرن ، بەلام دیسان بەوردەشر غافلاندیان وبەشیکیان تا (مراغه) هاتن ، ولەوناوەدا بەسبب زورمیوه خواردن توشی رشانەوەبون وزوریانلی مرد ، وباقیەکه رایەوه . مرزبان کە تماشای کرد ئەم هەرایە طول ئەکیشی ویستی بەفیلیك روسەکان لەناوبەری . بەشیکی لشکرە کەی لەپوصو یکداجی گیر کرد ، وخوشی بەباقی قوتیەوه لەگەلیان کەوتەشر وبەقەستی خوی شکاند تا گەیشتەنزیك بو صوه کەی ، لەوی ویستی بەلشکرەوه بگەرتیەوه سریان بەلام لشکرە کەی خوفیانلی نیشتبو نەئەگەرانەوه . مرزبان ، کەچاوی بەمحاله کوت زورسەغلەت بو ووازی لەروحی خوی هینا وگەرایەوه ، براکەی بو بعضی لەخزم وقومیشی لە کەلیا گەرانەوه لشکرە کە کەچاویان

بەجرأت وآزایی‌ی مرزبان کەوت لەخەیالتیان گەرانەوە وێنەوبشەی کەلە کەیندابون ئەوانیش راست بونەوە ، بەم‌تەرحە روسەکان کەوتنە یانی دوقوتوە وە کوشتاریکی زوریان لی کرا ، سر کردە کەشیان کوژرا . باقی‌یان بەهەزار حال خویان هاویشتە قەلای (شەرستان) . هەموتالان‌و اسیرانی مسلمان اوی‌دابون مرزبان لەشوینیان گەیشتەقەلا کە ودوری‌دا .

لەبوقتە دابو کەخبری تعرضی ابو عبد الله حمدانی بوسر آذربایجان گەیشتەمرزبان ، وناچار بەشیکی لشکرە کەی بومحاصری روسەکان بەجی هیشت وخوشی لەگەل باقی لشکرد چوبەپیری ابو عبد اللەوە . کوری حمدان تا (مسلماس) هاتبو واگەیشتە وێسی عشرتی (هازنبی) جەعفری کوری شکویە یەکدیگیر بوبو .

مرزبان بو دفعی شری ابو عبد الله کەوتەری ولەدوای شریکی کەم ابوعبدالله بەسبب بارینی بفریکی زور نەی توانی راوەستی چونکە زوری لشکرەکەی عرب بو وبەرگەی سرما وسولیان نەئەگرت لەبەر ئەمە گەرایەوە بو موصل .

بیینەوە سر قوتەکەی کەروسەکانیان محاصرە کرد بو : روسەکان لەدوای مدتیك‌ئی مدافعە ، شەویك‌لەقەلا کە هاتنەدەرەوە وخویان گەیاندە سفینە کانیان وسواربون وگەرانەوە بو ولاتی خویان .

مرزبان لەدوای ریك خستنی ایش وکاری مملکت ، وبستی ولاتان

دەراوسێ داگیر کا، ئەم هەوسەشی لەدوشت وە حاصل بوو .

۱ — تەرضی حکومتی خوراسان بوسەر رکن الدولەی حاکمی (ری) .

۲ — حقارتی معز الدولە کە بەسفیرە کەی مرزبانی کرد بو .

بعضی لەسەرکردە کانی رکن الدولە بو بونە طرفداری مرزبان ، حتی یەکی لەوان کە : (علی‌ی کوری جوا نقولە) بو هاتبوولای وتەی گوت اگر تعرض بکاتە (ری) ، قوماندانە کانی تریش هەموو کومەکی ئەکەن وبەم تەرحە تشویقانی ئەکرد .

مرزبان لەگەل ناصر الدولەی حاکمی موصل مخابرەی کرد وتشویقی کرد کە بچیتە سر بغدا ، بەلام ناصر الدولە قبولی نەکرد وجوابیدایەوە : کە اولاً لازمە (ری) زەوت بکا ، لەدوای ئەوە ایشی بغدا آسانە . مرزبان، لەپاشدا باوکی وبرای بانگ کرد،لای خوی ، وفکری پرسین باوکی بەم سفرە رضانەبو ونهی‌لی کرد ،بەلام ئەم نصیحتە مرزبانی‌لە فکری‌خوی وەرنەگیرا . باوکی‌کە وایزانی دەسی کردبەگریان وگوتی :

— کوری خوم ،لەدوای ئەم عمرە لەکو چاوم پیت ئەکەوێتەوە

مرزبان بەبی تردد وبەعزمیکی مردانە جوابی‌دایەوە :

— یالەسرای (ری) ویالەناو گۆڕاوە کانا ئەم دوزیەوە

رکن الدولە لەاستحضاراتی مرزبان خبردار بو دەس بەجی بوعماد الدولەو معز الدولەی برای نوسی وداوای کومکی کرد ، والایەکی تریشەوە لەگەل مرزبانداکەوتە مخابرەوە ودەسی کردە پارانەوە وگوتی

ا کر دەسم لی هەلگری [زنجان ، ابهر ، قزوین]ت ئەدەمی وبەم فیلە مرزبانی ڤغا فلاند .

عماد الدولە ، لەفوماندای(باش الحاجب) دو هەزار سواری بونارد ، معز الدولەش قوتیکی ئەوندەی لەفوماندای[سبکتگین] دا رەوانە کرد . لەم بینە دا [محمد عبد الرزاق] یش بەقوتیکەوە هاتبوە لای رکن الدولە ، و [محمدی کوری ماکان] یش لەطرف [حسن فیروزان] ەوە بەامداد نیررابو . خلاصە : رکن الدولە بەم تەرحە اردویەکی بەقوتی ریك خست ، وئەوسر کردانەی کەلیان بەشك بوگرتنی وحبسی کردن ، وبەلشکرەوە روی کردە (قزوین) .

مرزبان کەچاوی بەلشکری رکن الدولە کەوتزانی کەدەرەقەتی نایە ، ولە گەل ئەمەشدا گرانەوەی بو خوی بەعیب زانی وکەوتە شرەوە ، قوتی منتظمی کوزدو دیلم نزیك .. رە کەس بو لشکری رکن الدولە بەجاریك هجومیان کردە سردەستە راست ودەستەچپی وشکاندیان . مرزبان لەناوە راستاخوی راگرت وشریکی مردانەی کرد ، بەشی زوری سر کردە کانی کوژرا ، وبەشیکیش بەدیل گیران ونهایت خوشی یە خسیر کرا . رکن الدولە مرزبانی تسلیمی ابو الفضلی وزیری کرد ولە گەل قوتیکدا ناردی بو قەلای (سمیرم) (١)

---

(١) وزیر ابو الفضلی کوری عمید ، لەم سەرەدا باسی فیلیکی ئەکاو ئەلی : « ئەو قوماندانانی دیلمی یەکە لەکەلیابون اتفاقیان کرد بو کەلە ریکا بەزور مرزبان=

أسارت وخلاصی سالار مرزبان

لادرای ئەمە کە گەیشتە قەلای [سمیرم] وخرایە حبسخانەوە ، مرزبان دەستی لە خواردن کیشاوە. وتەنیا بوژیان توزی گەنمی ئەخوارد. رکن الدولە کەئەمەی بیست أمری دا کەچیشت کەرەکەی خوی بو ببرن ولەدوای هاتنی ئەم چیشتکەرە سالار مرزبان کەوتە هەولدان بو زگاری ، بەلام ئەم کارایە گیل وویل بو ، ئەمەرەی زو بلاو کردوە ، ومحافظی قەلا کە (شیراسفار) چیشت کەرەکەی گرت ، ولەدیواری

= بەردەن ومن بکوژن ، کەوام زانی جو مەلای مرزبان وبیم کوت کەمنیش بوخدمت حاضرم . سالار شریکی راوە شاندو کوتی : — ئەگر راست ئەکەی بی وەندەکەم بە رەوە . هرچی آرزو ئەکەی بوت ئەکەم . کوتم : — ئەترسم رفیقەکانم راضی نەبن . سالار کوتی : — کەوابو تورفیقەکانت ناسمی . ئەوان ئەبانەوی من بردەن وتو بکوژن ، وهروەتی آرزو بکەی ئەمە ئە کری .

ابوالفضل : — بەسە ایتر بروام کرد وامین بەمن لەهموزیاتر بو معاونت حاضرم. لەدوای ئەم کەتکویە ئەو سر کردانەم بەکە یەکە یانك کرد وبیم کوتن کەمنیش لەکەل ئەوان بئەمەم زودی خوشبو ، وقرارمان دا کە لەاول منزلئەم ایشەجی وەجی بکەین . واقعاً لەکەیشتینە منزل سالار باکی کردم وکوتی : دەی بەرم دەن . من بیم کوت : کەالی رکن الدولە لەاصفهانە ، هەمو خزینە وبا ـ کرانیش لەویە ، لام وایە تا ئەوی هم نوعە بجین ، ولەوی ئەومال خزینەیەش هەل بگرین باشتر ئەبن ، بالعکس ئەگر ءیلە بکەین ، رەنگە ئەو عسکرەی کەطرفداری ایمەنەبون لەکەل بعضی لەئوماندانە خانەکان کرت ، ومرزبان لەکەل قوماندانیکی صادق وامینـدا نارد بو قەلای (سیمرم) .

قەلاگەوە فریيدايە خوارەوە ، وبەم تەرحە لەناوی برد. ولەلايەکی تریشەوە نضیقی سالاری کرد .

دايکی مرزبان ، کەناوی (خراسويە) و کچی (جستانی کوری واهسوذان ملك) بو ، بوخبرزانین ونجات دانی کورەکەی دانا ، هەولی ئەدا وپارەی صرف ئەکرد : (ابن الضابانی) کەلەگەل مرزبان أسیر وحبس کرابو ، هەرچونی بوخوی نجاتدا وهانەلای (خراسويە) ، وبەوعدەی نجات دانی مرزبان گەلی پارەی لی سەند . لاووقتەدا (توبان) ناوپالە وأنیکی شرکرو قومار بازیش لە (مراغا) رای کردبو ، وخوی هاویشتبوە لای (خراسويە) ، وئەم کابرایەش تەهدی زرگار کردنی مرزبانی دا و (خراسويە) بەقوت و زیرەکی ئەم پیاوە امیدی زوربو ، لەگەل ابن الضابانی دا ریکی خستن وخویان کرد بەتجار ، وئەوەی بوئەم صنعتە لازم بو حاضریان کرد وکەوتەری ، کەگەیشتە قەلای (سیمرم) ، خبریان بو (شیر اسفار) ناردکە ایمە کاسبین وبوأ لیش وویربش هاتوین ، لەوەختی خویدا مرزبان بعضی مالی لی کربوین وپارەکەی نەداوە تکە کەین کەلەگەل لیاروبە رومان بکە .

محافظ بازەوی پیانا هاتەوە وبانگی کردنەلای خوی ، ئەمتجارانە لەلای (شیر اسفار) شکاتی حالیان کرد . ودرەق بەظلم وجەوری مرزبان گەلی قسەیان کرد وجوینیاندا وگوتیان الحمد لله دستە وقلی ئەم قەلە نخاتی بو ، شیر أسفار دلی پیان سوتاوبە کە لەگەل مرزبان روبەروبو

کردن مرزبان أول جار لام فیله نه‌گ‌بی وتوره‌بو جونی پی‌دان وانکاری قرضه‌کەی کرد . به‌لام به کەلی له‌تجاره‌کان چاوی‌لی داگرت وبه اشارت توی گه‌یاند . مرزبان هیمن بووه ، وگوتی به‌لی دیته‌وه خیالم به‌لام حسابه که‌باز نازانم ئه‌نوسم تاتماشای دفتریان بکه‌ن . خلاصه‌به‌م ته‌رحه هاتوچو ده‌سی‌پی کرد ، و (خراسویه) غلامیکی دیلمی‌ی که‌له نعم لی‌دانا شاره زابو خستیه ئه‌ن تجاره‌کان ، وئه‌مانه به‌طبیعت دیاریه‌کی زوریان به‌محافظ وکاربه دستانی قه‌لای که‌دا .

وبه‌سایه‌ی ئه‌مه‌وه به‌سربستی هاموشوی مرزبانیان ئه کرد .

شیر اسفار ، غلامیکی جووانی هه‌بو دائما وه کو دیلمی یه‌کەن طوپزو قالغانی‌به‌ده‌سته‌وه ئه‌گرت . مرزبان ئه‌م غلامه‌ی‌خوش ئه‌ویست وزورپاره ودیاری دایه وله گه‌لی ریك که‌وت وئه‌وه‌ی که‌بو برینه‌وه‌ی پی‌وه‌نده که لازم‌بی بوی هینا ، ومرزبان ، ده‌سی کرد به برینی پی وندەکه‌ی . شیر اسفار عادتی‌بو هه‌مو روژی جمعه ئه‌هاته‌لای مرزبان وتماشای پی وندەکه‌ی ئه کرد وئه‌رویی ، روژیکی جمعه (توبان) له‌لای مرزبان دانیشت وتجاریکتریش له‌لای قاپیه وازکه راوه‌ستا وغلامه‌کەش له‌وی حاضربو .

شیر اسفار هات وله‌لای مرزبان دانیشت ، مرزبان ده‌سی کرد به قسه کردن وپی‌ی گوت : ئه‌گر به‌رم ده‌ی هرچیت بده‌وی ئه‌ت‌ده‌می . شیر اسفار قبولی نه‌کرد ، وگوتی من قەت خیانت له‌گه‌ل رکن الدوله دا ناکەم . مرزبان که‌وای زانی هه‌لسا وپی پی‌وه‌نا‌روی کرده قاپیه که .

(ژیان) هەلی کوتایە سر شیر اسفار ودای بەزەویدا وبە خنجەر کوشتی، تجارەکەی تریش قاپیە وانەکەی کوشت. مرزبان لە گەل رفیقە کانتیپدا یکدیگربو. لەو وقتە دا محافظەکانی قەلا بلاو بوبونەوە. کەە راهەلسا کوبونەوە وکەتماشایان کرد رئیسەکەیان کوژراوە تسلیم بون. دوست وطرفداری مرزبان لەهەولایە کەوە کوبونەوە [٣٤٢ ی هجری].

مرزبان کاغذی بودا یکی وبرای ودوستانی نوسی وهەلساروی کردە آذربایجان [کتاب تجارب الامم. جلد — ٢، الکامل. جلد — ٩].

لەدوای اسارتی مرزبانەە :

لەپاش شکان وبە دیلگیرانی مرزبان. باقی قوتەکەی کەعبارت بو لەجستانی کوری شرمزن، وعلی کوری فضل، وشهرفیروزی کوری کردویە وبعضی سر کومار یترو دو هەزار کسیك، گرانەوە آذربایجان ولەدوری باوکی مرزبان کوبونەوە، رویان کردە (آردەویل) وداخلی شاربون، ومحمدی کوری مسافریان کرد بەحاکمی خویان. (واهسوذان)ی کوری لەترسی معاملەی خراپی باوکی رای کردە قەلای (طرم) — نەوندەی پی نەچو: لەبەر سوء ادارەی ومعاملەی خراپی لەمحمد تەکانەوە، دیلمی یەکان عصیانیان کرد وقەدری کوشتنی محمدی کوری مسافریان کرد، محمد لەترسانا رای کردەلای واهسوذانی کوری، وئەویش گرتی ولەقەلای (تیسجان) دا حبسی کرد وتامرد لەحبسدا ما.

رکن الدوله ، له دوای گرتنی مرزبان ، آذربایجانی دا به (محمدی کوری عبد الرزاق) وبه‌لشکره‌وه ناردیه سری . واهسوذان ، به‌رامبه‌ر به‌م وضعیته سری‌لی تیك‌چو ، وناچارما (دیسم)ی به‌ردا وخه‌لاتی کرد ، ونادری بو شری (محمد کوری عبد الرزاق) [کتاب تجارب الامم . جلد —] . نتیجه‌ی ئه‌م دعوایه وعاقبتی کاری (دیسم) له‌بخی مخصوصدا ذکر کراوه .

سالار مرزبان ، له‌دوای ئه‌مه‌که له (سیمرم) هاته‌وه ، وهه‌رای (دیسم) ی بربه‌وه ،ئه‌وتده نه‌ژیاو له‌سالی ٣٤٥ هجـ یدا نوشی نه‌خوشیه‌کی گران بو ووصیتی کرد : که له‌دوای خوی (واهسوذان) بکریته‌حکمداری (روادی) و (جستانی کوار بشی ولی عهدی ، له‌دوای ئه‌م وصیته زوری پی نه‌چو وفاتی کرد .

واهسوذان وکورانی مرزبانه :

له‌دوای وفاتی سالار مرزبان ، (واهسوذان=واهسودان)ی‌برای نه‌نگوستیله‌و بعضی علاماتی حکمداری تری مرزبانی نارد بو حاکمانی‌شارو قه‌لای آذربایجان‌وطلبی اطاعتی لی کردن ، به‌لام هیچیان اطاعتیان نه‌کرد چونکه له‌پیش آخر وصیتدا ، سالار پی‌ی گوتبون : که‌ئه‌گه‌ر له‌ناوچو : اولا اطاعتی جستانی کوری بکه‌ن وله‌دوای ئه‌وپادشای روادی‌ابراهیم ، وله‌پش ابراهیم ، ناصری کوری‌بی ، ونه‌گر ئه‌مانه هه‌مو فه‌وتان ئه‌ووقته

اطاعتی (واهسوذان) بکەن هەمو سر کردە وسر کومارە کان بەگوویزەی وصیتی اول حرکتیان کرد ، (واهسوذان) ئەم حالەی جمل کردە سر اغالی سالار .

لەم بینەدا میر ابراهیمی برازای، کەزاوای ولیکین کوری خورشید)ی رئیسی دیلمی بو وئەم رئیسەش لەطرف (مرزبان) ەوە لە (اردبیل) دا محبوس بو بە تشویقی ژنە کەی چو بو (آردەویل) وبەبی ئەوەی کەاذن لەمامی بخوازی (واسکین) ی لەحبسخانە هینایە دەرەوە .

(واهسوذان) ، لەسر ئەم حرکتی میر ابراهیمە وبعضی معاملاتی تر کەوتە زمن واندیشەوە ، ولە پریکار آردەویل) ی بەجی هیشت وچوو ۆلای (طرم) ، وایشو کاری ادارەی مملکت بەسر بەخوبی بادەست (جستانە) وەما ، یزاکانی وهەمو سر کردە کان اطاعتیان کرد تەنیا (جستان کوزی شرمزن) کەوالی ارمینیە بو اطاعتی نەکرد وکەوتە فکری سر بەخوبی .

(واهسوذان) لە دوای ئەمە کەخوی لە (طرم) دا قایم کرد راحت دانەنیشتدەسی کرد بەتیك دانی بینی برازا کانی ودشمنانی لیهەلساندن افسادانی بەدرەجەکی وا تأثیری کرد کە کورانی سالار مرزبان بونە دشمنی یکتری : واهسوذان کەایشی گەیاندە ئەم درجەیە ابراهیمی برازای بانگ کردە لای خوی وزور قدر ومرحمتی کرد ، لەلایکتریشەوە لەگەل (ناصر)

دا کەوتە مخابرەوەو ئەویش لەعلیهی جستان تحریك کرد . ناصر ، بەقسەی مامی تەفرەی خووارد ولەجستانی برای جوبووە وجوبو (موقان = مکریان) .

بەشیکی لشکریش بو طەبەرستان جو بونەوە وهاتە لای ناصر ، لەدوای ئەمە ناصر بەقوتیکی مناسبەوە جو بو شری جستان (١)

---

(١) جستانی کوری مرزبان اول ایشی کوشتی ، دیسم ، بو ٣٤٦ ی هجری ، . ئەم حکمدارە لەشوینی باوکی نەروشت ، اهمیتی بەلشکر نەدا ولەکەل عیش وعشرت مشغول بو ، نەباش بیتیك نعیمی وزیری حبس کرد . وزیرەکەی جستانی شرمزن ، کەناوی ابو الحسن بو ، خزی ابو عبد الله نعیمی بو ، لەکیانی نعیمی کەوتە شبهەوە . وشرمزنی تەفرەدا ولەکەل ابراهیم خستیە مخابرەوە ، وابراهیم سالاریشی بو دعوای ملوکیت لەشویق کرد ، واقعاً ئەوندەیی نەجو : کەابراهیم وجستانی شرمزن چونە سر (مراغا) وزەوتیان کرد . جستان شاەکەمەی بیست لەکەل کوری شرمزن ووزیرەکەی مخابرەی کرد و (نعیمی) شی بەردا ، ولەکەلی ریك کەوت ؛ لەدوای ئەمە کوری شرمزن ، اینرکومەکی ابراهیم سالاری نە کرد ، حیلە وخیانتی کردی شرمزن لای هەردو برایە تەواوی معلوم بو ، ولەکەل یکدا مخابرە واتفاقیان کرد .

نعیمی کەلەحبسی نجاتی بو رای کردە (موقان) ولەوی لەکەل اسحاق کوری عیسی کوری مکتفی بالله عباسی کەونە مخابرەوە ، وبو ادعای خلافت تشویق کرد وتعهدی کرد کە لشکری بو ریك بخا ؛ وآذربایجانیشی بو زەوت بکا ، واقعاً بەسیەصد سواریکەوە جووە لای وشرمزنیشی دەوت کردە لایوبیەق کرد . جستان شاە لەکەل مرد ابرنهیمی رابدا لەکەلئەم مدعی-لافتەکە عنوانی(المستجیر) بو شربان کردو شکاندیان وکریتان . کوری شرمزنیش خوی هاویشتە قەلای(اورمیەوە)(الکامل ، جزء — ٨) .

روی کرده (آرده‌وبل) وبه‌آسانی زه‌وتی‌کرد. جستانی بوای خوی هاویشته قه‌لای (نیر) له پاشدا عسکربو پاره ناصریان، تنگه‌تاوکرد، وناصر ئه‌مانه‌ی‌پی زاضی نه‌کرا . مامی ده‌س گیروده‌یی‌ی نه‌کرد . ناصر تی‌گه‌یشت که‌مامی له‌خشته‌ی بردوه پشیمان بووه وله‌گه‌ل (جستان) دا مخابره‌ی کرد وآشت بووه ، وپادشایه‌تی‌ی کاکی قبول کرد ، به‌لام دیسان هیچیان پی‌نه کرا چونکه‌بو اداره‌ی لشکر پاره‌یان نه‌بو . ایش وکاری ولات به‌سبب ئه‌م‌شر وشورده‌وه تیك چوبو . سرکرده کان اطاعتیان نه‌ئه‌کرد . دوبرا ، به‌رامبه‌ر به‌م‌حاله خویان رانه‌گرت. ونوسیان بومامیان که‌بچنه‌لای‌وعهدو پیمانیان‌لی‌ب‌ندوله‌گه‌ل دایکیان‌چونه‌لای(واهسوذان). که‌گه‌یشته‌وی مامیان خیانتی کرد ، وخلافی شرط وسوئیدی گرتنی وحبسی کردن ، واداره‌ی مملکتی گرته‌ده‌س خوی ، واسماعیلی کوریشی کرده ولیعهد ، وبه‌شی زوری ولاتی‌دایه ده‌سی ، وپاره‌یکی زوری به‌سر لسکردا دابه‌ش کرد وممنونی کردن .

ابراهیم سالار ، له‌ووقته‌دا چوبوبو أرمینیه ، که‌خبری گیرانی براکانی زنی ده‌س‌به‌جی له‌گه‌ل اسماعیلی آموزایاکه‌وته شرده‌وه وویستی براکانی نجات‌بدا . واهسوذان کذئه‌م خبره‌ی بیست که‌وته تلاشه‌وه ، له‌لایه کتیریشه‌وه بعضی‌له أهالی وعسکری دیلمیش لی‌ی ودرگه‌رانه‌ره که‌وای زانی جستان وناصرو دایکیانی کوشت ، ونوسی‌بو جستانی شرمزن که‌بچی بوشری ابراهیم ، وپاره‌و لشکریشی بونارد [۳۵۹ هجری].

ابراهیم بەرامبەر بەم وضعیتە نەی توانی راوەستی وگەرایەوە ارمنیە، جستانی شەمزن هەلی کوتایە سەرباقی لشکرەکەی وشکاندنی ، وسراغا [مرکزی میر ابراهیم] واورمیەشی داگیر کرد [الکامل جزء ٨، لاپەرە — ٩ ٢] .

میر ابراهیمی سالار ، گەراوەوە ارمینیە ،ومدتیك لەویداما ، لەوەی ٣٠ ی هجریدا لشکریکی مناسبی پیکەوەنا . وویستی دیسان بچیتە سرآذربایجان لەگەل (جستانی شەمزن) دا مخابرەی کرد ، وریك کەوتنەوە ، وبەم تەرحە ، قوت وقوذی زیاد بو . تصارف : لەو بینسە دا (اسماعیلی واهسوذان) یش وفاتی کرد ، ومیر ابراهیم لام وضعیتە استفادەی کرد ، وچوەسر (آردەویل) وزەوتی کرد ، وویستی خوینی براکانی لەمیانی بستینی ، واهسوذان لەترسانی کرد وئەگەل (کوری میشکی) چووە ولاتی دیلم .

میر ابراهیم هەمو ولاتی آذربایجانی داگیر کرد ، ملك واملاکی مامی هەموزەوت کرد . لەدوای ییتك (واهسوذان) بە لشکری دیلمی یەوە هاتە سر آذربایجان ، وداخلی تەلای (طرم) بو(ابو القاسم کوری میشکی) ی بە لشکروە نارد سر میر ابراهیم ولەدوای شریکی قورس میر ابراهیم شکاوبە تەنیاوا نواعی أزیت خوی گەیاندە (ری) لای وکر اکانولەد میردی خوشکی ، وبە طبیعت قدروحرمتیکی زوری گیرا.

ابراهیم سالار :

له عینی سالدا ، وله عصیانی دیلمی له پایتختی رکن الدوله دا : سالار ابراهیم خدمتیکی زوری کرد ، وحتی بریندار بو به لام نه‌مرد ، وله پاشدا رکن الدوله لشکریکی مناسبی دابه أبو الفضل وزیری وله گه‌ل میر ابراهیم ناردی بو اذربایجان ، ابو الفضل کوری عمیده به‌لشکری بوه‌ی به وه‌گه یشته أذربایجان وگرتی ، جستانی شرمزنیشی له گه‌ل بر ابراهیم ریـــك خسته‌وه ، ئه‌م وزیره عاقله : که‌چاوی به ثروت وبرکتی ولاته که که‌وت حیران بوبه دزیه وه بورکن الدوله‌ی نوسی : که‌حیفه ئه‌م ولاته به دهس حکداریکی . وه‌کو سالار ابراهیم وه‌بی - والفتی له که‌ل عیشی وعشرت‌دا زوره وبه نتیجه اداره‌ی پی ناکری . وا مصلحة که‌له جیگایه کیتر ملکیکی بده‌بتی وآذربایجان بوخوت محافظه بکه‌ی ، رکن الدوله ئه‌م تکلیفه‌ی قبول‌نه کرد وامری به گه رانه‌وه‌ی ابو الفضل دا .

درحق‌به وقایعی دوری دوایی‌ی میر ابراهیم معلو کاتیك نیه . به‌لام به‌گویره روایتی [پیشکه‌وتن ـ نشریات ـ ٦] ثابی‌تا سالی ٣٨٠ حکومتی دوامی کردی ، وله‌دوای ئه‌و (راویدي) کوری وله‌پاش راویدیش (گلاس[1]) ی کوری راویدی ، وله‌دوای ئه‌ویش (وهسودان) ی کوری گلاس بوبیته حکداری آذربایجان [٤١٥ ي هجری] .

---

(١) معجم البلدان ، ئه‌لی : (غ ل ك) لایپره ـ ١٨٩ .

واهسوذان دوهم :

مملکتی آذربایجان لەزمانی ئەم حکمارەدا [٤٢٠ ی هجری] نوشی اسنیلای قومی [غەز = غز] (١) بو واهسوذان ویستی بەمیواندار ی وخذمت ولانە کەی لەشری ئەو قەومە وحشیە بپاریزی زور خذمتی کردن ، بەلام فائدەی نەبو . نرمی وخذمتی (واهسوذان) وخیلاتی کورد بالعکس غەزەکانی زیادترمغرور کرد ، ولەهیچ خراپە وشناعتی خویان نەپاراست ومملکتە کەیان توشی ضرر وافسادیکی زور کرد .

لەسالی ٤٢٩ ی هجریدا هەلیان کوتایە سرشاری مراغە ، خەلکی شارەکەیان هەمو کوشت ، مزگەوتە کەیان سوتاند وصاف لەصاف نالانیان کرد ، وهرچی دین ووجدان قبولی ناکا کردیان ، وخیلاتی کوردی ئەو ناوەشیان بەو دەردە برد .

لەدوای ئەم وحشت وشناعتە : عشایری کورد لەمعیتی (ابو الهیجای کوری ریب الدولە)ی رئیسی عشیرتی هازبنی دا کوبونەوە ، وبو دفعی بلای غەز لەگەل (واهسوذان) دا اتفاقیان کرد . کەغەزەکان چاویان بەم اتحاد واتفاقە کەوت : خوفیان لی نیشت وریویان کردە (ری) وبلاو

---

(١) غەز عشیرتیکی تورکمانی بخارابو ، وزوروحشی ومیالی تتل وتالان بون ، بەم فکرە بە شیکیان روی کردبوە اصفهان ، وبە شیکیلە ولاتی خوارزم دابون ، وبەشیکیتریش رویا کرد بوە آذربایجان وکوردستان . ئەم بەشی دوایی ، لەسەرداری توغا ، کوکتاش ، منصورو دا دابون .

بونەوە کورد کەوتنە شوێنیان وزوریان لێ کوشتن . طقیکی ترپان کە کەونبونە ارمینیەوە وبەقتال وتالان مشغول بون ، کەئەم خبرەیان بیست گەرانەوە (اورمیە) ی ولاتی ابو الهیجا هانینی ، ولیرە توشی تعرض کوردە کان بون بەلام بەنتیجە هەر دولا ضایعاتیکی زوری دا وابو الهیجا لەعودەیان نەهات .

لەسالی ٤٣٢ ی هجریدا (واە ودانی ماەلان) (١) ، لە (تەورێز) ضیافتیکی کرد ورئیسە کانی غەزی دعوت کرد وبەفیل هەموی گرتن ، ولە دوایدا لشکری لی کردن وزوری لی کوشتن ، ولە خاکی آذربایجان دەری کردن .

در حق بە احوالی زمانی ئەم حکمدارە اثیر معلوماتیك نیە ، وتا وقتی هاتنی طغرل بگی سلجوقی بوولاتی آذربایجان زور کەم باسی ئەحوالی ئەم ولاتە کراوە .

بە کورەی أنسیقلوپە دیای اسلام [جلد ـ ٤] لەسالی ٤٣٤ ی هجریدا زلزلە [بومە لرزە] یەکی بەشدت شاری (تەورێز) ی ویران کرد ، پادشای ئەم ولاتە (واهسوذان) لەخوفی طائفەی غزقە لا یەکی تری

---

(١) لەوقتی استیلای غزدا حکمداری اذربایجا (واهسوذان) بو وئەم حکمدارە بەکورەی انسیقلوپە دیای اسلام [جلد ـ ٤ ، لاپەرە ـ ٥٨٤] لەخاندانی روادی وبەواهسوذانی کوری ماەلان ناو براوە . منجم العنزان « جلد ـ ٩ ، لاپەرە ـ ٩٨٩ » ئەلی : (واهسوذان) ی کوری (غلان) .

دوروست کرد وپانیختی نقل کرده ئەوی .

لەسالی ٤٣٨ ی هجریدا (ناصر خسرو) ناو حکداریکلە تبریزدا ادارەی سلطنتی کردوە وعنوانیشی سیف الدولە وشرف الملە ابو منصور واهسوذان کوری محمد (مامەلان) بو و (مولای امیر المؤمنین) یان پی گوتوە .

لە سالی ٤٤٦ ی هجریدا سلطان طغرل کەلە اصفهانەوە روی کردە آذربایجان (امیر ابو منصور واهسوذان کوری محمد الروادی) چوبە پیریەوە واطاعتی کرد ، ولە اعتباری ئەم تاریخەوە حکومتی روادی آذربایجان بوە حکومتیکی تابعە ، وبەم نوعە دوری سریە خوی (حکومتی روادی) دوایی هات چونکە مبدأی آسیسی معلوم نیە حساب کردنی دوری سریە خوی ممکن نیە بیچکە لە آذربایجان بە شیکی جیالیش لەژیر حکیدا بووە .

درحق بە دوری دوایی ئەم حکومتە معلومات زۆر کەمەوتەنیاباسی (أحمدیل) کراوە . بەلام سید حسین ی مکریانی ئەلی ، واهسوذانی دوەم لە ٤٥٨ دا وفاتی کرد وابراهیمی کوریشی تا ٤٩٠ ی هجری حکماربووە .

ظاهر وایە کەلە دوری حکومتی ابراهیم دا (تبریز) لەدەس حکومتی روادیدەر چووە وکە تۆنەژیر حکمی تورکەوە ، وحکومتی روادی نەنیالە (مراغە) دا دوامی کردوە . واقعاً : (الکامل جلد-١٠ لاپەرە ٢٠٥):

امیر أحمدیل :

پەم ذاتە ، بەپێی ئیسقلوپە دیای ئیسلام : کوری ابراهیم . کوری واهسوذانی روادیی کوردیە ، وئەبی حکومتی (مراغە) لەطرف ئەمەوە زیدو کرابێیەوە کەتا تأریخی ٦٢٤ی هجری دوامی کردوە .

أمیر احمدیل ، لەسالی ٥٠٥ ی هجریدا کە سلطان محمدی کوری ملکشاە لشکری کردە سردولی روم ، لەگەل أمیرانی تەوریز (سکمان قبطی) ، موصل (أمیر مودود) وبعضی ئیرانیتر وابو الهیجای حاکمی هەولیر بە لشکری خویەوە اشتراکی کرد ، لەسوریە لەگەل سرداری ملکی قدس کە مشهور (ژوسلین - Joscelin) بوشری کرد [تأریخی حلب] .

أمیر احمدیل ، بەسەب وفاتی (سوکمان قبطی) ی حاکمی دیابکرو تەوریز سوریەی بەجی هیشت وگەرایەوە آذربایجان ومقصدیشی سەندنەوەی ملکی باوك وباپیری بو . (ابن الجوزی) ئەلی : امیر احمدیل ، ٥٠٠٠ سواری خاص وداێی هەبو وایرادی سالانەی ملکی خوی ٤٠٠٫٠٠٠ دینار بو .

لەسالی ٥١٠ی هجریدا (أیابك طغتکین) ی حاکمی شام بەمیوانی هاتبوە بغدا بولای سلطان محمد وبەم مناسبتەوە أغلبی أمرا وحکمدارانیش هاتبونە بغدا ، (أمیر احمدیل) یش لەناوئە مانەدابو ولەتەنشت (طغتکین) ەوە دانیشتبو . لەووقەدا کابرایەك هاتەژوردوو کاغذیکی بەدستەوە بو ئەگریا

وتکای نه کرد که مساعده‌ی بکەن استدعا کەی بدانه دەس سلطان. امیر احمد یل راست بووه که استدعا کەی لەدەس وەرگری کابرا که خنجریکی روتی به دەستەوه بو — وەلەتی دایه امیر وخنجریکی لی‌دا احمدیل گرتی ودای بەزەویدا لەوقتەدا یەکیکتر هجومی کردەسری وخنجریکی‌تری لی‌دا ، خلاصه رفیقیکی تریشیان پەیدا بو وئەویش خنجریکی لەامیردا وبەم تەرحه شهید کرا. طغتکین وای زانی که ئەمه بەامری سلطان کراوه ، بەلام نەپاشذا معلوم بو که ئەم قاتلانه باطنین (١) [انسیقلو پەدیا . معجم البلدان] .

آق سونکور احمدیلی :

کوری احمدیل بو ولەدوای وفاتی باوکی بو بە امیری مراغه . لە٥١٤ ی هجریدا ، کەحاکمی موصل وآذربایجان ملك مسعود ، بەرامبەر بەسلطان محمودی برای عصیانی کرد ، قاسم الدوله بزرکی کونه اتابکی خوی ، بو حاکمیەتی‌ی مراغه نارد ، بەلام ئەم عصیانه زوتسکین کرا ، ولە٥١٥ دا ، امیر احمدیل دیسانەوه لەبغداوه بو امارتە کەی خوی نیررایەوه . لەعینی سالدا (امیر کون طوغدی) ، لەطرف (سلطان طغرل) ەوه حاکمی (اران) بو وفاتی کرد آق‌سونکور ویستی لەلای سلطان‌خوی پیش خا وجیگەی (کون طوغدی) بگریتەوه سلطان‌طغرل خبری پونارد کەبدە

---

(١) سید حسینی مکریانی ، واقعه‌ی شهادتی امیر احمدیل بەنوعیکیتر ئەگیرتیەوه وعطفی ئەکاته سر معجم البلدان .

هزار کەسەوەلەمراغەوە یەتەلاد ،وبوزەرنگ کردنی(آردەویل=اردبیل) یاریەی بدا . بەلام او سفرەبن نتیجە ما ولەو بینەدا ، سلطان محمود بە واسطەی جیوش بگ وە مراغەی دا گیر کرد .

لەسالی ٥٢٥ی هجریدا . آق سونگور اشترا کی سنری سر (دویس مزیاد)ی کرد . سالی دوایی بودا مزاندنی(دارد)ی کوری سلطان محمودزور فعالیتی نواند . لە٥٢٦ی هجریددا لشکری سلطان طغرل واشکری داود لەنزیك همدان ترش یکنری بون . و(داود) بسبب عصیانی لشکرە کەیەوەنەی توانی بەرامبەری بویستی ، وەلەگەل آق سونگور احمدیلی دا رای کرد . سلطان طغرل مراغە وتبریزی دا گیر کرد . لەدوای یزیك (داود) وملك مسعودی مامی وآتابك آق سونگور چونە بغداد . وەوی خلیفە یاریە یکی زوری دان ، ، نهایت ملك مسعود وداود وآق سونگور بەلشکریکەوە روبان کردەمراغە ولیرە بامعاونت وتوذی احمدیلی مراغەوآذربایجانیان بەتەواوی دا گیر کردەوە ، ادوایی ئەمە ویان کردە همدان وقوتی طغرل سلطانیان لەو ولایەش دە پەراند وهمدان کەوتە ژیر حکمی ملك مسعودەوە ، بەلام لەوقتی گرتنی ئم شاردا (آق سونگور احمدیلی)ش وە کو باوکی لەطرف باطنی یکەوە کوژرا [٥٢٧ هجری] وئەم قاتلەش لە طرف وزیری سلطان طغرا وە بئم جنایتە تعین کرابو .

ئاق سونكورى دوەم :

(ئاق سونكورى دوەم) كورى ئاق سونكور احمدبلى اولە . بەلام بەغدى لەمۆرخەكان بەچند ناوێكەوە باسيان كردەوە . دژمنى ئەم ئميرە (اوزبك كورى بالنيكارى) ى دوستى سلطان مسعود بوو كەبوزەوت كردنى (ارران) و (آذربايجان) ەوڵى ئەدا .

ئميرە (اوزبك) لەسالى ٥٤١ دا (مراغە) ى محاصرە كرد ، لەسالى ٥٤٥ دا سلطان مسعود بالذات خوى بەلشكرەوە هاتە سر مراغە وگرتى وقەلاكەى روخاند بەلام زورى پى نەچو ، اوزبك لەبەرقەلاى (روين دز[1]) دا لەگەل ئاق سونكور ئاشت بووە . كوژرانى (اوزبك) لەسالى ٥٤٧ دا لەطرف سلطان محمدەوە بوو . سەبى عاجزى ئميرە (ايلدگز) وئميرە (ئاق سونكور) وئەم دو ئميرە ملك سليمانيان ئەجيگەى سلطان محمد لەسرتختى همدان دانا . بەلام سلطان محمد تكرار حكومتى هێنابەوە ژێر چنگى وپياوى نارەدلاى دو ئميرى آذربايجان [ايلدگز وئاق سونكور] ، وويستى لەگەليان رێك بكەوێتەوە ؛ ولە٥٤٩ دا لەبێدا صلح كرا وولاتى آذربايجان لەبينى ئەو دو ئميرەگەورەيەدا بەش كرا ، سلطان محمد لەپێش مردنيدا ، ملك داودى كورى بچوكى خوى خستە ژێر حمايەى ئميرە

---

(١) روين دز : قەلايەكى زور محكم بو ، لەنێو (جەمى صوفى) و ١٦ كيلو مترەلاى زورەوى (مراغە) كەوتبو .

(آق سونکور) دوه چونکه (سلطان ارسلان) پش لاژیر وبسانی امیر (ایلدگز) دابو، بفکری‌دا مزراندنی ئیم کوژه. [پهلوان کوری ایلدگز] بشکره‌وه چوه‌سر امیر آق سونکور، بەلام امیری مراغــه بەیارمەیەتی(شاهی ارمن)، لەقەراغ چەمی سفیدرود پهلوانی شکاند(٥٥٧ه)، ولەدوایدا (٢٠٠٠ر٥) کەسیکیشی‌نارد به امدادی‌حاکمی‌ری (انیانج)دوه کەلەگەل (ایلدگز) داشری نەکرد بەلام (ایلدگز) شکاندی.

ظاهر وایه کەلەپاش ینیك(ایلدگز)و (آق سونکور) آشت بونەوه، چونکەلەسفری (ایلدگز) بو سر ولاتی گورجی آق سونکوریش باریدەی داوه. لەبیری مراغه، لەسالی ٥٦٠ هجریدا چوه بغـدا ولەوی مظهری شکان ولطفی ملك داودی محمدی بوه.

لەعیتی سالدا (پهلوان)، امیر آق سونکوری لەمراغه دا محاصره کرد، بەلامزو آشت بونەوه ددرحق بەدوایی احوالی امیر آق سونکور معلومانیکی‌ریك وپیك نیه. تەنیا (ابن الاثیر) ئەلی: لە ٥٦٤ دا، امیری ری (انیانج) کوژرا و (قتلغ)ی برای آق سونکور قیامی کرد وآتابك (پهلوانی کوری ایلدگز)، (قتلغ)ی تجزیه کرد، وحکومتی مراغەی دا بەعلاء الدین ورکن الدینی برای.

لەمەوا حالی‌ئەبین: کەامیر آق سونکوری دوەم وفاتی کردوه، وچو ارکوری بووه. لەبینی (آق سونگور)ی سیەم و (قتلغ) دا ایەکی زوربو ولەسر ئەمە(پهلوان) کاوتونەبینەوه وحکومەتە کەی

داوه بەدو کوری بچوکی آق سونکوری دوەم ودو براکەی تری محروم کردوه .

ابن الاثیر ، لەسالی ٥٧٠ دا باسی (فلك الدین) ی حاکمی مراغه ز کاکه کورەزای آق سونکوری (دوەم) بوه باوکی ، حقوق حاکمیتی خوی بو ترك کردوه لەزمانی ئەم امیره دا (پەلوان) دیسان هاتو تەسر مراغەو (روین دز) .وبەشرطی ترك کردن (ورێز)بو خاندانی(ایلدگز) لەیەنیا صلح کراوه .

لەوەش وادەر ئەکەوی کەتا ئەو وقته[٥٧٠ ی هجری] ،(ورێز)یش ژێر حکمی (مراغه) داوه ، وهەمو محیطی چیای (شەهند = سەهند) بەدەس خاندانی احمدیلی یەوه بوه .

لەدوای ئەمە وقوعاتی (٣٠) سالیك گومە ، تەنیا باسی اتفاقیکی دیری مراغه علاء الدین بك لە ٦٠٢ ی هجریدا لەگەل امیری هەولیر مظفر الدین گوگبری) دا کراوه ، ومقصدیش لەمە زەوت کردنی ورێجان لە (ابو بکری ایلدگز) بوه . لشکری متفقین روی کردوتە ورێز) ، لەولاوه (امیر ابو بکر) ، عبدی قدیمی خاندانی ایلدگز (آی طوغمش) ی بو معاونت بانگی کردوه ، لەدرایدا مظفر الدین گوگبەری گەراوه تەوەهەولیر ، و(آی طوغمش)یش لەشوین علاء الدین نەبردەمی (مراغه) هاتوه . لەپاشدا علاء الدین بك ، مجبور بوه کەلاکەی ئەوی سببی نزاعی طرفین بو ترکی کاوبەرامبار بەمە شارانی

(وورمی) و (اوشنو = شنو) ی دراوەتی .

لەسالی ٦٠٤ ی هجریدا علاءالدین بك کەإبن ا ثیر)قردەسونگوری (١) ی ژلی ، وڤاتی کردوە ، و کوڕکی بچوکی لەپش بجی ماوە پیاوێکی آزاو صادقی ناو الدین بك ناوم کوڕی حمبە کردوە ، بالام ئەم کورە لە ٦٠٥ ی هجریدا مردوە ، و (ابو بکر ایلدگز) لەدوای ئەمە هەو ملکی احمدیلی ی داگیر ردوە ، کوڕەنیا (روبن دز) ماوەتەوە کەئەویش بەدەس پیاوە صادقە کەی علاء الدین بگەوە بو .

زور ردنگە کەئەو علاء الدین بگەی لەطرف شاعر (نظامی) بۆ لە (هفت پیکر) دا مدحی کراوە علاء الدین بگی حاکمی مراغە ی (نظامی) باسی دو کوڕی علاء الدین بك ئەکا کەناویان (نصرة الدین محمد) و (احمد) بوە ، بالام اگر لەگەل بیانانی (ابن الاثیر) مقایسە بکری ، ئەبینری : کەئەم دو کورە هەر دوکیان لەپیش علاء الدین بگ دا مردن .

حکومتی خاندانی احمدیلی ، بینیکیش لەطرف آذربیجانەوە ادارە کراوە .

لە ٤ ی صفری سالی ٦٠٨ ی هجریدا لشکری مغول گەیشتوتە ئەم ناوە و

---

(١) بەطبیعت ئەمە ئەبی لەگەل « قردەسونکور » ی تورکدا فرق بکری ، کەلە زمانی : « اولجایتوخان » دا کرایە حاکمی مراغە ولەتاریخی ٨٢٨ ی هجریدا وفاتی کردوە .

(مراغه) یان بەزور داگیر کردوه، شارەکەیان ویران وتالان کردوه وسوتاندویانه، وخەلکەکەشیان کوشتوه. بەلام (ملکه)ی مراغه، کەلە قەلای (روین دز) دابو، لەم بلایە نجاتی بو.

آخر نەتەوەی خاندانی (روادی)، ئەم (ملکه)یە کە کورەزای علاء الدین بك بو وناوی (من هوداد) بو، لەدوای چند سالیك لە (روین دز) دا ژوی کرد بە کورە کەر ولالە کەی (ایلدگز) اوزبك.

لەدوای گەرانەوەی جلال الدین لەعراق ئەم (ملکه) یەی مارە کردوه و (روین دز) یشی کەوتۆتە دەسو [انسیقلو پەدیا جلد — ۳، لاپەرە — ۲۷۹، ۸۰].

بەم تەرحە لەدوای سکومتیکی چوار صد سالی خاندانی(روادی)ی کورد لەناو چوە.

حکومتی دوستکی و مەروانی

١ — حکومتی دوستکی (١)

ریك خاری ئەم حکومەنە بزا بو شجاعی کوری (دوستك) ه
صاحبی تاریخی موصل ئەلی : (باز الکردی أبو عبد الله حسین کوری

---

(١) سید حسین مکریانی ، بەکورەی بعض آثاری دەس خط — کەتەبا لەلای خۆی معاومە— ادعا ئەکا کەباوکی « باز » ، رئیس عشیرتی « حیدی »بوە بینیك لەعشیرتە کەی ئوراوە وجونە دیاربکر وباز لە ٣٢٤ ي هجریدا لەوشارەدا هاتوتە دنیاوە ولە ٣٤٥ ـ ٤٦ دا بەشیکی ولاتی جزیرە وئارانی« مسعود » و «تبلیس »ی زەوت کردوە وشش سالیك‌دوواي ئەمە « ملازەکرد » و « ماکر » ودیهاتی دوزی کوی « وان » ی کرت ولەجیگەی شاری « عادلجواز »دا شاری « تابازیش »ی بناغە تا وئەم شارە نەدوای ئەمەکەوتە دەس « ملك عادل » ي ایوبی ناوی کورا وبزیە « عادلجواز » . لە ٣٥٥و٥٦ وا « ارجیش » ودو سال دواي ئەمە «دیاربکر» و « میافارقین » و « رها = اورفە » پش دا کیر کرد وا رای « حص کیف » و « جزیرە » و « بوتان » و « سروج » و « نصیبین » پش بونە تبعەی . ابو شجاع « دیار بکر » ي کرد« مرکز ولەطرف خلیفەي بغدادەوە عنوانی « ابو شجاع » ی درایە ولە ٣٦٠ دا دو نوع سکەي بەناوي «شجاعی » یەوە لیدا لە ٣٦٤ دا بەشیکی « حکاري » و « کاواش = اردەشت » ي ولەدواییدا ئەلای « وانی » شی کرد . لەسالی ٣٦٧ دا ، ولەشری بنی عضد الدوله و « حمدان » دا یارمەیە تی لشکری بویی کرد وکە عضد الدوله هاتەموصل جیگلاي وعضد الدولەکەجاوي بەبازکەوت لیي

(دوشتك) ی امیری عشیرتی حمدیه بو کیه‌ی ابو شجاعه و، کوره‌ی ابن‌خلدون ابو عبد الله حسین برای بوه (باز) یاخود (باد) زور، خووه وبه‌سام بو آثار ز کا ودهای ئیدا هه‌بو. مری ئه‌لاوه راند وزور سخی طبع بو ودائما کرمی به فقیر وهه‌ژار ئه کرد ناو بانکی نجابت وکرمی زوبه‌ناوه‌دا بلاو وبوه‌وبینی جه‌رده‌ی ئی کرد وهرچی‌ی ده‌س ئه‌که‌وت به‌سر هاودنك ورفیقانبدا دایه‌ش ئه کرد به‌م ته‌رحه، خه‌لکیکی زوری لی کوبوه‌وه وبرزی وافبالی روژ به روژ زوله زیادی بو). ئه‌م روایته ـ لام وایه ـ هه‌ل به‌ستراوه چونکه‌له‌عقل دوره کوری امیری عشیرتیکی گه‌وره شوانی وجه‌رده‌یی بکا، چونکه ئه‌م نوعه ایشانه له‌احتیاجدا وه اختیار ئه کری، وکوری امیری عشیرت له‌م نوعه احتیاجه بظاهر ئی دوربی. حقیقت ئه‌وه‌یه، که‌باز ابوشجاع بره به‌ره دائره‌ی نفوذی خوی توسیع کرد ولشکریکی بشی پیکه‌وه نا واطرافی زه‌برت کرد وئاوه‌ته‌ر

=سلمیه‌وه وویستی به‌دزی یه‌ره له‌ناوی به‌ری به‌لام ازفرق به‌دل بیسی‌یعضد الدو‌ گرد وبه‌دزیه‌وه له‌شار ده‌رچو وخوی که‌یانده‌وه لشکره‌که‌ی. ابو شجاع، له‌دوای وفاتی‌عضد الدوله: ساله ۳۷۲ دا له غربی موصل واله‌وقعی» زه‌نکار «دا لشکریکه کوکرده‌وه وویستی بچیته سر موصل. صمصام الدوله، «ابو سعد بهرام» ی‌به‌لشکری وه ناردە سری وله ۳۸۳ دا شرکی مناسب نه‌وا ولشکری بوس شکا وابو شجاع تادوری موصل هات وله‌گه‌ل یاو ماقولانی شاره‌که دا که‌وته قسه وباس وسیه‌لانکیك مولتی دان وه‌شیکی لشکره‌که‌ی له وماندای امیر علی‌ی حاکمی «فینك» دا به‌جی هیشت وخوی گه‌رایه‌وه دیار بکر «بیشکه‌وتن ـ ٦ ».

پی نەچو هەلی کونایە سر ارمنیە و (ارجیش)ی زەوت کرد وئەم شارە ، اوا شاریکە کەدەس(باز) کەوتوە ولەدوای ئەمە زیاتر غلبەی سەندووروی کردە (دیار بکر) ئەم شارەشی لەگەل (میا فارقین)واطرافیدا داگیر کرد [الکامل جلد — ٩ ، لاپەرە — ١٥] .

ایشو کاری(باز ابو شجاع) داناوو ولەچاکی وپیش کەوتن بو ومحتملە کە هەروە کو سید حسین مکریانی ئەلی بەسبب بعض عاداتەوە مثلاوە کو یارمەیەتی بو لشکری بوهی وبو شکانی (تغلب) ی حمدانی مناسبت ودوستایەتیکی لەگەل عضد الدولە پەیا کردبی واقعا کەشاری موصل دەس بویهیە کان کەیت عضد الدولة هاتە ئەم شارە وباز ابو شجاع بودیدنی چووکەلەمجلس هاتادرەوە عضدالدولە بەحاضروونی گوت ئەم امیرە بەسام وبەهیبتە بو حکومت تەلکەیە وژیانی ضررە وهەولی بو گرتنی دا . بەلام (شاەباز) لە اول نظری عضد الدولە فرقی بەدل پیسی کرد وزو لەشارچوە دردرە وخوی کەیاندە لشکرەکەی [ذیل کتابی تجارب الامم ، لاپارە - ٨٤] .

لەدوای ئەمە کەعضد الدولە وفاتی کرد [٣٧٣ ھ] ابو شجاع ولاتی (نصیبین) پش داگیر کرد ونادوری موصل نفوذ وحکمی ئەرویشت . ئەم حالە بوە سببی ترس وخوفی صمصام الدولة ولەادارەی (ابو سعد بهرام بن اردشر) دالشکریکی نارد سری شاباز چوبە پیر ئەم لشکرە وە ٠٠ کە قورس قەومان(١) وابو سعید زور خراپ شکاوزوری امرا وکەورەی

---

(١) مصادر عربی باس جیکەی ئەم شرە نا کا . تەنیا سید حسین مکریانی ئەلی

لشکری بویهی بەدیل گیرا .

لەعینی ساڵداصمصام الا ولەلشکریکی بەقوتری حاضر کرد ولەادارەی (ابو القاسم کوری حاجب.) دا ناردیە سر ابو شجاع . دو لشکر لە دولی (خابور) ی حسینیە دا ولە موقعیکدا کە بە (باجلایا) مشهور بو بەرە نگاری یکتری بون وشریکی تورسیان لە بیندا قەومان ودیسان لشکری بویهی شکاوزوری لی کوژرا وبەدیل گیرا ئەوی دەزباز بوخوی گەیاندە موصل[1] ابو شجاع ، دیلەکانی ناردە دواوە وخوش بەلشکردوە وبەشون بقایای دیلمی دا هاتەدوری موصل . خەلکی شارەکە چونکە لەظلم وتەدای دیلمی بیزار بون ئەم حالەیان بەفرصت زانی دیلمیە کانیان قبول نکرد وبە عکسەوە شارەکەیان تسلیمی ابو شجاع کرد .

شاباز لەدوای جیگیر بونی لەموصلدا دەس کرد بەکوکردنەوەی لشکر وتدارکات شر ، ئەی ویست بغدا ومقامی خلافت لە تسلطی دیلمی بەکان رزگار بکا صمصام الدولە کەخبری بیست کەوتە ترسەوە ولشکریکی زور باقوتی کوکردەوە وتسلیمی (زیاری کوری شهرا کویە) ی کرد کەهەرە

= لە « زەنکار » واقع بوە ولەم جیگەیش غربی موصل کەوتوە .

(١) درحق بەم شعرە شاعر ابو حسین باشنوی ئەلی :

بسـا جيا جلونا عنه غمغمة ... ونحن في الروع جلاّون للكرب

الباشنوية انصـار لدولتكم ... وليس في ذا خفا في العجم والعرب

انصار « باد » بارجيش وشيعته ... بظاهر الموصل الحدباء في العطب

مشهور قوماندانانی دیلمی بو زیار ، بم لشکرەوە روی کردە موصل .
مراد یازە ابو شجاعیش بەلشکرەوە هات بەپیریەوە وله یندا شریکی زور
قورس بو ولەنتیجەدا ابو شجاع شکا وزور تلفاتی دا وگەلیکیش لی بە
دیل گیرا (١)

ابو شجاع لەدوای شکانی گەرایەوە دیار بکر زیار ، قولی لشکری
لەقوماندای (سعد حاجب) دا بو سر جزیرە وقولیکیتریش بو سر نصیبین
نارد بەلام ئەم دو لشکرە عصیانیان کرد ونەچونە سر ابو شجاع ، وزیری
صمصام الدولە کەوای زانی لەگەل سعد الدولەی حمدانی کەحاکمی حلب
بو کەوتە مخابرەوە وبەشرطی ئەمە کە دیار بکری بدانی نارديە سر ابوشجاع
بەلام لشکری حلب هیچی پی نەکرا وگەرایەوە ، سعد الدولە کەوای
زانی ویستی بە حیل ، باز لە ناو بەری وفداییکی نارده سری وئەم کارایە
هرچونی بو حوی کوتایی ناو لشکری بازەوە وشەوی بەدزیەوە خوی هاویشتە
ناو خیوە تەکەی بازەوە ولەشیرزەیی شیریکی دا لەقاچی ورای کرد باز
لەدوای بینیك کەبرینەکەی چاك بوەوە لەگەل زیار کەوتەمخابرەوە وبەشرطی
کەزوەی طور عابدینیشی بەدەسەوە بینی صلحی کرد و (زیار) لەدوای
ئەمە کە سعدی حاجی بەقونیکەوە لە موصلدا بەجی هیشت وخوی گەە

---

(١) سید حسینی مکریانی ئەلی ئەم شرە لەزیلکەپتەوە قەمداوە ولشکری دیلمی
شکاوە .

رایەوە بغدا (١)

شابۆر، (لە ٣٧٧ ھ = ٩٨٧ م) دا دیسان لشکرکی زوری کو کردەوە وروی کردە موصل. تصادف لەوێدا سەدی حاجب لە نارچو وشرف الدولەی ملکی بغدا (ابا نصر خزاشادە)ی نارد بو بۆ حاکمێتی موصل. ابا نصر کە گەیشتە موصل وزوری لشکری بازی یەت کوکی لەشرف الدولەداوا کرد بەلام شابۆر تەکیی پێ ھەڵنی ومجوری کرد کەمراجێتی عربی بن عقیل وبن نمیر بکا. وانما شرکێکی زور لەم دو عشیرتە لەگەل لشکری دیلمی یکدگیر بو. ابو شجاع، لە داردی برا کەیدا قولیکی نارد سریان بەلام بی‌فائدە بو شکا وبرای ابو شجاعیش کوژرا (٢)

لەسالی ٣٧٩ دا ودوکەس لە کوردانی حمدانی لە دریەودەڵز ولشکریکیان لەعربی بنو عقیل ونمیر کو کردەوە وویستیان بێنە سر موصل بەلام نەیان

---

(١) تاریخی موصل بڵێ یارمەتی سعد الدولە تاکا وئەلی فدایی لەطرف زیارەت وە نیرراو « لابەرە ـ ١٢٧ ».

(٢) سید حسین لە « پێشکەوتن ـ ٦ » دا ئەلی طایعة الدولەی برای شابار کوژرا بەلام دیسان لشکری ابو شجاع غلبەی کرد.

« کتاب تجارب الامم » بڵێ حیلە یەکی شابار لەم شرە دا ئەکا وئەلی شابار لەسر شاخەکان رەوە کاجوێ دا بو ولەبینی ئەم کاجو تانە دا ئیری روئی دا چەقاند بو کە یەکی روزێکی ئەدا شیرەکان ئادرەو شانەوە ودژمن وای ئەزانی کەلشکری کوردە ونەیان ئەویرا بچنە سریان ولەووڕە دا بوکە طلیعة الدولەی برای شابار ھاتی کوتایە سریان ولە ناوجو « جزؤ ـ ٣، لابەرە ـ ١٤ ».

ویرا ولە پاشدا پەنایان بردەلای محمدی کوری مسیب کە امیری بن عقیل بو . خەلکی موصلیش بە زیپەوە لە گەل ابو ظاهر ابراهیمی حمدانی دا ریك کەوتبون بە گورەی اتفاقی نیی ابن مسیب و کورانی حمدانی ، موصل واطرافی بو حمدانیە کان ونصیبین وجزیرەش بو ابو مسیب ئەبو .

لشکری کوری حمدانی لەشرقەوە وعشایری بن عقیل لاغربەوە رویان کردە موصل وخەلکی موصلیش کەوتنە سرکیشی وعصیان لشکری شاەبازلەشرق موصلەوە رویان کردە لشکری حمدانی وزوریان لی کوشتن وبو طرف غربی شار ئوبنیان کاوتن ، لەوقتدا خەلکی موصل دەروازەی شاریان لە ابن مسیب کردەوە وەلە پشتەوەدە لە تیان دایە لشکری کورد . لەم بینەدا بازگلاو لە ۲ جمادی الثانی ۳۸۰ ی ھجری دا وفاتی کرد (۱) ، ولشکرەکەش

---

(۱) « الکامل » و « کتاب تجارب الامم . ذیل » ئەم آخر شرە بەنوعیکیتر بیان ئەکەن :

کورانی حمدانی ، موصلیان دەس کەوتبو . شاە باز ویستی لەفرصت آستفادەبکا وموصل بینیتەوە لذکرویکی زوری کوکردەوە وکوردی « باشناوی » ش یاریدەیاردا . حتی شاعری مروانی « حسینی باشناوی » لەو بارەیدا گوتویەتی :

الباشنویه انصاراً لدولتکم ولیس فی ذا خفا فی العجم والعرب

انصار باز یارجیش وشیعته بظاهر الموصل الحدباء فی العطب

شاە باز بەلشکرەوە لەشرقەوەدروی کردە موصل . کورانی حمدانی واین مسیبیشی بە شبکی بە تاو شارا رویان کردە باز ولەشط بەرنیەوە بەشیکیش ۲۰۰۰ سواری عقیل لەشمالی موصلەوە لادجلە بەرنیەوە وروبان کردە لشکری باز ، ابو شجاع کەئەم=

بی صاحب مایەوە وشکا وگەرانەوە دیار بکر .

٢ — حکومتی مروانی

ابو علی حسن کوڕی مروان کوردی[1] دوستك) ه [وفیات الاعیان . جلد - ٢] لەدوای ئەمە کە لە شری (موصل) دا لە ملك شجاعی مامی جو بووە ولە گەل بقی لشکر گەرایەوە وخبری لەناو چونی خالی بیست خوی گەیاندە قلای (حصن کیف)، کە موقعیکی زور محکم ولەقەراغ آوی دجلەبو ، ژنە دیلی یەکی مامی لەم ئەلایەدا بو خبری بو نارد کەمامی بعض راسپیری کردوە وئەیەوی پی بلی . آموژنی بروای کرد وقاپی

=خبرەی یەت بواصلاحی وضعیتی جریبەی خوی ویستی زیك شاخ یەکوتیەوە بەلام لەم وقتە تنگەدا کودین وضعیت اردوی شامزاند ولەو وقتەدا شاە باز ویستی بەبی دابەزین اسپەکەی بکوری قاجیکی لەآوزەنگی هینایە دەوە وخستیە آوزەنگی ولاخەکای تر نەو وقتەدا کەوتە خوارە وکەلی جیگەی شکا . ا و علی خوشکەزای هاتەلای وپی کوت سوارببە تابگەینە لشکر ؛ باز ، کوتی ایوە بروان واز لەمن بنین من نەواوبوم ، ابو علی ناعلاج بەجی هیشت ولەگەل پنج صد سواریکدا روي کردە جیاودەرجو . لەدوای لەمانەیەکی لە بنر عقیل لەناو کوزراو وبریندار دا جاوی بە ملك شجاع کەوت وناسیەوە هیشتا وقتی نەکرد بو تەوە انصافەسری بری سرەکەی برد بو کوري حمدان ولەدوایدا میتە کەشی نشان دان دست و ناجەکانیان بری وناردیان بو بغدا و اق بدنیان لە باب الامارەي موصل دا هەواسی . ئەم ظلم ووحشتە خەلکي موصلی عاجزکرد وهەواریان کردە ذاتیکیوا مجاهد لایق ئەم معاملەیەتیە ، جسدەکیان داگرت وبەمراسمیکي باش ناشتیان . ئەمە دلیلی محبتی خەلك بو درحق بەشاە باز .

قەلاکەیان لی کردەوە وچرە لای وعاقبتی مامی بو گیرایەوە وتسکایی لی کرد کەشوی پی بکا آموژنی قبولی کرد وبەم تەرحە ئەم قەلا محکەی بە سوکی هینایە ژیر حکمی خوی (١) لەدوایدا لشکری بلاوەی مامیش بارە بارە کو کردەوە ومملکتی دوشنیکی ورده ورده بو خوی صاغ کردەوە ورؤسا وامرای کوردستان بەبی شر وحسادت اطاعتیان کرد وقوت ونفوذی روژ بە روژ رولە بەرزی بو .

کورانی حمدانی ابو طاهر وابو عبدالله لە دوای غلبەی موصل وبستیان باقی ولاتەکی (دوشنکی) ش زەوت بکەن . بەم فکرە لشکریکیان کو کردەوە وسری (شاه باز) یشیان لە گەل خویان برد ورویان کردە دیار بکر . وایان ئەزانی کە مملکتە کە بیصاحبە وزو بویان زەرت ئە کری ، بلام ئەم حسابەیان بە غلط دەرچو چونکە ملك ابو علی ، جگەی خوی باش قایم کرد بو وپەشیوی لەناو دانە هیشتبو لشکریکی بەقوت ومنتظمی پیکەوە نابو . لەلایە کیتریشەوەظلم وخراپی حمدانیەکان در حق بەمسکین ئەو ناوە ومعاملەی پیشرعیان خەلکی سلەماند بووە وزیاتر ایش ملك ابو علی سوك کردبو .

نهایت ابو علی بە خویو لشکری بەوەیوی کردە لشکری حمدانی وشریکی قورسیان لە بینا قەرما وکوشتاریکی زەبری لەبەرەی حمدانی کرد وزو خراپ شکاندنی وابو عبد الله ی حمدانیشی اسیر کرد . لە دوای

---

(١) مقصدي ابو علی ئەمە بوکە میدانی بەشوکەت وتیك جونی مملکتە کەرنەدا .

ئەم‌ظەرە ابو علی درەق بە ا و عبد الله گەلی لەقی نواند وهیچ خرابەی درەق نە کرد وبەرە للای کرد . ابو عبد الله چوەلای ابو طاهری برای کەلە ووقتە دا لە گەل محاصرەی (دیار بکر) مشغول بو (۱) ونصیحتی کرد کەلە گەڵ کوری مرواندا ریك کەوی چونکە زحمت بو دەرە قەتی بین . بەلام ابو طاهر کوی نەدایە قصای براکەی ولاشر دا دوای کرد ولە عربی بنو عقیل ونمیر توتیکی زوری پیکەوەنا ، ابو عبدالله‌ی براشی ناچار ما ویارمەیەتی دا .

ابو علی بە لشکریکی باشەوە لە ۱۱ صفر ۳۸۱ دا رێی تی کردن(۲) ودو لشکر بەرە نگاری یەك بون وشریکی گەورە وبە شدتیان کرد بەرەی حمدانی ئەم جارەش خراپ شکان وپریشان بون . ابو عبد الله ئەم جاردش بە یە خسیر گیرا ، بەلام حرمت وعزتی جاری پیشوی نەدی وجزای سپلەیی‌خوی کیشاو فریدرایە حبسخانەی‌دیار بکر وتوشی معاملە یەکی بەشدت بو ولایقی ئەم معاملەیە بو چونکە شرطی پیاوەتی نەبو کە بەرامبەر بە عنو ومعاملەی‌باشی ابو علی دفعەیە کیتر شیرلی‌رویداهەلکیشی

---

(۱) بە کورەی سید حسین مکریانی . ئەبی ابو عبد الله کەرایتەوە موصل وابو طاهری برای لەوی دیی . بەلام ئەم ادعایە خلاق روایتی « الکامل » و « کتاب تجارب الامم » .

(۲) سید حسین(بیشەوتن « نشریات-٦ » دا ئەلی ، ابوعلی لە دیار بکر بو ولەوی‌وە بەلشکرەوە روی کرد موصل ولە نزیك « زەنکار » توشیان بو .

لەدوا بیدا ملا کی مصر ، کەوتە بینەوە.وچەند ملایەکی بادیاری یەوە ناردە لای ملك ابو علی وتکای بەردانی ابو عبد الله ی لی کرد . ابو علی نەی ویست تکای پادشای مصر بشکینی وبە شرطی ئەمە اینر لە خاك کوردستان وعراقدا نەمینی آزادی کرد ولە گەل ملا کانی مصر دا ناردی بو حلب .

بینەوەسر ابو طاهری حمدانی ، نەویش لەدوای شکان وپریشانی رای کردە (نصیبین) ، ولەوی دوستی قدیمی(محمدی کوری مسیب) ی امیری بنو عقیل ، بیدە سەلانی وبی هیزی ابو طاهری بە فرصت زانی خوبو علی کوری و (مزعفر) ی امیری (بنی نمیر) ی یعنی متفق پیشوی گرت وهەموبانی کوشت ، ولە دوا بیدا چوە سر (موصل) وئە ویشی داگیر کرد (١) ، وبو سلطانی بغدا کە بهاء الدولەبو ، نوسی وطلبی تعیین خاکمیکی بو (موصل) لی کرد ولە بغداوە (مظفر ابوالحسن

---

(١) هەرئەم محررە ئەلی ، لەدوای ئەم شرە ابو علی لەهەشتی ربیع الاولدا داخلی موصل بو ولنبی پادشاهی‌ی دابە خوی وسکەی لی‌دا .

لە مانگی جمادی الاولدا بیستی کەابو الذاود محمدی کوری مسیب.جوئەسر نصیبین، دەسی‌بەجی لشکریکی ناردە سو ، وزور خراب شکاندیان وگوشتکاریکی زوریان لە بنو عقیل کرد .

لەپاش ئەم شرە پادشای مروانی ایشوکاری موصلی پاش ریك خست وبە کی‌لە سردارانی خوی ڤاوی(ابو شیری کوری هورمز)بو ، کردبەحاکمی‌موصل‌رکەوایەوە دبار بکر .

عبد الله) ناویـکی بونیررا وئەم حا کەبە غیری کوکەدنە وەی واردات هیچی بە دستەوە نەبوباق امرونهي لەدەس(محمدی کوری مسیب) دابو .

ملك ابو علی ، بەروخوشی وعادلی شزرەتی سەند ورعیتی زور خوش ئە ویست ، تەیناخە لـکی (میافارقین) بعض بی اطاعتی ومقابلەی مأمورانی ملك ابو علی یان کرد ، ملك روژی جاژن چوەسریان هەو لەدەری شاردارلە جیکەبە کدا کە مصلایان پی ئە کوت کوبو بونەوە لەپاشدا ملك دەرکی شاری لی گرتن ودەم راستی شارە کە (ابا الصقر) ی گرت ولە دیواری قە لاوە فریدایە خوارەوە ودەست وپی وە ندە کەشی گرت وحبسی کرد وخەلـکی شارە کەشی دەرکرد [الـکامل . جزؤ - ٩].

انسیقلوپە دیای اسلام [جـلد - ٢] ئەلی ، ملك ابو علی حـکم ونفوذی خوی گە یاندە خیلات ، ملازگرد ، ارجیش وتاولاتانی شمال شرقی (گومی وان) . لەجهت روژآواوە ، بیزیك تا . اورفە) ش هات وتاملە تیك ئەم شارەشی لاژیر حـکمدابو وئەم شاردی لە ٣٨١ ی هجریدا ولە سفری سوریە یداله ایمپراطوری روم (باسیلی دوەم) زەوت کرد .

ملك ابو علی حسن ، لە ٣٨٧ ی هجریدا (١) ەکچی سعد الدولەی

---

(١) ئەم بحثە لا طرف ابن اثیرەوە لەبین وقایعی ٣٨٠ ھ دالشان دراوە والحال انسیقلوپە دیای اسلام سالی وفاتی ابو علی بە ٣٨٧ دانەنی .

کوری سیف الدوله‌ی حمدانی‌یی حاکمی جابی ماره کرد وناوی ئەم کچه (ست الناس) بو وله حلبه وەبه بوکی بوی نیردرا ویستی شاری له دیار بکر داو بکا . گه وره‌ی اهالی‌ی دیار بکر که (عبد البر) ناویك بو ، ترسا که ملکی مروانی ئەوی به خەلکی (میافارقین)ی کردبو بەوانیشی بکا ، بەم فکره سۆ قصدیکیان بو ترتیب کرد وکەهاته ناوشاره‌وه لەطرف (ابن دەمنه) ناو شربریکەوه کوژرا (۱) ، وله دوایدا خەلك وکولاوا زویان کرده (میافارقین) وبعض له مشوقین چاویان له مقامی ملکی بو . بەلام محافظی قەلا لەفکریان گەیشت وپی‌ی کوتن ئه کەر ملك صاغه له گەلی دینه ژیره‌وه وئه کەر له ناوچوه لەهه موکەس لا یقتر بوجی‌ئی ئەو عمد الدوله ابو منصوری برایەتی وئەوه‌نده‌ی پی‌نه چو عمد الدوله له که یشته ئەوی وله جیگه‌ی ابو علی بوبه پادشا (۲) .

---

(۱) به کوره‌ی « الکامل » ، عبد البر ، له‌دوای ئەم جنایته کجکه‌ی خوی‌دابه (ابن‌دەمنه) وئەم زاوا قاتل وبد اصله له‌دوای چەند روزیك، خەزوری نامبارکیشی، که که وتبوه سودای حکمداری ، کوشت وبینیك شاری دیار بکری کرته دەس خوی وقصریکی بوخوی دورست کرد وله کەل عمد الدوله وحکوماتی دراوسیه‌دا باش‌رای بوارد وتا زمانی نصر الدولة ما .

(۲) سید حسینی مکریانی ، دوای سلطنتی ابوعلی به نو عیکیتر باس‌ئەکاوئەلی: « علی شاه ، له طرف خلیفه‌ی عباسی به وه عنوانی (فخر الدوله) ی دزایەوتاسالی ۳۹٤ ی هجری له کەل کورانی بویهی دازیك بوخطبه‌ی به ناوی خلیفه‌ی عباسی (القادر بالله) ەوه له خویندەوه .

له سالی ٤۰۳ ی هجریدا له کەل شرف الدوله‌ی ویهی جونه سر عرش بو اسد=

ابو سعید منصور مهد الدولة :

ابو منصور.لەدوای وفاتی (شاه باز) گه رایەوه (میافارقین)وتاوفاتی (ابو علی) حاکمیئه وماوەبو.لەدوای حادثەی وفاتی ابو علی لە(میافارقین) داهاته ئەم قەلایه وبوبه پادشای مملکتی مروانی وبه کورەی تاریخی (ابو الفدا.) تاتاریخی ٤٠٢ ی هجری حکومتی کردوه .

درحق به حادثاتی زمانی ئەم حکمداره معلومات زورکەمه . ئەبنالە (الکامل) داباس آخر سالی وله ناوچونی بەم ئەرحه کراوه :

ابو منصور مهـد الدوله سـکەی هەبو وبه ناوی خویەوه خطبەئه خوئیرایەوه . (شروه) کوری مامەناو دوستیکی بو وحاکمی ولانه کەبو ، غلامیکی بوکه مدیری پولیس بو ، مهد الدوله خەزی لەچارەی نەئه کرد وئەی ویست بی کوژی بەلام لەبەر خاطری آغاکەی وازی لی هینابو . غلامەکه لەفرتی ابو منصور آ کادار بو وورده وردە بینی آغا وملکی تیکدا . (شروه) ، لەقەلای (هتاخ) دا ضیافتیکی بو ابو منصور کرد . ئەم قەلایه ملکی (شروه) بو . که ابو منصور هاته ئەوی به کورەی

=وفرواش ، شەوی جەمه ١١ صفر فخر الدوله ي ملکی دیار بکر لەناوخیو تیدا کوزرا وکسی نه یزانی قاتلەکەی کی بەلەسرئەم حادثەبەلشکری کورد گەرایەوه وموصلیش جول کرد وهاتەوه دیار بکر .

(سید حسین ، جەلەم تاریخانه داوجەله اخلاق ابو علی داخلاق الکامل والسیاوبەدی باسی کردوه) .

راسپیری‌ی (شروه) ، لەطرف محافظانی کورجی‌یەوە هجومی کرایە سر وکوشیتان [٤٠٢ هجری] . لەپاش ئەمە (شروه) لەمال هاتەدە رەوە وآموزای عمد الدولە شی گرت وزنجیری کردەپی وکوتی ئەمە بەامری عمد الدولەیە لەدوایدا روی کرە (میافارقین) وبە چراغان واصول ملکی کەیشتە بردەمی ئەلا کە محافظە کان وایان زانی کەبە راستی ملك هاتوە دەس بەجی قاپی بان بو کردەوە وئەلا کەی گرت وبوقوماندا نانی قەلا کا نیتریشی نوسی وبو اطاعتی دعوتی کردن وپیاویکیشی نارد بوقەلای (ارزن) ، کەخواجە ابو القاسمی محافظی بانك‌بکا . ابو القاسم قەلاکەی تسلیمی ئو پیاوە نە کرد وهات بومیافارقین ، لە یزەی‌ری خبری کوژرانی عمد الدولەی بیست وگەرایەوە (ارزن) وزو خبری‌بو حاکمی (سمرد) ابو نصری [1] بۆی عمد الدولە نارد ، ابو نصر.لەطرف عمد الدولەی برایەوە بە مخصوص دور خرابوە ودچونکەحەزی لەچارەی نەئە کرد ولە کلی زور خراپ‌بو [2] .

---

(١) سید حسن، عکس ابن ایکد ، ئەلی : لە وقتی وفاتی ابو علی دا ؛ نصرالدولە اخذ لە دیار بکر وولی عهد بو » نشریات — ٦ الکامل » . پاس عمد الدولە ناکا.

(٢) سببی ئەم ناخوشی ی‌ین دوبرایە ، بەکورەی « الکامل : جزؤ — ٩ لاپەرە — ٣٠ » خە ویکی عمد الدولە بوە : لەخەودا دیویەتی کەروز کەتوتە باوەشی وابو نصری برای هەلی لوتاوتەسری ولی‌ی سەندوە .

ملك عادل ناصر الدوله احمد:

ئەم ذانەلە ٤٠٢ ھجریيە وەتا ٤٥٣ حکومتی کردوە ولەھەمو خصوصیکەوە ھەرە گەورە وبەناوبانگترینی ملوکی مروانیيە وبە(عادل) شورەتی سەندوە .

ابن اثیر ئەلی : کە خواجە ابو القاسمی حاکمی(ارزن) ناردیەشوبنی کاتبە کەی لیی پرسی (لەعودەی ئەم ایشە دیی یان‌نا ، امیر احمد کوتی‌بلی) . لەلایە کیتریشەوە (شروە)ی سپلە قوتیکی ناردبوە سری بەلام لە پیش گەیشتنی ئەم قوتەبە (سەرد) ، امیر احمد کە وتوویەتی‌کە وچوبو بو (ارزن) . شروە زانیی کەایش خراپە .

لەم بینەدا باوکی عمید الدوله مروان ، خوبو ژنە کەی‌لە (ارزن) ولە نزیك ئەری (ابو علی) بون خواجە ابو القاسم ، ابا نصر احمدی بردە لای باوکی وتکایی کردکە سوبند بخوا کە بە عدالت حکومت ئە کا قاضی ی (ارزن) وچەند شاھدیکیش حاضر بون ، لەپاش‌ئەم قول وبریدە کلیلی قەلای (ارزن) ی دایە وولاتا نیتری مروانیش یەك لە دوای یەك کەوتنە دەستی [الکامل ، جزء — ٩] .

ملك نصر (ناصر الدوله) ، لەدوای ئەمە کەلە حدودی خوبدا ایش وکاری مملکتی بەتەوای ریك خست وعدالت ورفاھیکی زوریاشی لەھەموخاکی مروانیدا دامەزراندا ، لە سالی ٤١٠ ھجریدا بواستامبول ومصر

وبندا سفیری نارد و (میر سلیمان) ی کوری کردبه ولیعهدی خوی‌وله سر جزیره وبوتانی دانا خوشی (میافارقین) ی کردبه پایتخت به‌لام گه‌لی جارئه چوه دیار بکر ونزیك ماڵگیك نیادا، نیشت وجارجار سری (وان) و (ارجیش) وشارانیتریش ؛ دا .

خلیفه‌ی عباسی (القادر بالله) له سالی ٤٠٨ دالقبی (ناصر الدوله) ی‌دایه .

له سالی ٤١٥ ی هجریدا به سبب دخالتی (ابو القاسم مغربی) به‌ملك ناصر الدوله ، له گه‌ل خلیفه دابینی تیك چو . بلام له‌دوای وفاتی ئه‌م (ابو القاسم)ه ، [٤١٨ ه] له‌میافارقین دا دیسانه‌وه ریك که وتنه‌وه [الکامل] .

له‌سا ٤١٦ داشاری (رها) ی زه‌وت کرد. ئه‌م شاره بدهستی شیخیکی (بنی نمیر) هوه‌بو وله‌شاردا وکیلیکی عادلی بو هه‌رچونی و شیخ بهانه ی‌پی گرت و کوشتی له سرئه‌مه خه‌لکی شاره‌که لی‌ی بیزاربون وبدزی یه وه‌خبریان ناردبو نصر الدوله ، وئه‌ویش وکیلی دیار بکری‌که ناوی (زنك) بو ناردی بو (رها) وگرتی له‌دوایدا شیخی نمیر ، به‌واسطه‌ی (صالحی کوری مرداس) هوه تکای له ناصر الدوله کرد ونیوه‌ی(رها) ی‌دایه‌وه له‌دوای ئه‌مه‌ئه‌وشیحه که‌ناوی(عطیرا) بو ، بوچاوپی که‌وتنی ملك ناصر الدوله چوه (میافارقین) . وزرای ناصر الدوله نصیحه‌تی کرد که ئه‌م شیخه بکوژی به‌لام ملك قبولی نه کرد ، له‌دوایی دا (عطیرا)

چوه (رها) وو کیلی تیادانا وکیله کەی ملك ناصر روژی ضیافتی بو کرد وله گه رانەوه داکوری وکیله کەی پیشوی که کوشتبوی ، هەلی کوتایه سری وکوشتی . عشیرتی نمیر بوسه ندنی ئەم خوینه هەل سان و (زنك) ی وکیلی ناصر الدوله چوه سریان وله شرد اکوژرا [٤١٨هـ] وقه لای (رها) بەم تەرحه لەدەس چوولە سرتکای (صالح بن مرداس) ناصر الدوله وازی لەم شاره هینا (١) .

له ٤١٩ دا (بدران کوری مقلد) ی عقیلی ، بەلشکری عربه وەچوه سر نصیبین . ئەوقوتی محافظه یه کەله طرف ناصر الدوله وه تیدانزا ابو مقابلەیان کرد بەلام شکان ناصر الدوله لشکریکی تری نارد به امدادەوه و (بدران) ئەم لشکرەشی شکاند ملك ناصر الدوله زوری پی ناخوش بو سیەم جارسیه هەزار سوراتیری ناردە نصیبین وئەم قوتە له گەل محافظی قەلا که یه کیان گرت و (بدران) یان شکاند ودوایان کەوتن . ظاهروایه کەله وقتیکا کەئەم لشکره شغولی تالان ئەبی (بدران) ئەگه ریتەوه سریان وزور خراپ ئەیان شکینی وتانصیبین لە کولیان نایتەوه . ئەدواییدا خبری هاتنه وەی (قرواش) ی برای بو موصل بیستەوه وچونکه بینیان خراپ بوله ترسانا دورکه وتەوه [الکامل] .

ئەم (بدران) ه ، لەدوای بینینك که گەل (قرواش) ی برای که

---

(١) السیقاویه دنیای اسلام ، به عکس « الکامل » ئەلی ناصر الدوله ئەم شاری « رها = اورفه » یه‌ی له یزانس زەوت کردوه

حاکمی (موصل) بوآشت بوەوە . ذانا لەو وەقتە دابین ناصر الدولە و(قرواش) تیك جوبو ، سەبەبشی ئەمە بو کە ناصر الدولە لە گەل کچی (قرواش) داکە ژنی بو ریك نە کەوت ولە سر طلبی باوکی کچە کەی ناردوە موصل . قرواش داوای مارەبی کچە کەی کردکە ٢٠٠ ر دینار بو ، و (نصیبین) پشی بو (بدران) ی برای و (وجزیرە) شی بو نفقە ی کچە کەی لەناصر الدولە طلب کرد ناصر الدولە کوی نەدایەوە لەسر ئەمە (قرواش) ، لشکریکی بو (جزیرە) ویکیکتریش لە قوماندای (بدران) ی برایا نارده سر (نصیبین)وخوشی لەدوا بیدا لەگەل (بدران) یکدگیربو و (ونصیبین) یان محاصرە کرد . بەلام بەبی گرتنی ئەم دوشارە لشکرە کەی بلاوەی کرد (بدران) کەئەمە حالەی دی چوە (میافارقین) ورجای لە ناصر الدولە کرد کە (نصیبین) ی بدانی واقعا ناصر الدولە ئەم شارەی پی بخشی وپانزە هەزار دیناریشی بومارەبی ی کچە کەی نارد بو (قرواش) ، وئەم دعوایە برایەوە .

لەسالی ٤٢٢ داهشاری (رها) بەدەس (ابن عطیر) و (ابن شبل) دوەبو . (ابن عطیر) بەشە کەی خوی فروشت بە ملکی روم ، وبەم ئەرحە لشکری روم هاتە شارە کەوە هەمویان داگیر کرد وزوریان لە مسلمانان کوشت . ناصر الدولە کەئەمەی بیست لشکریکی نارده سر (رها) ، لەدوای محاصرە وشکانی لشکری روم ، شارە کەی زەوت کرد . لەپاشدا لشکریکی تری روم هاتبە امدادەوە وشارە کەیان

سەنگەوە .

لە سالی ٤٠٦ ی هجریدا ، (ابن وثاب) ی نمیری قوتیکی زوری عرب وروی (رها) ی کوکردەوە وروی کردە مملکتی مروانی ، ناصر الدولە لشکری کوکردەوە ولە اطرافیشەوە امدادی بوهات ، (ابن وثاب) کەئەم حالەی چاوپی کەوت لەترسانا گەرایەوە ناصر الدولە کاغذیکی بوملکی روم نوسی وبە سببی رعایت نەکردنی بە معاهدەی صلح عنایی لی کرد وبە محاصرەی (رها) تهدیدی کرد بەلام ملکی روم خوی بی خبر نواند وبعض دیاری بوناصر الدولە نارد وغدر خواهی کرد وملکیش وازی هینا .

لە ٤٢٧ دا قوتیکی لەگەل (ابن وثاب) دا ناردە سر (سویداء) وزەوتیان کرد . لە دوایدا ئەم لشکرە هاتە سر (رها) واویشی محاصرە کرد . امدادی ملکی روم پیا گەیشت بەلام خراپ شکاو نهایت شارەکەش کەوتە دەس (ابن وثاب) وقوماندانی مروانی .

لە سالی ٤٣٢ ی هجریدا ، قومی (غز = غز) ، کەچە ندسالیك ایرانی مرکزی وآذربایجانیان بەقتل وتالان ویران کردبو ، رویان کردە کوردستان عشایری (هازبنی) زور بەشدت متابلەیان کرد بەلام فائدەی نەبو بەشیکی کە لە (وورمی = اورمیە) بون ، رویان کردبوە ولاتی حکاری ولەگەل کوردی ئەوناوە کەوتنە شریکی فورسەوە ظلم ووحشتی ئەم قومی غزەحتی آفرەت ومندالیشی نەباراست ، کوردە کان خویان کیشابوە شاخوچیاوە .

دربند وریگه‌یان له‌غزبه‌ر به‌ست کردبو نهایت شکاندیان وهه‌زار وپینصد کسیکیان لی کوشتن . وزوریان لی‌به دیل کرتن وله ناو ئه‌م دیلانه‌دا حه‌وت امیری غه‌ز وصدکه سیك له رؤسایان هه‌بو هه‌موچك وسلاحیان وولاخیان‌وئه‌و تالانه‌ی که‌پی یان‌بوده‌س کورد که‌وت‌وباقیشی له‌نا وشاخ وداخانا بلا وبونه وه وته فروتونابون .

له عین سالدا (ابراهیم نیال)ی برای سلطان طغرل چوبو بو‌ره‌ی) غه‌زی ئه‌وناوه له‌ترسی ئه‌و ولاتی (ره‌ی) و (جبل) یان به‌جی‌هیشت وله سالی ٤٣٣ دا رویان کرده دیار بکر وموصل ، وبه ریگه‌ی زوزه‌سه ختدا وبه سر (زوران) داهاتنه سر (جزیره‌ی ابن عمر) .

به‌ره‌ی غه‌زی (بوقا) و (ناصه‌لی) وچه‌ند ئیسکی تر رویان کرده دیار بکر و (بازبدا) و (حسینیه) و (پیش خابور) یان تالان وویران کرد . به‌ره‌ی غه‌زی (منصور بن غزغلی) . له‌طرف شرق (جزیره) بو‌ه (ابو الحرب امیر سلیمان)ی کوری ناصر الدوله کاغذی‌بو نوسی‌وتکلیفی آشتی‌ی لی کردوپی‌ی گوت تابهار لیره‌ئه‌مینیوه‌وه‌وله دوابیدا چی‌بوطرف شام (١) . منصور راضی بو ، له دوابیدا ابو الحرب ضیافتیکی بو کرد وکه‌هاته (جزیره) گرتی وحه‌بسی کرد وله‌سر ئه‌مه لشکره که‌ی بلاوه‌ی کرد ، (قرواش)ی حاکمی موصل وناصر الدوله لشکریان لی کرت

---

(١) سید حسین عکریانی له‌م باسه یه‌ته وحه‌یکه‌تو نه‌کیشاوه ووه‌کو روایتی ابن اثیر یه‌ته .

وله‌گه لیان که‌وتنه شر ، غه‌زه کان هه‌مو تالانه که‌یان به‌جی هیشت وزوریان لی کوژرا ، بعضی لهم غه‌زانه بوتالان چوبونه طرغی نصیبین وسنجار که‌گه رانه‌وه جزیره یان محاصره کرد ، وله پاشدا رویان کرده دیار بکر ، تالان وویرانیان کرد ، ناصر الدوله منصوری که‌وره‌ی غه‌زی له ابو الحربی کوری سه‌ند وبه شرطی چول کردنی ولاتی مروانی بری‌دا وبعضی مالیشی دایه . به‌لام ئه‌م قومه سپله‌یون به‌راهه‌ر به‌م شرطه ش‌له خرابه کردن وازیان نه‌هینا ، ودوری سنجار ونصیبین وخابوریان صاف‌له صاف تالان کرد وقولیکیشیان چوه سر موصل وگرتی .

ناصر الدوله ملك احمد کاغذیکی بوسلطان طغرل نوسی وشکاتی له وحشت وشناعتی غه‌ز کرد .

له سالی ٤٢٩ دا ، (اصغری تغلبی) پ‌یابوو له‌دوری (رأس العین) الشکریکی زوری کوکردبوه وه واطرافی مملکتی روی تالان ئه‌کرد . ناصر الدوله کرتی وحبسی کرد [الکامل] .

له سالی ٤٤٠ دا ، بنی کوردانی (هه‌مودی=حمیدی) و(هه‌زبه‌نی) تیك چو . به‌کوره‌ی [الکامل] سببی ئه‌م تیك چونه (١) ئه‌مه‌بو ، که‌له

---

(١) صاحبی یشکه وتن « لشریات — ٦ » ئه‌لی : سببی تیك چونی ئه‌م دوعشیرته (قرواش) بو : ناصر الدوله امری به ابو الحسن عیسکانی حاکمی « عقر » کرد که بچیته سر موصل . قرواش که‌روانی‌ی ناتوانی بارا هیزی بویستی به‌دزی یه‌وه یاوری‌کرده لای « امیر حسنی‌موشك»هه‌زبانی که صاحبی قه‌لای هه‌ولیربو ودی‌کوت=

نزیك موصل كوردی، هەسودی)چەند قەلایەكی وەك(عقر = ئەكری)
یان هەبو وحاكە كەشیان ابوالحسن كوری عیسكانی هەسودی بو گەورەی
عشیرتی (هەزبەنی) ، (ابو الحسن كوری موسك) صاحبی (هەولیر)
واطراف بو . ئەم حاكمی هەرێمە برایەكی بو ناوی ابو علی بو . امیر ابو
الحسن عیسكان ، یارمەیەتی داكە هەولیر بگری ، واقعا زەوتی كرد
وابو الحسن براشی گرت . (قرواش) ی حاكمی موصل داوای یارمەیەتی لە ابو الحسن عیسكان وابو علی ی هەزبەنی كرد تابچیتە سر ناصر
الدولە ملك احمدی مروانی . واقعا ابو الحسن عیسكان بالذات خوی چو
وامیرا ابو علی ی (هەزبەنی) زن براكەی نارد . بەلام لەو وقتە دابینی
ناصر الدولە وقرواش جاكبوەوە . [الكامل . جلد ٩] .

لە سالی ٤٤١ دا ، بینی معتمد الدولە قرواش وبراكەی زعیم الدولە ابو كامل تێك چو ؛ پرازای (قریش بن بدران بن مقلد) ، بە اشارتی قرواش چوبە كڕا ابو كاملدا وغلبەی سەند ابو كامل پەنای بردە (ابو الحرب امیر سلیمان) . ناصر الدولە بوحق سەندن لە قرواش امری بە

= ئەگەر لەگەل امیر عیسكان بكا « جزیرە » و « زاخو » شی پەدانی و بەم قیلە
تەم دوامیری كوردەی ، كردبە كزبە كا . ناصرالدولە كومەكی بو امیر عیسكان نارد
« قرواش » پش یارمەیەتی « امیر حسن »ی دا . بەم جۆرە دابو كە عشایری عرب
لە قرواش عاجز بون ولەهەولایەكەوە كەوتنە سركیشی وعصیان.

ملك عزیزی بویهی ، كاكە دەسی ملك « ابی كالیجار » هەلاتبو ، پەنای بردە
ناصر الدولە مروانی .

ابو الحرب دا وکاغذیشی بو امیر ابو الحسن عیسکان نوسی . لشکری هەردولا کوبوەوە ورویان کردە موصل لەنزیك ئەم شارە توشی لشکری قرواش بون وشریکی قورسیان لە بنیاقە وما ولشکری قرواش خراپ شکاو خوشی کەوتە دەس ابو الحرب . امیر سلیمان(قرواش) ی تسلیمی زعیم الدولە ی برای کرد . زعیم الدولە لەترسی قوت پە یاکردنی کورد ولەدەس چونی موصل (قرواش) ی پارە للاکرد ونارد یەوە موصل . ابو الحرب امیر سلیمان لەمە عاجز بو وگەرایەوە ولاتی خوی (١) .

لە سالی ٤٤١ دا ، سلطان طغرل خبری بوناصر الدولە نارد وتکلیفی لی کرد کەلە خطبە داناوی بهینری ، ملك ئەم تکلیەی قبول کرد .

---

(١) الکامل بەعکس سید حسین ئەم بحثەي بەوعیکی تریان کردوە وخلاصە ئەلی : یانی « قرواش » و « ابو کامل » ي براي تیك جو وهەردو لا لشکریان لەیەك کرد . ئەوبینە دا سلیمانی کوري ناصر الدولە وابو الحسن عیسکانی حیدی وبەعض عشایری کوردیتر بشی هاتنەسر « معتایا » وشارەکەیان ویران کرد لە دوایدا جونەسر « المغیثە » ، « ابو کامل » پش بەخویو لشکری عرب و « ابن مسیب » موە هاتنە « مرج ابنیثا » ولە یانی دولشکردا دوروز شر دوای کرد . لە دوایدا سلیمان وامراي کرد بەخویانو لشکریانەوە وبە شیکی لشکري عرب « قرواش » پش جونە لاي « ابو کامل » ویەم تەرحە قوتی « قرواش » ضعیفیو بەلام امرای عرب بعضی تکلیفی قورسیان لە ابو کامل کرد کەنەي ئەتوانی بەجیی یانی ولەترسی ئەوە کە لشکري عرب بەم بهانە لی جویتەوە وبجیتەلاي « قرواش » ، خوی‌هە لساوجوە لای واستفهاي تصوري کرد بەم تەرحە دوبرا ري‌ئ وتونەوە « جزو — ٩ لاپرە — ٢٣٠ » .

لەعین سالدا ، ملـکی روم رجای لە ناصر الدولە کرد کەلای سلطان طغرل توسط بکابو بە ردانی (ملك ایخار) ، ناصر الدولە شیخ الاسلام ابو عبد الله کوری مروانی نارده لای سلطان طغرل وئەم رجایە ی لی کرد . سلطان طغرل لەبەر خاطری ناصر الدولە بەبی فدیە ئەو ملـکەی یەرە اللاکرد وئەمەش بوە سبی زیادی اعتباری ملك ناصر الدولە وهدیە یەکی زوری بوهات ولەبەر خاطری ئەوە مزکەوتی استامولیش تعمیر کرایەوە .

لە سالی ٤٤٦ ی هجریدا ، سلطان طغرل لە اذربایجانەوە روی کردیوە (ملازگرد) ، [بئەدەس روم ەوە بو] ومحاصرە ی کرد . ناصر الدولە بەم مناسبتە وە بعض هەیەی لە گەل لشکر بکدا بونارد (١) [الـکامل]

ابو الحرب امیر سلیمان ، لەطرف باوکی بەوە حاکمی ولاتی (جزیرە) بو بەآزانی وزە بروزەنکی شورەتی سەندبو وپی یان ئەگوت (ابو الحرب) هەرچونی بو لە گەل (امیر موسکی کوری محل) دا لە گەورەی عشیرەتی (بختی = بختیە) وصاحبی بعضی قەلای شرقی جزیرەبو ، بینی تیك چو ورقی لی هەلـکرت وبە ظاهری مخابرەی لە گەل کرد وآشتی کردەوە

---

(١) سید حسین ، لەرسالە کەیدا ئەلی ملك عزیزی بویهی کەخوی خستبوە بەنای ناصر الدولەوە ، لە « میافارقین » دا قصریکی درایە وحرمت وغریبکی زوری کرا لەدوای ماوەیەك پارچە یا وتیکی زور نایابی هەبو مقابل بە صدهە زاردینار فروشتی بەملك ناصر الدولە وملکیش بە دیاری ناردی بو سلطان طغرل « نشریات — ٦ » .

وویستی که کچی (ابو طاهر) یی (بەشنەوی = بشنوی) ی صاحبی (منیك) ی‌لی ماره کا ئەم (ابو طاهر) ەخوشکه زای ملك ناصر الدوله بو ونەی ویست دلی (امیر ابو الحرب) ی خالوزای بشکێنی وراضی بو کچه‌کەی دایه‌وبوی نارد . بەم تەرحه (امیر موسك) له امیر ابو الحرب امین بوەوه وچوەلای بەلام امیر سلیمان ترتی وچیسی کرد ، ئەم خبره لەوقتی غزای روم دا که یشته سلطان طغرل وکاغذیکی بو ناصر الدوله نوسی وشفاعتی بو کرد بەلام لەم بنیه دا (امیر موسك) مرد . ابو طاهر ئەم معامله‌یەی زورپی ناخوش‌بو وخبری بوناصر الدوله وامیر سلیمان نارد وگوتی مادام ایوه ئەتان ویست (امیر موسك) بکوژن بوچی کچه کەی منتان کرد بەواسطه ومنتان شر مساز کرد . ئەم عتابه امیر ابو الحربی خسته اندیشەوه وزهری دابه ابو طاهر وئەویشی کوشت،لەدوای ابو طاهر کوره کەی (عبید الله) هاته جیگەی وامیر سلیمان بو جلبی‌دلی مجتیکی زوری درحق نواند وبو اشتبوه وه قراریان له سر اجتماعیك دا وله بینی (فینك) وجزیره دا توشی یەك بون و (عبیدالله) . ابو سلیمانی کوشت (١) . ناصر الدوله له دوای ئەم وقوعانه (امیر نصر) ی کوری کردبه حاکمی جزیره تاحقی کاکی بسینی ولشکریکی زوریشی له گەل

---

(١) سید حسین ، « به خلاف ابن اثیر » امیر سلیمان بەخلق ملك ناصر الدوله داناه ، وله دوای باوکی ١٣ سال حکومتی بێئەکا . واخلل بەکورەی « الکامل » له پش باوکیا کوزراوه .

نارد . لەم وەختەدا حاکمی موصل (قریشی کوری بدران) بە فرستی زانی وبە لشکرەوە چۆتە سر جزیرە نازەوتی کاوەخابرەی لە گەل عشیرتی (مختیە)و (بشنویە) ش کردوتە وانیش اتفاقیان لەگەل کردوەموبان ریگە بان بە امیر نصرت کرت وشریف کی قورسیان لە بنیاقەوما وکشتاریکی زورلە هەردو لا کرا بەلام بە نتیجە امیر نصری مروانی شکاندنی وقریش بە برێدارێ گرایەوە [٤٤٧ هجری] لێکامل .

ئەم وقوعاتە ئاری سوی تدبیری ابو المرب بو وتفاقیکی خراپی خستە بینەوە .

لە ٤٥٢ ی هجریدا ، ملك نصر الدولە احمد وفاتی کرد عمری لەهەشتا بەرە وژوبو وپنجاو دوسال حکومتی کرد . خلیفەی عباسی (القادر) ەوانی (نصر الدولە) ی دابویە . ملاکتی مروانی یلەم مدتە دا روز باش محافظە واداری کرد وقدر وشرفیکی زوربە زدی بو ، بە درجە یەکی وا کە بوکەم ملك ری کەوتوە . جاریە وسازندە ونوازندە یەکی زوری بو ..ەمستفرشە ی بو . طاقی بزم وکینی لەدو صدەزار دینار قیمتی زیاتربو بوفیر بونی چیشت لێنان گەلی جیشتکە ری نادە مصر . لەحری دا گەلی کجی پادشاهان هەبو جوهریکی زوربە قیمت ، کە بە(جبل یاقوت) مشهور بو ولە ملك عزیزی (١) بویهی ی کری بولە گەل صە دهزار

ئەم ملك عزیزە کوری جلال الدولە ی کوری بهاء الدولە ی بویهی بو ولەسالی ١٠٤٣ م « ٤٣٥ هـ » دا بوەمنکی بندا بەلام لەشری ملك ابو کالیجاری بویهی=

وینارە دیاری بوسلطان طغرل ناردبو . لە جملە ی زرانی ابو القاسمی مغربی وفخر الدولە ی کوری (جهیر) بو رفاه وسعادتی مملکتی مروانی لازمانیدا زور پیشکەوت.شعرا وعلمایەکی زوری لی کوبوەوە [الکامل جزو — ١٠ ، لاپەرە — ٧] .

[تاریخ الامم الاسلامیة] ئەلی ، لەهەموو لایەکەوە عالمانی بەناوبانگ رویان کردە سرای ناصر الدولە ولە جملەی ئەم عالمانە ابوعبدالله کازرونی) بوکەمذهبی شافعی لەطرفئەوە وەلە کوردستاندا بلادوکراوەتەوە . ناصر الدولە احمد زور شعرا وعلما وحکمای خوش ئەویست واخلاقی کی زورپاک وباندی هەبو [جلد — ٣ ، لاپەرە — ٤٥٠] .

ئوزەتی (ابو نصر عادل) بو زور خدمتی مملکتە کەی کردوەهموکس خوشی ئەویست [انسیقلو پە دیای اسلام] ئەم ملکە گەورەیە بوآوەدان کردنی مملکت زور سعی کردوە ولە (میافارقین) دا زور آثاری بەجی هیشتوە . فەلاو ، خستەخانە ، حمام، مزگەوت وکتبخانەی تیدا درست کردوە ولەدری شارەوە آوی بوهیناوە باغچەیەکی عمومی (پارق) ی تیا دامرزاندبو ولە شارانیز پشدا گەلی آثاری باش باشی هیناوەتە وجود شاری (ناصریە) کەلە چوار فرسخیە کی (میافارقین) بو آری ئەم حکمدارە [انسیقلو پە دیای اسلام] .

خوی خستە زیر حمایە ناصر الدولەوە وتاوەکی لە « میارقین » دانیشت ولەوی دفن « کرا تاریخ الموصل . لاپەرە — ١٤٢ » .

قاسم [١]

لەدوای وفاتی باوکی بەیاری یەی وزیر فخر الدولە جیگەی گرتەوە ولە ٤٥٣ دەتا ٤٧٢ ی هجری حکومتی کرد. لە اولا امیر سعیدی برای لی‌ی عاصی بو وشرو دعو یەکی داخلی؛ ویابو بەلام ابو ناصر غلبەی سەند ومقامی حکمدا‌ری یەحافظە کرد ولەپاشدا (دیار بکر) ی‌دایە امیر سعید. لەسالی ٤٥٧ دا (حران) و (سویدا) ی علاوەی ملکی خوی کرد. لقبی نظام الدولەی درایە [انسیقلوپە دیای اسلام].

منصور:

کوری امیر سعید ولەدوای باوکی ومای هەمو ولاتی مروانی‌ی هینایە ژیردەسی خوی. بە روایتیك خطبەی بەناوی خوبو خلیفەی‌فاطمی مصرە وەتە خویند لەبەر ئەوە خلیفە ی‌عباسی لی‌ی عاجزبو. سو (ملکشاه) ی‌سلجوق لە سالی ٤٧٦ دا ولاتی (دیار بکر) ی‌د الدولە ی کوری جهیر یعنی کرنە وزیری ملك ناصر الدولە احمـــ ملکشاه قوتیکی دایە وبو دیار بکری نارد. ئەم فخر الدولە سپلەیە کەزۆر نان ونمکی ملوکی مروانی‌ی کردبو، روی کردە دیار بکر. منصور طایی کومەکی ادراوسیە کانی کرد بۆ فخر الدولە. لەی کوری قریش کە حاکمی موصل بوبە لشکریکەوە جوبو یارمەیانی منصوری

---

(١) «وفیات الاعیان» ابو القاسم نظام الدین نصر ئەلی «جلد — ١، لاپەرە — ٥٧».

مروانی فخر الدوله کەتم اتفاقەی دی میلی آشتی‌ی کرد چونکە نەیە ویست لەگەل هاوقوی خویا شریکا . عسکری تورك کەوایان زانی شەوی بدزی یەوە هەلیان کوتایە سر لشکری موصل و کوشتاریکی زوریان لی کرد وهەمو امواليان تالان کرد . شرف الدوله بەهە زارحال خوی کەیاندە (دیار بکر = آمد) وفخر الدوله بەلشکرەوە هات محاصرە ی کرد شرف الدوله بەواسطەی قوماندانی تورك (ارتق) خوی بخاتدا ابن جهیر (دیار بکر) ی لە محاصرە داهیشتەوە وروی کردە (میافارقین) وامدادی نریشی لە ملکشا هەوە بوهات وزوتی کرد لەپاشدا (دیاربکر) یش لە سالی ٤٧٨ دا ولەدوای عصیانی اهالی کەوتە دەس (ابن جهیر) . ملك منصور ، خوی گەیاندە (جزیرە) وەلەوی جی گیربو چە ندفە لایەکی ئەوناوە وبوتانی بدستە وەبو . کوری جهیر فخر الدوله(١)لیرەش

---

(١) ئەم ابن جهیر ، لە یشدا لەلای نریش کوری بدران‌بو بەسفارت بولای ملکی روم‌جوبو ، تصادف ناصر الدوله احمد مروانیش‌لەوقتە دلسەیریکی ناردبو . ابن جهیر ویستی لە وتی قبولدا یشی کەوی ، سەیری ناصر الدوله راضی نەبو . لە دواییدا کەگەرایەوە نریش ویستی حبس بکا بەلام نجاتی‌بو وجوە حەب بوبە وزیری معز الدوله ابی شمال لە پاشدا جوە ملاطیە ولەویوە هاتەلای ناصر الدوله احمد ولی‌ی پرسی لەلای ملکی روم‌بوجی ئەو معامله یەت لەگەل سفیری مناکردە، کوتی بەلەی اغای خوم . ناصر الدوله ئەم جوابەی‌ی خوش بو وکردی بە وزیر ولەدوای وفاتی وزارتی کورە کەش کردبە لام لەدواییدا جوەبخدا وبوبە وزیری خلیفە ولە باش یتنیك عزل کرا وملکشاه دیار بکری دایە وبوە سەبی لەناوچونی حکومتی مروانی . بەلام خوا زوحقی لەسەند ، (ارتق) لە دیار بکر دەری کردە ونهایت‌لە موصلدا ولەحال عرلتدا مردە الکامل . جلد ١٠ ، .

وازی له آخر حکداری ولی نصتی نەمینا ولشکریکی کردە سەر وجزیرە
یان محاصرە کرد . لەم شارەدا خاندانیك هەبو (بنو وهبان) یان پێ
گوت وکە وزەو معتبرون دروازەیەکی خۆیان لەڕوو دابو کە (دروازەی
بویە) یان پێ نە گوت وهەر زەلام ئەی توانی پیابروا ولەدری شارەوە
بەپی پیلکە بوی سر نە کەوتن ، لشکری فخر الدولە ئەم قاپیە یان شکاند
وچونە ناوە لاوە وآخر ملکی مروانی منصوری بدبخت لیرە دا گیرا
وخوبو حکومتە کەی بەڵە واوی لە ناوچو [ابن اثیر . ابو الفداء] .

حکومتی بەرزبگانی

(مسعود)[1]

بناغەی ئەم حکومتە لەطرف میر حسینی گەورەی عشیرتی بەرزیکانی ولە شارەزوردا ولە اعتباری ۳۳۰ هجریەوە دانرا . (وندداد) و (غانم) برای میر حسین بشی امیری عشایری (عیشانیە) بون واطراف ونواحی ی (دینور) و (همدان) و (نهاوند) و (صامغان) وبعضی ولاتانی دربایجا نیشیان بەدە سەوە بو (وندان) لە ۳۴۹ دا و (غانم) لە ۳۵۰ دا بەرحمت چون وهمو ملکیان کەوتە دەس حسنوی کوری میر حسین

[تأریخ دول الاسلام جلد — ۱ ، لاپەرە — ۴۲۹] .

حسنوی :

لە دوای وفاتی باوکی بوتە حکمدار وحقیقی مؤسس ئەم حکومتانە . وضعیتی زمانی باوکی شکلیکی رسمی ی پەیدا کردبو در حق بەرزبانی حسنوی معلومات کەمە لە سەری حوراسانەدا معاوتی رکن الدولەی کردوە دائرەی احوالی حسنوی سید حسینی مسکریانی خلاصة ئەلی : « معز الدولە لشکریکی لە ادارەی (یذل کوش) دا لەوەلەوە ناردونە سر

---

(۱) الصدق ئەم حکومتەی بە « الدولە الحسینیە » ناوناوە .

شارەزور وحسنوی (لەغربی هولیر) ویکەی بم لشکرە گرتوە وشکاندویتی . لەدوای ئەمە معز الدولە لشکریکی نری ناردوتە سر (دینەوەر) وئە وناوەی تالان وویران کردوە . لەم بینە دابو کە رکن الدولەی برای معز الدولە لە جەنە (جرجان) ەوە توشی تعرض بو وطلبی مساوتی لە معز الدولە کرد . لە سر ئەمە معز الدولە لەگەل (حسنوی) ریك کەوت وشرطیشیان خطبە خویندنەوە بەناوی معز الدولە وەبو .

بەم نەرخ حکومتی بەرزیکانی لە گەل بویهی یە کانا تی کەلی ودوستی پەیا کرد .

لە سالی ٣٥٦ دا عز الدولە بختیاری کوری معز الدولە لەگەل (حسنوی) تیك چو وشەریکی قورسیان لەبنیوا وما وبختیار شکاوفوت وتفوذی (حسنوی) بەم غابەبە زیادبو .

لە سالی ٣٥٧ دا بختیار دیسان لەگەل (حسنوی) آشتبوەوە وبارا مبەر بە (تغلبی حمدان) دوای کوم کی لە (حسنوی) کرد وراضی بوکە حدودی (نخوب) حسنوی تا (زەی بادینان) بروا بەم شرطە اتفاق لەگەل کردو (تغلب) یان شکاند . لە پاشدا (حسنوی) بەسر هەولیر وشارەزوردا گەرایەوە (دنیە ور) .

رکن الدولە لە اتفاق (حسنوی) وبختیاری برازای عاجز بو : بەم بهانەبە لشکریکی لەفوماندای (ابو الفضل) ی وزیریدا نارده سری »

(الـكامل)ئەلی سبێ هاتنی لشكری ركن الدوله ، معامله‌ی به‌تدئی (حسنوی) درحق (ابن مساف) بوه .

وافعا (ابن مسكويه) ش ئەلی (حسنوی) به بعضی فتوحات مملكتی خوی توسیع كرد وقوذیكی زوری پەیا كرد ، له‌شری خوراساندا كومه‌كی ركن الدوله‌ی كردبو وله‌بر ئەمه زۆری لی ممنون بو . له گەل ئەمه شدا (حسنوی) به ولاتانی خوی راضی نەبو تعرضی ئه كرده جیال وولاتانی‌تر رسمی له كاروان ئەسەند واغنیای تضییق ئه كرددیسان ركن الدوله صرفنظری ئه كرد بەلام له‌پریكا بینی (حسنوی) و (سهلانی كوری مسافر) ی دیلمی تیك‌چو . (كوری سهلان) لشكری لی كرد وهاته سری بەلام (حسنوی) شكاندی وله اردوگاهیكدا دەوری گرتن ومنعی زاد وذخیره ی لی كردن له باشدا امری كرد هەر سواریك كولیك درك وپوش هینا وله دەوری اوردوگا هەكه كومه‌لیان كرد وله باشدا آگری تی بردا له لایه كەوه گرمای هاوین وله لایكی‌تریشه‌وه هالاو ودوكه‌لی درك وپوش دیلمی به كانی شپرزه كرد وطلبی دخالتیان كرد وتسلیم بون . ركن الدوله كەئەمەی بیست (ابو الفضل) ی وزیری له گەل لشكریكدا بوتحقیق ئەم خبره نارد. ابو الفضل كه گەیشته (همدان) لەوی وفاتی كرد وابو الفتحی كوری بوبه سردار وبو محافظه‌ی موقعی خوی ویستی زوبگه ریته‌وه (ری) له‌بر ئه مه له گەل (حسنوی) صلحی

کرد وەقابل بەمصرف ئەم لشکر کشیە (حسنوی) پنجەهەزار دینارپارە وزیك ژەمشی دیاری وولاخ بونارد وئەم هەرایە برایەوە (جلد ـــ ٢ لاپەرە ـ ٢٧٠) .

ابن اثیر زور مدحی حسن اداره ودوراندیشی واخلاق پاك وبلندی (حسنوی) ئەکا . لەدوای مردنی دویرا کەی (وانداد وابو الغنائم)بەنەواوی ایشو کاری هو مملکتی گرتە دەستی خوی حکم ونفوذی لە بەشی زوری کوردستاندا جاری بو ، دیناور . همدان ، نهاوند لەجملەی شارە مشهورە کانی و (سرماج) یشی پایتختی بو (انسیقلو پەدیا) (حسنوی) لەهەرای بنی عضد الدوله وبختیاردا ، طرفی بختیاری گرت ظاهروابە سیبە کەشی عاجزی دوایی لەگەل رکن الدولەی باوکی بو . لەلایەکی تریشەوە ممکنە کەلە حرصی استیلای عضد الدولە شی اندیشەی کردبی وذاتا هەر بەم فکرە بو کەبرە طرفداری فخر الدولەی برای عضد الدولە کەوا اتفاق لەگەل کردبو . خلاصە لەسالی ٣٢٦ دا کەوتە مخابرە لەگەل بختیار وخوی بو کومەکی حاضر کرد . هەرچندە اهشری (رامهرمز) دابە فریا یانە گیشت بەلام لەوقتیکدا کە بختیار گرابوە وە (واسط) ، حسنوی عبد الرزاق وبدری کوری لەگەل هەزار سوار بونارد وئەبرایە خوشی بهاتایە . کورانی حسنوی نصیحتی بختیار یان کرد کە بچیتەوە بغدا واوی بەرامبەر بە عضد الدولە مدافعە بکا تابتوانی لە

اردوی (موصل) ی حمدانیش استفادەبکا ، بەلام مختیار بەسبب غلامە تورکەکەیەوە عادەتا شیت بوبو وگوێ لەقسەی کس نەئەگرت(عبدالرزاق) لەرقانا گەرایەوە بولای باوکی ولەترس لومە (ابو نجم بدر) ی بەجی هیشت . ئەوندەی پێنە چوکە بختیار لەترس عضد الدولە وازی لەحقوق خوی هینا و (بدر) یشی بەجی هیشت وگەرایەوە لای باوکی (کتاب تجارب الامم . جلد — ٢)

حسنوی لە سالی ٣٦٩ ی هجریدا (٣ربیع الاول) لە (سارماج)[١] وفاتی کرد .

ابو نجم ناصر الدولە بدر :

لەدوای وفاتی باوکی بوبە حکمداری بەرزیکانی . لەعینی سالدا بعضی فەلای لەغربی (هەولیر)زەوت کرد . عضد الدولەی بوەی ، وفاتی (حسنوی)ی بەفرصت زانی چونکە فخر الدولەی برای بەوپشت استوربو، وبختیاری آموزاشی گەلی استفادەی لە کومەکی (حسنوی) کردبو . لەبەر ئەم احوالە عضد الدولە زور رقیلە (حسنوی) هەل گرتبو لەدوای وفاتی ویستی حکم وقوذی حکومتە کەی لەناو بەری . اولا (ابا نصر خرشید یزدیار)ی خزنە داری بە کاغ نەدوە ناردە لای فخر الدولە ومؤید

(١) ئەم تەلایە اساسا اثری میر حسنوی یەوڵەطرف اوە وە دورست کراوە (یاقوت) .

الدوله و (قابوسی وشمگیر) .ومقصدی لەگەل امانەریك کەوتن بو کوژانی جسنوی ، لەدوای وفاتی باوکیان لەبە کێنی لایان دا وهرکسە کەونە دوایەك .

ئەم کورانە ابو الملا. وعبد الرزاق وابو نجم بدر وعاصم وابو عدنان ومختیار وعبد الملك بون ، بعضی کیان له ضدّی عضد الدوله لەگەل فخر الدوله ریك کەوتن وبعضیکیان رویان لی ورگیرا . ئەنیا مختیار امرا کانی جوی بوەوه وله قەلای (سرماج) دا دانە نیشت دەسی کردبه مخاره لەگەل عضد الدوله ووعدی تسیمی قەلا کەی پیدا . عضد الدوله ، لم تفرقەیه استفادەی کرد ولشکریکی قوەی تو کردەوه وناردنی بو سر ولاتی جبال .

ئەم لشکره به آسانی داخلی همەدان بو زور لەامرا وسر دارانی فخر الدوله وبەرزیکانی لەگەل لشکری عضد الدوله ریك کەوتن بەم نوعە (نهاوند) و (سرماج) بشی به آسانی لەدەس چو ومال وتالانیکی زور کەوتە دەسی عضد الدوله. کورانی حسنوی به واسطەی سردار (ابانصر خواشاذه) وه عرضی اطاعتیان بو عضد الدوله کرد وله دوایدشدا هەو هاتنه اردوگاه .

عضد الدوله کورانی حسنوی ی خستە ژیر نظارنەوه وله دوایی دا عبد الرزاق وابو العلاء وابو عدنان ومختیار وعلی ی لەگەل بعضی بیاو

گەورە کانی کوردا گرت و (بدر)ی بانگ کرد خەلانی دایە وشیریکی آلتونی لە گەل اسپیکی بەرەختی آلتونەوە دایەو کردی بە رئیس کوردانی بەرزیکانی ، وعاصم وعبد الملکیش خەلات کرد .

لە دوای گەرانە وەی عضد الدولە بو بغداء (عاصم) لە گەل بعضی رؤسای کوردا لە (بدر) عاصی بون لە پاشدا (بدر) چوە سری ولە گەل (عاصم)دا باقی برا کانیشی لەناو برد وبی رقیب مایەوە وەدەستی کرد بە اصلاح وتوسیعی ملک وتالە ناوچونی عضد الدولە شرطی وفای بە تواوی لە گەلدا بەجی هینا ولەبەرای فخر الدولە دا بە لشکری خویەرە یارمە یەتی عضد الدولەی دا .

امیر بدر ، لەدوای عضد الدولە لە گەل فخر الدولە برای عضدالدولە آشت بوەوە ولە سر ئەمە لە گەل شرف الدولەی کوری عضد الدولەیتی تیك چو ودشمنایەتی کەوتە بینەوە شرف الدولە لە دوای چی گیربونی لە بغدا لشکریکی زوری لە فوماندای (فرە تکین چەشیاری) دا نارده سر امیر بدر ، ولشکر لە زیك (قرمسین = کرماشان) توشی یك بون

وله‌دوای ورده شریك امیر بدر به‌ڤ ده‌خوی شکاند واردوگاه‌ه‌ کەی خوی له‌گه‌ل بنه وبارخانه یدا بو به‌جی هیشتن ڤره‌تکین له‌م فیله نه گه پشت ووای زانی که‌به راستی غالب بوه وله‌گه‌ل اردوه که‌یدا دا به‌زی وله اردوگاهی بدر دا خوی حه‌سانده وه به‌ئارام زوری پی‌نه چوکه امیر بدر به‌خویو لشکری به‌وه هه‌لی کوتایه سریان ومولەتی خو کو کردنه وه‌ی نه‌دانی وکشتاریکی زوری لی کردن وهه‌مو بارگرانی لی زه‌وت کردن ، ڤره تکین به هه‌زار حال له‌گه‌ل چند خدمتکاریکی خوی نجاتی بو وبه ایلغار خوی گه‌یانده بردی نهروان ، وله‌دوای چند روژی له‌گه‌ل باقی لشکر که‌ی ، که به پریشانی وبلاوی گه‌رابو نه‌وه هاته‌وه بغدا (٣٧٧ ه‍) .

ئه‌م غلبه‌یه مقدمه‌ی شوکت واستقلالی حکداری به‌رزیکانی بو وافعا امیر بدر له‌مه استفاده‌ی کرد وبه‌ره به‌ره اقلیمی جبل داگیر کرد .

له سالی ٣٧٩ ی هجریدا ، که فخر الدوله روی کرده عراق واهواز امیر (بدر) یشی به لشکری خوبه‌وه که‌چوار هزار سواریك بو یاره‌ی ڕێی دا .

حکداری برزیکانی ، له‌شر وهه‌رای بنی امرای بویهی دا زور عاقلانه حرکتی کرد وله‌و پاشا گه‌ردانیه داورده ورده مملکته که‌ی خوی گه‌وره کرد له لایکه‌وه ـــ دودی مملکته که‌ی گه‌یانده ئوج

(کرخا) شاری (شاپور خواست = خرم آباد) پشی بەدستە وە بو . اقلیمی جبال کەولانی کرماشانی ایستا وشهرە زور بو هاموی لەژیر حکمی خویـدا بو . امرای بویهی ، بەسبب شر ودعوای ناو خویانە وەزور بی‌هیز کەوتبون نەك ئەمای کە بتوانن مانعی توسعی ملـکی بەرزیکانی‌بن بلـکو زوجار تـکای یارمەیە تیان لی‌ئە کرد شوکت وقدرتی (بدر) بەم نوعە دائما روله ترقی بو . خلیفەی عباسی لە ٣٣٨ هجریدا لقبی (ناصر الدین والدوله) ی‌دایە [الـکامل] . امیر بدر ، بەراستی حـکمدارێـکی زور عادل وخیر خواه بو شورەتی کە ورەیی تەینا لەمیدانی‌شردا وەرنە گرتبو. لەخصوصی اصلاحات واعمار وحمایەی زراعیشەوە بەنا وبانك بو لەخدمتی ایشو کاری دینیشدا لە هامو معاصری پیشتر بو (کتاب تجارب الامم) در حق بە فضائل واوصاف بلندی ئەم حکمدارە زور تقدیر کارانە باس ئەکا .

ناصر الدین بدر ، تاسالی ٤٠٠ ی‌هجری بی غائله وبە کمالی سر بە خوبی اجرای حکومتی کرد ئەم دەوری بی‌شر وهەرایە بوملـکتە کەزور بەخیر وبرکت بو رعایای زور باش‌حەسا یەوە وامنیت ورفاه لە هەمو لایەکی مملـکتدا ئە بنیرا. بەلام لە اعتباری ئەم سالاوە انتظامی ادارەتیك چو وهلالی کوری ناصر الدین چوبە گنر باو کیا

[الـکامل] سەبی ئەم شری بنی باوکو کورە وائتل ئەکا.

دایکی هلال خه‌لکی (شاذنجان) بو، له‌دوای تولدی هلال، بدر ئه‌م ئافره‌ته‌ی دور خسته‌وه، ئه‌وه نده‌ش روی نه‌ئه دایه هلالی کوری، وکوره که‌ی تری که‌به (ابو عیسی) ناسرابو خوشی ئه‌ویست له‌دوای ئه‌مه که هلال گه‌وره‌بو چار جار له گه‌ل باوکیا ئه‌چو بوراو، ناصر الدین بدر عادتي بو که نوشی شیرئـــه هات به ده‌ستی خوی ئه‌ي کوشت، به‌لام دفعه‌یك هلال فرصتی به‌باوکی نه‌دا وخوی هه‌لی کوتایه سر شیر وکوشتی باوکی ئه‌م جسارته‌ی پی‌ناخوش بو وپی‌ی گوت که‌لات وابه که فتحیکی گه‌وردت کرد بینی شیر وسك چه فرقیك هه‌یه!

له دوای ئه‌م عاجزی به‌ویستی ناخوی دزری نجاونه، بام فکره (صامغان) ی دایه وناردی بوه ئه‌وی (هلال) پش ئه‌مه‌ی پی خوش بو وئه‌ی ویست دور که وبته‌وه. به‌لام ئه‌وه نده‌ی پی‌نه چو له گه‌ل حاکمی شاره زوری دراوسیه‌ی دا که (ابن الماضی) وئیك چو والحال ئه‌م حا که مأموری باوکی بو، بدر که ئه‌مه‌ی بیست بوهلالی نوسی وته‌مه‌ی کرد که‌هه‌رای له گه‌ل نه‌کا. به‌لام هلال گوی نه‌دانه امری باوکی وهه‌ره شه‌ی‌له (ابن الماضی) کرد، ناصر الدین دوباره بوهلالی نوسی وهه‌ره شه‌ی لی کرد وپی گوت هه‌ر معامله یه کی خراپ له حق (ابن‌الماضی) بکه‌ی بزانه که‌له حق منی ئه‌که‌ی، هلال له‌باش ئه‌م ته‌مه‌ی دوابی باوکی به عکس حرکتی کرد وده‌سی به‌جی لشکری کو کرده‌وه

وچوه سر (شاره زور) لەدوای محاصرە یەکی کورت زەوتی کرد وابن الماضی ی‌لە گەل کورانیدا کوشت وهەرچی‌ی بو تالانی کرد ناصر الدین کەئەم خبرە ی بیست زور عاجز بو ومعاملەی بە شدتی درحق کرد . (هلال) یش بە رامبەر بە معاملەی باوکی دەسی کرد بە تە فرەدانی پیا وما قولانی باوکی وگەلی دیاری وپارەی بونادن ، یەم تەرخە روژ فونی روله زیادی دابو سخاوت ودەس بلاویشی زور تأثیری بو . باوکی چونکە ئەوندە دەسی بلاو نەبو بەرە بەرە طرفدا رانی لی‌ی تکینە وە . خلاصە لشکری ناصر الدین وهلال لەقاپی (دینەور) دا بەرە نگاری یەک بون لە ووقتەدا بەشی زوری لشکری ناصر الدین چونەلای هلال وناصر الدین بدر بەدیل گیرا وبرایە لای هلالی کوری . بەضی لەامرای تشویقیان کردکە بی کوری بەلام هلال نجابتی نواند وئەو بیشر مانەی وسکوت کرد وخوی چوبە پیریەوە وگوتی : (تو هەرا میری ومنیش سر لشکری توم) . بدر جوابی دایەوە وگوتی « کسی ئەم قسە یەتلی نەیە ، چونکە ایتە سبی لەنا وچوتی هەردو کمان » . ئەم قەلایە بوتو واثارتی تسلیمش فلانە شتە . ئەاومال ودولەی کەتیایەتی باشی محافظە بکە ، وچونکە خەلك توی ئەوی ئەوی تو امیر بی ومنیش ئەمە وی قەلایە کەبدە بتی تانی دا دابنیشم ولە گەل عبادت خەریك بم . هلال ئەم امرەی بەجی هینا و شەبی کی مال ودولتی لە گەل قەلایە کەدا

دایه (١) .

ناصر الدین ، لهم معامله‌یه دا دلی باش نه‌بو ، واقعا له‌دوای ئه‌مه کله‌قه‌لا که دا زدریف جی گیربو کاغذی نوسی بوا ابو الفتح کوری عناز) و (اباعیس شاذی) که‌له (اسدا ...) بو وله هلالی هاندان . واقعا (ابو الفتح) چوه‌سر (قرمسین) وزه‌وتی کرد و (اباعیسی) ش چوه سر (سابور خواست) وتالانی کرد وکه خبری هاتن (هلال) ی بیست روی ور گیرابو (نهاوند) که‌به ده‌سی (ابو بکری کوری رافع)ه وه‌بو . لیره هلال هه‌لی کوتایه سری وچوار صد کسیکی له‌دیلمی کوشت که‌نه‌وه دیان أمرابون. (کوری رافع) ، (ابو عیسی) ی گرت و تسلیمی هلالی کرد به‌لام هلال عفوی کرد وله گه‌ل خوی بردی .

بدر ، که‌وای زانی پیاوی نارده لای بهاء الدوله ی دیلمی معاونتی لی کرد . بهاء الدوله لشکریکی ریك خست وله فو (فخر الملك ابو غالب) دا ناردی به امدادی ناصر الدین بدره، لشکره که گه یشته (سابور خواست) ، امیر هلال‌له، ابو عیسی) ی پرسی گونی ئه وا لشکری بهاء الدوله هات ئه‌نی چی؟ ابو عیسی گونی والازمه بچی به پیریه‌وه واطاعتی بهاء الدوله بکه‌ی وبه‌پاره اقتناعیان که‌ی ،

---

(١) ذیل ابن مسکویه ، ئه‌ئی له‌بابه‌تی بدر وکوره که‌یدا ، وزیری (مشکه) ی (ری) ...

ئەگر راضی نەبون ئەوە وقتە تسکیان پی هەل ئەجنی وله دوایدا ئەروی، ئەم لشکرە وکولشکرە کەی پیش (دینور) نیە وشوینت ناکەوی نهایت بەتشویق باوکت هاتونە سرت هلال ام نصیحتەی بە حیلەزانی و(ابوعیسی) ی کوشت . له دوایدا وبستی بەشەو بدا بە سر لشکری فخر الملکدا . بەلام فخرالملك پی‌ی زانی وخوی کو کردەوە وله‌اردوگاهدا بومحافظەی هال وبارگرانی قوتیکی بچوکی بەجی هیشت وچوبە پیر دژمینەوە .هلال کەئە مەی چا پی کەوت ئی گەیشت که نصیحتی (ابو عیسی) راست بو وپشیمان بوەوە . خبری نارد بو فخر الملك وگوئی من بو شر نە هاتوم بلکو مقصدم ئەوەیە نزیکت بم واطاعت بکەم . اگرشر نەکەی من بو اطاعت حاضرم . فخر الملك بەم قسەیە راضی‌بو وخبری نارد بوبدر ومسلمە کەی ئی گەیاند. بدر معاملە یکی خراپی درحق ئەم ساعی بەکرد . وەدری کرد وپیاویکی نارده لای فخر الملك وپی‌ی گوت ئەم معاملەی هلاله بەغیری حیله شتیکی ترنیە چونکە ئەزانی کەشری پی‌نا کری . لەبر ئەوە نابی فرصتی بدەئی . کەفخر الملك ئەمەی بیست ایتر بروای کردکه بدر ، بەتواوی دژمنی کورە کەیتی ، وامری بو شردا وزوری پی نەجو هلال بەدیل گیرا وهینرایەلای ، هلال تکای کردکه تسلیمی باوکی بکا وئەم تکایە قبول کرا له دوایدا اشارەئی تسلیمی قەلا کەی لی پرسی وهلال پی گوت ، بەلام دایکی هلال له گەل محافظین قەلا که قبولیان

وابـکەن) وگوی نە دایە .

دفعەی دومیش پێیان گوت کە فراری کوشتت دراوە دیسان گوی نەدایە ولە وقتیکدا کەلە بەردەمی اردو گاهدا لەسر تەپو لـکەیـگ راوە ستۆبو چند کسبك لەعشیرەتی (جوزکان) هەلیان کوتایە سری و کوشتیان ولشکری بەجێی هیشت لە دوایدا (امیر حسین کوری مسعود) لەقەلا هاتە درەوە وەکە چاوی بەمیتە کەی کەوت امری کرد هەلیان گرت وناردیە مشهدی حضرتی علی (رضی الله عنه) ولەری دفنیان کرد .

ناصر الدین والدولە ، بەم تەرحة ادوای حـکومتیـکی سی سالی ولە عمریکی گەورەدا لەناوچو . لەدوای وفاتی عضد الدولە [٣٧٢ ھ] تاتیك چونی لەگـل هلالی کوریدا [٤٠٠] یعنی بیست وهەشت سال ، بەسر بەخوەیی ادارەی مملـکتی بارزیـکانی کرد . بە عدالت ، وحسن تدبیر ومتانتیـکی بلند مملـکتە کەی خوی حساندەوە ولە هەمو خصوصیکە وە پیشی خست . صاحبی ذیلی (کتاب تجارب الامم) کە وزیر ابو شجاعە زور باس أوصاف وحسناتی ئم حـــکدارە ئەکا کەخلاصەیە کی ئەمەیە :

معنای :

حکدارێ بارزیـکانی ؛ و معاشی محافظین حجاج هەموسالیك

نه کرد وطابی امانیان کرد فخر الملك تأمینی کردن وله دواییدا چوه ناو قەلا که وله باشدا تسلیمی بدری کرد وهەرچی مال ودولتیکی که نیابو هەموی زەوت کرد خزینەی ئەم قەلایەزور غنی و وپر بوله آلتون وزیو ومجوهرات وملبوسات وسلاح ... والخ [جلد — ٩ لاپەرە ٨٨٤ ٨٩٠]

ناصر الدین بدر، لەدوای ئەمە کەبە واسطەی یارمەتی بهاء الدوله وه مملکتە کەی له دەس هلالی کوری سەندەوه ولاتی شارەزوری دا بە (عمید الجیوش) ی وزیری بهاء الدوله ، وله اعتباری ئەوتأریخەوه ولاتی شارەزور لەطرف وکیلە کانی (عمید الجیوش) ەوه ادارە کرا ولەدەسی حکومتی بازرگانی درچو هلال ، ادوای گیرانی حبس کرا وکە سلطان الدوله هاتە جیگەی بهاء الدوله وبووبە حکمداری عراق دیسانەوه (هلال) ی له جسدا هیشتەوه . بەلام طاهری کوری هلال ، لەپریکا هاتە میدانەوه وشارەزوری له وکیلی عمید الجیوش زەوت کرد [٤٤٠ هـ] .

ناصر الدین بدر ، له سالی ٤٥٠ هجریدا ، لشکری کردە سر احسین کوری مسعود) ی کورد ولەقەلای (کوسجد) دا محاصرەی کرد . بەسبب شدتی زستان لشکری بدر زور اذیت وکورەوەری کیشا ، وبەم تأثیرە فراری کوشتنی ناصر الدینیان دا ، بدر بواسطەی طرفدارانی خویەوە ئەمەی پیست بەلام گوتی (ئەوسکیانە چین وچون ئوان شتیکی

(٥٠٠٠)دیناری به رؤسای ڤفه‌ی حجاج ئه‌دا وئه‌ی ئه‌هیشت به‌رامبه‌ر
به‌م خدمته شتیک له حجاج بسینری . بیجگه له‌مه‌ش بو تعمیری بیر
وریگه‌ی حج وبو دا به‌ش کردن به‌سر فقیرانی مهاجرین وانصاری
حجاز دا هه‌مو ساليك(٢٠٠٠٠)دینه‌ری تخصیص کردبو . وئه‌م باره‌به‌ی
— تا له‌هالی حیاتدا بو — صرف کرد به‌لام له‌دوای خوی بریبان .

سیاسی مالیه‌ی .

بدر ، زور دقتی له ایشو کاری مالیه‌ی ئه کرد زور به تدبیر ودورا
ندیشی بو له‌بر ئه‌وه خزینه‌ی دائما پربو . اگر فخر الملك ابو غالب ، له
(ساپور خواست)ماله کەی له‌بر دایه وجودی خزینه کەی زور مهم ئه‌بوو به .
یکی له حسن تدبیری ، میدان نه‌دانی به احتکار به ، به رامبه‌ر به‌خیانت
جزای زور گه وره‌ی ئه‌دا . به‌لام اگر نقصانی واردات له مصیبتیکه‌وه
حاصل ببوایه وبه‌راستی وبی ده‌خل ملتزم قناعتی بکردایه له اموالی صدقه
ضرری ملتزمه کەی ئه دایه‌وه ویا بدلی تأجیل ئه کرد . له‌بر ئه‌مه کس
نه‌ی ئه‌توانی بدلی تعهدی نه‌دا ویاله تحصیلا تدا خیانت بکا . بو اموری
خیریه‌ی ناوشار هه‌مو ساليك مقداریکی پاره صرف ئه کرد بو اصلاحی
دستگاه ومعامل ، بو تعمیر وگشاوی ریگه‌ی تجارت له مصرف ملی نه
ئه کرد وله‌بر ئه‌وه تجارتی ولاته کی دائما روله ترقی بو . مثلا که ریگه‌ی
مهی بکردا یه‌وه اولا بو وه‌ناوه‌ی کاروانی لازم بوایه حاضری

ئەکرد بازاریـکی ،وقتی بودا نەنان وهەرچی لەشاردا هەبو شرایە ووستا وکری کار لازمیان بوایەبوی ئەهینان وبەفیاتیکی زورکم پێی ئەفروشتن وبەم هەرحە قازانجی هەردولای تأمین نە کرد .

اوصاف ومزیتی شخصی :

زور شارەزار سیاستی زمانی خوی بو ، نفوذیکی سر دارانەی بەسر لشکرە کەیدابو ، درحق بەرعیت عادل وبەرحم بو سیاستی مالیەی زورباش بو لەجمع واردات وصرفیدا بەراستی نفوذی نظری فوق العادەی بو. زور حەزی لە خیر کردن ئەکرد ، لەرأی وتدبیردا ثابت بو . لەوقتی شردا زور متین ومبدیربو .عشایری بەرزیکانی بەدرایتیکی بارز ادارە کرد لەتالانی وجەردەیی منعی کردن ولەهو خصوصیکەوە اصلاحی کردن مە یلی معارفی تیاپەیدا کردن وزوری بەسایەی ئەوە وەفیری خویندن بون زراع وجوتیاری حمایە کرد ومنعی خەرمان سوتاندنی کرد وئەم عادتە خراپ وکونەی زور عافلانە لەناوبرد .

بەگوڕەی روایتی ذیلی (کتاب تجارب الامم) . ئەم حکمدارە لە وقتیکدا کە خراپە لەناو ولاتا زوربو وعادتا زراع خەریکی ترک کردنی زراعت بو بورژوای عشایرە کە ضیافتیکی کرد وانواعی طعامی دانا بەلام نانی لەسر سفرە دانەنا . کسی دەس بوچیشت دریژ نە کرد وانتظاری نانی کرد بدر ، روی تی کردن وگوتی ، وادیارە بەبێ نان ناتوان بخون کەوابو

بوچی مزروعاتی عالم لەناو ئەبەن خوا روتان.رەش کا وخوا شاهدبێ لەمە ولاوە هەر کسیکتان توخونی مزروعات بکەوی وظلم لەصاحبە کانی بکا خوینی ئەریژم .واقعا سوێندە کەی خوی هینایەجی وبرئەم ایشەزور کسی کوشت وئەم معاملە یەی بوە درسیکی عبرت بو عشائر ولە ترس ؛ وکس نەی ویرا ایتر خرابەبکا وضرری لە زراع یدا.ام حادثە یەشی نمونەیەکی عدالتی ئەم حکدارەیە .

روژی لەگەل بعضی لشکری ئەکەرا ،لە ریگە نوشی لادی بیەك یەکە کولی داری هەل گرتبو . یەکی لەسوارە کانی دونانیان لە وقتیرە سەندیو لادی بی کە گەیشتە رامتی(بنر) بانگی کرد وگوتی:ای حکدار، من فتیریکی دار فروشم . دونام پی بو بە وە ادارەم ئە کرد وپارەی دارە کە شم بومار ومندالە کەم ئە هینایە وە . لە ریگەنوشی وارە کانت یوم یکیکیان نانە کانی لی سەندم . حکدار لی ی پرسی .

— ئەوسوارە ئە ناسی ؟ کابرا گوتی :

— بلی چاوم پی ی بکەوی ئەی ناسم

ناصر الدین لە دوای ئەم قسە وباسە لەگەل کابرای دار فروشدا لە دربندیکداراوە ستا وامری کرد لشکریکە یکە بە بە رزمیدا برون واقعا ئە وندەی پی نەچو کابرای دار فروش سوارەکەی تیشانی امیرداد ناصر الدین، امری کرد سوارە کە یان دایە زاند.وگوتی ئەبی ئەم کوژە.

داره هه لگری ، بی به یته شار بی فروشی وپاره کی بده ی به م پیاوه !
سواره که پیاویکی ناسراو بو ویستی به پاره خوی له م حزایه نجات دا
حتی به گرانی داره که پاره ی تکلیف کرد ناصر الدین قبولی نه کرد
وداره که ی پی هه لگرت وامری خوی به جی هینا .

ئه م مثالی عدالته تأثیریکی زوری یو وایتر کس ئه م نوعه ظلمه ی
نه کرد .

ئه لین ، ملکه ی (ری) زور له عقل وتدبیری (بدر) امین بو
ودائما بو اموری حکومتی پرسیا ری ی لی ئه کرد . دفعه یك (امیر نوح
محودی سبکتکین) ، که حاکمی خوراسان بو ، وایلچی به کی ناردە (ری)
هدره شه ی له ملکه کرد . ملکه ، کاغذی نوسی بو ناصر الدین ورأیی
لی ی . بدر ، له جوابدا گوتی : وایلچی به بنیره ابره ، له دوای ئه مه
لشکری کو کردەوه وبه لباس وسلاحیکی مکمل وجوابه وه هدر له ژیر
(ری) دوه تا (سابور خواست) ، له م به ر وئه وبه ری رینگه رای گرتن
وایلچی (محمود سبکتکین) به ناو ئه م لشکره دا هات ولام شوکت وشووته
سری سرما ، وکه ه ته لای ناصر الدین ، حرمتی گرت ونصیحتی کردکه
امیر محمود له گال ملکه دا لازمه ریك بی ، که وی وله پاشه دا نارد به وه
روافقا (امیر نوح محمود) ، به تدبیری او تدبیره صلحی به سرا شردا
ترجیح کره وریك که وت .

ئه وحیله حربیه یه‌ی که به‌رامبه‌ر (فره تبکین جهشیاری) کردی مثالیکی زور جوانه بو قدرتی حربیه‌ی .

له دوای له ناو چونی (ناصر الدین بدر).شوکت وبه‌رزی حکومتی به‌رزیکانی روی کرده نشتی وله شکلی حکومتی درچو وبوه امارتیکی ناراحت وبر آشوب .

(الکامل) ئه‌لی له دوای کوشتنی بدر ، عشیره‌تی (جوزکان) ، رای کرده لای شمس الدوله ابو طاهری کوری فخر الدوله ی بوه‌ی.

طاهری، کوره زای ناصر الدین ، له دوای وفاتی با پیری ادعای حکمداری ی کرد وله گه‌ل شمس الدوله که‌وته‌شتره‌وه‌به‌لام موفق نه‌بو وبه‌دیل گیرا وهه‌مو مال وملکی تالان کرا وخوشی له (همدان) داحبس کرا . له سر نه‌م حادثه‌یه ،عشایری (الریه) و (شاذنجان) تابعی (ابو الشوق) ی عنازی بون . باقی ملکی به‌رزیکانی که‌وته دەستی شمس الدوله . له ودفته دا هلال ، له‌لای سلطان الدوله حبس بو له دوای ئازادی شمس الدوله به‌ردرا وله گه‌ل لشکریکدا بوسه ندنه وه‌ی ملکی باوکی حرکتی کرد وله گه‌ل شمس الدوله که‌وته شره‌یه . به‌لام لشکره که‌ی شریکی به دلیان بونه کرد ورایان کرد خوشی کوژرا (٤٠٥ ھ).

له ٤٠٦ ھجریدا شمس الدوله طاهری کوری هلالی به قه‌ول وبری اطاعت بر للا کرد وارد به‌وه سر ولاتی به‌رزیکانی . له دوای بذیك

لەگەل (ابو الشوق) کەوتە شرە وە وشکاندی وبرا کەی کوشت ، لە پاشدا صلحی لەگەل کرد وخوشکی (ابو الشوق)ی مارە کرد وزوری پی نە چو (ابو الشوق) لە بانی برا کەی بەفیل کوشتی . بەم تەرحە دوایی خاندانی (حسنوی) هات وبە شیکی ولاتەکی وقسمی شارە زور کەوتە دەس امارتی (بنو حناز) ی کورد .

دوایی امیری خاندانی (حسنوی) ، (ابو سلیم دیسم کوری ابو الغنائم برای حسنوی) بو کە لەدوای وفاتی طاهر بە مدەتیکی کم لە آخر ملجأی کە قەلای کاسان [لە منطقەی زهاو ونزیك بابا یادکار بو] بو محروم کرا .

حکومتی ایوبی

۱

تاوا سزرانی

۱ــ بایبر وباوکی دمؤسسه کەی کیبن وله کوردەهانوده :

ئەم دولته،دەرەگەورەی ئەو حکومتانەیە کە کورد دای مزراندوە لەبەر ئەمە زور پی ویستە کەباش لە اصل وفەلی تی بگەین .

انسیقلو پە دیای اسلام ئەلی، بایبری صلاح الدینی مؤسسی ئەم دولته [شادی = شاذی] ی کوری (مروان) ە ، کەلە کوردانی خیلی [راوادی = راوندا] ی[دوین] بو . ئەم خیله ، بە شیکی علیە کەورە کەی [ازینی = هازبنی] بو . منسوبینی [شادی] بە شاری [دوین] نقطە یەکی زور مهمە ، چونکە ئەزانین کە حکومتی (شدادی) ی کورد لە دوین [۱] دا دامەزرا وهەلبەت لە زمانی (شادی) دا هیشتا شورەتو

---

[۱] لەم مسئلە ی (دوین) ە ، بەراستی مهمە ، لە داخلی منطقەی (هەولیر = اربیل) یشدا شاریکی بەم ناوەوە هابو وبینیك مرکزی حکومتی(سوران) بو . ئولیکی کەورەی عیلی (ازینی) ش لە دوری ائا بکان دا لە وناوە دابو.=

باسی ئەو حکومەتە لە فکر نەچو بیتەوە .

بەضی لە مؤرخین عرب اصل ونسبیکی دورو دریژیان بو شادی هەل بەستوە ، مثلا وەکو (ابن خلدون) ، کە نسبە کەی ئەبا تەوە سر (عوف الحمیر الدوسی)، بەلام ئەمانە هیچیان جیگەی باوەرینە وراستیە کەی ئەوە یە کە تاریخ ، بایبری (شادی) ناماسی .

کورانی شادی (ایوب) و (وشیرکوە) ، لە گوندی (اجدانکان = اجدنکان) (١) دا هاتونە دنیاوە . صاحبی (النوادر السلطانیە) کە قاضی ابن شدادە ومصاحبی سلطان صلاح الدین بو ، ئەلی ، نجم الدین ایوب ، خەلکی (بدوین) ە ووالی ی (تکریت) بو [لاپەرە — ٤] صاحبی (کتاب التاریخ) ، کە تاج الدین شەنشاهی ایوبی یە ، ئەلی (شادی) خەلکی (دوین) ە .

بە روایتیکی تر ، نجم الدین ایوب لە (شیختان = رەنگە شیخان بی) هاتونە دنیاوە ولە موصلدا گەورە بوە وخدمتی سلطان محمدی ملکشاهی کردوە ولە طرف ئەوەوە کراوە بە محافظی تکریت (الحروب الصلیبیە لاپەرە — ١١٢) .

=رەنگەلە بنی ئەم (دەوین) وئەم قولی (ازنی) یە وخیلی (شادی) دا مناسبتیک بی ، ئەم جەنە پی ویستی تدنیکی باشە . لفظی (دوین) رەنگە کوردی بی ومعناکە شی قسە کردن وبا پرسینە .

(١) ئەم (اجدانکان) ، کوندیکی نزیک (دوین) بوە (حیاة صلاح الدین الایوبی ، لاپەرە — ٥٧ (.

خلاصه وه کو انسیقلو په دیا ئه‌لی ، (شادی) ، له‌گه‌ل (بهروزی رومی.) دا دوستا یه‌تی ی‌بو وئه‌م بهروزه مأموستای کوری سلجوقیه کان بو . له پریکا (بهروز) دویني به‌جی هیشت‌وچوه بغدا ، وبه هنرو معرفتی خوی زو پیش که‌وت وله طرف سلطان مسعودی کوری ملکشاهه‌وه کرابه محافظی بغدا ،له دوای ئه‌مه خیری بو (شادی) نارد وبانگی کرده لای خوی .

هوه پیشکه‌وتن :

با پیری سلطان صلاح الدین ، به هیوای مجاهد الدین بهروز ،ولاتی خوی بهجی هیشت وبه ماله وه هاته بغدا (بغداد) . له دوای بینیك ، که سلطان مسعود ، تکریتی به ملکاه دابه (بهروز) ، ئه‌میش(شادی) ی دوستی به وکیلی نارده سر ئه وملکه له پاش چند سالیك(شادی) امری خوای کرد وله تکریت نیژرا ، ونجم الدین ایوبی کوره گه‌وره‌ی له جیگه‌ی دانرا . له سالی ٥٢٦ ی هجریدا (١) ، اتابکی موصل عماد الدینی زنگی ، له جنوبی تکریت له گه‌ل اردوی سلجوقی‌ی بغدا شری کرد وشکاو به حالیکی خراپ خوی گه یانده تکریت . نجم الدین ایوب میوانداری خوبو توابعی کرد وکه‌لك وبله می بوپه یا کرد وله شملی دجله

(١) صاحبی کتیبی (حیاة صلاح الدین الایوبی) ئه‌لی ٥٢٠ هجری (لایه‌ره — ٦١) .

یه راندبوه . حکومتی بغـــدا لهم معاوئی نجم الدین ایوبه عاجزبو . له دوای بینیك وقوعا نیکتریش قهومنا ، اسد الدین شیر کوهی برای ایوب یکی له ضابطانی قهلای (تکریت) ی کوشت وبهم تهرحه جیگه یان لهق بو ، ومجاهد الدین بهروز به اندیشه موقعی خوی نجم الدین ایوبی له وکیلی خست وتهمی ی کرد بو کهله تکرتیدا نه مینن . نجم الدین ایوب بهنا علاجی له گهل براکهی ومالیانا بهشه وتکرینی بهجی هیشت وبه امیدی چاکهی عماد الدین زنگی روی کرده موصل . ئهلین سلطان صلاح الدین ، له تکریت وله سالی ۵۳۲ ی هجری (به کورهی استانلی لین پول ۱۱۳۷ ی میلادی) دا هاتبوه دیناوه وحتی بعضی کس گوتویانه ولادتی تصادفی ئه وروژهی کرد ، که مجاهد الدین بهروز امری بهدهر چونیان له تکریت کرد بو به کورهی قسهی کاتیکی گهاور کهله خدمت نجم الدین ایو بدا بو ، ئهو شهوهی کهله تکریت ده رچون سلطان صلاح الدین تولدی کردوه ، وچونکه باوکی زور عاجز بو وله طالعی خوی بیزاربو له تولدی ئهم کورهی وکریانی زور سهغلهت بو وبهو تهرحه تکریتیان بهجی هیشت .

نجم الدین وبراکهی که گه یشته موصل ، عماد الدین زکی چاکهی ایوبی هنیایه به رچاوی وبه روخوشی وممنونی قبولی کردن وایرادیکی مناسبی بو تخصیص کردن . دوبرا به حرمت وعزت له سرای زنکی دا

مانەوە وڵە گەڵیا چون بو بعضی شریش ، وقتیك كه عماد الدین چوە سر سوریە و (بەلبك) ی داگیرا كرد (٥٣٤ ھ) ، نجم الدین ایوبی كرد بە محافظی ئەوی .

لە دوای وفاتی عماد الدین ، ملەكە كەی كەوتە دەس كورە كانی ، ولشكری شام هاتنە سر (بعلبك) نجم الدین ایوب ، زانی ی كه لەو پاشا گەردانیە دا لشكری شام ، هەر چونی بی (بعلبك) زەوت ئە كا ، بە فكریكی دور بین لە گەڵیانا ریك كەوت وچوە شام دا نیشت وبەرە بەرە پیش كەوت تابوە سر دا ری لشكری شام . شیر كوهی برای كەڵە لای نو الدین محمودی كوری عماد الدین مابوە وە ، ئەویش بە خذمت وآزایی وعقل وكمالی خوی ترقی ی كرد وبو بە سر لشكری نور الدین .

نجم الدین ایوب ، وقتیك كه اهلی صلیبی دوەم شامی محاصرە كرد ، مدافعە یەكی مردانە وبە رزی كرد ولا ڕاوی صلیب شكا وڵە شام دور كەوتە وە .

امیری شام ، هرچندە تابینی نور الدین محمودی قبول كرد بو ، بەڵام سلطان نور الدین دیسان وە كو باوكی هرچاوی لە شام بو ، وبە فكری داگیر كردنی لە ادارەی شیر كوەدا نە سالی ٥٤٧ ی هجریدا لشكریكی نارده سر شام ، ئەم حالە نجم الدین ایوبی خستە مشكلانەوە ؛ چونكه حەزی نەئە كرد كەبە رامبر بەبرا كە ی بویستی وحەزی نەئە

کرد لەگەل لشکری کوری ولی نعمتیا شر بکا. بەم فەکرە باشە وبسنی ایشە کە بە آشتی بپریتەوە ولە گەل شیر کوهدا بە رسمی کەوتنە مخابرەوە ولە دوای شەش روژ لشکری شیر کوە داخلی شام بو لە دوای بیذیك سلطان نور الدین نجم الدین ایوبی کرد بە حاکمی شام ومصاحبی خاصی خوی، وئاثەوە وقتەی کە سلطان نور الدین، صلاح الدین کوری ایوبی نارد بو مصر حال بەم نوعە دوامی کرد.

امیر صلاح الدین چونە پی کریشت:

بعضی سالانی منداڵی ی لە بعلبك دا رابوارد بەلام داڵر زمانی منداڵیی تاریخ هیچ ئازانی. ستانڵی ئەڵی، ئەبی صلاح الدینیش وەکو امیر زادە کانیتر لەحوجرەدا قرانی خویندبی، فیری خویندن ونوسین بوبی، ودیسان هرلە (بعلبك) دا کتیبی صرف ونحوی تەوا وکردبی مبادی شعر وانشا وعلم حدیث وبعضی شتیتر فیربوبی. چونکە باوکی، پیاویکی زور کە ورە وبلند بو، بەطبیعت مامو ستای هەرە بەناوبانکی بوپە یا کردوە.

کتیبی (طبقات الشافعیه)، در حق بە دوری جاهیلی ی ئەڵی، صلاح الدین علمی حدیثی لە لای حافظ ابو طاهر السلفی، وابو طاهر بن عوف وشیخ قطب الدینی نیشابوری وعبد الله بن برّی النحوی وبعضی ما موستای بە شهرت خویندوە. قران ولە فقە (تنبیه) یی لەگەل بعضی

داستان خبکاوری له به ربو .

در حق به وزمانه‌ی‌له که شامدا وله پیش‌چونی بو مصر دارای بوارد وه ، له طرف مؤرخینی عربه وه هیچ نه بزراوه . اما مؤرخینی غرب بعضیکیان نه‌لین ، که صلاح الدین‌دوای مجلسی سلطان نور الدینی نه کرد وصفتی نه‌مه که کوری حاکمی شام بو حرمت وعزتی نه بینی . جوانیکی عاقل وشاره‌زا وبه ادبسه بو رعایتی دینی زور نه کرد وره‌نگه‌وه کوامیر زاده کانی نه‌وه زمانه میلی راو وشکاویش بوی ، ئی شهه گو وچوکانی یاری نه کرد وبعضاً له گه‌ل سلطان نور الدینیدا نه‌م یاریه ی‌نه کرد .

به کوره ی کاغذیك ، که‌له دوای گرتن شام ، بو خلیفه ی عباسی (مستضی‌ء بامر الله)ی‌نوسیوه ، له پیش سفری مصری دا نه گه‌ل باوکی ومامی له هه‌مو غرایه کدا حاضر بو . وه کو صاحبی کتبی (حیاة صلاح الدین الایوبی) ئه‌لی ، به مقتضای فومبتی کوردی سواریکی چاك بو وله شجاعت وشهامتدا سرافرازبو .

قاضی ابن شداد،له (النوادر السلطانیة) دا ئه‌لی ، که له گه‌ل باوکیا له (بعلبك) دوه هاته شام ، دائما له خدمت باوکیا بو وله فضل و کمالی نه‌و استفاده ی نه کرد تا شوره تی‌سا ند ، له دوایدا سلطان نور الدین حیرانی زکاو کمالاتی‌بو وروژ به روژ مقامی گه‌وره تر کرد .

اول سفری مصری :

که (شاور) ی وزیری خلیفه ی مصر دا وای کومه کی له سلطان نور الدین کرد ، سلطان ، (شیر کوه)ی به لشکرێ که وه نارد بو مصر ، [٥٦٢ ه] (١) وامیر صلاح الدینیش به امری مامی له گەل ئەم لشکره داواچو وفوماندانی قرقه‌ی پیشدا ربو ابن شداد ئەلی،اسد الدین شیر کوه هرچی ی ئه کرد به پرس ورای امیر صلاح الدین ئەی کرد چونکه زور له عقل وحسنی تدبیری امین بو .

(شیر کوه) که گه یشته مصر ، لشکری (ضرغام) ی‌له (بلبیس) دا شکاند وئەم وزیره‌ی له قاهره دا محاصره کرد ، وله دوای (فسطاط) قاهره ش دەس (شاور) کەوت و (ضرغام) کوژرا . (شاور) ، روی له (شیر کوه)وەر گیرا ونه‌ی هیشت بیته قاهره وه . له سر ئەمه(شیر کوه) امیر صلاحی به لشکره وه نارد و(بلبیس) و(شرقیه) ی زەوت کرد . (شاور) کەوای زانی خبری بو (املریك) ی قرالی قدس نارد وطلبی یارمه تی لی کرد وله سر ئەمه لشکریـــکی به قوتی ناردە سر مصر . شیر کوه وصلاح الدین ، (بلبیس) یان به رامبەر به لشکری قدس ومصر شیرانەسیه مانـگ مدافعه کرد ، وله لایه کیتریشەوه سلطان نور الدین بو کو مه کیکی دورا ودور چوه سر مملـکتی قدس وقه لای (بنیاس)

(١) انـیقلو به دیا ی ١-لام ٥٦٠ ه ئەلی .

ی محاصره کرد . قرالی قدس ، که ئه‌مه‌ی بیست ترسی لی‌نیشت وله گه‌ل شیر کوه ریك که‌وت وقراریان دا که لشکری شام وقدس له خاکی مصر بچنه ده ره‌وه وله سه‌ر ئه‌م قول وبره شیر کوه به لشکره وه گه‌ رایه وه شام .

له دوای شیر کوه شاوه‌ی فیلباز له گه‌ل قرالی قدس ریك که‌وت ولشکریکی پچوکی قدسی له مصر دا دانا ئه‌مه به طبیعت خلاق معاهده بو سلطان نور الدین له گه‌ل شیر کوه هدا قراری گرتبی مصریان داوخلیفه‌ی عباسی ی بغداش پیمه راضی بو .

دوه‌م سفری مصر :

له دوای سفری اول به سیه سال ، شیر کوه به خوبو امیر صلاح‌الدین ولشکریکی دو هزار کسی‌ی هه‌ل بژارده وه ری کرده مصر وله دوای زحمتکی زور گه بشته (اطفیح) که‌چل میلك له قاهره دور بو ، وله‌ویشه وه خوی گه یانده (جیزه) . لشکری ملکی قدسیش له به راهه‌ری وله‌نه راغی چه‌پی نیل بو . ملك آموری ، معاهده یه کی له گه‌ل خلیفه‌ی فاطمی امضا کرد وبه کوردی ئه‌م معاهده یه مصر که وته ژیر حمایه‌ی ملکی قدسه وه له دوای امضای ئه‌م معاهده یه ، ملکی قدس به خوبو لشکر یه‌وه له پریکا له نیل په ریوه ، شیر کوه که ئه‌مه‌ی چاوپی که‌وت چوبو (صعید) ولشکری قدس تعقیبی کرد ، شیر کوه له (بابین) راوه ستاوه که

لشکری قدس نزیکی بوده له [illegible] کهوته شره وه وبه جسارت وادارهی
پاشی امیر صلاح الدین لشکر[illegible] زور خراپ شکا. وله دوای ئهم
غلبه یه لشکری شام ز[illegible] کرد وشیر کوه ئهم نهلاگه
وره وبه امینهای دا[illegible] . ئهم وله حاکمی امیر
بو. له درای ئهم [illegible] ی بو امیر صلاح الدین
به جی[illegible] وله گه[illegible] و[illegible]).

[illegible] قدس، له [illegible] وه قهره وله وی له گه ل
حکومتی مصر دا فراریان [illegible] ز اسکندریه) دا. له طرف
بحریشه دونیایه کی قدس [illegible] ی نه کرد. امیر صلاح الدین
به [illegible] وله شکری مصر وقدس فرمانانه مدافهه ی کرد،
[illegible] وهرأیه کی زوری امثالی نواند حه[illegible] روز ئهم نوعه به رامبهر به
[illegible] بخروبر وه کوسیر وه ستا.

له ولاشه وه شیر کوه روی کرده پایتختی مصر وله (برکه الحبشه)
وه ده[illegible] رد به محاصره ی. ئهم دستو برده ی شیر کوه ترسی خسته
[illegible] دلی دشمنه وه وطلبی صلحیان کرد به شرطی که لشکری قدس وشام
مصر به جی بهیلن وأیتر دخلی ایشو کاری مصر نکه ن.

له دوای ئهم صلحه امیر صلاح الدین پهند روژیك له اردو گاهی
فرانکی قدسدابو وبه طبیعت تدقیق اصولی عسکری ی ئه وقوه ی کرد.

به کوره ی ئه م صلحه هر دو لشکر له مصر چونه ده ره وه .

خلافی صلح ئه وه نده ی پی نه چو که فرال (امفریك) طمعی زه وتی مصری کرد و به لشکریکه وه روی تی کرد . (بابیس) ی گرت و کشتاریکی زوری له خه لکی مصر کرد ومندال وژنیش له قتل عام نجاتی نه بو .

ئه م جاره خلیفه ی فاطمی ، به نفسی خوی که وته هاوار و ؟غدیکی بو سلطان نور الدین نوسی ودرجای حمایه ی لی کرد ، وپرچی آفره تی مسلمانی بو نارد وئه مانه ش علامتی پارانه وه یه کی فوق العاده بو .

شاوری وزیر خلیفه ، که له خائنی ودروزنی دا امثالی کم بو ، به امیدی پاره ملکی قدمی ته فره دا وله گه لی که وته مخابره وه مقصدیشی وقت رابواردن بو تا امدادی سلطان نور الدین دی . علاصه ئه م امیده ملکی قدس له پنیج میلیکی قاهره دا راوه ستا .

سیه م سفری مصر :

سلطان نور الدین له سر پارانه وه ی خلیفه قراری خویدا . به ظاهری بویارمه یه تی خلیفه وله حقیقت دا بو زه وت کردنی مصر لشکریکی به قوتی کو کرده وه وله قوماندای شیرکو هدا ناردی بو مصر . ئه م لشکره هه شت هزار کسیك بو وگه لی امرای مشهوری تیابو . امیر صلاح الدین ، آرزوی چونی نه بو به لام به رامبه ر به امری سلطان ومامی نه ی توانی راوه ستی

وله گەل مامی چو .

(امل یك) ، كه خبری هاتنی شیر كوهی بیست شله ژا داولاویستی نەهیلی له گەل لشكری مصر دایكد گیربی بەلام پی ی نه ـكرا ونهایت له ربیع الثانی ي ٥٦٤ دا [كانون ثانی ١١٦٩ میلادی] به نا امیدی گه را یه وه قدس .

له ولا وه شیر كوه گه یشته بەرده‌می(قاهره) وخلیفه وخه لكی‌مصر هاتن به پیریه‌وه وبیان شكر وبه خـیر هاتنیان كرد . له دوا ییدا له بەر ده‌می‌قاهره داخیوه‌تی هه لدا . له پاشدا خلیفه‌ش‌هاته اردو گاه‌وشیر كوهی زیارت كرد وبیـانی شكر وممنونیتی كرد . شاوریش هاته لای شیر كوه وزور لژی ممنونیت ومحبتیكی دروی نواند . عادتا هه مو روژیك به سواری ئه هاته لای‌شیر كوه ووه كو دوستیكی چنـد ساله ومخلص بی تكایف آمو شوی ئه كرد . فكری وابو كه ضیافتیك بوشیر كوه وامرای شام بكا وله فرصتیكدا هه‌مویان له ناوبه ری ، بەلام (كامل)ی كوری پی ی زانی وهه‌ره شه‌ی لی كرد وگوتی : « به خوا شتیكی وابكه ی خیر به شیر كوه ئه‌دەم ! » . له گەل ئه‌مه شدا بو خیانت كردن له فرصت‌ئه گه‌را امرای‌لشكری شیر كوه هه‌موحسی خیانت ودروزنی‌ی شاوریان كرد بو .

روژیكی جمه به عادتی خوی شاور هاته اردوگاه ، شیر كوه له وی

نەبو . امیر صلاح الدین لە گەل بعضی امرای تر لە گە لیا سواربون ولە سواره کانی دوریان خستە وە ولە پاشدا خستیانە خوارەوە وقولیان بەست ونادیان بو خلیفە ، وخلیفە نادیە وە دواوە تا سری بیرن وئەم امرەیان بەجی هینا وسرە کە یان نارد بو خلیفە . بەم تەرحە وجودی ئەم وزیرە خاتنە ، کەئەوە ندەی نەما بو مصر بخانە دەس فەرەنگ ، هە لگیرا .

لە دوای ئەمە خلیفە عاضد ، اسد الدین شیرکوهی بانگ کرد وخە لاتی وزیری ولقبی (ملك المنصور امیر الجیوش) ی دایە . اسد الدین شیرکوه بە صفتی وزیری خلیفە دەسی کرد بە ریك خستنی ایشو کاری مصر بەلام وزارتی ئەوە نده دوامی نە کرد وروژی شەمو ٢٢ جمادی الاخر ٥٦٤ دا امری خوای بەجی هینا . لە مدتی وزارتی شیرکو هدا اغلبی ایشی مهم حوالەی امیر صلاح الدین کرابو .

وزارتی امیر صلاح الدین :

امیر ، لە دوای سیە روژ تعزیە ی مامی ، فرمانی خلیفە بو وزارتی صادر بو بەضی لە امرای شام لەمە ممنون نەبون وگە رانەوە شام وئەمەش اثری حسودی بو . بە طبیعت بوئە ومقامە هیچیان بەقە د امیر صلاح الدین لایق نەبون خلیفە لقبی (ملك الناصر ابو المظفر صلاح الدنیاوالدین یوسف بن ایوب) دایە .

ملك ناصر ، لە عمری بیست ودوسالیدا ولە دوای تکا ملیکی

... وسکری گه یشته ئهم مقامه ... بهلام که ئهمانی اطرافی خوی کرد کنی وای بهمرا ... که کیان ودل یاری یهی بداووای مناسب زانی کهاو کورا کانی وخزمانی خوی کوبکاتهوه . کاغذی به نوسین وهاتوو ... ک هات، سنده ی وزارتی به سر شانی‌هه لگرت وتقدیمی باوکی کرد بهلام باوکی قبولی نه کرد وکوتی : « ا کر تو لایق نهبو تیایه خوا ئهمه‌ی نهئه دایتی » .

ملك الناصر ، وبستی خه لکی مصر له خوی ممنون بکا وزور احسانی دانی وچاکه‌ی له گهل کردن وهر چنده خوی سنی وخه لکی مصر شیعه بون هیچ دخلی ایشو کاری مذهبی نه کردن وتهنیا له خطبه‌دا له دوای ناوی خلیفه ناوی (نور الدین) یش ئه برا .

له وقتی وزارتیدا ، اهلی صلیب (دمیاط) یان داگیر کرد . ملك ناصر لشکری لی کردن وشاره کهی سهندهوه وله مصر دهری کردن وبیجکه لهمهش قصبه ی (عقبه) شی که سر ریگه ی حجاجی مصر بو زهوت کرد وئهم دو ظفره‌ی تاثیری گه وره ی به سر خه لکی مصر دا بو ، ومحبتیکی زوریان له حقی پهیدا کردوموقعی ملك روژ بهروژله دلی خه لکی مصر وا مرایدا له بلند بدا بو .

بینیك (مؤمن الخلافه) که وته خیانته وه له گهلی وحتی فهرنگی‌لی هاندا که بتیه سر مصر تا ملك ناصر بکه ویته بینی دژمنی خاربجی

وداخلی بەوە . (مؤتمن الخلافه) بە لشکری سودان کە پنجا هزار کسیك بو پشت ئە ستوربو . ملك لە فرصتیکدا ئەم خائنە ی لە ناوبرد . ولە سر ئەمە لشکری سودانی عصیانی کرد .

ملك الناصر ، شمس الدوله تورا نشانی برای بو کو ژاندنە وەی ئەم آگرە مأمور کرد وحقیقةً ئەم برا آزاردلسوزە باش لە عودە یان هات ولە طرفی دوسیە سالدا رچە لەکی برینەوە ، ولە خاکی مصر دا سودانی‌ی نە هیشت وزوری لی کوشتن باقیش رای کرد بو سودان . لە ویش لە طرف (عادل) ی برایە وە نە فرو تو ناکران .

لە دوای کوشتنی مؤتمن الخلافه (جوهر) ، ملك ناصر ، مشهور (بهاء الدین قرەقوش) ی کرد بە مؤتمن الخلافه .

ملك الناصر ، هیشتا تازە هەرای سودانی ی بریبو ەوە کە اهل صلیب هاتە سر (دمیاط) ملکی قدس ، لە گەل حکومتی رومدا قسەی کرد بە یك وویستی مصر داگیر بکا ولە پیش هاتن لشکرو ودنمای رومدا خوی هاتە سر (دمیاط) . ئەم قە لایە لە طرف ملك الناصرەوە زور باش بو مدافعە حاضر کرابو . لە بەر ئەوە دونیا ولشکری قدس لە دوای پنجا روژ شر ومحاصرە بە حالیکی خراپ گە رانەوە وهیچ‌ژبی نە کرا ، بیجگە لەمە ش بە تقدیر خوا فەر ئەنە بە کیش لە بحردا پەیا بو وبقایای دونیای روی غرق کرد .

له دوای ئەم غەبە یە ملك ناصر حالی مدافعەی ترك كرد وبە لشكریكەوە روی كردە فلسطین وده ستی كرد بە تضییق وتالانیان . گورانی وضعیی عسكریە وسیاسیەی مصر بەم تەرحە وتعرضی اردوەكەی بە فلسطین ، بوخەلكی مصر حادثە یەكی فوق العادە بو دەمیك بو لەژیر نفوذ ووحشتی فرەنك دا داما بون وئە یان تالاند . بەلام بە سایی حسن اداره ودهای ملك الناصر ەوە كە وتە حالیكتر ەوە ئەمجا فە رەنك لە تعرضی ئە وان ئە ترسا تبدلی وضعیت بەم نوعە محبتی ملك ناصری لەدلی مصریی یە كاندا نەیا ترجی گیر كرد وموقعی معنوی ومادی ی ملك روژ بە روژ لە بلندبدا بو .

ملك الناصر لە گەڵ ئەمە دا كە وزیری خلیفە (عاضد) بو لە طرف (سلطان نور الدین) یشەوە منصبی (سپەسالار) ی بو وزور مخلص سلطان بو . مشهور قضی الفضل وعماد الدین اصفهانی هردو كیان لە معینی ملك ناصر دا مأموزی مخابراتی رسمیە ومشاوری خاص بون . قاضی ابن شدادیش لە دواییدا [٥٨٤ ﻫ] بوبە كاتبی خصوصی ی سلطان صلاح الدین .

ملك ناصر ، لە دوای گوڕاند نەوە ی اختلالی داخلی وغلبە بە سر فەرنگدا ، ویستی بو تأمینی سر بە خوی وردە وردە مذهبی سنی لەبین مصر یە كانا بلاوكاتەوە ، بەم فكرە باشە دو مدرسە (حوجرە) ی

گه وره ی کرد دوه یه کیکیان (ناصریه) وئه وتیه یشیان (کامليه) ی ناونرا ، ابن اثیر ئه لی ، حبسخانه ی (دار المئونه) ی روخاند ومدرسه یه کی بو مذهبی شافعی له جیگه ی دورست کرد . (دار العدل) یشی کرد به مدرسه ی شافعی،قاضیانی شیعه ی مصری عزل کرد وله جیگه ی ئه وان قاضی ی شافعی ی دانا ، سلطان نور الدین ، بو خطبه خویند نه وه به ناوی خلیفه ی عباسیه وه زور الحاحی نه کرد وافسکاری عومیه ش ئه مه ی نه ویست بهلام ملك ناصر هه لهشی نه کرد وویستی اولاموقعی خوی باش قایم کاوله دوایدا دس بداته ئه م ایشه له دوای بینیك ، به عادتی خوی مجلسیکی استشاره ی کوکرده وه بمذاکره ی له گه ل کردن وله باشدا له سر قولری مجلسی خطبـــه به ناوی خلیفه ی عباسیه وه خوینرایه وه خلیفه ی فاطمی (العاضد) له ووقته دا نه خوش بو ، به امری ملك ئه م خبره یان لی شارده وه ، وواقعا له دوای چند روژیك (العاضد) وفاتی کرد [٥٦٧ ه] . ملك له وفاتی زور عاجز بو چونکه بو سیاستی به رامبه ر سلطان نور الدین مصلحت نه بو .

ملك ناصر ، له دوای دفن وتعزیه ی (العاضد)، نه ته وه ی وخانانی فاطمی ی له مصری خلیفه هینایه ده روه وله خانویکی نزیشد آفره ته کانی دانا وزور باش تماشای کردن مقصد له م جوی کرد نه وه ش منی زاووزی یان بو .

خزینه‌ی قصری خلافتی به سر امرا وپیاو ماقولان ومحتاجینا دا بەش کرد .

له دوای وفاتی (العاضد) ، ملك ناصر بو به حکمداری سر به خوی مصر ، اول ایش دورست کردنی قەلای (قاهره) بو . له ووقته ئەم پایتخته عبارت بو له چند پارچه یەك : فسطاط ، گەره که کانی کاحدی طولون دورستی کرد بو ، قاهرة المعزیه . ملك ناصر ، به دوری ئەمانه دا دیواریکی محکمی دورست کرد وقەلا یکیشی بەناوی خویەوه بو حمایه ومحافظەی شارەکه بنا کرد وله ناو ئەمه قەلایه شدا سرا ودواثر وبعضی خانوی مناسب بو خویو دشت وپیوه ندی دورست کرد .

ملك ناصر صلاح الدین ، نەی ئەویست که سلطان نور الدین لیی بکویته شبهەوه لەبەر ئەمەله خطبه والەدوای ناوی خلیفه ناوی سلطان نور الدین ذکرکرا وسکەی بناوی ئەوه وه لیدا ولەخزینەی قصری خلفای فاطمی . ودیاری یکی زوربه قیمتی و هەلبژارد ونادری .

ینیك ملك ناصر ، بوفتحی قەلای (شوبك) ، که له فلسطیندا وله سر ریگەی تجاری‌ی مصر وشامدا بوچو بەلام که یستی سلطان نور الدین روی کردوته ئەوناوه ، نەی ویست توشی وازی لەقەلا که هینا وگه رایەوه .

بعض امرای سلطان نور الدین که له فتحی مصر دالە گەل شیر کوەدو

ملك ناصر دانه ما وئه‌وه وچو بو ئه‌وه‌لای سلطان نور الدین ، ئه‌مانه داڤ سمیان ئه کرد که‌دلی سلطان نور الدین له‌گه‌ل ملك ناصر بگورن ، حتی ئه‌لین ، له‌دوای که رانه‌وه‌ی ملك له‌قه‌لای (شوبك) سلطان نورالدین روی کرده مصر وویستی بی گری . که ملك ناصر ئه‌م خبره‌ی بیست مجلس شورای کو کرده‌وه ومذا کره‌ی له‌گ ـ کردن ، یکی‌له اعضای مجلس کوتی لازمه شه‌ر له‌گه‌ل سلطان بکه‌ی . نجم الدین ایوبی باوکی که‌ئه‌مه‌ی بیست توره بو وگوتی : ولانه که ولاتی سلطانه وهمومان عبد وتبعه‌ی ئه‌وین وله‌سر ئه‌مه مجلس بلاوه‌ی کرد وله پاشدا نجم الدین ایوب گه‌لی‌پی‌مه ونصیحتی ملك ناصری کوری کرد .

واقعا سلطـان نور الدین له‌بەر بەغی ایش وکاری مهمی جزیره نه‌ی توانی‌بی بو مصر

ملك ناصر ، له دوای چنـدیك تورانشاهی برای بوئامین سودان وتدقیقی احوالی نارد

سلطان نور الدین ، له‌دوای ئه‌مه‌که کاغذی اطاعت وتابعیتی له‌ملك ناصروه‌ر گرت وایشو کاری جزیره‌شی ئه‌واو کرد . خبری‌نارد بو ملك ناصر که به‌لشکریه وه‌بی‌وله فلسطین یکدگیر بن وشه‌ر له‌گه‌ل ملکی قدس بکه‌ن . واقعا ملك ناصر اطاعتی کردوچو بەلام له‌پیش چاوی کەوتی سلطان به‌سبب نخوشی باوکیه وه‌گه رابه‌وه مصر

واقعا امیر نجم الدین ایوب لەنزیك (باب النصر) له ولاخ گلابو وله‌دوای چند روژیه وفاتی کرد .

سلطان نور الدین له گەرانه‌وه‌ی ملك ناصر عاجزبو وقراری دا که‌یه لشکر یکه‌وه بچنه سر مصر وداگیری کا وملك ناصر عزل بکا بەلام لجل میدانی نه‌دایه وله‌و روژانه‌دا وفاتی کرد [روژی جوارشه‌مو ٢١ شوال ٥٦٩] .

له پیش وفاتی سلطان نور الدین ، ملك ناصر زور فعالیتی نواندا ، له لایکه‌وه له ژیر نظارت وامری باوکیا لشکری مصر تنظیم وتربیه کرد وله قراغ بحری سپیشه‌وه تا شاری [قابس] هه‌مو (طرابلس غرب) و (تونس) ی داگیر کرد . لەلا یکیتریشه بو فتحی (یمن) تورانشاهی برای نارد [رجب ٥٦٩ ه] وئه‌و ولاته‌و (عدن) که وتنه ژیرا اداره‌ی سه‌ره وه .

له وینه دا له طرف شاعر (عمارة الیمن) وبعضی کسیتر اختلالیك ترتیب کرابو وئه‌مانه له گەل ملکی فه‌ره نگیشدا قسه‌یان کرد بوبه‌یك بەلام .له پیش وقوعیدا ، ملك خبری زانی وسیبکاره کانی هه‌لواسی.

له وینه دا دونمای (سجلیا) هاتبوه سر (اسکندریه) ملك ناصر زو دفعی کردوله وینه دا (قرالی قدس) پش مرد که دژمنیکی بەقوتی ملك ناصر بو .

نه دوای وفاتی سلطان نور الدین ، بو سر به خوبی بو ملك ناصر اینر مانیك نه‌مك وبه طبیعت حاکمیتی مطلقه‌ی شرق وسر داری‌ی اسلام که‌وته عوده‌ی ملك ناصر صلاح الدین یه‌وه . رقیبیکی وای بونه ما که بتوانی به رامبه‌ری راوه‌ستی . کوره منداله که‌ی سلطان نور الدین ، وسیف الدین حاکمی موصل وسلطانی سلجوقی روم له ناو دا هه‌بو به‌لام ئه‌مانه هیچیان حدی ئه‌وه یان نه‌بو که بتوانن رقابتی له گه‌ل یه‌کن . ملك ناصر ، چونکه شری فه‌ره‌نگی وددر کرد نیان له ولاتانی اسلامی به‌وظیفه یه‌کی دینی ئه زانی ، ویستی که له گه‌ل ئه‌م حاکمانی مسلمانا نه‌دا اتفاق بکا وهه‌مو قوتی اسلام به رامبه‌ر به دژمنی دین کوبکاته‌وه . ئه‌م فکره باشه امامی سیاستی مستقبلی ملك ناصر صلاح بو ووافعاله‌سر بشی رویشت .

له روای وفاتی سلطان نور الدین :

(ملك صالح اسماعیل) ، که هیشتا منداله ــ کی یانزه ساله بو ، هاته جیگه‌ی سلطان نور الدین باوکی ، وبه سبب بی اداره‌ی امرای باوکی غلبه یان لی سه‌ند سیف الدین آموزای که حاکمی موصل بو ، ولاتانی جزیره‌ی سلطان نور الدینی داگیر کرد . وامرا کانی نزیش هر یه که له جیگه‌ی خویدا که‌وته هوای سر به خوبی . ملك ناصر که ئه‌م حاله‌ی بیسته‌وه کاغذیکی بو وزیری ملك صالح ، که (شمس الدین محمدی کوری بدالملك

مقدم) بو ، نوسی ولومه‌ی کردن و کوتی اکرایوه بش خدمتی ملك ه
نه کەن وملکه کەی محافظه نه کەن خوی بالذات دی ومحافظه‌ی حقوق
ئه کا. امرای ملك صالح گویان نه دایه ئه م نصیحته

حاکمی حلب (شمس الدین بن دایه) ، (سعد الدین کشتکین)
ی ناردەلای ملك صالح وبانکی کردەحلب بو خاطری ئەمه ملك ناصر دەسی
نه ی گاتی ، خه لکی شام اولا نه بان هیشت ملك بچی بو حلب، به لام
دفعه ی دوه م کشتکین هات وئه فره ی داوبردیه حلب وله وی
(شمس الدین) ی گرت وله گه ل خزم وکوره کانیا حبسی کرد ،
له دوای ئه وه (کشتکین) بو قایم کردنی جیگه ی خوی له گه ل حکومتی
فه ره نکی (قدس) دا له حق ملك ناصر اتفاق کرد له سه ر ئه م احوال له
ملك ناصر کاغذیکی بو خلیفه ی عباس (المستضی بالله) نوسی وشکایتی
له م شورشو وباشا گردانیه‌ی مملکتی ملك صالح کرد.

واقعا له وینه دا وضعیتی سیاسیه بو ملك ناصر زور مساعدبو ،
مملکتی فلسطین وسوریه به ده س دو مندالی بی کاره وبو ئه مانه‌ش
(بالدوین چواره م ی به لدك) ی کوری ملك آموری وملك صالح اسماعیل
بون . لازم بو استفاده له م فرصته بکاوئه وملکنانه ینیته ژیرده سی خوی
له گه ل ئه مه شدا ملك ناصر هه له شه یی نه کرد چونکه نه ی ئه ویست
خه لکی شام له خوی عاجز کا له به رئه وه دائما کاغذی بو ملك صالح

نه نوسی وحرمت واطاعتی خوی عرض نه کرد سه‌ی بناوی ئه‌وه‌ملی
ئه‌دا وخطبه‌ی به‌ناوی ئه‌وه‌وه ئه‌خوینده‌وه.

که ملك صالح چو بو جلب و گشتکین بو نامری مس به‌ و ان مدمه
وامرای طرفداری که وتنه ترسه‌وه وکاتیش بو سیف الدین حاکمی
موصل نوسی که بیت ویاریه یان بدا والحال سیف الدین نروانیه نه کردن
وله دوای نرد دیکی زور بامکین له گهل ملك صالح نه کهوت،
امرای دمشق که ئه‌مه یان چاوپی کرت ئاخا وجیانامه‌یان بو ملك ناصر
نوسی تابیان گاتی ولهم نهلکه یه بجانز بدا.

ملك ناصر دمیك بو دعوتیکی رای نه خوا ئه وبست ده‌س به‌ی
هه‌لسا وبه لشکره وه ده شتی ( ) ی کرتی وله خاکی مدس بابی خوف
تی‌پری وکه یشته خاکی سوریه له پیش هر کیدا ئاگری وخانه‌ی بندای
نوسیوکه زور پی ویسته سوریه شی به‌ده سه‌وه نی تا وان له گه‌ل حکومتی
قه‌ره نگا خاریکبی ومداوه‌ای اسلامیت بکا وئاگا حکومتی کاره‌ی
ملك صالح ئهم خدمته یان پی ناکری ونه‌یان کردوه یاکو له گهل دشمنی
دینا اتفاقیان کردوه. ملك ناصر، به‌م تاریخه مساعده‌ی له خلیفه و ر
گرت وله‌لای هه‌مو کس به مدافع اسلام ناسرا له‌بر ئه‌وه نهك ئه‌مه‌ی که
توشی مقاومتیك بی بلکو له هه‌مو لایکه‌وه امداد ومعاونتی بو هات.
خلاصه ملك ناصر گه‌یشته (بصری) وحا که کهی چو به‌یر به‌وه

واطاعتی کرد لەم شارەوە راستە وراست روی کردە شام وئە اواخری ربیع الاولی ٥٧٠ ی هجریدا کە پشتە ئەوی وداخلی شاربو وچوە مالی باوکی وئە دوای استراحت لەوی فەلاکەی تسلیم کرا وخزینە ومالیکی زوری تیابو هەموی بەسر خەلکی شامدا دابەش کرد وهەمو کەیک لە قدومی ممنون ومسرور بو.

ملك ناصر ، بە فکریکی دا هیانە دائما لە مخابرە ومعاملە یدا خوی وائە نواند کەتەنیا بو معاونت وخدمتی کوری ولی نعمتی کە ملك صالحە هاتوە ، وئە بەر ئەم حالە هەمو کس زیاتر خوشی ویست وامراو اشراف شام بەدل وبە گیان تابعی امر ونهی بون .

ملك ناصر ، لە دوای ریك خستنی ایشو وکاری شام :سیف الاسلام (طغتکین) ی برای بەسر یوە دانا وروی کردە(حمص) شارە کەی گرت ومتداری قوتیشی بومحاصرەی فەلاکەی بە جی هیشت وروی کردە(حما). حاکمی ئەم شارە ,امیرعزالدین جوردیك)بوکەلەسفری سیەمی ،صردا لەگەل امیر صلاح الدین بو بەلام لە دوای وزارتی نەی ویست لە معیتیدابی وگەرابو ەوە شام ئەم امیرە اولا نەی ویست اطاعتی ؛ کا بەلام لە دوایدا ملك ناصری امین کردەوە وشارە کەی تسلیم کرد تەنیا فەلاکە بەدەس برا کەیەوەما ،ولە طرف ملکەوە بە مرخص بو حلب نیررانا لەوی اسرا بەردەن ومیدان بەرژانی خوین لە بینی اسلامدا نەدەن . بەلام امیر عز الدین کەگە یشت حلب ، (کمشتکین) گرتی وحبسی کرد . برای امیر

عز الدين كه‌ئه‌م خبره‌ي بيست فه‌لاى(حما) شى تسليمى ملك ناصر كرد، له دواى ئه‌مه، ملك روبى بوحلب وله‌سيه‌م، وژى جمادى الاخرى ٥٧٠ داشاره كه‌ى محاصره كرد واءلانيشى كرد كه به دژمنايه تى نه هاتوه بلكو بوخلاص كردنى پادشاه له ده‌س (كمشتكين) وبعضى امراي عاصى هاتوته ئه‌م ولاته .

كمشتكين كه چاوى به‌م حاله كه وت وبستى به واسطه ى فدائى ى اسماعيلى ملك ناصر له ناو به ري وساعى ى مخصوص ناردە لاي مرشدى اسماعيلى (شيخ الجبل راشد الدين سنان) وله طرف ئه‌م شيخه وه‌چند فدائى يك نيررا به لام ملك ناصر پي ي زانى وهه موى كوشتن .

له دواى ئه‌مه ، به تضييق (كمشتكين) ملك صالح خه لكى له‌عليهى ملك ناصر تشويق كرد بوشر ووافقا فه لاى حلبيان به شدت مدافعه كرد.

كمشتكين ، له لا يكيريشه وه (رياموند) ى حاكى (طرابلس) ى ، كه‌له زمانى سلطان نورالدينه وه حبس بو ، يه ره لا كرد تا به‌رامبه‌ر به ملك ناصر يارمه‌يان بدا ، ئه‌م فوماندانى فه ره نكه له دواي به‌ربونى بوبه وصى ى (ملك بالدوين) ي قدس وطلبى معاونتى كمشتكينى به‌فرصت زانى تاحق له اسلام بسينيته وه وبه لشكريكه وه روى كرده (حمص) . ملك ناصر كه واى زانى وازى له محاصره‌ى حلب هينا وروى كرده لشكرى قدس ، به لام (رياموند) نه‌ى ويرا راوه ستى وگه‌را به‌ره..ملك

ناصریش (بعلبك) ی زه وت کرد وچووه شام .

ملك صالح ، طلبی امدادی له سیف الدین حا می موصل کردوتهم حا که دهس به جی به خوو لشکریه وه هات وله گهل لشکری حلب یکد گیر بو وهردولا روبان کرده ملك ناصر ، به لام ملك چونکه . حه زی نه ئه کرد که فساد له بین اسلا مدا بی وفه ره نك استفاده بکا تکایی رنك که و ن لی کردن وخبری بونادن که به عیری شام ، ئهو ولاتانه ی که ر ون کردوه مه مویان بوردئه کانه وه وته نیابه و کالی ملك صالح شام بوخوی ئه هیلیته وه وئه گه ریته وه مصر . به لام ... الدین وملك صالح موليان نه کرد له دوای ئه مه ملك ناصر روی ئی کردن وله رنك ... ما له ١٩ رمضان ٥٧٠ دا شریکی فورس قه وما وملك ... به ... کردوه خراب شکاندنی وتا حلب رؤی ... وهیم ... ده داعاصره ی کردن . سیف الدین خوی ده ربار کرد ... وه وصل ، به لام لشکری ملك وازیان لی نه هیناور وبان کرد ... سیف الدین لشکرکی شه ش هزار کسی به پیره وه نارد وله ژیل ناوطان) دا توشی لشکری ملك بون وئهم جاره ش لشکری موصل پریشان بو وزوربان لی به دیل گیرا وتالانیکی زور دهس لشکری مصر که وت . بقیه ی لشکری موصل رایان کرده حلب . ملك ناصر له دوای ئه م ظفره له ریگه یدا قه لای (یزاغـه) و (منبـج)

و (اغزار) ی زه وت کرد وده‌سی کرد به تضییق کردنی قه لای حاب له وقتیکدا که ملك ناصر ، له گه ل محاصره‌ی قه لای (اغزار) (نزیك حاب)خه ریك بو روژ بك فدائی به ك له بریکا هجومی کرده‌سری وشیریکی له سری دا به لام له به ر کلاو زری کم تأثیری کرد وده سنه وداثره‌ی ملك به فریادا گه یشتن و کابرایان کوشت زوری پی نه چو یك له دوای یك چند فدائی بکستیر هه لیان کوتایه سر ملك به لام هه مویان له ناویزان . ئه م قاتلانه‌له طرف (کمشتکین)ی خائنه‌وه نیررابون. ملك ناصر له دوای ئه م حادثه یه قه لای (حاب) ی زیاتر تضییق کرد ونهایت خه لکی شاره که نه یان توانی به رامبه‌ر به شدنی،ملك‌راوه ستن وبه بعض شروط صلحیان وبست .

له وبینه دا کچیکی سلطان نور الدین وخوشکی ملك‌صالح وشفاءت هاته لای ملك ناصر ، وملك زور قدر وحرمتی گرت وله به‌ر خاطری نه وکسی آزار نه دا ، اسیره کانی حابی به‌ره الا کرد وبرنیداره کانی تداوی کرد .

نهایت ملك صالح ، له سر میلی خه لکه که به صلح رازی بو ووازی له وولاتانه هینا که ده‌ست ملك ناصر که‌وتو ، وبه م نه رحه غیری (حلب) واطراف هیچ جیگه یه‌ك بو ملك صالح نه مایه وه وهه‌مو که وته ژیر حکمی ملك ناصره وه .

له دوای ئەم صلحەملاك له شوالی ئه وساله دا كه رایه وه (شام) وله وی خه لانی خلیفه ی عباسی ی كه بغدی وبه ناوی خلیفه وه بو به صاحبی مصر وشام وعێراق(سلطان) بشی درایه . وله اعتباری ئەوروژەوه ناوی ملك صالح له سكه وخطبه هه لگیرا وسكه به ناوی « ملك ناصر یوسف بن ایوب » وه لی درا . له دوای ئه مه له وسفره دا هر چی تالانیك دەس كه وتبو هه موی به سر لشكرا دا به ش كرد .

دوری سلطانی :

سلطان صلاح الدین له دوای ریك خستنی ایش و كاری سوریه فرقه ی اسماعیلیه ی تربیه كرد وله دوای حه سانه وه له شام ، تورانشاهی برای كه له یمنه وه بودیده نی هاتبو ، كرد به وكیل وله سر سوریه ی دانا وگه رایه وه مصر ودەسی كرد به بنای شوره ی دوری قاهره رفه لا كه ی . واقعا ئەم شوره به زور جار تعمیر وتغییر كرا بەلام علامتی به یاخی سلطان كه (هه لو) به كی سور له سر زمینكی زرد بو ، ایستاكه ش به سر بكی له دیواره كانی قه لا كه وه ماوه .

له دوای گه رانه وه ی سلطان بو مصر ، فه ره نگ به فرصتان زانی له دوقوله وه رویان كرده شام وبملبك وئه وناوه یان تالان وویران كرد وتورانشاهیشیان شكاند وزوریان له مسلمانان به دیل گرت .

سلطان صلاح الدین كه ئه مه ی بیست به لشكریكی چوكه وه روی

کرده فلسطین وتا (رمله) هات وله‌وی توشی لشکریکی به‌قوتی فاره‌نك
بو وکه‌وتنه شرده‌وه بەلام ئام غلبه یه‌بو دژمن و وسلطان له تهلکه یکی
گه‌وره نجاتی بو [٥٧٣ ه]، (امیر عیدی) ی حکاری لام شره دا که‌وته
ده‌س فه‌ره‌نك وله دوایدا سلطان به‌پاره کریه‌وه ٠

سلطان صلاح الدین گه‌رایه‌وه مصر وئه‌م جاره لشکریکی به‌قوتی
کو کرده‌وه وله دوای سیه مانك روی کرده سوریه ولشکری شامیش
خسته نك خوی وتنکی به فاره‌نك هال چنی له وینه دا لشکری کاوور
(جما) یان تضییق کردبو وله‌دوایدا چونه سر (حارم) که‌له ژیر حاکمی
حلبدا بو وله دوای سه‌ندنی پاره یکی زور له ملك صالح گه‌رانه وه
دواوه ٠

فه‌ره‌نك به‌رامبه به‌سلطان ، خوی به‌ضعیف دی وبه ترسیکی دوایی
دەسی کرد به قایم کردنی سرحدی خوی ودوزست کردنی فه‌لایك
له نزیك (بیت یعقوب) ، ئه‌م فه‌لایه بو اسلام خراپ بو له‌بەر ئه‌وه
سلطان ویستی به طماعی مال وازیان پی بنی بەلام فائده‌ی نه‌بو وته‌وا
ویان کرد وبوبه مرکزیکی مهمی حربی ، ملکی قدس له دوای ته‌واو
کردنی ئه‌م فه‌لایه لشکریکی نارده سرسوریه وسلطانیش (امیرفرخشاه)ی
برازای به لشکریکه وه نارده به رامبەر یان وفرخشاه فه‌ره‌نکی خراپ
شکاندو ئه‌وه نده‌ی نه‌ما بو ملکی قدس اسیر کا بەلام شوالیه یکی کاور

که‌ناو (همفری) بو ملـکی رزگـار کرد .

له لا یـکی تریشه‌وه سلطان صلاح الدین خوی به‌لشکره‌وه چوه سر قه‌لای یعقوب ومحاصره‌ی کرد وده‌سی کرد به‌تالان کردنی اطرافی (صیدا) و (بیروت) .

ملـکی قدس بو انتقام له سلطان ومنعی تالانی مسلمانان به لشکریکی زور بـقوه‌وه روی کرده لشکری سلطان وله (مرج العیون) دا شریکی زور قورس له‌یندا قه‌وما وفه ره‌نك زور خراپ شکا زوریان‌لی، به دیل گیرا حاکمی طرابلس (ریاموند) ، وحاکمی رمله (بولدوین) وحاکمی طبریه (هرج) وبعض پیاوماقولا نیتری فه ره نـکیش له نا ناسرا دابون [٢ محرم ٥٧٥ ، ١٠ حزیران ١١٧٩ م] .

سلطان له دوای ئه م ظفره بلنده به دومانك هاته وه سرقه لای یعقوب‌وله ظرفی پنج‌روژدا گرتی‌ومحافظانی فه‌روه‌نکی‌اسیر کرد وقه لاکه‌ی تیك وه‌ه کان دا .

به سبب له دەس چونی قه لای یعقوب ، فه ره نك که وته ترسه وه وطلبی متارکه یه کی دوسالی‌ی کرد وسلطان قبولی کرد به غیری حاکمی (انطاکیه) هه مو امرای فه ره نك داخلی ئه م صلحه بون .

سلطان صلاح الدین ویستی له‌م فرصته دا ایشو کاری جزیره‌ش صاغ بکاته‌وه حاکمی (حصن کیف) نور الدین ، که زاوای (قلیج ارسلان)

ی حاکمی سلجوق ی روم بو ، له‌گه‌ل خه زوربدا نیك چوبو وله‌سر ئه‌وه
(قلیج ارسلان) اعلانی حربی له‌گه‌ل کردبو والحال امیر نور الدین
متفقی سلطان بو هه‌ر چنده سلطان صلاح الدین له وقعه‌ی (حصن رعبان)
هوه رقی له (قلیج ارسلان) بو ، به‌لام دیسان نه‌ی ویست خوین له بینی
مسلمانانا بریژری وریسکی خستن وخرشی جوه سه‌ر حاکمی ارمنیه‌ی بچوك
که (روبین) بو وشکاندی ومجبوری صلحی کرد .

له م ظفرانه ی یك له دوای یکی سلطان هوکس ا کاهداربو
ودرجای شوکت وقدرتیان به ته افزار کرد وهه موحکومته بچکوله کان
بو دوستایه تی هه ولیان دا وگه وره یی ی سلطان صلاح الدینیان قبول
کرد وله بینی خویان وسلطاندا اتفاقیکیان کرد که له اعتباری جمادی
الاولی ٥٧٥ هـ | تشرین اول ١١٨٠ م | وه ته بوایه دوسال دوامی
بکردایه . حاکمی موصل ، وجزیره ، وهه ولیر ، وحصن کیف وماردین
وسلطانی روم وملکی ارمنیه‌ش داخل ئه‌م اتفاقه بون،وقول وبربه‌یان کرد که
له م مدته داشر ا گه‌ل یك نکه ن . به م نوعه شری بینی مسلمانان
دوایی ی هات وشوره تی گه وره یی سلطان ، به ناوولاتانی بینی(بحری
ره‌ش) و(خلیج فارس) و(بحری سپی) دابلاو بوه وه ، وبه‌واسطه‌ی
ئه م اتفاقه وه امکانی استعمال کردنی هه مرقوئی اسلام به رامبه‌ز به ئه‌
ره نك حاصل بو . له دوای ئه مه سلطان به دلیکی راحته وه له رجبی

٥٧٦ دا گه رایه وه مصر ،وامیر فرخشاهی برازای به سرشامه‌وه به‌جی هیشت

سلطان ، که گه یشته مصر دەستی کرد به ریك خستنی ایشو کاری ئه‌وی وکردنه وه‌ی مکبت ومدرسه وچاك کردنی ریگه وبان وتحکیم کردنی اسکندریه تورانشاهی برای ،که له دوای (بعابك) اسکندریه‌ی درا وبه ، له‌پش گه یشتنی سلطان به مصر وفاتی کردبو .

له وقتیکدا که سلطان له گه‌ل ایشو کاری مصر خه‌ریك بو ، خبری بوهات که ریزولد (ارناط) ی حاکمی (کرك) به خلافو شروطی مصالحه، کاروانیکی تجاری اسلامی ، که له نزیك (کرن) هوه تی ئه‌په‌رین ، تالان کرد . تصادف له وقته دا گه‌می به‌کی حجاجی مسیحی لای دابوه (دمیاط) سلطان بو رامبه‌ری به‌معامله‌ی حاکمی (کرك) ئه‌و حجاجانه‌ی گرت .

هه‌ر له وینه دا حاکمی موصل وجزیره امیر سیف لدین غازی وفاتی کرد (جزره ی ابن عمر) ی دابو به (سنجر شاه) ی کوری و (عقری حمیدی)شی دابو به (ناصر الدین کشلك)وباقی ولاتانی موصل وجزیره‌سی وصیت کردبو بو (عز الدین مسعود) ی برای .

له دوای چند وقتیکیتر (ملك صالح اسماعیل) یش وفاتی کرد [٢٥ رجب ٥٧٧] و (حلب) ی وصیب کردبو بو (عز الدین مسعود)

امیر عز الدین له دوایدا (حلب) ی بۆ رامبەر به (سنجار) دا به (عماد الدین) ی برای [١٣ محرم ٥٧٨] .

سلطان صلاح الدین له وڵاتی ملك صالح وله زەوت كرانی (حلب) له طرف(عماد الدین) هوه زور سەغڵەت بو ، بەڵام بەسبب اتفاق دوسالەوه نەكن نەبو بچێته سری و (حلب) ی لی بستنی ، واقعاً سلطان زوررعایتی شرط وعهدی نه كردوقەت عهدومیثاقی نەشه شكاند ونەی شكاندوەله گەل ئەمه شدا هیشتا بۆته واوبۆنی مدتی مهاهدەچوار مانگ مابو كەچی خبری بوهات كه بعضی له متفقه كانی له گەل شیخی جبل وفەرەنسكدا له علیهی سلطان خەریكی ریك كەوتنن .

لەسر ئەم احوال واخباره سلطان صلاح الدین بەلشكرەوەدروی كرده شام . بارگانی‌ی‌له گەل (تاج الملوك بوری) ی برایدا ناردبو شام‌وخوی بەلشكرەوه دەسی كرد بەتالان كردنی ولاتی فەرەنك ودشمن نەی وبرا ریگەی پی نگری وبەبی زحمت له صفری ٥٧٨ داگه یشته شام .

له دوای استراحتی چند روژ یك دیسان هه لی كوتایه ولاتی فه ره نك ، زوری‌لی كوشتن و (یسان) یش گرت وگه رایه وه شـام . له دوای مانگیك چو(بیروت)ی‌له‌جهت بحر وره وه‌به‌اوردودونیمحاصره‌ی كرد به لام له پیش گرتن ئەم شاره له سر دەستی (گوگبوری)ی حاكمی (حران) روی كرده جزیره له م بینەدا مدتی اتفاق ته واوبو بو واغلبی

حاکمانی جزیره ئه یان ئه ویست بچنه ژیر اطاعتی سلطانه وه وئه م آرزوه شیان عرض کردبو ، ئه م حاله بو غلبه‌ی سلطان مقدمه یکی خیریو وویستی له‌مه استفاده بکا وموصل بگری ووافعا چو ومحاصره ی کرد به لام‌له دوای دومانك موصـــــلی به جی هیشت وچو (سنجار) ی گرت [٢ رمضان ٥٧٨] ٠

له وبینه‌دا خبری زانی که فه‌ره‌نك خه‌ریکی‌خو حاضر کردنه بوئه‌لانی جنوبی سوریه ، سلطان اهمیتی نه دایه وگوتی ، فه ره نك له وی بلکو بعض کوند رموندی زه‌وئه کا والحال ایمه لیره شاران‌ئه گرین‌هـ وقتی گه راینه وه ئه وی. ممکنه فه ره نك بشکینین وله ولاته که ی ده رکه ین واقعا مقصدی سلطان اول‌وآخر هینانه ژیر اطاعتی امرای‌اسلام‌واستفاده له قوت واتحادیان بو به رامبه ر به فه ره نك وبوسه ند نه وه ی (قدس شریف) ، به م فکره وبه‌تی او لا ایش جزیره نه واو کا .

سلطان صلاح الدین له دوای (سنجار) روی کرده فه لای آمد (دیار بکر) وله دوای محاصره یکی هه شت روژی ئه وقه لا محکم وگه وره یه ی گرت. له وبینه دا خبری بو هات که (عماد الدین)ی حاکمی حلب ، له علیهی‌له گه ل فه ره نکدا اتفاقی کردوه وئه یانه وی تعرض یکه نه ولاتانی سلطان ، له دوای ئه م خبره دس به جی له فرات په‌ریه‌وه وله ریگه بدا (غینان) ی له ١٦ محرم ٥٧٩ دا گرت له باشدا چو

حابی محاصره کرد . عماد الدین که زنی ی ناتوانی خوی را بگری طابی له سلطان کرد که له بانی (حلب) سنجاری له گه ل تو ا بعیدا (وه کو نصیبین، خابور ، رقه رسروج) بدانی سلطانی صلاح الدین ئهم کوردینه ره ی قبول کرد وله ۱۷ صفر ۵۷۹ (۱۹ حزیران ۱۸۳) دا داخلی (حلب) بو ، وخه لکی ولاته که به اهنك وشادی استقبالیان کرد وزور ممنون بون له وقتی محاصره ی حابدا بو که خبری وفاتی مجد الدین بوری برای بو هات وزورسه خه ت بو .

قاضی ی شام (محی الدین ی کوری زکی) ، له دوای فتحی حلب قصیده یکی مدحیه ی بو سلطان نوسی که ئه م بیته له وه :

وفتحكم حلباً بالسيف في صفر مبشر بفتوح القدس في رجب

حقیقت فتحی قدس به فاصله یه کی چوار سالی تصادفی مانگی محرمی کرد .

له دوای فتحی حلب شوره ت وگه وره یی ی سلطان به طبیعت زیاتر بو وبه گه وره ی هه مو امرای اسلام ناسرا به غیری موصل له جزیره وه تا (رمله) وله وبوه تا طرابلس ویمن هه موی تابعی امر ونهی ی بو . ته نیا فکری له گه ل زه وت کردنی قدس شریف وده ر کردنی فرهنك له ولاتی اسلام خه ریك بو .

سلطان صلاح الدین ، له ۳ جمادی اول ۵۷۹دا له حلب جوی بو دوه

له وبنه دا ڤ ره نك له وڤاتی (فرخشاه)ی نائبی سلطان له شام استفاده‌یان کرد وتانزیکی شام ولانیان تالان کرد له لایکی تریشاوه امیری (کرك) تا (مدینه ی منوره) ئه وناوه ی ویران کرد و-تی‌ئه‌وه نده‌ی نه ما بو که مدینه ش بگری ، به لام امیر لؤڤ به فردیادا گه یشت‌ولشکری (کره‌ك)ی شکاند زوری لی به دیل گرتن. سلطان لام احواله عاجز بو وویستی زور باش فه‌ره‌نك تربیه بکا به لشکره وه له چه‌ می (اردن) به ریوه وگه یشته (بیسان) وسوتاندی : وله ژوری (الفو = عفو له) توشی لشکری‌فه‌ره‌نك بو به عکس زوری ی نه یان ویرا بکه ونه شره‌وه وله دوای به‌یانیك گه رانه‌وه طرفی (حضوریه)

له‌دوای ئه‌مه سلطان‌چوه سر (کرك)ومحاصره‌ی کرد به‌لام‌فائده‌ی نه بو . سالی دوایش هاته‌وه سری ودیسانه وه نه گیرا [1]

---

[1] مجموعه‌ی (کل شیء) ، له نسخه‌ی ٢٦٩ ، وله تاریخی ١١ بولیه ١٣١٩ له زیر عنوانی (صلاح الدین والاسره الافرنجیه) دا درحق یه‌م محاصره‌ی (کرك)ه حکایتیکی نوسیوه وخلاصه ئه‌لی : « له تشرین ثانی‌ی ٥٧٩ ه دا سلطان صلاح الدین ڤه‌لای کرکی تضییق کرد . له وبنه دا همفروای جوارهم (کونت دی تورون) کجی (کونت رینودی شاتلیون) ی ماره کردبو وله برجیکی ڤه‌لاکه دا خه‌ریکی شایی بون ، دایکی ژاوا یرنس (ایتانات) ایلچیه کی له‌گل بعضی بیاوما نول ودیاریدا نارد بولای سلطان وکاغذیکی بونوسی ورجا کرد که‌له شه‌وی معلوم‌دا نه‌و برجه ناراحت نکهن وطرق اسلامیش دیاری شایی بول بکهن پرانسیس له کاغذه‌که‌یدا خطاب به سلطان ئه‌لی(له و تیکدا له تصری ایمه امیر بوی وداغ منت له‌کرت‌به‌باوه=

له پاشا ئەم حادثاته امرای قەرەنك به متفقی طلبی صلحی چوار سالیان له سلطان کرد وئەم تکلیفەش قبول کرا ، وسلطان گه رایەوه (شام) .

لەوبینەدا حاکمی موصل ، بە موافقتی خلیفەی عباسی ویستی لەگەل سلطاندا صلح بکا وبەم مقصده بهاء الدین کوری شدادی کەله لای سلطان زور خوشه ویست بو ، له گه ل شیخ الشیوخ صدر الدیندا نارده شام ، به لام سلطان صلاح الدین به مصلحتی نه زانی وله دوای بنیك به لشکره وه روی کرده موصل ومحاصره ی کرد [٥٨١ ﻫ] حاکمی موصل بو رجای صلح کچی سلطان نور الدین مامی که دیکی بو ، نارده لای سلطان ، به لام فائده ی نه بو .

سلطان ، که خبری بعض احوال واختلافاتی ارمنشتی بیست وازی له محاصره هینا وچو (میافارقین) ی گرت [ربیع الاخر ٥٨١]وله پاشدا گه رایه وه سر موصل به لام نه خوش گه وت وناعلاج ماگه رایه وه (حران) . له ریگه توشی مرخصیکی تری حاکم موصل هات بعض شروطی

=شەوه وئەت کردم، لەبەر خاطری دوستایەتی نەوروزه مان شابی کورەکەم مه شیونیه) . واقعا سلطان صلاح الدین امری دا وەوئەتی وازله تضییق هینا وسلطان بامضای خوی کاغذیکی دلنوایی بو یرنسس نوس وناردی » ، بە کورەی ئەم معومانه واحالی ئەبن که سلطان له وتی خویدا اسیربوه وەدتیك بەدەس(هومفروا) وه ماوه تەوه

باش ، وه کو خطبه خویندن وسکه لی دان به ناوی سلطانه وه وترك کردنی بض ولا تانیز ، رجای آشتي ی کرد .

سلطان صلاح که گه یشته (حران) نه خوشیه کهی قورستر بووختی بعضیك امیدیان له ژیانی بری وسلطانیش وصیتی کرد ، بهلام زوری پی نهچو نهخو شیه کهی سوك بو وچاك بوهوه . له ووقتهدا ابن شداد گه یشته حران[اواخری ذی القعده ۵۸۹] وبهناوی حا کمی موصلهوه صلحنامهی مور کرد به کورهی ئهم صلحه سلطان صلاح الدین بوه حکداری جزیرهی شمالی وبه شیکی کوردستان .

سلطان ، له دوای ئهم صلحه له (حران) هه لسا وچند روژیك له (حمص) دا مایهوه وله وی ناصر الدینی کوری شیر کوهی دلی کوشت چونکه له وقتی نهخوشی سلطاندا له بنی امرا دا سعی بو حکداری خوی کردبو ، لهجیگهی ناصر الدین کوره کهی کردبه حا کمی (حمص) وله محرمی ۵۸۲ دا هاتهوه شام .

سلطانه صلاح الدینی واهلی صلیب :

سلطان صلاح له دوای ئهمه که ایشو کاری سوریه وجزیرهی بریهوه ، آگری حسادت ونفاق امرای ئهوناوهی کوژاندهوه وهموی تابعی امر وفرمانی خوی کردن ، قرته بلاوه کهی امرای مسلمین ، که اغلب بوشرو دعوای ناخوبان صرف ئه کرا ، کو کردهوه ویوگه یشتن به ومقصدهمبارکه

کەی خوی کە فتحی قدس وەدە رێەراندی اهل صلیب لە فلسطین بوتوانی بەعمل بهینی ولەم وحدتە ونفوذی حاکمەی خوی بەتە واوی امین بو ، اینجا قراری بە اعلانی جهادی مقدس بەرامبەر بەڤ رەنك دا. تفرقەونفاق امرای‌فەرەنك لە فلسطیندا بو تطبیقی ئەم قرارە زور مساعدبو. باخصوص لەدوای مردنی ملك (بالدوین) ی چوارەم ایشو کاری حکومە بینیك بە وکالت بە دەس (ریاموند) ی حاکمی (طرابلس) ەوەبو لە دوایدا (سیبیل)ی خوشکی پادشاه مردوه که شوی کرد بە (جوی) ناو امیریکی فەرەنك وتاجیش ئایە سرسری . ئەم (جوی) بەلشکری کردە سر (ریاموند) کەلە (طبریە) بو وئەم (ریاموند) ەش دلوای کومە کی لە سلطان کرد . بەلام سلطان آرزوی نەئە کرد کەلە پیش تە واوبونی مدتی معاهدە هەلکو تیتە سر فەرەنك .

ئەم نقض عهدە ئەم جارەش لەطرف فەرەنکەوە وبە واسطە ی (رینولد)ی امیری (کرك) ەوە کرا . واقعا لە ٥٨٢ ھ دا ، کاروانیکی گەورەی اسلام ، لە وقتیکدا کەلەنزیك (کرك) ەوە تی پەر ئەبو ، ئوشی تعرضی فەرەنك بو وەەو مالیان لەدەس چو پیاو وآفرەتی ئەم کاردانەش اسیرکرا بە روایتیك خوشکی سلطانیش لەناو ئەم اسیرانە دابو،(رینولد) بەمەش راضی نەبو وبعضی تحقیرات وتعرضاتی بەدین اسلامیش کرد . ئەم خبرە کە گەیشتە سلطان زور سەغلەت‌بو وسوبندی خوارد اگر

(رینولد) بگری ئەبێ بەدەس خوێی کوژی .

لەدوای ئەم وقەیە سلطان اعلانی غزای کردبو محاوغەی حجاجیس ئەوی پی ویست بو کردی ،وله (قصری سلامه) ، کەله نزیك (بصری) یاوەبو ، اردو کەی دا مزراند . زوری پی نە چو لشکری (مصر) یشی کەیشتی ، وملك افضلی کوریشی له جهت (عکا) وه شکستیکی باش بەبه شیکی اردوی فەرەنك دابو .

نهایت (ریامونڈ) پش له گەل فەرەنك آشت بودوه وبەم تەرحه قوتی فەرەنك زور بو .

سلطان صلاح الدین مجلس شورای حربی کو کردەوه وئەم مجلسه قراری به شری فەرەنك دا . وڕۆژی پێنج شەمو ١٦ ربیع الاول ٥٨٣ ه ، لشکری اسلام بەیەکردە میدا رابوارد وروژی دوایی له دوای نوێژی جمعه ئەخوار (طبریه) وه له جەمی (اردن) بەرەوه یاوه . وناردی بو کشفی لشکری دژمن کەله (صخوریه) بو . له دوایدا قوتیکی بەرامبه دوژمن دانا وخوی چوه سر (طبریه) وزەوتی کرد بەلام مال ومندالی (ریامونڈ) خویان هاویشته قەلا کەوه وطلبی معاونتیان له (ملك جوی) کرد.لەدوای مذاکره کەیکی دورو دریژ فەرەنك قراری شری دا . وویستی ریگەی او له سلطان بڕی بەلام به غلط چو چونکه سلطان ئەم خصوصەی تأمین کردبو ریگەی آوی له لشکری فەرەنك بڕیو،روژی اول لشکری

فەرەنك هولی بو برین ریـگەی آودا بەلام موّفق نەبو وله وروژه گرمایه دا خویان لەبی آوی شیرزه بون وگەرانەوه اردوگاهی خویان روژی دوایی لشکری اسلام به هەله تیکی شیرانه رویان کردە لشکری فەرەنك وته فروتونایان کردن له لایـکەوه حەلەی اسلام وله لایکیتریشه تأثیری تینو یەتی فەرەنـکی بـته واوی له کار خست وئەم روژی ٢٦ ربیع الاخر ٥٨٣ یه ، روژی روخانی بناغەی اماراتی فەرەنـکی فلسطین بو ملك جوی،امیری کرگ برای ملك وبعضی امرای تیریش له گەل فەرنـگیکی زور بەدیل گیران داری صلیبی مقدسیش لەناو تالانابو وله وروژەی که فەرەنك هاتبوه ئەم ناوه نابو روژه توشی شکستیکی وا کەوره وبه تأثیر نەبو بو .

له دوای شر خیوه تیکیان بو سلطان هەلدا وله گەل امرا وپیاوما قولانا تیادانیشت ملك جوی وامیری (کرگ) یان هینا ودانیشتن، ملك داوای آوی کرد دەس بەجی بەفرا ویان بوهینا توزیـکی لی خوارده وه ودای به امیری (کرگ) ، بەلام سلطان دەس بەجی منعی کرد وگوتی: « ایمه ئەم آوه مان بەو نەدا وه تاله انتقامی ایمه امین بی » ، له دوای ئەمه باسی وحشت وغداری‌ی امیری کرگی درحق به کاوان وحجاجی مسلمانان کرد وله پاشدا بەدەس خوی سری بڕی وسوێندە کەی هینا یەجی ، ملك جوی لەم معامله بەترسا بالام سلطان دلخوشی‌ی دایەوه

وله‌گه‌ڵ باقی دیله‌کانا به حرمت وعزت ناردنی بوشام . ته‌نیا له بینی ئه‌مانه‌دا دوصد کسیکی هه‌ل بژارد که‌به خراپه وظلمیان درحق اسلام مشهور بون وئه‌م دو صدی کوشت

له دوای چند روژیك سلطان چوه‌وه سر طبریه وژنه که‌ی (ریاموند) ، مایوس بو وقه‌لا که‌ی تسلیم نکرد . له دوای ئه‌مه سلطان صلاح الدین روی کرده باقی ولاتانی فلسطین ذاتا قوتیکی وانه مابو به رامبه‌ری راوه ستی ، وگه پشته به رامبه‌ر هرقه لا وشاریك ده‌س به‌چی قایی‌ی بو ئه‌کرا یه‌وه ودرحق به اهالی دائما روخوشی وعدالتیکی به رزی ئه‌نواند .

له دوای طبریه روی کرده (عکا) ، به‌لام ئه‌م قه‌لایه تسلیم نه‌بو ومدافعه یکی کورتی کرد له پاشدا به امید لطفی سلطان تسلیم بو وخه‌لکی رویشتن وروژی۲جمادی الاول۵۸۳ه لشکری اسلام داخلی ئه‌وقه‌لایه بو ، وله مزگه‌وته که‌یدا که گاوره کان کردبو یان به کلیسا نوێژی جمعه یان کرد لیره مال وغنائمیکی زور ده‌س اسلام که‌وت .

له دوای ئه‌مه سلطان ملك عادلی برای نارد تا له حدودی مصره‌وه ده‌س پی بکا وملك عادل (حصن مجدل یافا) و (یافا) ی گرت‌ودیلیکی زوری ده‌س که‌وت .

سلطان خوشی له عکاوه بعضی قولی ناردو و (ناصره) ، (فیساریه)

(صیفا) ، (صفوریه) ، (شقیف) و (الفوله = عفوله) ی داگیرکرد له‌لا یه‌کتریشه‌وه (نابلس) و (سبسطیه) وبه‌شی قصبه‌ی ئری ئه‌و ناوه‌ی گرت .

له دواییدا خوی بالذات چوه سر (تینین) و کرئی له ویره روی کرده (صیدا) وئه‌م شاره‌ی بی شه‌ر (بیروت) ی له دوای ه شت روژ محاصره‌ازه‌وت کرد .

له دوا یدا سلطان ویستی (عسقلان) بگری چونکه له‌سر ریگه‌ی مصر وعادتا قاپی‌ی قدس بو حیف که‌له ووقته دا اهمیتی نه‌دا به (صور) والحال کاوره کان ورده ورده لاوی کوبو بونه‌وه به‌لام بی رئیس بون . به همتیکی جزئی ئه گیرا، والحال اهمیتی نه‌دایه وله پاشدا ئه‌م قه‌لایه‌بو به‌اس الحرکه بو کاوره کان وزوری پی نه‌جو (ماركیز کونارد)' له قسطنطینیة یه‌وه بمال واسلحه یه‌کی زور ،وه هاته ئه‌م قه‌لایه ومدافعه‌ی تنظیم کرد بو به‌اس الحرکه‌ی اهلی صلبی سیه‌م وسبی فلاکتیکی زور بو مسلمانان . اهمالی (صور) خطایه‌کی سوق الجیش وسیاسی‌ی سلطان بو !

له پیش هاتن ئه‌م ماركیزه خه‌لکی (صور) خه‌ریکی تسلیم بون به‌لام که (کونارد) هات فکریان گوری .

سلطان صلاح الدین ویستی به واسطه‌ی باوکی (کونارد) ، که‌له‌شام اسیر بو منی مدافعه‌ی (صور) بکا . به‌لام ئه‌م تدبیره سری نه‌گرت .

سلطان ، له دوای ئەمە روی کردە (عسقلان) ومحاصرەی کرد وچواردە روژ لەگەلی خەریك بو ویستی بە واسطەی (ملك جوی) یەوە ئەم قەلایە بگری بەلام فائدەی نەبو ولە نهایتی جمادی الاخر دا بەشدت هجومی کردەسری وگرتی لە دوای ئەمە غزە رملە، خلیل الرحمن وبیت اللحم وچند جیگە یە کیتریشی گرت .

ئەم هەمو فتوحاتە لە ظرفی دومانگدا و سلطان میسر بو وبەراستی ئەمە بە قسمتی هیچ پادشاهیك نەبوبو . لە دوای ئەمە ریگەی (قدس شریف) بو اسلام کرابو ەوە سلطان صلاح الدین ئەی زانی کە اهمیتی ئەوشارە مبارکە لەلای اسلام و کاور زور گەورەیە لەبەرئەو ئەی ئەویست بەزور وبەشر بیگری وتوشی محاصرە وتخریبی بکا . بەم فکرە هیئتیکی نارده قدس تا بو تسلیم بونیان قسە لەگەل خەلکە کەی بکەن . فەرەنکی ئەوی تکلیفی تسلیمیان قبول نەکرد لە ووقتە دا قوماندانی قدس،حاکمی (رملە) بلبان وکە لە شری (خطین) دا اسیر بو بوواذنی لەسلطان خواستبوکە بچیتە قدس وماڵە کەی بهینی وشاویك زیارتی قدسدا زمینیتەوە . بەلام ئەم قوماندانە بی شرفە بالعکس لە قدسدا مایەوە وبوبە قوماندانی مدافعەی شارەکە وشەصت هزار کسیکی لی کوبو دوە وگەورەی قشە کان قدس خزینەی کلیسای بو کردەوە تا بو مدافعە صرف بکا .

سلطان صلاح الدین کەوای زانی بە لشکرەوە روی کردە قدس ولە

١٥ رجب٥٨٣ ه داگه‌ یشته ئه‌ ی ودوره‌ی دا ، وله‌ دوای کشف‌وسه رنجیکی پنج روژی لای شمالی بو هجوم به مناسب زانی و نقلی ئه‌وی‌ی کرد و (جبل الزیتون) ی کرد به مرکزی اردو وله‌وی و ده‌سی کرد به تضییقی شاره که . لشکری اسلام ورده ورده پیشکه وتن له چاله که‌ی دوری تی پەربون وشوره‌ی ولاته که یشان کون کرد ئم حاله بوه سببی مایوسیتی مدافعین فه‌ره‌نك وطلبی امان وتسلیمیان . له دواو مذاکره‌یکی دور ودرژ به شرطی ئه‌مه که‌له ظرفی جل روژدا فه‌ره‌نك به سربسنی له شاره که ده‌رجن‌وهر پیا ویك‌ده دیناروژن پنج‌ومندال دو دینار فدیه‌ی نجات بده‌ن . بم قول وبریده‌یه قراری تسلیمی شاره که‌درا . له‌اعتباری روژی جمعه ٢٧رجب ٥٨٣ ه یاوه اهالی ده‌سی کرد به‌ده‌رچون له‌قدس بم ته‌رحه فتحی قدس میسر بو وهروه کو قاضی ی شام محی الدین ، له دوای فتحی حلب تخمین کرد و ، له ما نـگی رجبدا واقع‌بو فی‌الحقیقه سلطان ، ئه‌م قاضی یه فاضله‌ی بانك کرده قدس تا له روژی فتحی دا وظیفه ی خطبی به‌جی بهینی . وئه‌و جمعه یه نویژ کر ئه‌مه نده زور بو که مسجدا قه‌ی نه‌ی ئه گرت (١)

---

(١) مرحوم ابراهیم افندی حیدری ی کوتم ، که قاضی محی الدین ئه‌م شعره‌ی کرد به‌مقدمه‌ی خطبه که‌ی :

الحمد لله الذی ذات دولة الصلبی وعز بالکردي دین مصطفی العربی

روز جیکه‌ی اسمه که مرحوم بامذه کهي له‌بکر جو بوه‌وه ، به‌لام له سحتی‌ئه‌مه دا هیچ شبه‌ی نه‌بو .

ئەم فدیەی سلطان صلاح الدین طلبی کردبو تەنیابو منسوبین لشکری فەرەنك بو ومساعدەی کردبو کەگاورە کانی قدس وەکو خەلکی گاوری شارا نیتر لە جیگەی خویانا بەصفتی تبعە بمینەوە .

سلطان صلاح الدین لەدوای دەرچونی امرا ولشکری فەرەنك اینجا داخلی قدس بو . بیجگە لەوەش سلطان حەوت هزار فقیری ا سرتکای ملك عادلی برای وخوشی دە هزار کسی لە فدیە عفو کرد . روژ یکیش لە سبە ینیوە تا ایوارە بە بی فدیە مساعدەی دە رجونی فقیر وفقرا کرا.اذنی بەقەشە کان ومأمورین روحانیش داکە تانە توانن شت ومەك لەگەل خویانا نابەرن خلاصە گەوردەی ومرحمت وعدالتی سلطان لەم فتحی قدسەدا لە حدبە دەربو ومحررین ومؤرخین گاوران هەمو تصدیقیان کردوە زور حرمتی ضعفا وباخەوص آفرەتی گرت وزور یاری یەی دان وملکە (سیبیل) ی بە حرمت واکرام ولە سر آزوری خوی نارده لای (ملك جوی) ی میردی کەلە نابلس اسیربو.

بعض لە آفرەت لە وقتی دەرچونیان کەگە یشتنە لای سلطان رجای بە ردانی میرد وکور وباوکیان لە اسارت کرد وسلطان زور متأثر بو ورجا کەی بەجی هیئان .

ئەم معاملەی انسانانەی سلطان درحق بە فەرەنك فلسطین وقدس بەتەواوی عکس معاملەی ئوان بۆ درحق بە مسلمانان.واقعاکە لەسالی

١٠٩٩ ی میلادیدا که (غود فری) قدس گرت انواعی شناعت درحق مسلمانان کرا وبه اعترافی مورخین عیسوی نزیك حه‌فتا هزار مسلمان قتل وعام کرا .

سلطان صلاح الدین نزیك مانگیك له (قدس شریف) دا مایه‌وه وایشو کاری ریك خست مزگه وته کانی تعمیر واحیا کرده وه مدرسه کانی دا مزراندوه وباقی نقصانی اکمال کرد . له دوای ئه‌مه به لشکره‌وه روی کرده (صور) . دونمای مصریش به امری سلطان روی کردبوه ئه‌م قه‌لایه مارکیز کونارد ، له فرصت استفاده‌ی کردبو وئه‌م قه‌لایه‌ی زور باش تحکیم کردبو ،هرچند له بحر وبره‌وه تضییقیان کرد فائده‌ی نه‌بو وذاتاً زستانیش به‌سرا هات وله سر تکلیفی بعض امراصر فنظار له‌محاصره کرا به‌لام سلطان له‌م حاله زور پشیوبو ، چونکه امرای لشکر اهمیتی ئه‌م قه‌لایه یان به قدر سلطان تقدیر نه کردبو والحال لازم بوهه رچونی‌بی ئه‌م ئه‌نیا قه‌لایه‌ش له ده‌س فه‌ره‌نك بسینن وفلسطین به‌ته‌واوی پاك بکنه‌وه . حیف که خلاف آرزوی سلطان اصراریان له سرگه رانه‌وه کرد !

ظاهر وایه که‌له‌م جهته‌وه سیه غلط کراوه . اولی ، له وقتی بخویدا وله پیش فتحی قدسدا ئه‌بوایه ئه‌م قه‌لایه‌ش له ده‌س فه‌ره‌نك بسینری . دوه‌می ، ئه‌بوایه سلطان صلاح الدین نه‌ی هیشتایه ئه‌وانه‌ی که شریان

پی ئه کری وله اسیری ههره للا کران ویاله شاره زهوت کراوه کان دهرچون له (صور) داکو ببنهوه ومانعه به کی تازه بو اسلام تشکیل بکهن . صیدای ، ئهبوایه له دوای فتحی قدس که لشکری اسلام هاتهسر ئهم قهلایه ، وازی لی نههینین وهرچونی بوایه زهوتیان بکردایه .

خلاصه فتحی قـ ـدس له طرف مسلمانانهوه اوروپای خسته تعصب دتلاش وه قهشهتعصبه کانداوینیان لیههلکردوده سیان بهتحریکات کرد وبهتتجه قوتیکی عظیم کوبوهوه وله هاموو لایـکهوه رویان کرده فلسطین ایمپراطوری النیا ، وملك انـکلیز ، کهبه (ریشاری شیردل) مشهوربو له رؤسای ههره گهورهی ئهم اهلی صلیبه بون .

سلطان صلاح الدین له وبینه دا قهلای (هونین) ی گرت وقهلای (کوکب) و (صفد) و (کرك) پشی محاصره کرد وله ٦ ربیع الاول ٥٨٤ دا هاتهوه شام ، وله وی لشکریکی زوری هملگرت وروی کرده طرابلس وانطاکیه لهدوای زهوت کردنی (انطروس) ، (ملك جوی) ی بهره للا کرد وشرطی له گهل کرد که له سوریه دا نه مینیته وه وبچیتهوه بو اوروپا وقهت بهرامبهر بهسلطان شر نه کا ، والحال ئهم ملکه دروزنه چوبو (صور) ، بهلام (کونارد) قبولی نه کرد وله پاشدا چوه ظراباس وبعض له بقایای اهلی صلیبی کو کرده ده وله پاشدا له گهل لشکری (صور) چوه سر (عکا) .

سلطان صلاح الدین لەم سفرە یدا (مرقب) ، (جبلە) ، (لاذقیە) (صهیون) وبعض قەلا وشارا نیتریشی زەوت کرد . لە پاشدا بە سر (حلب) دا گەرایەوە شام ، ولە دوای ئەمە لشکری اذن دا وخوی لە گەل خواصی لشکری بە وزمانە جوە سر (صفد) و (کوکب) وهردوکی زەوت کرد ولە وێنە دا خبری زەوت کرانی (کرك) پش لە طرف ملك عادلە وە کە پشتە سلطان .

سلطان صلاح الدین بە غیری(صور) هەمو شاران وقەلای(فلسطین) ی گرت بەلام مانەوەی (صور) بەدەس فەرەنگەوە تەلکە یەکی زور گەورە بو ذاتا هیچانی تعصبی اوروپاش اهلی صلیبی سیەمی وردە وردە ئەگەیاندە (صور) ونهایت لە ابتدای سالی ٥٨٥ دا وضعیتی عسکریەی سلطان گورا ولە تعرضە وەکەوتە مدافعە . (کونارد) ی قوماندانی (صور) لشکریکی بە قوتی پکەوەنا ئەم حرکتە مقـدمەی فەرتە نەیەکی گەورە بو کەروی ئە کردە مملـکتی اسلام (ملك جوی) خلافی وعدی لشکری زوری لە طرابلس کو کرد بوەوە وسفـتن فەرەنك دائما ئە هاتن وارزاق وسلاحیان بوئە هینا سلطان صلاح الدین بە رامبەر بەم احوالە خوی حاضر کرد وبە لشکروە لە (مبرح العیون) دا انتظاری احوالی کرد . ولە لا یـکیتر بشەوە قەلای (شقیف ارنون) ی محاصرە کرد بەلام کەدی ی فەرەنك تنگی بە عکا هەلچنیوە بەشیکی لشکری لەدوری(شقیف)

بەجی هیشت وخوی روی کرده (عکا). محاصری (عکا) ملك جوی بو . ونزیك دوسالیك ئەم محاصره یه طولی کیشا ، سببی دوام کردنی محاصرەش یك له دوای یك هاتن امـداد بو فەرەنك بو وحتی (کونارد) یش اشتراکی ئەم محاصره یەی کرد. اکر سلطان صلاح الدین اهمیتکی نەداوی به محاصرین عـکا بدایه وله پیش زور بونیان وهاتن (کونارد) ضربه یه کی باشی لی بدا نایه نەمحاصره طولی نه کیشا ونەفەرەنك ئەکەوتە طماعی سەند نەوەی فلسطین وقدس.

به عکس ئەمه سلطان، زور اهمیتی بەقەلای (شقیف) دا ، و (ملك جوی) ی سر بست هیشت وهیشتی بەرە بەرە قوتی زیادیکا .

سلطان صلاح الدین گەیشته (عکا) ودی ی کەفه رەنك لە گەل محاصره خەریکن له دوای چند روژیك تعرضی کرده قونی محاصره باخصوص امیر تقی الدینی برازای بەقوینکەوه بەراستی ـ جومیکی شیرانەی کرد وطرفیکی (عکا) ی بەدوژمن چول کرد وریگەی بوشاره که کردەوه وسلطان مقداری قونی گەیانده ناوشار وحتی (ستانل) ئەلی بالنفس سلطان خوشی وقتی عصری روژی ۲ شعبان ٥٨٥ ه داخلی (عکا) بو . (امیر حسام الدین سمین) ی کرد به قوماندانی ولا که . وکەشوهات بەسر دا لشکری اسلام گەرانەوه اردوگاه ولەم فرصتدا فەرەنك تەبـکیاتیکی زوری کرد وئەوریگەیەی گەاردوی اسلام به

روژگرتبوی بەر بەستی کرد . بەم تەر-ەرنجی سلطان بە ضایع چو .

سامی دوژمن بە نوعیك شکا کە لەپنج رمضان ٥٨٥ ھ دا بیجکە لە محاصردی قەلا کە ھجومیکی بە شدتیشی کردەسر لشکری اسلام وبلاوەی پی کردن لەم ینەدا لشکری اسلام زور بلاو بوەوە بشیکی بەرامیە مەبە بە امیری انطاکیە (بۆئەموند) وەستابو قوتیکیتر بەرامیەر بەطرابلسی شام دمشقی محافظ ئەکرد وقوتیکی تریش بە رامیەر بەاھلی صلیب(دمیاط) و (اسکندریە) یان محافظە ئەکرد لە لایکەوە تأثیری ئەم نیوە شکانە (١) ولە لایکتیرەوە بەسرا ھاتنی زستان ورمضان واصراری اسرای اسلام بوشر نە کردن وگە رانەوە ، سلطان صلاح الدینی مجبوری ھاتنە دزاوە تا (خروبە) کرد ، و (عکا)ی سپارد بە قضا وقدر

سلطان صلاح الدین . لە غیرت وفعالیتی فەرە نك وسستی وخولە شر پاراستنی اسلام زور سە غلەت بو ودرکی تەلکەی دوایی ی کرد . کاغذی بو ھ ،و لایك نوسی وداوای کومە کی کردە وزستانی بە بی حرکت لە (خروبە) دا رایواردو لەونە خوشیە ي کە نوشی ھاتبو (٢)

---

[١] لە نتیجەدا غلبەلە طرف سلطانەوە بوولە اھلی صلیب ١٠٠٠٠٠ کشیك محوبوەوە [تاریخ اسلام ، لایەوە ـ ٣٨٩]

(٢) سید امیر علی لە جلد دوەمینی مصور تاریخ اسلامیدا . ئەلی بە سبب تەقی جنارەی منتولین (وبا) کە وتە ناو لشکرەوە وسلطانیش بالذات توش ئەونەخوشیە بو ولە سر توصیەی حکیما اردوی کیشایە (خروبە)

وردە زردە چاك بوەوە و لشكريش لى كوبوەوە ،لە دواييدا ھەلسا وروى كردە فەرە نك (١٧ ربيع الاول ٥٨٦) لە دواى ئەم تاريخە بە حەوت روژ سلطان گە پشتە بار عكا . تائەو وقتە دوژمن ترتيباتى محاصرەى تەواو كرديو وتە نكى بە مدافعين ھەلچنبو .

لە وينەدا دونماى مصريش ھاتبوە بەر عكا ودونماى فەرە نگى شكاند وداخلى ليمانى قەلا كە بو واحتياجاتى مدافعين اكمالى كرد .

لەم وقتە دابو كە خبرى داخل بونى ايمپراطورى المان (فرە دريق باربارووس) بە اھلى صليب وحركت كردنى بو فلسطين گەيشتە سلطان . پيشدارى اردوى المان كە يشتبوە شمالى كلكيا (ولاتى اطنە) . سلطان صلاح الدين بە رامبەر يە لافاوى (اھلى صليب) داواى كومەكى لە حكمداران وامراى اسلام كرد وحتى بو طلبى معاونت ھيئتيكيش نارد لاى سلطانى مراكش (يعقوب المنصور) زور حيف كە لە ھيچ لايكەوە گوى درايە قسەى سلطان وكس يارمەتى بونە نارد وبەم تەرحە ئەم فەرمانى گەوردى اسلامە بە رامبەر بە اھلى صليب تە نيايە لەقى خوا وقوتى خوى راى پەرەو .

ايمپراطورى المان لە ١١ حزيران ١١٩٠ م دا لەچە ميكدخكا ولە دواى ئەمە بە شيكى اردى المان گە رايە وەمملكتى خوى وبە شيكيش لە ادارەى كورى فرە دريق بارباروس (دوق دوسوابيادا) بە سر

(انطاکیه) داروی کرده فلسطین.

به شیکی اردوی اهلی صلیب له گەل محاصره خریك بو وبه شیکی زوریشی بو شری سلطان جوی کرابو ەوه، ئەم ہ شه له ٢٠ جمادی الاخر الاخر ٥٨٦ ه [٢٥ تموز ١١٩٠ م]دا هجومیان کرده سر لشکری سلطان وله ابتدادا به شیکی لشکری اسلام خراپ شکاو بلاوەی کرد حتی بعض له ماوه تا (طبریه) و (شام) خویان نه گرتەوه و لشکری فەرەنك تا اردو گاهی سلطان هات به لام له پاشدا متبه قی قوتی اسلام هه لیان کوتایه سر فەرەنك وزور خراپ شکاندیان میدانی محاربه پر بو له میت وجرآتی اهلی صلیب به تەواوی شکا.

له لایکیتریشه ومدافعین به بەش وسائلی ابتدائی برجه کانی محاصر بنیان آ گرتی بەردا وله گەل محاربه کانیا سوتاندیان.

تماس سلطان له گەل لشکری انکلیز

له ٢٢ جمادی الاخر ٥٨٦ دا، لشکریکی زوری اهلی صلیب له قوماندای (قونت هانری دا) که خوشکەزای قرالی انکلیز بو، که یشته به رده می عکا وهاتەده رەوه وارده کاهی دامزراند وخوی بو تعرضیك حاضر کرد سلطان که ئەم خبرەی بیست موقعی خوی بو محاربه به مساعد نه دی وگه رایه (الخروبه). والحال بەم ته رحه دور که وتنەوەی سلطان عزم وشدتی فەرەنکی له محاصره دا زیاتر کرد وسار له نوی تندگیان

به محصورین هه لچنی میرۆ لا . امیر حسام الدین له لایکه وه وفوماندائی
تحکیمات (بهاءالدین قره‌قوش) له لا یکیتر ەوه مدافعینیان تشجیع ئه کرد
ومردانه به رامبه‌ر هه موهجومی فه‌ره‌نك ویستان ەۆرخ میشو ، زور
مدح وثنای فعالیت ومثابتی ئه‌م دو قوماندانه ئه‌کا زور جار سیارفله‌ی
هجومی دوژمنیان-وتا ند وگه لی جاریش له قه‌لاده ئه ریه‌رین وفه ره‌نکه
کانیان مجبوری جیکه گورین وگه رانه پاشه‌وه‌ئه کرد قونت هانری ،
به رامبه‌ر بهم مدافعه ی مردانه‌یه مأیوس بو وهه موقوت وتدبیری حصر
کرده سر دوره دئی وتضییقی قه‌لا که له وینه دا خوارده منی له‌هه‌ردو
لازورکم بو بو به‌لام سلطان له بیروته وه مقداریکی مناسب ذخیره‌ی
گه یانده (عکا) وتسلیمی مدافعینی کرد .

اهلی صلیب ، که زانیان محاصره‌ی بری ئاوه ندە تأثیر نا کاته
مدافعین ، هاواریان ناردبو پاپا،وسر له نوی له‌اوربا پروپاغه‌نا ده‌سی پی کرد
وقوتیکی زوری صلیب پی درپی گه یشته به رده‌می عکا .

قوت هانری ، وضیعتی حربیه‌ی بو اهلی صلیب به‌مساعدزانی وتعرض
کرده لشکری اسلام . تصادف سلطان صلاح الدین ناساخ بو وله‌ژیر
خیوه تیکدا دانیشت وسیری میدانی محاربه‌ی کرد شرگه لی‌طولی کیشا
به‌لام له نتیجه‌دا فه‌ره‌نك ضایعاتیکی زوری‌دا وبه‌پشوکی گه‌رایه‌وه
جیگه‌ی خوی . ەۆلفی (مصور تاریخ اسلام) سید امیر علی ئه‌لی ، اگر

سلطان خوي شری اداره بکردایه محقق لشکری اسلام ظفریکی قطعی وگەورەی دەس ئەکەوت .

لەو بینه دا بەسبب فەرتەنە دونیای فەرەنك لەعکا دور کە وتبوەوە ولشکری اسلام لەم ظفرە استفاده یان کرد ومدافعینی (عکا) یان گوری بەلام خلافی آرزری سلطان اشکریکی کنریان تیدانا وله لایکیتریشە سلاح وخجیانەیکی تەواویان نەدانی . (امیر سیف الدین علی المشطوب) کرا بە قومندانی (عکا)

بعض لەمۆرخین ئەلین سببی لەدەس چوونی (عکا)، کمی‌ی مدافعین وشر کردنی نەبەدلی یان وهاتنی امدادیکی زور بو اهلی صلیب بو .

قرالی فەرەنك(فلیب اوگوست) لە ١٢ ربیع الاول ٥٨٧ی هجریدا بەلشکریکی زورەوە گەیشتە بەردەمی‌عکا مەلەگەل اهلی‌صلیب یکدگیر بو. ئەم قوتە تازەیە فائقیتی عددیە یکی فوق العادەی دابە اهلی صلیب وسلطان لەسر ئەمە داوای کومەکی لەامرای اسلامی تابعی خوی کرد زوری‌پی نەجو قرالی انکلیز (ریشاری شیردل) پش کە بە جرأت وآزایی ی لە اوروپادا بە شوردت بو ، گەیشتە عکا (١)

---

(١) قرالی انکلیز وفرانسز ، کە کە پشتنە عکا توشی‌نەخوش بون. سلطان صلاح الدین بو ئەم دوز منە نەخوشانەی لە جبلی لبنانەوە بەفرو میوەی تازەی ئەنارد (مصور تاریخی اسلام

محاصره‌ی عکا له‌طرف بحر وبره‌وه به شدت دوامی کرد مدافعین مدتیك به‌راستی سربازانه مدافعه یان کرد سلطان صلاح الدین هیشتا امدادی بونه هاتبو وفوته کەش بوتعرض مساعد نه‌بو مدافعین زوری پی نه‌چو توشی برسیه‌تی وطاعون بون وله‌ژیر بارئه‌م مصیبتانه‌دا زور بی‌هیز کەوتن . به‌امری سلطـــان گمی‌یك له‌بیروته‌وه پرله ذخیره وامداد نیررا بوعکا به‌لام له‌ریگه توشی تعرض قرالی انکلیزبو وقوماندان گمی‌که‌ی به‌نا علاجی‌غرق کرد.وئه‌مه بومدافعینی عکا ضربه‌یه‌کی به‌شدت بو.اما لی صلیب له‌طرف بحر وبره‌وه به‌شدت فه‌لاکه‌یان تضییق کرد . مدافعین له‌لایکه‌وه به رامبه‌ر به تضییقـات وبو مباردمانی دوژمن وله‌لایکتیریشه‌وه به‌رامبه به‌رستی وانواعی نه‌خوشی له‌مجـادله‌دا بون وقدرتی مقاومتیان به‌ته‌واوایی شکابو فه‌لای (عکا) دوسال بوکه مقابل به‌فه رته‌نه‌ی صلیب به‌همتی مجاهدانه‌وه خوی راگرتبو به‌لام اینرکه لـکی پی‌وه نه‌مابو . طلبی معاونتی له سلطان کرد به‌لام چونکه قوتی لشکری اسلام ئه‌وه‌نده نه‌بو ئه‌م معاونته نه‌کرا .

قوماندانی فه‌لاکه امیر سیف الدین علی المشطوب مقابل به‌م وضعیته بومذاکره چوه‌لای قرالی فرانسه وپی‌ی گوت : « که‌ئیمه شاره که‌تان تسلیم ئه‌که‌ین به شرطیك ئیوه‌ش عینی معامله‌مان له‌گه‌ل بکه‌ن » ، فلیب اوگوست به‌رامبه‌ربه‌م تکلیفه‌ماقوله گوتی «من قه‌ت راضی نایم که‌له‌خ لکی

عکا ومدافعینی یکیك صاغ بمینی ! » له‌سرئه‌م جوابه امیر سیف الدین گه‌رایه‌وه عکا .

عکا مدتیکی ترخوی راگرت به‌لام برسیتی ونه خوشی میدانی نه‌دا ونهایت به شرطی محافظه‌ی روحی مسلمانان تسلیم بو [١٧ رجب ٥٨٧ ١٢ تموز ١١٩١ م] .

به کوره‌ی شرطنامه‌ی تسلیم ، ١٦٠٠ اسیری اهلی صلیب به‌ره‌لا نه‌کرا و ٢٠٠ لیره‌ش به رؤسای صلیبیون نه‌درا .

به‌لام اهلی صلیب که سرمست تعصب بون گویان نه‌دایه شرطوعهد رقتل وعامیکی زوریان له عکا دا کرد قرالی انکلیز ، بقایای مدافعینی کو کرده‌وه وله دهری شار له ٢٣ رجبدا هه‌وی کوشتن . بهم تهره مدافعه‌ی عکا بود سبی له‌نا وچونی ٦٠،٠٠٠ مسلمان .

له پیش گرتن عکا دا له بین رؤسای اهلی صلیبدا نفاق واختلاف ده‌سی پی کردبو . بین قرالی فرنسه وقرالی انکلترة خراپ بو ، بینی ملك جوی ومارکیز غونارديش له سر طمعی تاجی فلسطین تیك چوبو قرال فلیپ طرفداری غونارديو وقرال ریشاریش ملك جوی ی حمایه ئه کرد . له سر بعضی معامله‌ی حقارتی ملك ریشار . قرالی فرانسه عاجز بو وله ٧ رجب ٥٨٧ دا فلسطین به‌جی هیشت وروی . غونارد له علیهی ملکی انکلتره له ژیره‌وه مخابره‌ی له گه‌ل سلطان ئه کرد وخه‌ریکی انفاق بو .

خلاصه ئەم فاقی بینی امرای صلیب ، صولت وشدتی فەرەنگی سست کرد وبە کەلکی اسلام هات:

قرالی انکلیز ، تقریبا لە دوای مانگی استراحت لە عکا دا ، روی کردە (یافە) ، ولە ریگە لە ژیر تعرضی بە دوای لشکری اسلامدا ضایعاتیکی زوریان دا ، قرال ریشاد ، (یافە)ی تحکیم کرد وبعضی قەلاشی لە وشت دا دورست کرد بەلام لشکری مجاهدین فرصتیان نەئە دایە ودائما بە شە وشور تنگە تاویان ئە کرد حتی دفعە یکیان ئەوە ندەی نەما بو کە (ریشارد) اسیر بی .

خلاصەقرالی انکلیز باش نی گەیشت کە عزم وثباتی سلطان ومهارتی حربیەی لە گەل هیچ دوژمنیکدا مقایسە ناکری وبە رامبەر بەم دوژمنە گەورەیە شر کردن بی فائدەیە چە ئەم قناعتەی وچە میلی گەرانەوەی بو انکلتەرە هینا یە سر ئەوە کە طلبی صلح بکا .

سلطان صلاح ، لە گەل عزم ومتانتی خارق العادەی لە بعضی احوال وزوری ضایعاتی لشکرە کەی متأثر بو . لە بەر ئەمە مراجعتی (ریشار) ی بە ملك عادلی برای بو صلح بە مناسب بینی . ملك عادل وریشار ملاقاتیان کردو (هومفری دوتورن) ترجمانی لە بیندا کردن بە لاوە چونکە تکلیفی قرالی انکلیز ئەوە ندە مساعدنەبو مذاکرە وهاتوچو سری نەگرت. لە گەل ئەمە شدا لە دوای تشبثی صلحی(مارکی

دوفروا).فرالی انکلیز دیسانەوەداوای آشتی‌یي کرد .بنهایت.مذاکرەی
(ریشار) وملك عادل هاتە سرئەوە کە فرالی انکلیز خوشکە کەی خوی
بدا بە ملك عادل وئەو ملکانەی قەراغ بحر کە دەسی کە وتبو بە شکلی
دیاری ی یماوەی ترکی کا وسلطان صلاح الدینیش اراضی‌ی مفتوحەی
قدس بدا بە ملك عادل وشاری (قدس)یش و اسلام وکاوور سربست
بهیلریتە دە ولە ژیرا داوەی خوشکی فرالدابی

سلطان صلاح الدین ئەم شروطەی بەنابە دلی قبول کرد . بەلام
قشە کان بەم ازدواجە راضی نەبون وهەرەشەی (آفوزوز) یان لەفرال
وخوشکە کەی کرد لەبەر ئەوە ئەم صلحە سری نەگرت .

تەنیا فائدەی ئەم مذاکرە وەتوچو یەوە بوکە سلطان صلاح الدین لەم
فرصتەاستفادەی کرد(عسقلان)ی ویران کردوسبی ئەم تخریبەی ئەوە.وکە
امرای مسلمین راضی نەبون کەوە کو عکا مدافەی بکەن ولە لایکیتریشەوە
هیشتاوەی نەبوە سبی استفادەی اهلی صلیب لەم قەلایە وتعرض کردنە
قدس خلاصە تخریبی ئەم قەلایە لە۲۹شعبان۵۸۷دانەواوبو.ولە دوای ئەمە
سلطان امری بە تخریبی(رملە شدا وخوشی بەلشکرەوە چوە(عین النطرون)
ولە وناوەدا جیگە یکی نەهیشت کە اهلی صلیب بتوانن استفادەی لی بکەن
،وکەز ستان هات بەسرا سلطان چوە (قدس شریف) ومجاهدینیش اذن دا
وقوتیکی کمی لە دور ما وبە واسطەی ئە مانەوە لە لایکە وە تحکیماتی قدس

قوبه ئه‌کرد وله لایه‌کتیریشه‌وه درحق به حرکاتی دوژمن استکشافاتی ئه‌کرد.

ریشار، له اوائل ذی الحجه دا وبه عکس سرماوسوله‌ی زستان روی کرده (رمله) وبه اذیتیکی زور ئهم قصبه یه‌ی گرت وله پاشدا تا (بیت نوبه) ش هات به لام خوی راته گرت وگه‌رایه‌وه وبه‌ض اهلی صلیبیش بلاوه‌ی کرد وجون بو (یافه)و (عکا) هم ترحه‌قوتی (ریشار) کم بوه‌وه وویستی (عسقلان) تعمیر بکاته‌وه وبیکاته اس الحرکه بوخوی به لام نفاقی بین اهلی صلیب ورقه به‌ری‌ی کونارد له گ ل (ریشار) دا واخباری نا مساعدی انکلتره (ریشاری)ی مأیوس کرد ودیسانه‌وه که‌وته طلبی صلح له وقتی بهاردا به‌ض عسقلان له‌ولاتانی جزیره دا روی دا وسلطان صلاح الدین مجبور بو به‌ض له‌لشکره‌که‌ی ئارد بو جزیره.

(ریشار) ویستی لهم وضعیته استفاده بکا وتعرض بکاته‌سلطان، بهم فکره لشکری کوکرده‌وه وله اواسطی جمادی الاول ۵۸۸ه دا تا (حصن الداروم) جو.

له دوای خراپه وکشتاریکی زور له‌اسلامی ئه‌و ناوه‌دا ریشار. لاتوسی شکان ونه گرتن قدس ویستی بگه‌ریته‌وه به‌لام اهل صلیب به قسه‌یان نه کرد وبه ناعلاجی تا (بیت نوبه) جو، به رامبه‌ر بهم حرکتی اهلی صلیبه سلطان صلاح الدینیش بو مدافعه ومقاومت خوی حاضر کردبو

وهر کانی وآوبکی سر ریکه‌ی دوژمن بو هه‌وی ویران کرد . نهایت ئه‌م حاله امرای صلبی بیزار کرد وله مجلسیکی حربدا قراریان دا که وازله قدس بهینین وبچنه سر مصر .

قرال (ریشار) گه‌رایه‌وه عکا و کاغذی بو سلطان نوسی سر له‌نوی داوای صلحی کرد نهایت به شرطی ئه‌مه که (یافا) ش به ده‌س اهلی صلیبه‌وه بمینی صلح کرا [٢٢ شعبان ٥٨٨ ، ٢ کانون اول ١١٩٢ م]

ئه‌مه نتیجه‌ی سیه‌م سفری اهلی صلیب بو ، ئه‌م چند صد هزار فدائی وجنگاوه‌ره که له اوروپاوه‌وه کو لافاویکی تعصب روی کرد بوه قدس شریف ، پنج سال به رامبه‌ر به عزم وتدبیر وجرأت وبه جرگه‌ی سلطان صلاح الدین هیچی پی نه کرا ونهایت دو قصه‌ی فه‌راغ بخری ده‌س که‌وت وبه‌شی زوری له‌نا وچو وبه شیکی کیشی ده‌ر بازبو رویه‌وه بو ولاتی خوی .

بینیه‌وه سر اسفتاده‌ی سلطان صلاح الدین ، وه کو محرری (حیات صلاح الدین الایوبی) ئه‌لی ، غرای فلسطین له اعتباری شره گه‌وره که‌ی (حطین) دوه ده‌می پی کرد وله وتاریخه‌وابستیك له خاکی فلسطین به‌ده‌س اسلامه‌وه نه‌بو ، به‌لام له دوای صلحی رمله [٢٢ شعبان ٥٨٨ ه] ، ه‌مو فلسطین — به غیری پارچه یکی باریك له (صور) ه‌وه تا (عکا) — بو به ملکی سلطان ، فه‌ره‌نك له‌و ه‌مو ولاتانه ده‌ر کرا (بیت‌المقدس)

سیئرایەوە وشان وشرفی اسلام سر لەنوێ بەدەز کرایەوە

قەرمانی کورد واسلام، لە دوای صلح چووە (قدس)، احوال واداڕەی داخلیەی ریك خست بعض مکتب وخستە خانەی تیادورست کرد ولە باشدا ویستی بچی بوحج بەلام امری اسلام لەترس غەدری فەرەنك بەنفسی مبارکی رجایان لی کرد کەنەچی ونهایت لەسر اصراری ئەوان موقتی وازی لەم فکرە مبارکە هینا لەپاش بزیك لە گەل قوتیکی بچوکی خاصەی چوبو ولاتانی ساحل وتفتیش قەلاکانی واستراحتی خەلکە کەی کرد لە پاشدا بە سر (نابلس وبیسان وکوکب) داچوبە بیروت ولەوی لە گەل امیری انطاکیە ملاقاتی کرد ولەدواییدا لە٢٦شوال ٥٨٨ دا چوە دمشق

وفاتی سلطان صلاح الدین

سلطان صلاح الدین بیزیك لەشامدا لەگەل ریك خستنی ایشوکاری ولاتەکە ودابەش کردنی صدقە بەسر سوالکەر ودامالوا ونارەنە وەی غازیان بوجیکەی خویان خەریك بو وهەمو روژیکیش چند ساعتیك بەراو رای‌ئە بوارد. روژی چوارەدەی صفری ٥٨٩ چوبە پیر حجاجەوە وئەم استقبالە زور قەلابالغ وروحانی بوتأثیری نی کرد ولەنە چونی بوحج زور عاجزبو وگریا، وهرئەو شەوە ارزی لی هات وروژ بەروژ نەخوشیە کەی گرانتربو نهایت روژی چوارشە موی ٢٧ی صفری ٥٨٩[٤ مارت

۱۱۹۳ م] امری خوای بەجی هینا عمری ۵۷ سال بو . عالم بوی گریا وروژی وفاتی کس لەمالی خوی نەچوە دەرەوە . بازارو دکان نەبو ریکەو کولان خالی بو میتی مبارکی بەبی تکلیف وهەرا کفن ودفن کرا لەدوای سیەسال ملك افضلی گوری لە نزیك مزگەوتی اموی یەوە مالی پیاویکی صالحی کری وبقایای جسدی مبارکی روژی عاشور بەحرمت وعزتیکی زور نقل کرایە ئەوی وسر لەنوی دفن کرا وملك افضل سیەروژ تعزیەی بوگرت .

روژ دوەمی وفاتی عالم کوبوەوە ودەنگی گریان وشیوەن نەگەیشتە آسمان . منعی لاوانەوەی بو کرا تەنیا شاعر (عماد) بەقصیدەیکی بەطول مرثیەی بونوسی .

دوقتور بیلی ئەلی :سلطان وفاتی کرد وبەم وفاتە امتی اسلام پادشاهیکی زور بەهیزی وای لەکیس چو ، کەلە بلایکی وای رزگار کرد کەئەوە فدەی نەمابو نوشی فوتانی بکا . سلطان صلاح الدین وفاتی کرد ودوژمنە کانیشی اقراریان بەگەورەیی کرد ،واقراریان کرد کە استادیکی گەورە وعالمیکی عظیم بو زور درمی آزایی وشەهیدواریان لی وەرگرت ، نمونەی کرم ، مثالی خلقی باش وسر چاوەی رحم وشفقت بو .

لە حالی حیاتیدا حەفدە کورو کچیکی هەبو [کتاب الفتح القسی في الفتح القدسی] .

ئوسافی بلندی وانهروی وته بیانی بایهی :

له خلاصهی تاریخی ئهم قهرمانی اسلامه باش‌تی گهیشتین که له وروژهی که‌بوه وزیری خلیفه عاضدتا وفاتی چندسی کرد بوغزا وچند خدمتی گهوره‌ی بوعالمی شرق کرد، چون غلبه‌ی بهسر فهره‌نك وامرای اسلامدا کرد وچون توانی‌ی دوملکتی وه کو سوریه ومصر، که‌بهسبب اختلافاتی مذهبی وطمعی شخص‌یهوه، زور له‌یك جوی بون، لاژیر حکمی خویدا دامزرینی وله کورد سنانهوه تاتونس ویمن وعدن زور قوتی جوی جوی لاژیر نفوذی خویدا کو کاتهوه وبرایتیان لهبینا بینیته وجود

له‌بینی‌ئ وقومانه دا کس نه بو که بادل سلطانی خوش نه‌وی واطاعتی نه کا واوقتی تنگانه دا روحی خوی بوفدا نه کا وئهمانش دلیلی محبت وحرمتی عمومی بو، وبویه خوشیان ئهویست چونکه معین ونصیریان بو بودوژ منیان قهار بو، بونس خوی وبومالی دنیا هه‌ولی نه‌ئهدا هه‌مو سعی وته قه‌لای بومصلحتی اسلام بو

سلطان صلاح الدین ته‌نیا به عقلی خوی ایش نه نه‌کرد ودائما له‌رای وفکری زیرا وعاقلان استفاده‌ی نه‌کرد، ئهم عالمش به کوره حکمی دین اسلام وسنت پیغمبر بو، قهت حه‌زی له‌استبـــداد ومستبد نه‌ئه‌کرد. زوجار لهسر فکر وقراری هیئتی استشاره، رای خوی ترك نه‌کرد

[وه کو له‌به‌رامبه‌ری (صور) و (عکا) دادیمان]

لەصەتی جلبی قلوبدا زور شاردزا بو هەو کس خوشی ئەویست
لە بەرئەمە وقاتی بوە سەبی شیودن بوەو خزم وامرا واتباع ورعیتی .
هەمو کیك ذانی مبارکی سلطانی، بەباوکیکی دلسوزو بەرحم، بەپادشاهیکی
عادل، بەحکداریکی تونڈ وکوشندە بودوژمن ، باطرفداری راست
وباددوژمن ظالم وبەنای پیاوچاك بەغازیکی متین وخادمیکی دین وتوحیدی اسلام
ئەزانی لەخدمت کردنی بواسلام نەنە خوشی وزەحمەتی ومندالی مانی نەئەبو،
لە وقتیکدا کە ملك ظاهری کوری مأمور کرد ئەم نصیحتە باشەی دایە :
« توصیەی تقوات ئە کەم کە مبدأی هەمو خیریکە ، ئەوی خوا امری پی
کردوە منیش امرت پی ئە کەم ، چونکە سەبی زر کاریتە خوت پاریزە
لە خوین رژتن چونکە خوین ناحەی دلی رعیت راگرە وتماشای
احوالی بکە چونکە توامینی من وامینی خوای بە سریانە وە ، دلی امراو
وارکانی حکومت راگرە، چونکە موفقیتی منلە سایی ی مدارای خەلکە
وەیە حسودی بە کس مەبە چونکە اجل مرلە تی کس نادا ، لە مقابلە
لە کەل خەلکا زور دقت بکە چونکە اگر ئە وانت لی رضا نەبی خوا
عفوت ناکا ، بەلام ئەوەی لە بینی تووخواتا وافع بی بە توبە کردنی لیت
ئە بوری چونکە کەورە ولی بورە »

سلطان صلاح الدین بە رامبەر رعیتی وقت کچ وداعیەی سلطانی ی
نە بو ، هەمو کس بە بی زحمت ئەی توانی بچیتەلای ، نە قابیلەوان وەوزیر

منعی نەئە کرد ، صاحب شکات بە بی ترسی وخوف ئە چوە لای وشکانی نە کرد ، لە هەمو لایکەوە شکانکر ئە هاتە لای وقت سەعلەبت نەئەبو خەلك بویە ئە چونە لای جونکە شارە زای رحمی وحق سە ندنی بون ، لای سلطان کەورە بچوك لە مقامی حقداً یك بو ، دلیکی نازکی بو وزومتأثر ئەبو ، کەدە نکی فقیر وهە ژاری ئە بیست.رحمی ئە هاتەجوش وچاوی پرئەبو لە فرمیسك وخلانی وپارەی ئە دانی انسانیت وخیری زور لە لا خوش بو ، قەت نەی ئە هیشت لە خادم وکویلە بدری والحال لە وزمانە دا حالی ئەم نوعانە زور خراپ بو . کە چاوی بە هەیتوی بکەوتایە مرحمی ئە هاتە جوش ا کر کسی نە بوایە جیگەی بوئەدوزیەوە وا کر کسیکی بوایە پارە ومانگانەی ئە دایی تەربیەی بکەن .

رحمی خوای لی بی ، لەجل وبەرگاو لە خصوص خواردن ومسکنا نمونەیەکی قناعت وفضیلت بو دفعەیك خانویەکی باشی بوخوی دورست کرد کەنەوا وبوهاتە سیری وقەدری تماشای کرد وگوتی : « لەم خانوە دانانهایت نامینین وئەم خانوە لایقی کسیك نیەکە اجلی لەشوینی بگەری وئیمە لەدینادا وظیفەمان تەبنا خدمتی خوایە » . مال وملکی زور قەت مغروری نەئە کرد . وئەی گوت : « مال وخول لامیکە » ، لەبەر ئەوە هرکس داوای لی بکردایە بەمانوسی نەی ئە گیرایەوە وداڤـا لە طلب زیاتری ئەدا . لەبەر زوری کرم وددس بلاوی ی معیتی زوجار موجودی

بارەی خۆیەوە یان لێی شاردەوە تابە سەبر کرمی زور بو وقتی تنگ نە بی بارەنە مینیتەوە . مثالیکی زور گەورەی کرم ودەس بلاوی ئەمەبو کەلەوقتی وفایدا نەبارە نەملك ونە خانوی لەپاش بەجی ما . امیر محمد علی لە (رحلە الشامیە) دائەلی « مرحوم لە غایت بەدەر کریم وسخی بو وئەلین لە دوای وفاتی تەنیا ٤٧ درهمی لەپاش بەجی. کە میراتی سوالکە ریکیش ممکنە لەمە گەلی زور تربی »

لەسالی ١٣١٦ ھ [١٨٩٨ م] داکە ایمپراطوری المانیا (شام) ی زیارت کرد نطقیکدا وگوتی : « زورم پی خوشە کەلە شاریکدام ، کەلە وقتی خویدا دیسکی رای تیسا ژیاوە کەمەبە گەورەی پیاوی عەبری خوی بو ولە شجاعت وآزایی دابی امثال بو شورەتو شهامتی بە دنیادا دنیا بلا بیوەوە وئەو ذاتەش قهرمان صلاح الدین ایوبی بە » ولەدوای ئەمەبو تعظیم وتذکار اکلیلیکی لەسر مرقدی مبارکدانا

محوری (ناة صلاح الدین الایوبی) ئەلی ، لەشریکی اهلی صلیبدا بەبی ئەمە کەلە تیربارانی لشکری صلیبە پروا بکا ھەلی کونایە پیشوە وباند گی کردنی : « لە جیگەی خوتان بویستن ، دلی ئەم شیرە لە دلی شیری ایوە بەقوتنرە ».

لەوقتیکدا کە هیلاکی بەدوای غزا بی طاقتی کردبو ولەبەر شدتی تەنوشی لەبەر وولاغەکەی زور ناراحت بو بوپی بلن گوت داپەزە وتوزی

بۆ سیرەوە ، بـەلام لەی قبول نەکردن وگوتی : (من کەلەو ولاغ دایە زیم ئەوسایە بە نەخوشیە کەم ئەزانم »

خلاصە ئەم سلطانەبی امثالە بەسایەی اخلاق واوصافی بلندیەوە بوبوبە نمونەی شرف اسلام و تمثـال گەورەیەکی شرق . مجلس پربو لە علما وعقـلا ، بە رقابی پربو لە فقیر وهەژار ومحتاجین ولەگەل ئەم هەمو گەورە بی‌بشدا بەدرجە یەکی وا متواضع بوکە گوتویانە : «تواضع وتقوای بەراستی محیرا العقول بو » .

زور جار لە شەردا ، بو غلبە سەندن ورزگاری ی مملـکت خوی توشی تهلـکە ئەکرد، والحال لەنا وامثالیدا نادر هەیە کەئەوە بدە جلادت وفـدا کاری ی‌نواندبی . بیجگە لەمەش بوریك خستنی ایشو کاری مملـکت زورخەریك ئەبو ولەسایەی ئەمە وە یەکە ملکنی ایوبی لە زمانیداولە هەمو شتیکدا ترقی ی کرد . بەسر رعیتەوە وەکو باوکیـکی دلسوز وایو دائما بو خیرو سعادتیان نصحینی ئە کردن .

لەم خصوصاتەوە شاهدی هەرە بەقوتی دوژمنە کانیەتی واقعـــا (استانلی) ئەلی : « عالم لە اوصاف واخلاقی ئەم سلطانە ئەوە ندە باش نی‌نەگە یشتبو ، والحال هیچ شبهەنیە کە نفسیکی شریف وبلند وقهرمانیکی آزابو زور حساس وبەرحم بو ، دلیکی صاف وپاکی بو حیاتی زاهدانە ی‌بو بودینی زور بە غیرت بو وبەم اوصافە بەوە بە راستی لایق بو کە .بیلتە

نمونه یه‌کی قهرمانی ومردایه تی بو اسلام » .

کتیبی تاریخی مؤرخینیش ئه‌لی : « له خصوصی صلاح الدینه‌وه ئه‌وه ی که مسیحیه کانی توشی دهشت وحیرت کردبو ، سروت وعلو جنابی ، سخا وکرمی ، رحم وحلمی ، لی بوردن وعفو کردنی وبا خصوص رعایتی عهدوپیمانی بو ، وبه راستی زور موجبی حیرته ، که‌ئه‌م هه‌مو اوصافه بلنده ، که‌دلی اوروپائیه کانی پرله تقدیر وتبجیل کردبو ، هه‌مو ئه‌مانه وصفی ذاتیکی وایه که غلبه‌ی به‌سر یانا کردوه وله اسیای ده‌ر به‌راندون » .

حرمتی معبتی خوی ئه‌گرت وله گه‌لیان زور باش بو واگر قباحتیك له یه‌کیکیان بقه ومایه قهت نه‌ی ئه‌دایه‌روی ، قسه‌ی کم ئه کردومعیشی به‌م ئه‌رحه فیر کردبو ، مجلسی زور پاك بو کس نه‌ی ئه‌ویرا له علیهی دراوسی ویاکسیك غیبتی له لا بکا مال ومندالی خوی خوش ئه‌ویست زور جار له گه‌ل منداله کانیا یاری‌ی ئه کرد . زور دیندار بو ومنداله کانیشی به‌و ئه‌رحه پی‌گه یاندبو عدالتی زور له لاخوشه‌ویست بوهر کس خلافی حرکتی بکردایه به‌شدت جزای ئه کرد ، فته‌ی دودفعه به‌نفس خوی ، بو بیستنی شکاتی مظلومین دائه نیشت ، درگای بوگه وره‌و بچوك وبو فقیر ودوله مند کرابو ، وئه‌م عادته‌ی له وقتی سفر یشدا نه‌ئه گوری .

(استیفان سه‌ن) ئه‌لی : « صلاح الدین له اجرا آنیدا موفق ، له‌ایشیدا

شارەزا ، لە تەدبیر ولیك دا نەوەی قوتی دوژمندا وریا بو . كە قراری بو كردنی ایشیك بدایە لە كرد نیدا هیچ تردد نەدە كرد لە ایشداوەت هیلا كی وبیزاری نەدە زانی ، بەرامبەر زحمت وهیلا كی زور صبور بو، امنیتیكی خارق العادەی بە نفسی خوی بو . ئەم هەمو اوصاف ومزایای بلندەی تیا ظاهر بو ، نظری لە ایشدا زور صادق وحكیمی در حقی زور عادل بو » .

سلطان صلاح الدین ، لە جلدی دومی ترجمەی (مصور تاریخی اسلام) دا لە طرف سید امیر علی یەوە بەم تەرحە وصف كراوە:«صلاح الدین جهانك اك بویوك واك قهرمان حكمدار لرندن بری ایدی » .

احمد زكی پاشا ، لە مجلەی (رەمسیس) دا بە مناسبتی كاسە گەی صلاح الدین ئەلی : « قوی قهلی ، ئەم پادشا هەگە وردە یاز زور خوش ئەویست چونكە حمایە ورعایتی كردن.لە دوری سلطانیدا سعادة ورفاهیان چاوپی كەوت ، دلیلی هرە گەورەی ئەم محبتەش ئەمەیە كە رسمی سلطان صلاح الدینیان لەتە نشت كاسەی مقدسەوە دا ناوە »

لە وصیتنامەكە یدا فرمویەتی : « بوئە مەی كە روزی حشر شاهدی غرام بی شیرە كەشم لە گەل بنیژن » [هاتمەر . جلد — ٤ ، لاپەر — ٢٠٧ : ٢٠٩] .

آثاری عمرانی وصدنینی :

آثار عظمتی سلطان صلاح الدین ، تەنیا عبارت لە غزاو توحیدی اسلام وحسن ادارە ودەای حربی وسیاستی نەبو . لە گەل ئەمە شدا زور زور بەبنای باش باش ولانە کەی رازاند وتەوە . لە ٥٦٦ هـ دا ، لە نزیك (مزگەوتی قدیم) مدرسەی ناصریەی بو تدریساتی مذهبی شافعی دروست کرد ، وئەم ش اول مدرسە یەکە کە لە مصر دا دورست کراوە . لەدوای ئەمە (مدرسة القمحیه) ی لە نزیك ئەوە وەبنا کرد بو مذهبی مالکی . ولە ٥٧٢ شدا (مدرسة الحنفیه) ی لە مالی (وزیر البطائحی) دا کردەوە کە ایستا کە (السیوفیه) ی پی ئەلین . لە گەل کردنە وەی ئەم مدرسانە دا وظیفەی بو مامو ستاو قوتابیە کانیش تعیین کرد وبەم تەرحە توانی لە جیگەی مذهبی شیعە ، مذهبی سنی بلاو کاتەوە .

صاحبی کتیبی (صبح الاعشی) ئەلی : « خانقا وتەکیە ، لە پیش حکومتی ایوبیدا لە مصر دا نەبو واول مؤسس ئەمانە سلطان صلاح الدینە ولە دورست کردنی خانقای (صلاحیەوە) کەبە (سعید السعداء) مشهورە دەستی پی کرد وبعض اوقافیشی بودانا » .

اساسی قوتی بحریە لە مصردا لەطرف سلطان صلاح الدینەوە دانرا وبە عنوانی (دیوان الاسطول) دائرەیەکی مخصوص لەژیر نظارتی ملك عادلی برایدا بو دامەزرند (اسکندریە) و (دمیاط) لە قەراغ بحری سپی

و (فسطاط) و (قوص) لەسر (نیل) بندری بحری مهم بون .

چونکه دەی که (اسکندریه) دائما توش تعرض فەرەنك ئابی شو ەدو قـــەلای روز باش تعمیر کردەوه ولەوی ولە مصر دا دوخسته خانـــەشی دورست کرد قصری (عزیز بن المعز) ی فاطمیشی کرد بە خستەخانه ولەناو ئەو قصرەدا (غرباخانه) یکیشی تأسیس کرد .

بواصلاحی زراعت وتسهیلاتی زراع بعضپرد وجوگەشی دورست کرد.

بە غیری ئەمانـه شورە یەکی محکمیشی بەدوری پایتختی مصر دا که عبارت بو لە (فسطاط) و (عسکر) و (قطائع) و (قاهرەی مضریه) دا کیشا وقەلایکی محکمیشی له جیگەیه کی بەرزی دا که بتوانی مدافعـــه لە چوارگەرەکه بکا، دورست کرد، ولەناوئەو قەلایه شدا خانویەکی بو خوی وسرای حکومتی تیابنا کرد ، ابستەکەش بەسر دیواری ئـــەم قەلایەوه رسمی هەلو یەك هەیه که علامتی بە بیاخی نفس سلطان صلاح الدین بو [هەلویکی سور لەسر خامیکی زرد] .

رسمی کرکیشی بەتەواوی لغو کردەوه وبەم تەرحه ایشوکاری زراع وتجاری زور سەهل کرد واقعا له دوری حکومتی (فاطمی) دا اهلی مصر لە زیر باری گرانی ئەم رسمەدا بەتەواوی پشتی کومابوەوه ولە زوری ئەمەوه زوری ظلم لی ئەکرا .

بیجگه له مانش سالی دو هزار دینارێ له گەل هزار اردب گەنمی

به‌ امیری مکه‌ دا وه‌رسمی به‌سه‌ر حه‌ج هه‌لگرت دوکتور (احمد بیالی) له‌مه‌ڕی به‌شی ئه‌م سلطانه‌ گه‌وره‌یه‌ دا ئه‌ڵی : « ئه‌مه‌ی که‌ باسمان کرد جگ‌ئیکه‌ له‌اوصافی ئه‌م سلطانه‌ گه‌وره‌یه‌ وئه‌م سرداره‌ به‌شوکه‌ت وئه‌م فاتحه‌ مظفره‌ ، من له‌ وفکره‌ دام که‌ اگر امثالی صلاح الدین له‌ ناو ملوکی اسلامدا زور هه‌ل بکه‌وتایه‌ احوالی اسلام به‌م نوعه‌له‌ خارج وداخلدا بی خیرو به‌شوکاو نه‌ئه‌بو » .

سید امیر علی ئه‌ڵی : (الفضل قاضی) کاوزیری بو له‌ امور خیریه‌ دا زوری یاری یه‌ئه‌دا شورای حکومتی صلاح الدین ، ته‌نیا قره‌قوش ، حسام الدین ومشتوب وامثالی نه‌بو وه‌کو قاضی وکاتب عماد الدین وعیسی الحکاری وبعض علمای به‌ شوره‌تیشی تیابو (١)

کوردانی سلطان صلاح الدین :

سلطان صلاح الدین ، له‌ حالی حیاتیدا حکومتی فلسطین وسوریه‌ی به‌ ملك افضل علی (ابو الحسن نور الدین) ، ومصری به‌ ملك عزیزعثمان

---

(١) مشهور صیاح عبد اللطیف ، له‌دوای مصالحه‌ له‌ ندس به‌ خدمت سلطان صلاح الدین گه‌یشتوه‌ وئه‌ڵی : « اول‌شه‌و که‌ جومه‌لای نه‌ تاو حه‌یبتیکی عه‌جادا دام وکوتی له‌ کمنکوی ئه‌وان له‌کرت وجار جاریکیشی‌اشترا کی منانشه‌ی ئه‌کرد . بوشوره‌ی ئه‌دس زور جار به‌شانی خوی بردی ئه‌ کیشتا . هه‌مو رۆژیك له‌روز هه‌لانه‌ ئه‌هانه‌ سرلحکیمات وبه‌سریانه‌وه‌ ئه‌ویستا به‌شه‌وبش له‌گه‌ل ایشوکاری حکومت خه‌ریك‌نه‌ بو (مصور تاریخی اسلام) .

(ابو الفتح عماد الدین) وحلیشی به ملك ظاهر غازی (غیاث الدین) دابو .

(ملك عادل) ی براشی به شبکی جزیره‌ی به‌دسه وه‌بو . کورانی (شیر کوه) مامیشی له (حمص) داجی کیربو بون و(ویمن) یش به‌ده‌س کورانی سیف الاسلام (طغتکین) ی برایه وه‌بو له وقتی وفاتیدا سلطان کسی نه کرد بو به‌وارث وخلف له به‌ر ئه‌وه کوره کانی هر کسه له‌جیگه‌ی خوی اداره ی‌حکومتیان کردو تقریبا نزیکی سالیك تابعیتی عالیه‌ی ملك افضل) یان محافظه کرد .

ملك افضل ، ملك عزیز وملك عادل :

ملك افضل ، کوره گه‌وره‌ی سلطان صلاح‌الدین بو وله دوای باوکی متبوعی باقی حکومتانی ایوبی بو ، ضیاء الدین ابن اثیر (برای مؤرخ مشهور ابن اثیر) وزیر ومدیری اموری بو ئه‌م وزیره له اداره وسیاستدا زور ضعیف بو له‌به‌ر ئه‌وه انتظامی اداره زو تیك چو ، وله روی ئه‌م وزیره بی اداره وتدبیره‌وه‌امرای‌مشهور وایشکداری زمانی سلطان‌صلاح الدین زو له به‌ر چاوی ملك افضل که وتن وعزل کران له‌به‌ر ئه‌مه هه‌مو یان عاجز بون ویك له دوای یك سوریه یان به‌جی هیشت وچونه مصر لای ملك عزیز ، وذاتاً زوری پی‌نه‌چو ملك عزیز سر به‌خوی ی‌مصری اعلان کرد ولة ۵۹۰ ی هجریدا بو زه‌وت کردنی ملکی برا که‌ی به

لشکرەوە ڕوی کردە سوریە . اختلاف بینی ئەم دو برایە بەنا وبژی‌ی
ملك عادل وبعضی امرای ایوبی هرچونی بو ئەم جارە بسکین کرا بەلام
سالی دوایی ملك عزیز دیسانەوە هاتە سر (شام) وئە مجارە ملك عادل
یارمە تی ملك افضلی دا وبە سیاست وتشویقاتی خوی لشکری مصری
لەملك عزیز وەرگیرا وئەم شازادە یەش بە نتیجە مجبور بو گەرایەوە مصر
ملك عادل لە اولدا بە ظاهر طرفداری ریك کەوتنی برازا کانی بو بەلام
لە ڕوایبدا کە تماشا بی ادارەیی وبی تجربە یی ی کردن وزانی ی کەنجی
سلطان صلاح الدین لە ڕوی کورە کانیەوە ممکنە بە بادبچی ومملکتی
ایوبی توشی نشتی وبی هیزی بی ویستی ادارەی مملکت بگرنیە ژیر
دەسی خوی وذاتاً ناریکی‌ی برازا کانیشی بو ئەم مقصدە خدمتی بو . بەم
فکرە لای ملك افضلی گرت وملك عزیزی بەنا امیدی کیرایەوە مصر
ولە پاشدا دیسانەوە آشتی کردنەوە وملك افضل گەرایەوە شام وخوشی
لە مصر دا بوریك خستی ایشوکاری مصر بە ناوی ملك عزیزەوەمایەوە
لە حقیقتدا ئەی ویست بناغەی حاکمی خوی لە مملکتی فرعونە کانادا بنی
لە دوای بینیك بە بعضی بهانە لە گەل ملك عزیز دا لشکریان کردە سر
ملك افضل ولە دوای شرود عوا لە ۵۹۲ دا (شام) زەوت کرا ملك
افضلی بدبخت لە بانی (دمشق) بەنا علاجی بەقەلای (سارخد) راضی
بو سوریە . بە ناوی تابعی ظاهری‌ی مصر کەوتە دەس ملك عادل .

واقعا ئەم معامله یه له خصوص اخلاق وخزمایه تی یەوه زور تا شیرین بو بەلام سلامتی مملکتی ایوبی وای ایجاب نه کرد ولازم بو به رامبەر به تعرضاتی یك له دوای یکی اهلی صلیب وریك خستنی ایشو کاری مملکتی ایوبی حکداریکی باشوکت وسرداریکی به نفوذ وتجربه بیته سەرایش، له به رئەمه اگر غاشای مصلحتی عمومی بکری هیچ عتابیکی زیحی رونا کاته فاتحی (کرك).

ملك عادل له دوای صاغ کردنه وەی سوریه بوخوی فریك خستنی کاروباری ، تفتیشیکی احوالی جزیره‌ی کرد واداری نه ویش دامزراند ، وله دوای وفاتی کوتوپری ملك عزیز [۲۷ محرم ۵۹۵] به نا علاجی گه رایەوه سوریه . چونکه ملك المنصور محمودی کوری ملك عزیز هیشتا منداڵ بو ملك افضل مامی بانك کرابوه مصر وکرابوبه نائبی ملك منصور.

ملك افضل ، ویستی لەم وظیفه نازه یه استفاده بکا وحقی خوی له ملك عادل مامی بسینی له گەل ملك ظاهری برای که حاکمی حلب بو مخابره‌ی کرد دو عدی یارمەتی له ویش سه ند وهاته سر ئەوه که لشکر بکاته سر سوریه .

ملك عادل . لەم که ین وبینه خبردار بو وبه نفوذ وسیاست زوینی ملك افضل وامرای معینی تیك داوبه لشکر یکەوه زوی تی کرد وتنگی پی

هه‌لچنی نهایت له ربیع الثانی‌ی ٥٩٦ دامجوری تسلیم بونی کرد وخریو ملك منصوری‌له‌مصر کرده ده‌ره‌وه وملکتی مصریشی دگیر کردوملکتی خوی اعلان کرد .

ملك افضلی بدبخت ، به مأیوسی گه‌رایه وده‌قه‌لای (سرخد) . له‌دوای بینیك ملك ظاهری برای ویستی (شام) ی‌بو بسینیته‌وه وحتی به لشکری حلبه وه هاته سر ئه‌م‌شاره ومحاصره‌ش کرد. به‌لام ئه‌م وقعه‌یه‌ش سیاست وتدبیری ملك عادل به فریا داگه‌یشت وبینی دو برای تیك‌دا وملك ظاهر وازی له‌محاصره هینا وگه‌رایه‌وه حلب . (ملك افضل) یش گه‌رایه وه (سرخد) . له دوای بینیك ملك عادل ، قلعة النجم وسروح‌ومصادیش دابه‌ملك افضل ، به لام ئه‌م‌احسانه ئه وه‌نده‌دوامی نه کرد وله ٥٩٩ داله ده‌ستی سه ندیه‌وه ، دایکی ملك افضل گه‌لی تکای له ملك عادل کرد به لام فائده‌ی نه‌بو ، ملك افضل که‌وای زانی قه لای (صمصاد) ی‌تعمیر کرده‌وه وخوی به تابعیکی سلجوقی روم اعلان کرد ومدتیکیش به‌و نوعه رای‌بوارد . حتی که ملك ظاهری برای وفاتی کرد به یارمه تی (کیکاوس) ی حکمداری سلجوقی ویستی (حلب) بگری وحکومتیك بوخوی پیکه وه بنی . به‌لام ئه‌م آخرنه قه‌لایه‌ش ، به سبب ناربکی‌ی متقه کانی ومداخله‌ی ملك اشرفی کوری ملك عادله وه‌سری نه گرت [٦١٥ ه] وشازاده ی بدبخت به‌مأیوسی گه‌رایه‌وه (صمصاد)

وتا آخری عمری متروك ومهجور له ویدا ژیاوله ٦٢٢ دا کوتوپر وفاتی کرد .

سلطنتی ملك عادل :

سیف الدین ملك عادل له ١٦ ربیع الآخر ٥٩٦ ه [٢ شباط ١٢٠٠م) دا له قاهره حکمداری ی خزی اعلان کرد ،وه کو باسمان کرد به صورتیکی ماهرانه مملکتی سلطان صلاح الدینی تقریبا به ته واوی [بیجگه له حلب] هینابه ژیر حکمی خوی . له خصوص اداره وه له سرشو ینی کاکی رویشت واداره ی مملکتی به ناوی خویه وه دایه دهس کوره کانی ملك کامل به سر مصره وه ، (ملك المعظم عیسی) ی به سر سوریه وه و (ملك الاشرف موسی) ای به سر جزیره وه دانا بهض له کوره کانیتریشی کرد به حاکمی جیکا یانیترو تابعی برا کانی بون .

له دوری حکومتی ملك عادلدا تضییقانی اهلی صلیب نهوه نده نه بو . له گهل ته مه شدا امرای فهره نك به آینیکی مخصوص ، ته وعهد وپیمانه ی که له گهل سلطان صلاح الدینیان کردبو ، شکاند ، واردویه کی گهوره ی اهلی صلیب له عبره وه هاته سر بیروت وگرتی ثهم تعرضه تصادفی وقتی شر وهه رای بین کورانی سلطان صلاح الدین کردبو .

ملك عادل ، له دوای هاتنه سرتختی به لشکریکه وه چو و (یافه) ی دا گیر کرد . اهلی صلیبیش (تیبنین) یان محاصره کرد به لام بویان

نه گیرا وداوای صلحیان کرد وهتا ئه‌و کاته‌ی که سێ سالی له بیندا کرا وفه‌رمانه‌ی اهلی صلیبی چواره‌م بهم ته‌رحه برایه‌وه .

له ٦١٣ دا ملك ظاهر غازی ی حاکمی (حلب)وفاتی کرد وتشبثی ملك افضل بو گرتن ئهم شاره له گه‌ل (کیکاوس ی سلجوقی رومدا سه‌ری نه گرت‌و (حلب) بش که‌وته‌ده‌س ملك اشرف کوری ملك عادل، واداره‌ی کورانی قهرمانی هه‌ره گه‌وره‌ی اسلام ، بهم ته‌رحه دوایی‌ی هات .

له‌به‌ر طالعی‌ی ملك عادل بو ، که آگری اهلی صلیبی ئهم جاره‌ش نه گه‌یشته مملکتی اسلام وته‌نیا (استه‌مول)ی سوتاند وویران کرد .

پاپا (اینوسانی سیه‌م) له ١٢١٦ — ١٧ م‌دا فه‌رمانی اهلی صلیبی پنجه‌می ایجاد کرد ، قرالی مجار ، ودوقه‌کانی آوستریا وباویرا له گه‌ل امرای المانیای جنوبی هه‌و داخلی ئه‌م قافله‌ی پنجه‌مه بون‌، واردو یه‌کی ٢٥٠٠٠٠ کسی (زوری المان بو) روی کرده ساحلی سوریه وله بحر هاتنه ده‌ره‌وه وطرفی (عکا) یان تالان وویران کرد وحتی له‌گه‌ل گاوره‌کانی سوریه شدا که وتنه شه‌ره‌وه له دوایدا قازیان دا که بچنه سر مصر واقعا گه‌رانه‌وه قه‌راغ بحر وسواری کشتیان بون وروبان کرده منصبی نیل وله‌وی هاتنه ده‌ره‌وه ودوری (دمیاط) یان دا .

ملك عادل له وبینه دا له شمالی سوریه بو که خبری محاصره ی

(دمیاط)ی بیست به تالو که بو کو کردنه‌وه‌ی لشکر ومقابله ی اهلی صلیب روی کرده شام ، به لام اجل موله تی نه دا وله نزیك شام له (علا کین) دا وفاتی کرد (جمادی الآخر ٦١٥ ه ، ٣١ اغستوس ١٢١٨ م) .

اوصاف وسزیائی :

مؤلفی (مصور تاریخی اسلام) سید امیر محمد علی ئه لی،سیف الدین ملك عادل ، اهلی معرفت وتدبیر ،زور دوراندیش ،له حرکاتیا فضیلتپرور له تشبثایتا به ثبات وله اعمالیدا میالی چا که بو . وه کو کا کی زور علم ومعارفی خوش ئه ویست.

به آزایو به چه‌رگی له شردا به‌عقل وکه‌لی له اداره وسیاستدا، لازمانی کا کیا ،ده‌سه راستی بو چه‌له زمانی کا کیا وچه‌له دوری حکومتی خویدا غزایکی زوری له‌گه‌ل اهلی صلیب کردوه .

له گه‌ل قرالی انکلیز (ریشاری شیردل) دا زور دوستایه تی‌ی‌بو وئه‌م قرالله له مخابره ومکالمه‌دا (خوشه ویست وبرام)ی پی‌ئه کوت ، وحتی به ناوی ئه‌م دوستایه تیه‌وه ملك کاملی کوری کردبو به (شوالیه = جنگاور) .

له‌سکه‌دا عنوانی (ابوالفدا) ی‌قبول کردبو. له‌زمانی خویدا شوکت وسطوتی حکومتی به‌ته‌واوی محافظه کرد .

دور سلطنتی ملك كامل

عنوانی ناصر الدین و كنیه‌ی ابو المعالی محمده وكوری ملك عادله .
له ربیع الاولی ٥٧٦ی هجری دامها توته دنیاوه . له‌دوای وفاتی باوكی بوبه
حكمدار مصر وده ركردنی اهلی صلیب له دوری(دمیاط) وخاكی مصر
كه وته عوده‌ی ئه‌و .

له‌وینه دا الملك المعظم عیسی (شرف الدین) حكداری سوریه‌بو ،
وملك الاشرف موسی (مظفر الدین) پش اداره . (حلب) ی كرتبوه
دهس خوی .

اردوی اهلی صلیب ، مدتیكی زور (دمیاط)ی محاصره وتضییق كرد
چه محاصرین وچه محصورین له‌به‌رنه خوشی وبرسیه‌تی ضایعاتیكی زوریان دا
وله دوای سال ونیویك محاصره وتضییق اینجا (دمیاط) كه وته دهس اهلی
صلیب . له ابتدای مدافعه‌دا ا الی ومدافعینی ئه‌م شاره حه‌فتا هزار كسیك
یو به‌لام له وقتی تسلیمدا نه‌نیا سیه هزاریكی مابو وئه مانه‌ش له‌طرف اهلی
صلیبی متعصب وخونخواره‌وه قتل عام كران . اردوی صلیب له‌دوای
گرتنی(دمیاط) روی كرده (قاهره) . اردوی ملك كامل هه‌ر چنده له
طرف لشكری براكانیه‌وه تقویه كرا و به‌لام دبسانه‌وه‌به نظر اردوی دشمنه
وه زور كم بو وبه‌ربه‌ستی تعرضی پی نه‌ئه كرا ، له‌به‌رئه‌وه ملك كامل له گه‌ل
قوماندانی اردوی اهلی صلیب كه وته محاره ود وبه شرطی وازهینان

له (دمياط) وعدی رد کردنه وه‌ی فلسطینی دانی به لام ئه‌م تکایی صلحه له طرف اهلی صلیبه وه قبول نه کرا .

سقوطی (دمياط) وتعرضی اهلی صلیب بوسر قاهره‌ له‌اوروپادا تاثیریکی زوری بو اهلی صلیب کاوته طمعی مصر ، وملك کاملیش بو نجات دانی مصر حاضر بو وازله (قدس) بهینی . لهم حاله‌دا بطائنی اردوی اهلی صلیب وطنیانی نیل فرحتیکی باشی دابه ملك کامل . امری‌دا هه موسده کانیان شکاند وارامیی (دلتا) غرق کرا ، خط رجعتی اهلی صلیب‌را له بحره‌وه خوارده منیان نه‌ئه گه یشتی وتوشی برسیه یکی خراپ بون . له لایکیتر یشه وه لشکری اسلام به کومه‌لی بچوك بچوك لیان که وتبونه هجوم وتعرض وشله ژاند بویان له‌سر ئه‌م احواله اهلی صلیب که وته طلبی صلحه وه وبه شرطی مساعده کردن به‌گه رانه‌ره‌یان ومساعده‌ی زیارتی حجاجیان صلحیان کرد و رویشتن .

له دوای ئه‌مه که‌ه‌رای اهلی صلیبی شه‌شه‌م برایه‌وه ئه‌وه نده‌ی پی نه‌چو له ناو کورانی ملك عادلدا شری خو مالی دهس پی کرد . (ملك المعظم عیسی) حاکمی سوریه ، له کاکی وه‌رگه‌را وچاوی بریه تختی مصر وخه‌ریك بو له گه‌ل جلال الدین خوارز مشاهدا اتفاق بکا . ملك کامل کئه مه‌ی بابه‌ت سه‌غلات بو ، وله‌ووقته شدا ایمپراطوری المانیا (فرده‌ریکی دوه‌م) به لشکریکی گه‌وره‌وه روی کرده مصر . ملك کامل ، ناعلاج

ماوکه وته مخابره‌وه له‌گه‌ل ایبرا‌هور وویستی صلحیکی له‌گه‌ل بکا .

به تقدیری خوا له وینه دا ملك المعظمی حکداری سوریه وفاتی کرد (ذی القعده ٦٢٤ ه) ومملکته که ی بو (ملك ناصر داود) ی کوری به جی هیشت . ملك کامل ، له م رخصیته استفاده ي کرد وبه لشکره‌وه روی کرده شام ، ملك اشرف برای له‌اولا ویستی یارمه یه تی ملك ناصر بدا به لام له دواییدا له‌گه ل ملك کامل ریك که وت وبه یکه‌وه شامیان گرت ؛ وملك کامل به رامبار به بعض ولاتانی جزیره شامي دا به ملك اشرف (٦٢٦ ه) ، و (کرك) و (الشوالك) وبعض ولاتی تر له باتی شام درا به ملك ناصر داود (١)

ملك کامل له دوای جی به جی کردنی ایشی و کاری سوریه ، روی کرده جزیره (مه زوپوتامیا) ، وبو به ربست کردنی لافای خوارزمی وموغول ئه م ولاتی تنظیم کرد وبعض جیگه شی که بو ده س ئه مو ئه وه‌وه بو زه وت کرد و (حصن کرد) ی به ناوی ملکی خاصه وه دا به ملك نجم الدین ایوبی کوره گه وره ی وبه سر جزیره وه دای نا له وای یانی مساعده ی کرد که نجم الدین ایوب لشکری بی صاحبی خوارزمی بکریته ژیر ده سی خوی تابتوانی به ربسنی لافاوی موغول بی .

---

(١) مصدر تاریخی اسلام ، لغلی (حران) و (رها) و (رقه) دراوه بملك ناصر به لام ، به کوردی وتوانی دوایی ئه‌مه راست نیه .

له ٦٢٩ ی هجریدا (١٢٢٩م) ، ایمپراطوری المانیا فره دریق که یشت سوریه ، ومذا کراتی صلحیه‌ی بینی ایمپراطور وملك کامل لهم روژانه‌دا دوایی ی هات . به کوره‌ی ئه م معاهده یه (قدس شریف) له گه‌ل (ناصره) واطرافی وله عکاوه تایافه پارچه‌یه کی ساحلیش به موقتی که‌وته ده‌س فره دریق وبه رامبه‌ر به‌مه تامده‌ي ده سال وشه‌ش مانك وده روژ واز له شر هینرا وله لا یکیتریشه‌وه به رامبه‌ر به‌هه‌مو دوژمنیك ایمپراطور ئه بوایه یاری به ی ملك کاملی بدایه . خلاصه ئه م معاهده یه نه مسلمان ونه گاوری ممنون نه کرد ، وایمپراطوریش زور ی پی نه چو (فلسطین) ی به جی هیشت وچوه وه بو المانیا .

له‌دوای ئه‌م صلحه زوری پی نه‌چو که بینی ملك کامل وملك اشرف برای له گه‌ل سلطانی روم تیك چو ، و (سلطان کیقباد) ی سلجوقی لشکری کرده‌سر شمالی جزیره [٦٣١ ه] ، وله گه‌ل لشکری ایوبیدا که وته شره‌وه ،له‌اولا طالعی شر بو لشکری سلجوقی مساعدبو وبعضی جیگه یان له‌ملکی ایوبی داگیر کرد به لام پی یان محافظه نه کرا ونهایت ئه‌م دعوایه‌به وفاتی (سلطان کیقباد) برایه‌وه واشکری سلجوقی له خاکی ایوبی ده رکرا [٦٣٣ ه] .

ریکی ی ینی ملك کامل وملك اشرف نه‌وه‌ت دوایی نه کرد وملك اشرف له [illegible] گه‌ل امرای ایوبیدا اتفاقی کرد ، ملك کامل ئه‌مه‌ی

یلستا و دەس پیشکەری کرد بەلشکری مصرەوە روی کردەشام. بەلام لەپیش ئەوەدا کە گەل لشکری ملك اشرف و متفقەکانی بکەویتەشر، دوە: ملك اشرفی برای لەشام امری بخوای بەجی هینا [٤ محرم ٦٣٥] ، وشاری شام بی محاربە کە وتە دەس ملك کامل . بەلام بە رامبە بە تسلیم کردنی ئەم شارە (بعلبك) و (بصری)ای دا بە ملك صالح اسماعیلی برای .

ملك کامل ، لە دوای ئەم غلبە یەبە چند مانگیك لە دمشق وفاتی کرد [٢١ رجب ٦٣٥ هـ ؛ ٨ مارت ١٢٣٨ م] .

اوصاف وسزبانی :

ملك کامل، بی شبهە حکمداریکی زوربش ومقتدر بو . اوصافی بلندی، خوی چاکە میدانی شردا وچە لە امور سیاسی دازورجك نواندوە . وفاتی، مبدئی نشستنی حکومتی ایوبی بە . لەطرف (ریشاری شیردل) ەوە بە (شوالیە) قبول کرابو لە خصوص عرفان وعمرانەوە لە سرشوینی باوکو مامی رویشت . بعض آثار باشی هەیە ولە گەل ریك خستنی اموری اسقاو اروای مصر گەلی خەریك بو . تحکیماتی قەلای (قاهرە) ش لە زمانی ئە وداتە واوکرا .

واقعابە سبب تسلیم کردنی (قدس شریف) وبعض جیگەی ترە ایمراطوری المانیا ، بە ظاهر لایقی عتابە ، بەلام لەپیش ئەمە داکە انسان

لەم خصوصه ره حکیکی قطعی بدا لازمه ملاحظەی وضعیتی سیاسیه ی ئه وزمانه ، بکاو احوال وحسادتی براکانیش بنیتیه به رچاو .

ملك عادلی دوه م

له دوای وفاتی ملك کامل ، امرای ایوبی ملك عادلی دوه میان ، که کوره پچوکی ملك کامل بو به‌سلطان اعلان کرد والحال ئەم شازاده یه چه له بار پچوکی ي وچه له به ر بی کاره یی قابلیتی حکمداری ی، نه بو وله م خصوصه وه حق له طرف ملك نجم الدین براگه وره یه وه بو ، که له وبینه ده حاکمی جزیره بو . له وقتیکدا که‌ل محاصره‌ی(رها) خه ریك بو خبری وفاتی باوکي زانی وازی لەمحاصره هینا وله وه دابو که بی بو سوریه . به لام له پریکا توشی عصیانی خوارزمیه کانی مەبني بوو ویستیان بی گرن ، هرچونی بونجاتی خویدا وخوی گه یانده(سنجار) بدرالدین لؤلوی‌حاکمی موصل که یکی له دوژمنانی‌امیر نجم الدین بو لەم فرصته داویستی محوی بکاته‌وه وله سنجار دا محاصره ی کرد . به لام قاضیه عاقله که ی شهزاده به حسنی تدبیری خوارزمیه کانی له گه‌ل آشت کرده‌وه وبه یارمه‌تی‌ئه و لشکری (بدرالدین لؤلؤ) ی‌زور خراپ شکاند وله وی‌وه روی کرده دیار بکر و (سلطانی روم)یشی له‌دوری ئەم قه لایه دا شکاند وولاتانی جزیره ی دیاربه‌کر وه هینا یه ژیر اطاعتی .

له سالی ٦٣٦ ی هجری‌دا ، حاکمی شام (ملك جواد یونس) .

تـکلیفی کورینه وەی سنجار ورقه وعانەی له گەل (شام) له امیر نجم الدین کرد. امیر نجم الدین ئەم فرصتەی لەدەس نه دا وقبولی کرد. تورانشاهی کوری بەسر جزیرەوه بەجی هیشت، حران ورها وبعض جیکەی تریشی دا بەامرای خوارزمی، وبەلشکریکەوه روی کردەسوریه وشامی گرت.

ملك عادل وامیر داودی آموزای کەحاکمی (گرگ) بو، لەبینی خوایانا وایان قرار دابو کەبچنەسر ملك نجم الدین ایوب. لەووقتەدا بعض لەمرای بەناوبانك لەمەاملەی ملك عادل عاجز بوبون وهاتبونەلای ملك نجم الدین. حتی امیر (داود) یش بەشرطی ئەمە کەشامی بدریتی ویستی لەگەل ملك نجم الدیندا اتفاق بکا بەلام ئەم تکلیفەی قبول نەکرا ولە دوای ئەمە دیسان بای دایەوه سر ملك عادل.

لەسالی ٦٣٧ ی هجریدا، ملك نجم الدین بو زەوت کردنی مصرخوی حاضر کرد وبەپینج هزار کسیکەوه لەشام هەلسا وچو بو (نابلس). ملك نجم الدین ویستی بزانی، ملك اسماعیلی مامی بەراستی یارمەتی ئەدایان نا. چونکەئەم مامه زور ئەفرەی دابو وبەقسا هیچی نەهیشتبووه. والحال ئەم مامه لەگەلی خیانتی ئەکرد ولە زیرەوه لەگەل امیری (حمص) قسەیان کردبو بەیك لەلایکیشەوه امرای لشکری ملك نجم الدینی بە انواعی وعدو قبل ئەفرەدا ولەپریکا بلاوەیان کرد وملك نجم الدینیان له

(نابلس) دا بەنەنیا بەجی هیشت امیر (داود) ی حاکمی (کرک)،
کەئەمەی بیست، بەلشکرەوە هاتە سر (نابلس) وملك نجم الدینی امیر
کرد وئاردیە (کرک) هرچندە ملك عادل داوای کرد کەبوی بنیری،
قبولی نەکرد.

لەو بینەدا معاهدەی بینی ملك کامل وامپراطور فردریق رخدەی
نەوابوو. بەلام فرەنگە کان نەیان ئەویست بی دەنەوە. امیر (داود)،
بەخویارا بەرمو و بەلشکرەوە چوە سر قدس ولەدوای محاصرەیکی بیست
ویك رۆژ زەوتی کرد [جمادی الاولی ٦٣٧ هـ] وئەو تحکیمانەی کەلە
شارەکە لەطرف فرەنگەوە کرابو هەموی تیکدا.

لەو خەباتی ملك نجم الدین، مذاکرەی بینی امیر داود، اسماعیل
وملك [redacted] سری نەکرت وبە توسعی امیری (حما)، ملك نجم الدین
ایوب وامیر [redacted] ود ریك کەوتن وهر دوکیان لە (قدس) دا معاهدەیکیان
لە بینی [redacted] د. بەکورەی ئەم معاهدەیە مصر بو ملك نجم الدین
وسور [redacted] ی شرقیش بو امیر داود ئەبو.

[redacted] امیر داود وملك نجم الدین، ملك عادلی نرساند، ود س
بە [redacted] ملك اسماعیلی مامی کەبچیتە سر ئەودو متفقە وخوشی،
بەفکری چ [redacted] ر فلسطین بەلشکری مصرەوە لە (بلبایس) دا اردوگای
دامزراند [redacted] ی لشکری مملوك، کەبە ناوی ملك اشرفی برای ملك

کاملەوە ، اشرفیەیان پی ڤگوتن ، لەملك عادل راضی نەبون ، لە اوردوکا هدا چونەسری وگرتیان ولەسلطانی خلعیان کرد ونار دیانلەقەلای (قاهرە) حبسیان کرد(١) ، ولە دوای چند روژیك ملکی معزیان تکانی ملك نجم الدین کرد .

ملك الصالح نجم الدین ایوب :

کورەگاورەی ملك کاملە لە ٦٣٨ ھ دالە مصر ھاتونە دنیاوە لە ٦٢٥ دا باوکی کردی بە ولیعهدی خوی . بەلام بەتأثیر وبوختانی دایکی ملك عادلی دوەم ، لەدوای یەنیك لەبەرچاو کەوت ولەمصر دور خرابوەوە . وە کو لەسرەوە گوتمان زور توشی ازیەت وکورەوەری بو بەلام نهایت بی کارەیی ملك عادل ابو بکر ، بەفریادا گەیشت ولە دوای خلع وحبس ملك نجم الدین بانك کرایە مصر ولەوی اعلانی سلطانی کرا [٦٣٧ ھ ، ١٢٤٠ م] . زوری پی نەچو سلطنتی ملك صالح لەطرف خلیفەی بغداشەوە تصدیق کرا .

مملکتی مصر ، بەم نەرحە وبی شرو ھەرا بو ملك صالح صاغ بوەوە . ولاتانی شرقیش بە واسطەی (تورانشاە)ی کوریەوە لەژیر ادارەیکی باش ومضبوطدابو ، تەنیا سوریە لەبنی شروشوڕ ونفاق امرای ایوبیدانا راحت

---

(١) ئەم ملك عادل ابو بکرە تا ٦٤٨ ی ھجری حبس بو ولەم تاریخدا اعدام کرا .

بو وئه‌گر ئه‌م ولاته‌شی بو صاغ بكرایه‌وه به‌ناوی دوری شوكتی زمان سلطان صلاح الدین به‌درجه‌یك اعاده ئه‌كرایه‌وه .

ئه‌وه‌ی ملك نجم الدین ایوبی مه‌غلهت ئه‌كرد . معاهده‌ی قدس بو ، وافعا بوی ده‌س نه‌ئه‌دا ، كه‌سریه ده‌س امیر (داود) بكه‌وی . ذاتاً چونكه معاهده‌ی قدسیش له‌ژیر جبرو تضیقدا امضا كرابو ئه‌وه‌نده قیمتی حقوقیه واخلاقیه‌ی نه‌بو . ملك صالح ، به‌م فكر وقناعته بطالی‌ی ئه‌م معاهده‌یه‌ی اعلان كرد وبه‌ظاهری امیر (داود)یشی به وعدی حاكمیتی‌ی شام دا مركاند .

ملك صالح ، سالی دوایی‌ی له‌گه‌ل ریك خستنی ایشو كاری مصر دا رابوارد ، بدوی مصری عایای تأدیب كرد ، رؤسا ومشایخی اخلالی گرت وملك واراضیه كانی به‌سر مملوكه كانا دابه‌ش كرد له‌عینی سالدا له‌جزیره‌ی (روضه) دا ، كه‌ناو (نیل) دابو ، سرایكی بوخوی وقشله یكیش بو مملوكه كانی دروست كرد .

له‌عینی سالدا ملك نجم الدین ، له‌گه‌ل دوژمنانی خومالی بدانیك چو . امیر (داود) ، له‌دوای بطال كرانه‌وه‌ی معاهده‌ی قدس ، باشی گه‌یشت كه سلطان نجم الدین میدانی نادانی تا نفوذی زوری به‌یاكا امیر نجم الدین اسماعیل مامی سلطانیش ، له‌به‌ر كرده‌وه‌ی خائنانه‌ی پیشوی له‌ترس ولزدا بو وئیزانی كه سلطان (شام)ی به‌دهسته‌وه تاهلی له‌شرفیشدا

(جزیره) بدر الدین لؤلؤ وحاکمی موصل، نفوذیکی زوری بەیاکردبو، شاری (آمد)ی لە تورانشاهی کوری سلطان زەوت کردبو وبە غیری (حصن کیف) و (قلعة الهاثم) جیگەیەکی بەدەسەوە نەهیشتبو.

نهایت امیر (داود) وامیر (اسماعیل)ی حاکمی شام لەعلیهی سلطان لە گەل فەرەنگی فلسطیندا اتفاقیان کرد، لەماکی نتیج کاری سلطان صلاح الدین طبربە، شقیف، آرنون وصفدیشیان دانی، مساعدەیان کردن کەلە (شام) سلاح بکرن. خلاصە لە بنی ئەم امرای حدود وطەمکاری ایوبی وفەرەنگدا بو محوی ملك نجم الدین ایوب اتفاق کرا ودەسیان کرد بە خو حاضر کردن. اسامی ومدیری ئەم فسادە امیر نجم الدین اسماعیلی مامی سلطان بو لەوقتی خیدا دیسان هر بەحیلە وفساد شامی لاملك (جواد یونس) ساندبو وئەم امیرە: لە ترسی ئەو لە خوانە ترسە رای کردبوە لای فەرنك امیر اسماعیل لەم اتفاق وتیکەلی دایی لە کل فەرەنگدا استفادەی کرد ومقداری پارەی نارد بو فەرەنك وملك جوادی لی وەرگرتن وظالمانە کوشتی.

خلاصە بو روخاندنی بناغەی سلطتی ایوبی (داود) و (اسماعیل) دنائتیان گەیاندە درجەی نهایت ولەژیرەوە خیریان نارد بو فەرەنك کەاسرای اسلام، کەلە (شقیف) و (ارنون)دا دژمنەوی عەیان بکەن. فەرەنکی متعصب کەئەم خیرەی پیست هەموو اسیرە کانی هەل گرت وبردنیە (عکا) ولەوی هەموی کوشتن.

لەدوای بینی لشکری فەرەنك و (داود) و (اسماعیل) بە یکەوە رویان کردە لشکری سلطان نجم الدین ، ولەبینی (غزە) و (عسقلان) دا توشیان بون وشریکی تورس لە بینیانا قەوما . لشکری مەلمانی امیر اسماعیل ، لەوقتی شردا خویان جوی کردەوەوچو نەلای ملك نجم الدین ایوب ولە نتیجەدا متفقین زور خراپ شکان ولەفەرەنك زور بە دیل گیرا ومجبور بون لەگەل سلطانی مصردا صلحیان کرد ، ولشکری مصر گەرایەوە .

بەسبەدور کەوتنەوەی ملك نجم الدین لە سوریە ، سالی دوایی فەرنك وامیر داود بەض حرکاتی پچوك پچوك وبەلام زور ظالمانەیان کرد . لە ٦٤١ هـ دا ، لەبینی ملك نجم الدین واسماعیل دا مذاکراتی صلحیە دەسی پی کرد ، واساس ئەم مذاکرە یاش امەبو ، کەملك غیاث الدین کوری ملك نجم الدین (١) ، کەلای امیر اسماعیل اسیر بو ، بەر بدری وملك بە متبوع بناسری ولەخطبەدا ناوی بخویتریتەوە . بەلام امیر اسماعیل خبری وەرگرتبو کەملك نجم الدین بدزی یەوە خوارزمیە کانی لی هان ئەدا بەسبب ئەمەوە قطع مذاکرات کرا ، ولەاواخری ئەوسالەدا اسماعیل وداود اتفاقیکی قطعیان لەگەل فرنکا امضا کرد ، وبەشی زوری (فلسطین)

---

(١) ئەم شازادەیە لەوتی جوتی ملك صالح نجم الدین ایوب بو ناباس وا بڕ بوتی ، کەوتە وەدەس امیر اسماعیل .

یان له‌گ‌ل (قدس شریف) وبعض مواقی مقدسه‌ی اسلامیان که‌وتاوه‌ته‌ دا بو، تونرك كردن [٦٤١ ه‍] امیر داود، كه‌ شمنیكی زور به‌شدتی فرنك بو، مجبور بو كه‌ میزه‌ كه‌ی تاو (صخره) وزه‌دگه‌كه‌ی (مسجد الاقصی) شیان بدا‌تی .

ملك نجم الدین، به‌رامبه‌ر به‌م دژمنه متقانه‌ی، خوارزمیه‌كانی به‌ امداده‌وه هینا. واقعا لشكری خوارزمی سالی دوایی ٦٤٢ ه‍، له‌سر ریگه‌یانه‌(قدس شریف) یان زه‌وت كرد وتخریباتیكی مدهشیان له‌وتاوه‌ دا كرد. ملك نجم الدینیش، له‌مصره‌وه اردویه‌كی به‌ یارمه‌تی خوارزمیه‌ كانه‌وه تارد، اسماعیلیش لشكریكی به‌ امدادی فرنگه‌ كانه‌وه تارد. دو لشكر له‌ (غزه) دا شریكی زور مدهشیان كرد وظفری قطعی كه‌وته‌ده‌س خوارزمی ولشكری مصر. لشكر خوارزمی تادیكی بیحد وحسابی كرد. له‌دوای ئه‌م غلبه‌یه لشكری مصر (قدس شریف) [1] و (فلسطین) یان داگیر گرده‌وه[٦٤٢ ه‍]، كه‌ ئه‌م ولاته‌ له‌اعتباری ئه‌م تاریخه‌وه تا ١٩١٨ م به‌ده‌س اسلامه‌وه مایه‌وه. امیر (داود). ته‌نیا (كرت) و (سلط) و

---

(١) قدس شریف له‌دوری بی هیزی خلفای عبا‌یدا ده‌س سلجوق كه‌وتبو. خلیفه مستنصری فاطمی له ٤٢٩ ه‍ دا لی‌ی سه‌ندوته‌وه، له‌دواییدا له ٤٩٢ ه‍ دا كه‌ ده‌س فه‌رمنك وحه‌وت روز قتل عامیان تیا كرد وله‌مسجد الاقصی‌دا ٩٠ هزار كسیكیان كوشت. له ٥٣٨ ه‍ دا كه‌وته‌ده‌س سلطان صلاح الدین.

(عجلون) ی پی محافظه کرا لشکری مصر . (شام) یشی محاصره کرد
ومحاصره زور طولی کیشا اینجا سالی دوایی ٦٤٣ ه ، اسماعیل تسلیم
بو ، ومقابل بهشام (بهلبك) و (بصری) ی وملحساتی درایه . لهدوای
ئهم موفقیته خوارزمیه کان بهتهمای مکافاتیکی زور بون ، بهلام چونکه به
وهی کهدهسیان کهوتبو راضی نهبون ، داخلی خدمتی اسماعیل وناوردبون ،
وبهامری ئهوان (شام) یان محاصره کرد . کهلهطرف قوماندانیکی ایوبی
یهوه تا اوائل ٦٤٤ ه مدافعه کرا أمیری (حلب) و (حما) کهتا ئهوقته
بهرفداری ملك نجم الدینیان نه کرد بو بو خاطری برینهوه شر و مصیبتی
خوارزمی ، لشکری خویان ناردهسریان ، وخوارزمیه کان لهسر ئهمه
وازیان لهمحاصرهی شام هینا وچون بهپیر لشکری حلبهوه له (نصب)
داتوشیان بون وخوارزمی زور خراپ شکایهکی لهوسایان کوژرا
ویکیکتریشیان مجبوری فرار کرا . اسماعیل ، التجای کرده (حلب) ،
وامیری (حلب) (یوسفی دوهم) حمایهی کرد . بهلام (بهلبك) لهدس
چو وکهوتهوه دهس ملك ایوب ، کوروژنه کانی اسیر کران ویرانه
(قاهره) . امیر (داود) پش هغیری (کرك) هموملکه کانی لهدهس
چو ، وئهویش رای کرده (حلب) ، وکوریکی زور منداڵی بهسر (کرك)
هوه بهجی هیشت . امیری (حلب) ، زور رقی لهملك نجم الدین ایوب
بو ، وبو مدافعهی ملکی خوی بهرامبهر بهملك ایوب ، ویستی (حمص) ی

لی زەوت بکا ولشکریکی نارد، سرتەو شارە وڵە دوای دومانگیك محاصرەی
لە (امیر اشرف) ی دا گیر کرد [٦٤٦ ھ] . ملك نجم الدین لەم تجاوزە
زور عاجز بو ، و بوشری (ناصر یوسفی دوەم) ھاتەشام . یەکی لەسردارانی
خوی بە لشکریکەوە نارد سر (حمص) . ملك نجم الدین ، لە دوای
گەیشتنی بەشام ، خبری ھاتن اھلی صلیبی حەوتەمی زانی کەلەقوماندای قرالی
فرانسز (لوئی ی حەوتەم) دا رویان کردبوە (دمیاط) ئەم حادثە یە
مجوری کرد . کەیە توسطی خلیفەی بغدا لە گەل یوسف ناصری دوەمدا
صلحیکی بە عجلە بکا ، لە دوای ئەم صلحە بە رغمی نە خوشیە یکی گرانی ،
یەسدیە نقل کرایە (آشمونەن Ashmunen) بەلام نەی توانی مانعی اخراجی
اھل صلیب وگرتنی (دمیاط) بی ، چونکە لە دوای نە خوش کە وتنی
انضباط واطاعتی ناولشکری سست بوبو ، عشیرتی بدوی (کنانە) ، کە
محافظەی ئەو موقعەی گرتبوە ئەستوی خوی ، وای زانی بوکە لە طرف
لشکری سلطانەوە بە جی ھیلراوە و بەم ترسە نا مردانە وبامحانە رایان
کردبو ، ملك نجم الدین ، مدتیکی کم لەپش وفایدا ، وضعیتی کورانی داودی
بە ممنونی چاوپی کەوت . واقعا کورە گەورەکەی ، کەدی ی باوکی ،
برایکو لەکەی لە جیکەی خوی داناوە بە حاکمی کرك ، چوبوە سری
واسیری کردبو ، وبەرجای گەرینەوەی (کرك) لە گەل موفقیکی تر
بوی ، ئەم قەلایە ی تقدیمی ملك نجم الدین کرد ، وملك یکی لە امرای بە

مقداری لشکره وه نارد واشغالی کرد .

ملك الصالح نجم الدين ايوب . له ١٥ شعبان ٦٤٧ هـ [٢٣ تشرين ثانی ١٢٤٩ م] دا وفاتی کرد .

افکار وآثاری :

غابه‌ی مبارکی ئهم حکمداره ، تأسیس حکومتیکی به شوکتی وه کو حکومتی سلطان صلاح الدين وملك كاملی باوکی بو که عبارت بو له مصر وفلسطين وسوريه وجزيره به فرقيكی زور کم ئهم مقصده‌ی له اواخری دوری سلطنتدا هاته‌جی ، ته نیا امارتی سر به‌خوی (حلب) و(موصل) له داژه‌ی نفوذی به‌ده‌ربو . ملك نجم الدين ، بونه‌یا دکردنی قوت وتأثیری خوی لشکریکی مملوکی [١] ایجاد کرد ، وئهم قوته‌له زمانی خویدا به‌راستی زور به عمل هات وفائده‌ی بو به لام ئهم قوته غریبه به ، وه کو امثالی

---

(١) ئهم مملوکانه . عساکر خاصه‌ی سلطان نجم الدين ايوب بون و (مملوکی بحری) یان‌یی ته کوتن . هه‌مویان عبد ی به پاره کراوی جرکس بون ، له بلاد نیلدا وله‌جزیره ی روضه دا قشله به‌کی مخصوصیان بو .

له زمانی سلطانی مملوك (قلاون) دا ضفیکی تر له مانه ایجاد کرا وناویان نرا (برجی) . چونکه له برجه کانی ابج ته‌لای (قاهره) دابون .

به شی اول حکومتی ایوبی‌ی له ناو له ٦٤٨ هجریه‌تا ٧٩٢ سلطنتی له مصر وسوریه دا کرد . صنفی دوه میش سلطنتی (مماوکی بحری) ی له‌ناوبرد تا دوری پاوز دوامی کرد . (له ٧٨٤ هجری به وه‌تا ٩٢٢) .

تاریخی‌ی ، له دواییدا بوه سببی له ناوچوونی حـکومتی ایوبیه . ملك نجم الدین به‌سر مأمورین وامرای خویدا قود ونظارتیکی به قوتی بو،هیچیان له حضوریدا ، تالی یان نه پر سرایه ، نه یان ئه توانی قسه بکەن ئەم ملکه گه ورەیه ، بو اعمار وانشا آت زور همتی کردوه . قصره کانی (روضه) و (کبش) ی ومدرسه کانی ئەونه یه کی زور بلندی همتیه . بیجگه له مانه‌ش ، شاری (صالحیه) شی دورست کرد ومقصدیشی ئه وه بو که یه‌کا به ئه لایکی بسر حد .

دوری سلطنتی تورانشاه

کوری ملك صالح نجم الدین ایوبه ، له وقتی وفاتی باوکیا حاکمی جزیره و کوردستان بو . هیشتا له زمانی باوکیا وله شر وشوری (بدر الدین لؤلؤ) ی اتابکی موصل وسلطانی سلجوقی ی رومدا له ایشو کاری سرداری واداره دابی که یشتبو له صنعتی حربدا شوره یکی گه وره ی هه بو ، که خبری وفاتی باوکی بیست دهس بهجی هه لسا وروی کرده مصر . (شجرة الدر) ی باوه ژنی ، آفره یکی ی که یشتو وعاقل بو ، تا (تورانشاه) گه یشته مصر مردنی ملك نجم الدینی شاردهوه تورانشاه که گه یشته مصر دهس به جی له طرف امراوه بیعتی پی کرا وبه سلطانی اعلان کرا .

تاثهو وقته ، لشکری صلیبی (سن لوئی) ، (دمیاط) ی کرد بو به اس الحر که وله دوای گه یشتی امداد ، که عبارت بوله انگلیزوفرانسز روی کرد بوه پایتختی مصر . اول هدفی اردوی صلیب (منصوره) بو . تورانشاه . له دوای گه یشتی به مصر له گه ل کو کردنه وه ی لشکر وتأمینی مدافعه خه ریك بو . اهل صلیب به سستیه کی عجائب اینجا

له ظرفی مانگیکدا له (دمیاط) ەوه که یشتو (منصوره) . تور انشاء
له سبني وته مه لی ی اهلی صلیب استفادەی کرد ولشکریکی
باشی کو کردەوه وله لایکی تریشه وه قصبەی (منصوره) شی باش تحکیم
کرد . تا ئەو وقته لشکریکی المانیش هاتبو به امدادی اهلی صلیبه وەوئەم
لشکره بیحسابه که یشتبوه (منصوره) ومحاصرەی کردبو . فیضانی شطی
نیل پلانی (سن لوئی) ی تیك دا وبه امری تور انشاه پرده کانی بینی
منصوره وقاهره تیك دراوسده کان شکینرا ولا فاری آوله هەمولایکەوه
دوری اردو کاهی صلیبی دا وخطی رجعیتشی برین وله لایکیتر یشه وه
لشکري تورانشاه له هەمو لا وه تکین به اهلی صلیب هه لچنی وهاتو
چویانی له گەل (دمیاط) بری وتوشی برسیه تي ونەخوشیه کی خراپی کردن.

له لایکیتریشه وه ، تور انشاه ، تشبثیکی خارق العادەي بوزه وتی
(دمیاط) وبرینی ریگەی ده رچونی اهلی صلیب کرد ، بەضی سفائنی
بحری پارچه پارچه وبه پشتي حوشتر نارده قەراغ بحری سپی وله وی تیکی
چه سپاندن ودونیایه کی مناسبي پیکه وه نا وله پریکا ناردیه سر (دمیاط)
وارتباطی بحری ی صلیبی له گەل اوروپا داري .

خلاصه له لایکەوه تضیقي لشکري مصر وله لایکەوه هجومی دائمی ی
شطی نیل وله لایکتریشەوه برسیاتی ونخوشي ، سرداري لشکری صلیبی
له گەل اردوه که یدا مجبوری گەرانه وه کرد ، ولهم رجعته دا لشکری

قصر ژوریان لی کوشتن و تنگیان پی هه لچنن وتهایت اسیریان کردن (٦٤٧ ه) . (سن لوئي) بهوبه یاخاوه کهله مناستری (سن ده نیس) وهری گرتبوه، که وته دهس تورانشاهولهدوای دانی سرانه یکی٨٠٠ر٠٠٠ آلتونی وتسلیم کردني (دمیاط) اینجا خوی ورژسای زر کار کرد وماهده یه کیشی له گهل تور انشاهدا امضا کرد که به کوره‌ی نهوه‌نه بو دهس به جی له خاکی مصر بچیته دهره‌وه وئهم شرطهشی هجی هیناوچوه سوریه وسیه سالیك له ویدا ما . ضایعاتی اردوی صلیب لهم حرکه بی فائده یه دانزیك سی هزار کسیك بو (معالم تاریخ العصور الوسطی) .

له دوای برانه وه‌ی هه‌رای اهلی صلیب ، تور انشاه خه ریکی تأسیس ضبط وربطیکی عسکری له ناو لشکری مملوکدا بو . به‌شی هه‌ری که مملوکی باوکی بون زور خود سر بون ، تور انشاه به لشکری جزیره‌ی پشت نه ستوربو وویستی مملوکی بحری بهینیته ژیر ضبط وربطه‌وه . ئهم فکری سلطانه بو لشکری عبدانی له اطاعت ده رچو ده سی نه‌دا وسوء قصدیکیان در حق ترتیب کرد وبه غافلی کوشتیان (٦٤٨ ه) .

بعضی له مؤرخین ئه لین لهم جنایته دا ده‌سی (شجرة الدر)ی یاوه‌ژنی تیابو وه‌نکه‌قسه‌ی ئه‌مانه‌راست بی . چونکه ئهم آفره‌ته‌چاوی له‌سلطنت بووبه‌حسي باوه‌ژنی به طبیعت تورانشاهی خوش نه‌ئه‌وبست له‌لایکتریشه‌وه له گهل مربي ئهم جنایته که مملوکی بحری بوزور ریك بو وخني پینیك

لەدوای سلطنتیش شوی کرد بەفوماندانی مملوکی بحری کە (ایبیك) بو، جابە کورەی ئەمە هیچ دورنیە، کە ترتیباتی ئەم جنایتە بە معلومانی (شجرة الدر) کرابی.

خلاصە هرچونێبی مملکتی بدطالعی ایوبی لەحکمداریکی بەهیبتولە سرداریکی بەشوەت محروم بو. تورانشاه، آخر سلطانی بەشوکتی ایوبی بو عزم وثباتی، جرأتوجسارتی زور رەنگە کەرونق یکی باش بەسلطنتی ایوبی بدایە. بەلام قضا وقدر وخیانتی داخلی میدانی نەدا. تاریخ، نقل کردنی دونمای بەپشتی حوشتر هرلەم سرداره دیوه واینجا لەدوای دو عصر وچوار سال. لطان محمدی فاتح شتیکی وای لەبەراستە مولدا کرد وهیچ شبهەنیە کەدرس ئەم خارقەیەی لەمناقبی جلادتی تورانشاهەوه وەر گرتبی بجگەلەم ش محو کردنەوەی اردوی صلیب واسیر کردنی قرالی فرانسەش خاطره تکی ابدی شان وشرفی ئەم حکمدارەیە.

دو یی مکومتی ایوبی‌ی مصر:

مملوکی بحری عاصی، لەدوای شهید کردنی (تورانشاه)، (شجرة الدر) ی باوه ژنیان کرد بەملکەی مصر، خطبەیان بەناویەوه خویندەوه وسکەشیان بە ناویەوه لیدا، عنوانی سکەی (المستعصمیة الصالحه الملکة المسلمین، ام ملك المنصور خلیل) بو. لەدوای اعلانی ملکه، (معز الدین ایبیك) ی رئیس مملوکی بحری، کرابە فوماندانی اردوی مصر.

سلطنتی (شجرة الدر) زور دوامی نه کرد چونکه امرای مصر ، له‌سر تعیین کردنی حکمداریك له خاندانی ایوبی اصراریان کرد ونهایت (ملك الاشرف‌موسی) ی کچه‌زای ملك کامل و کوره زای آخر امیری ایوبی (یمن) ، له‌جیگه‌ی (شجرة الدر) کرا به‌ملکی مصر (٦٤٨ ه ، ٥ اغستوس ١٢٥٠ م) به‌لام حکم و نفوذ به‌دهس امیر (ایبیك)[1] ه‌وه‌بو .

سالی دوایی ، مصر ، له گه‌ل ملك ناصری یوسفی حکمداری حابدا تیك چو وئهم شرو اختلافه سه‌سالیك دوامی کرد ونهایت ، خلیفه‌ی بغدا که‌وته‌یئه‌وه وصاحی به‌ملك‌ناصر یوسف‌و (ایبیك) کرد (٦٥٢ ه) امیری مملوکی بحری وفوماندانی لشکری مصر (ایبیك) ، له ٦٥٣ ی هجیدا حکمداری‌ی سر به خوی خوی به‌سر مصردا اعلان کرد و (ملك‌اشرف) ی مخلوعیشی ناردوه (یمن) لای خزمه‌کانی ، بهم تهرحه سلطنتی به‌شوکتی ایوبی‌ی مصر ، نهایت که‌وته‌دهس عبده کانیان وئه‌و غه‌لی سیاسی وعسکری یه‌که بوه سبهی له ناوچونی حکومتی عباسی ، بوه سبهی محوی سلطنتی ایوبی‌ی مصریش . والحال لازم بو ، که‌ملك عادل له‌پاش دامانی بناغه‌ی لشکری مملوك ، تماشایکی تاریخی خلافتی عباسیای بکردایه وعبرتی‌لی وهر بکرتایه !

---

(١) صاحبی مصورنا تاریخی اسلام ، سیدا میر محمد علی له باتی (ایبیك) (اغابك) ئه‌لی .

حکومتی ایوبی حلب

(٥٧٩ - ٦٨٥ ه)

سلطان صلاح الدین ، اول جار ئەم ولاتی (حاب) ەی دا بە ملك ظاهر غازی ی کوری کە هیشتا یانزە ساڵە بو ، لە دوای چند مانگیك ادارەی ئەم ولاتەی دابە ملك عادلی برای لە ٥٨٢ه دا سلطان سەرلەنوی تقسیماتی مملکی کرد وملك عادلی کرد بە نایبی ملك عزیزی کوری لە مصر وولاتی حابی دیسانەوەدا بەملك ظاهر غازی ، و (ضعیفە خاتونی) ی کچی ملك عادلی لی مارە کرد . ملك ظاهر ، لە حالی حیاتی باوکیا ، وەکو نایبیکی صادق لە هەموشری اهلی صلیبدا کومەکی باوکی کرد ، ولە دوای وفاتی باوکی نایبی ملك عادلی مامی بو . غایەی ئەم امیرە ئەوە بو کە بە اتفاق موازنەی قوتی حکومانی ایوبی محافظە بکری . وبو خاطری ئەمە کە بتوانی بە رامبەر بە هەمو تعرضیك مدافعە بکا قەلای حلبی زور محکم تعمیر وتقویە کرد . ملك ظاهر لە ٦١٣ی هجریدا وفاتی کرد ، مرحوم لە پیش وفاتیدا ، ملك عزیز محمودی کورە گەورەی کە بە زانی ملك عادل بو کرد بوی بە خانی خوی ومقصدیشی لەمە استفادە کردن لە نفوذ

ومعاوئی ملك عادل بو . (ملك اشرف موسی) ی کوری ملك عادل امر وقوماندای لشکری حابی گرنه دەس خوی وبه رامبەر به تعرضی سلطان کیکاوس سلجوق مدافعه یه کی باشی کرد . امور ادارەی ملکیەی ولاته که به دەس اتابك طغرل نائبی ملك ظاهر ومشهور قاضی بهاء الدین ابن شداد وەبو .

ملك عادل وملك کاملی خلفی وکوری تصدیقی حکومتی ملك عزیزیان کرد . وملك عزیز له سالی ٦٢٨ ھ دا ادارەی کرنه دەس خوی ، وبو تامینی ادارەی خوی له امرای منسوبینی مامورینی تازەی تعین کرد وقوماندای قەلای حلبیشی دایه دەس امیریکی خوی به یارمەتی ملك کاملی خالی قەلای (شیزار) ی گرت - (الیره) ، که قصبه یه کی سر فرات بو ، له نار میراتی الزاهر دا ودی نامیا که وتەدەسی چەباوکی وچەخوی زور ترقیان به شاری حلب کرد عمران وتجارتی زور پیش کەوت ، له طرف جزیره وسوریه وه حدودی توسعی کرد . ملك عزیز له سالی ٦٣٤ دا به جوانه مرگی مرد ، ومقامی حکومتی بو (ملك ناصر یوسفی دوەم)ی کوری بەجی هیشت (١) که هیشتا حەوت ساله بو . نه نکی یوسف ، ضفیه خاتون ، له دوری بحرانیکی سیاسیدا بوبه نائبەی ملك ناصر یوسف : وله دوای عاجزی یکی له گەل ملك کاملدا ، له گەل ملك اشرف حاکمی

---

(١) ئەم ملك ناصره له فاطمه خاتونی کچی ملك کامل بو

شام اتفاق کرد له وقتیکدا که لشکری مصر هتنه سری وولاته کهی
استیلا کرد زور پش توانی خوی مـدافعه بـکا واردوه کهی کاله
فوماندای (المعظم) ی کوری سلطان صلاح الدیندا بو ، لشکری دشمنی
توشی ضایعاتیکی زور کرد وگیرایه دواوه . ضیفه خاتون ، بو زیاد کردنی
نفوذ وقوتی خوی به اشکرا له گـل سلطان کیخسروی سلجوقی ی رومدا
اتفاق کرد وئهوی به متبوعی خوی قبولی کرد له سکه وخطبه دا ناوی
ئهوی دانا ، وخوشکی سلطان کیخسروی بو مالك ناصری کوره زای
خواست ، لهم بینه دا تهلکه یـکی گهوره روی کرد بوه سوریه . هـ مو
اهالیی شر کری خوارزمی له طرف جنکیز خانهوه له خاکی خوی دور
کرابو وله جنوبی بحری حزرهوه روی کرد بو جزیره ، وملـکنی مالك
صالح ایوبی کوری ملك کامل استیلا کردبو ، جیگهی اسفه کهئه وحسی
حسادنه کهله بینی امرای ایوبیه دا بونهی هیشت به رامبار بهم تهلکهیه
اتحاد بکهن ویابه گوردی منفعتی خویان له گـل خوارزمی بك بگرن نهایت
له سالی٦٣٨ه دا ، لشکری حلب به رامبهر به قوتی زور غالبی خوارزمی
شکاو (المعظم) ی قوماندانی . اسیر بو . هـمو بارگرانیان کهوته دهس
دژمن ، وتا (حما) هـمو ولاته که کهوته ژیر استیلای خوارزمیهوه .
له پاشدا ، لشکری حلب ، له طرف ملـکی (حمص) وعشائری بدوی
کهله لشکری خوارزمی رای کرد بو ، تقویه کرا وقدرتیکی وای پیدا کرد

که بتوانی سرله نوی له گەل لشکری خوارزمي شر بکا وله اول مصادمه دا شکاندی شرین خوارزمي کەوت ، وتا (رجبه) رادوی نا وله وه زیاتر تەقیبی نه کرد ، خوارزمي ی شکاو ، به سر (حران) دانا (عانه) خوی ڤگرت وله وی داخلی ولاتی خلیفه ی عباسی بو شارانی جزیره ، که له طرف خوارزمي یه وه زەوت کرابو هەموی سینرایه وه ، ئەو اسیرانه که له طرف خوارزمیه وه له (حران) دا حبس کرابون هەمو یه ره للابون له ٦٤٠ دا لشکری حلب ، جاریکیتریش لشکری خوارزمي ی شکاند . وله دوای ئەم غلبه یه به چند مانگیك صفیه خاتون وفاتی کرد . ملك ناصر یوسف ئەمجاره امورى حکومتی کرته دس خوی وبه سر به شی زوری سوریه دا له (العریش) دوه تافرات حاکمیتی خوی جاری کرد له طرف خلیفه ی بغداده وه عنوانی سلطانی درایه زور حیف . که طالعی ناساز مصیبتی تاتاری هینا یه پیش واقعا هلاکو له ٦٥٨ ی هجریدا روی کرده حلب سلطان ناصر ، بیه ئده انتظار مقاومتی له مصر کرد ونهایت ناچار ما جاری به جی هیشت وچوه شام به لام دیسان نجاتی نه بو وکه وته دەس هلاکو وله ناوچو وحکومتی حلبی ایوبی بهم ترحه دوایی ی هات

حکومتی ایوبی شام

سلطان صلاح الدین له حالی حیاتیدا (شام) وسوریه ی دابو به ملك افضل کوره گەوره ی له دوای وفاتی خوی زوری پی ناچو یانی ملك

افضل وملك عزیزی حکمدار مصر تیك چو وله ودوایدا ملك عادلیش خوی تی کەلی ئەم هەرا یه کرد ومدتیکی زور ئەم دعوایه طولی کیشا ولەم بینەدا مرکزی حکومتی ملك افضل کەشام بو چند جاریك کەوتە ژیر محاصرەوە . اینجا لەدوای وفاتی ملك عزیز وشکستی ملك افضل ، شامو وسوریه لەژیر ادارەی ملك عادلدا خسایرە لەدوای وفاتی ملك عادل ، حکومتی سوریه کەوتەدەس (المعظم عیسی)ی کوری ، ولەزمانی ئەمدا تەلەکەی فەرەنك ئەولاتەی ناراحت کرد . لەدوای وفاتی (المعظم) ، ملك ناصری کوری بو بەحاکمی شام . بەلام ملك کامل وازی لی نە هینا وبەلشکرەوە چوە سری (ملك اشرف موسی) ی برای ملك کامل ، اولا لای ملك ناصری گرت ، بەلام لەدوایدا لەگەل ملك کامل ریك کەوت و (شام) یان گرت وادارەی ئەم شارە کەوتەدەس ملك اشرف (٦٢٦هـ) . ئەوندەی پی نەچو ، ملك اشرف بودفعی تەلەکەی جلال الدین خوارزمشاه لەگەل سلطانی روم (کیقباد) دا اتفاقی کرد ولشکریکی لەقوماندای (امیر عز الدین عمری حکاری) دا نارد وئەم دەستەیه جلال الدینیان لە نزیك (ارزنجان) شکاند [٢٨ رمضان ٦٢٧] . لەدوای ینیك ملك اشرف لەگەل ملك کامل برایدا لەگەل (علاء الدین کیقباد) تیك چو . تعرض کیقباد بو سر جزیرە اینجا لەدوای دو سال لە ٦٣٣ هـ دا دفع کرا ملك اشرف لەلواجری حیاتیدا لەگەل ملك کاملیش تیك چو ولشکری مصر

هاته سرشام وله وينه‌دا ملك اشرف وفاتى كرد . له‌زمانى ملك عادل دوه‌دا شرو دعواى بينى امراى ايوبى دەسى پى كرد ، وملك صالح اسماعيلى حاكمى شام ، به‌رامبه‌ر به‌ملك صالح ايوبى‌ى حاكمى مصر له‌گه‌ل فه‌ره‌نگدا اتفاق كرد . ملك صالح ايوب به‌يارمه‌تى لشكرى خوارزمى ، متفقين (غزه)ى شكاند [٦٣٤ ، ١٢٤٤ م]وسر له‌نوى ، وريه ومصرى توحيد كرد .

له‌دواى وفاتى (معظم تورانشاه) ى كورى ملك صالح ايوب ، حاكمى حلب ملك ناصر يوسف ، شامى زەوت كرد ، وئەم ذانه آخر اميرى ايوبى‌ى شام بو .

شاران وولاتانى سوريه ، له‌زمانى ايوبيدا زور تعميرات واصلاحاتى دى . امرا وامیراتى خاندانى ايوبى ورژساى ئەم دوره له‌بنا كردنى سرا وقصرجوان جوان عادتا له‌گه‌ل يك‌دەس پيشكه‌ريان ئه‌كرد . باخصوص شام زور پيشكه‌وت وبوه مركزى علم ومجمى مدارس (ابن جبير) ، كه‌له‌زمانى سلطان صلاح الدينا ئەم شاره‌ى ديوه ، ئه‌لى لاشامدا ٢٠ مدرسه يك هه‌بو وئه‌وندەى پى نه‌جو دو مثلى ئەم عدده مدرسه كرا .

حكومتى ايوبى‌ى حما

له‌دواى ئامه‌كه لواى (حما) كه‌وته‌دەس ايوبى‌ى ، سلطان صلاح الدين

دای بەملك المظفری کوری تق الدین عمری برای ، ونەنەوەی ئەم امیرە لیرە دا حاکم بون ودائما چاویان لەوە بو کە لە گەل حکمدارە گەورەکانی ایوبی باش رابیرن . لەوقتیکدا کەهلاکو هاتە سر سوریە نەیان توانی بەرامبەری راوەستن ، ولەدوای شکان وگەرانەوەی هلاکو لە سوریە ، بونە تابعی حکومتی مملوکی مصر . ئەم خاندانە لە تاریخی ٦٩٨ ی هجریدا لەناو چو . برازای آخر ملکی (حما) ، مؤرخ وعالمی مشهور امیر ابو الفداء اسماعیل بو ولە گەل سلطان محمد الناصر دا اشترا کی شری کرد . ئەم سلطانە زوری خوش ئەویست و (حما) ی دایە وعنوان وحقوق سلطانیشی دایە لەدارەی ابو الفدادا شاری حما زور ترقی کرد وقبری ئەم امیرە گەورەیە لەوی یە .

لەدوای سلطان ابو الفداء . ملك الافضل محمدی کوری ، بەسبەبی دارەبی خوی امنیتی سلطانی مصری ضایعی کرد ونهایت کیررا ولە شامدا قەلابندکرا ، وبەم تەرحە دوایی حکومتی ایوبی (حما) هات .

امارتی ایوبی حمص

ئەم ولاتی (حمص) ە لە ٥٧٠ ی هجریدا کەوتە دەس سلطان صلاح الدین ، ولەدوای ئەم تاریخە بەچوار سالەدای بەمجەدی کوری (شیرکوه)ی مامی بینیك ئەم ولاتە لەطرف ملك ناصر یوسفی دوەمی حاکمی حلبەوە

زەوت کرا [٦٤٦ ھ] ، بەلام ئەوندە بەدەسیەوە نەما . وەلە گەل ئەم فاصلە کورتەدا دائما بەدەس تەوەی شیر کوھەوە بو وحکومتی ئەم خاندانە تا ٦٦١ ی ھجری دوای کرد ، وەلەاتن ھلاکو دا ، بی مقاومت قاپی ی (حمص) یان بو کردەوە . وحکومتی خاندانی شیر کوە لەناوچو .

امارتی ایوبی (یمن)

ئەی زانین کەیمن لەطرف ملك المعظم تورانشاھی برای سلطان صلاح الدینەوە ولەتاریخی ٥٦٩ ھ فتح کرا . وملك المعظم دوسالی لەیمندا بەناوی کاکیەوە حکومتی کرد . لەدوایيدا وکیلیکی بەسرەوە داناوخوی گەرایەوە مصر . لەدوای وفاتی ، یمن درابە (ملك العزیز طغتکین) ی برای سلطان صلاح الدین (٥٧٩ ھ) . ئەم امیرە تا وفاتی لەوی ما (١٦ شوال ٥٩٣) لەدوای ئە (المعز اسماعیل) ی کوری ھاتە جیگەی بەلام لە ٥٩٨ ھ دا کوژرا . (ناصر ایوب) ی برای جیگەی گرتەوە وئەمیش لە ١٢ محرم ٦١١ دا درمانە حوار کرا . لەدوای ئەمە ملك مسعود صلاح الدین یوسفی کوری ملك کامل بونە حاکمی (یمن) وبەفوتیکەوە روی کردە یمن ولە ٢ محرم ٦١٢ دا گەیشتە مرکزی یمن کە (زبید) بو . لەدوای گرتنی (تعز) (سلیمان بن تقی الدین عمر بن شھنشاه) بو مصر ، لەگەل امامدا کەوتە شرەوە ، ولە ٨ جمادی الآخر ٦١٤ دا (صنعا) ی زەوت کرد .

لە ٦١٩ دا اموری حکومتی تودەیی کوردانی (رسولی) کرد ولە ٦٢٠ھ دا گەرایەوە مصر . لە ٦٢٤ رجبدا هاتەوە بۆ کوردانی رسولی‌ی حبس کردولە عینی روژدا بە ری‌دان . لە عینی سالدا گەرایەوە مصر وادارەی بۆ دیسان درایەدەس نور الدین عمری کوری علی رسولی. ولەدوای مدتیك امیر نور الدین اعلانی سر بەخوبی‌ی . کرد وحکومتی رسولی ی بۆ دامزراند.

امارتی ایوبی ی جزیرە

لە اساسدانا ٦٤٣ ی هجری دوامی کرد مرکزی (میافارقین) بوولە زمانی (المظفر غازی) دا بەدەس موغولەوە لەناو چو بەلام لە بعض شارانی جزیرە وکوردستاندا بقایای ایوبی هرمابو وحتی لە مانە امارتی (حصن کیف) تا عصری دەهەمی هجریش دوامی کردوە .

مطالعە یەکی عمومی :

سلطانی ایوبی ، کەلەسر میراتی خلفای فاطمی وانابك دامەزرابو ، بە رغمی هجومی یك لەدوای یکی اهلی صلیب لە دوری سلطان صلاح الدین وملك عادل وملك کاملدا شوکتیکی تاوی بو . لەدوری ملك عادلی دوەمدا بی ادارەیی وسستی بی‌هیزی کرد بەلام ملك صالح نجم الدین ایوب بە ازیت وکوژە وریکی زور نهایت غلبەی بەسر بعض امرای بی ادارە وملەکار ومفسدا کرد وبە درجە یك رونق پیشوی دایە وە بە حکومت

تور انشامي كورى اگر بەسبب شدتيەوەتوشى عصيانى لشكرى مملوك نەبوايە ممكن بوخدمتيكى گەورەى ئەم حكومتە بكا . چونكە سردارىكى ممتاز بو .

فعاليتي سلاطين ايوبى ، تەنيا لە ميدانى شردانە بو بلكو لە ميدانى عرفان وعمران واقتصاديا تيشدا آثاريكى گەورەو بەناوبانگى بەجى هيشت لە گەل امورى زراعت وريك خستني اصولى اسقا دا روز خەريك بون لە زمانى خويانا بو تشويق وتسهيل ايشو كارى تجارت گەلي معاهدەيان لە گەل حكومانى اوروپا دا كردوە .

اردوى ايوبى دوبەش بو . لشكرى خاصە (مملوك) ، لشكرى امراي تابعە . ئەم نوعە تشكيلاتە بە گورەى ئەو زمانەوە زور باش بو ولە گەل واردانى حكومتدا متناسب بو . لشكرى مملوك ، كەهوى عبدى بەپارە كراو وتربيە كراو بو وبە فكريكى عسكرى هيزا بوە وجود ، لە ابتدادا ، وەكو لشكرى تورکى عباسى ويكيچرى عثمانى زور باش بو وگەلى خدمتي كرد ، بە لام وەكو امثالى لەدورى ضعفى حكومتدا بو بە ميقروبيكى مهلك ونهايت بنيۀ حكومتى توشى نەخوشى انقراض كرد .

دورى سلطنتى ايوبى ، بو عالمى اسلام بناغەيەكى بەقوتي پيشكەوتنى دانا . لەهەمولايكەوە علما ومتخصصينى مشهور رويان كردەسراى سلاطين ايوبى حرمت وعزتيكى زوريان دي . بو عرفان وعمرانى مملكت زوريان خدمت كرد . اصولى اداره ، وكو كردنە وەى رسومى حكومت هيزايە

ژیر قاعدەیکی منتظمەوە ، اداب ومراسمی سرای حکومت وعنوانی رسمی تنظیم کرا . اصولی امارت (درەبکی) لەمملکتی ایوبیدا زور ترقی کرد . وئەم اصولە بەواسطەی اهلی صلیبەوە داخلی اوروپاش کرا . زور اصول ومراسمی شوالیەی اوروپا لەاساسدا لەاصولی دوری ایوبی وەرگیراوە . مثلا آرمەی خاندان ، لەایو یکانەوە اقتباس کرابو .

حکومتی زەند

تاریخی ایران ، لەاعتباری کوژرانی نادر شاەوە تادوری دامزرانی حکومتی قاجار ، کەتقریبا نیو عصریکە ، بیجگە لەزمانی (کریم خان) ی (زەند) ی،زور مشوشە .

لەپیش پەیا بونی(کریم خان) وضعیتی داخلیی ایران لەم حالەدابو : لەوقتیکدا کە (احمد خان) بو تسکین احوالی خوراسان مأمور کرابو ، رئیس عشیرتی قاجار (محمد حسین خان) خوی لە (استراباد) دا دامزراندبو ، وەمو ولاتی(مزندران)یشی هینا بوە ژیر حکمی خوی ، (فتح علی خان) ی باوکی لە طرف نادر شاەوە حکومرا بو . عشیرتی قاجار ، بەم سببەوە لە گەل بنەوەی نادر شاەدا لەدژمنایەتی دابو . احمد خان ، لەترسی ئەمە کەمحمد حسین خان ایشو کاری تی تیك نەدا ،لشکریکی افغانی‌ی ناردە سر مازندران . بەلام ئەم لشکرە شکا وضایعاتیکی زوری داوئەمەش بوەسببی زیاد بونی نفوذ وقدرتی رئیس قاجار .

ولاتی آذربایجان ، لەم دورەدا لە ژیر ادارەی (اسد خان) ی افغانیدا بو . (کیلان) ، لەادارەی یەکی لە رؤسای ولاتە کەدا (هدایت

خان) ، استقلالی خوی اعلان کرد بو . (کورجستان) یش ، که‌له ژیر
اداره‌ی (هه‌را قلیوس) ناو جنرالیکی کاووری نادر شاهدا بو ، وادهمر
ئه‌کەوت که‌له‌سودای سر به‌خویدا بو .

له‌م ینه‌دا که‌احوالی شمالی ایران وا تیك‌چو بو ، (علی مردان‌خان)
یش ، که‌یکی له‌رؤسای عشیرتی بختیاری بو ، چوبوه سر (اصفهان) ، وئه‌م
شاره‌ی له (ابو الفتح خان) ی والی (شاهرخ) زه‌وت کرد بو وبو
خاطری جلب هکردنی افکاری خه‌لکی ئه‌م پایتخته ، یکی له‌اولادانی
صفوی یه‌سرتخت دانا بو . به‌لام له‌گه‌ل ئه‌مه‌شدا به‌بی معاونت نه‌ی
ئه‌توانی ئه‌م ایشه به‌ریته سر وهجبور بو چه‌ند امرا به‌کی دعوت کرد ، وبه‌کی
له‌مانه (کریم خان) (زند) بو وئه‌م ذاته له‌خاندانیکی گه‌وره نه‌بو(١) ،
وله‌اردوی نادر شاهدا قوماندان نه‌بو ، به‌لام به‌حسن اخلاق وشجاعتی
شوره‌تی سه‌ندبو . مؤرخین ئه‌لین ، کریم خان ، له‌اولا له‌گه‌ل (علی‌مردان
خان) دا وبا خصوص له‌دانانی شهزاده به‌کی صفوی له‌سرتخت دا له‌گه‌لی
متفق بو وفراریان وابو یکیکیان لای ئه‌م شاهزاده‌یه وزیربی ویکیکیشیان
سردار سپه‌بی . بعض منابعی تر ئه‌لین ، کریم خان نه‌ی‌ویست له‌گه‌ل
(علی مردان خان) دا خوی مساوی بگری ، بلکو ته‌نیا له‌دوای مردنی

---

(١) به‌گوره‌ی روایتی خانی خوی ، کریم خان کوری (ایاك) ناو عاصیه‌کی
مشهور بوه وناوی جدی معلوم نیه .

چاوی له جیگه‌ی بو ، چونکه ئەم رئیس بختیاریه زور پیرو وجاخ کویر بو .

له‌دوای گرتنی اصفهان ، علی مردان خان درحق به اهالی گه‌لی ظلم وشدتی نواند بەلام کریم خان گه‌رەکی چولفای ، که‌له طرف خوبه‌وه اشغال کرابو ، مدافعه کرد ئەی هیشت توخونی روح ومالیان بکه‌ون . ئەم حرکه‌ی زور عالیجنابانه و چونکه بەشی زوری ئەم گه‌ره که کاوور بو ، بەلام کریم خان نەك به‌تعصبی دینی بلکو به کوره‌ی اخلاق بلندی خوی معامله‌ی کرد وبه انسانیت ومرحمتی شوره‌نی سه‌ند .

شوره‌نی کریم خان‌وجابی محبتی اهالی‌ی بوه سبی‌حسادتی علی‌مردان خان ، وئه‌وه‌نده‌ی پی نه‌چو که به نه‌واوی به‌یزان خراپ بو . علی مردان خان ، فکری وابو که کریم خان دورکه‌ونه‌وه .

خه‌لکی گه‌ره‌کی چولفا تضیق بکا ، ئەم‌سوءفکره‌ی لای خه‌لك معلوم بو وله‌لایه کیترەشه‌وه والی‌ی اصفهانی کوشتن ومعلوم بو که‌دره‌م جنایتی کوشتنی کریم‌خان ئەبو خلاصه اندیشه ووهمی (علی مردان خان) نهایت بوه سبی شر له بینی دورفیقدا . کریم خان بەخویو طرفدارانیوه به‌رامبه‌ر به‌علی مردان ویستا واعلانی حربی له گه‌ل کرد وله‌دوای چه‌ند شریك (علی مردان خان) ؛ ده‌ست (محمد خان) ناو رئیسیك کوژرا ١١٦٠ ه‌ ، ١٧٥٣ م)] ، وبەم تەرزه ایران جنوبی‌ی رقیب بو کریم

خان مایەوە بەلام لەپیش ئەمە دا کە بتوانێ‌لەم ولاتانە دا بەراحتی‌اجرای سلطنت بکا ، لازم بو لەگەل چند دشمنیکی بە قوت خەریك بی .

بەشی زوری لشکری کریم خان ، عشیرتی (لك) بو کە (زەند) قولیکی بو ، چە بەقوت وچە بە جرأت وجسارتیان استعدادی‌حکیان بە سرایرا نداهە بو،خە لکی شارانی ایرانیش هەمو طرفداری کریم خان بون، چونکە لە اخلاق پاکی وعدالتی امین بون .عشایری عریش‌دیسان بەدل بەرەی کریم خان بون عشایری تورك ، کە لەگەل خصمی کریم خاندابون ، ئەو وانیش بە چاویکی حرمتەوە تماشای کریم خانیان نەکردە کریم خانە

لە ذوای مردنی (علی مراد خان) . در دوژمنی بە قوت مایو : اسد خانی قزانی ، محمد حسین خانی قاجاری. کریم خان ، اولا روی کردە اسد خان ، ولە نزیك (قزوین) ، بە رەنگاری بو وبە تەرحی شکاکە نەك تەنها هەر دەس لە (اصفهان) هەلگری بلکو وازی لە(شیراز) بش‌هینا . کریم خان ، لە دوای‌شکان ، خوی کیشایەشاخانی بینی حوضەی فارس وخلیجی فارسا نزیك دولی (کرمسیر) . بە رامبەر بەم حالەرضەبنی کریم خان زحمت بو، بەلام (رستم سلطان) ی (خشت) [دی بە کی بجوك بولە نزیك لوتی شاخیکی حا کەوە بە سر (کرمسیر) دا] لیرە دا یارمەتی کریم خانی دا ولە دربندیکی سە خت دا کە

(کوماریج) یان پی ئه کوت اسد خانی شکانه ، کریم خانیش به خویو لشکریه وه له دوله که دا وهستابو . بقایای لشکری اسد خان که‌له‌دربندی (کوماریج) له دهس رستم سلطان نجاتی بو وکه وته‌دوله که وه وله نزیك (خشت) هوه توشی لشکری کریم خان بو وزوربان لی کوژرا ظفری کریم خان بی امثال بو . قسمی له لشکر ا. که‌ل عشایری ئه‌و ناوه‌شوین بقایای ده رچوی دشمن که‌وتن وتا (شیراز) چون و کرتیان. له دوای ئه‌م وقعه یه (اسد خان) ایترنه هاته به رامبه‌ری کریم خان واشریکدا که‌له‌که‌ل (محمد حسین خان) دیسانه وه شکا وراي کرده بغداد ووالی‌ي ئه‌م ولاته هرچنده حسن قبولی کرد به‌لام خوي نه‌دایه ئه‌وه داره ته که قوتی بدانی تا مملکته که‌ی خوی بسینیته‌وه له باشداماجنی به والی ی کورجستان (هه‌ر افلیوس) بش کرد به لام ئه ویش هیچی بونه کرد ، نهایت خوی هاویشته لای کریم خان وحسن قبول ولطفی لی دی وموقعیکی باندی دایه وبه درجه یه‌ك اعتماد وعلو جنابی در حق نواند ، که‌ئه‌وه نده‌ی پی‌نه چو ئه‌م رقیبه مهلکه بوه دوستیکی باش .

هزمنی هه‌ره به قوتی کریم خان محمد حسین خان قاجار بو ئه‌م عشیرتی تورکی قاجاره ، له زمانی تیمور لنك دا له سوریه وه هینرا بونه ایران وبسکی له‌و حه‌وت عشیرته یه که شاه اسماعیل اولیان هینا بوه سر تخت .

کریم خان ، [illegible] دەس کەوت وباش دی
کیر بو لەشکر وهەرای [illegible] حسین خان استفادەی کرد
ونەك هەرولانی فارس بگرێ ولانی اصفهان وبەشێکی عراقی عجمیش بخوی
صاغ کردەوە . بەلام ، ئەوەندەی پی نەچو [illegible] ی ئەم مملەکەتەی
بەمجبوری ترك کرد ، چونکه محمد حسین خان ، لەدوای ئەمەکه اسدخانی
شکاندو ولانی آذربایجانی خسته سر مملکتی خوی ، بەلشکرێکی گەورەوە
روی کردە اصفهان ، لشکرێکی واگەورە لەدوای نادرشاه تا ئەوروژە
لەمعنی هیچ سر کردەیکا کو نەبووە . کریم خان هەولیدا کە بەربەستی ئەم
اردوەیکا ، بەلام فائدەی نەبو : وبجبور بو کەبگەڕێتەوە بو شیراز وقراری
دابو کەلەم شارەدە مدافعە بکا .

محمد حسین خان ، لەدوای ئەمە کەزور باش خوی خر کردەبوە ، هەشت
هزار کسیکی لەاصفهانەوە بەجی هیشت وخوشی بەسی هزار کسیکەوە بو
محاصرەی (شیراز) کەوتەری ، وله وقتیکدا کەاطرافی شیراز بو مهاجمین
زور مساعد بو وهەموو صحرا پرلەدە غلبی پی گەیشتو بو ، گەیشتەشیراز ،
وهیشتا طوپەکانی دانە مزراند بو کەتوشی تعرض بو [١٧٥٧ م] شیخ علی
خان ، کەرئیسیکی بەکار وآ[illegible]ی شیرازی (زەند) بو ، لەپریکا هەلی کوتایە
سر بارگانی ودوابی لشکر محمد حسین خان . خەلکی ئەو ناوەش ،
کەمالومندالیان برد بو ناوشاخانی ئەودورە ، هەموو بارەتی (شیخ علی خان)

یان‌دا وئەم حرکتە بوە سبی کەی زاد وذخیرە ونا مەونی‌ی لشکری محمد حسین‌خان ، لەلایە کیتریشەوە دوام وطول کیشانی‌محاصرە ئەم لشکرە بی رابطەوغیر منتظمەی، کەتەنیا بەزوری‌رئیسە کەیان کوبو بونەوە، بیزار کرد بیجگە لەوەش لەناو اردوە کەدا نجانس واخلاص‌نەبو بەضیکی‌تازە هیزابوە زیر سلاحەدە وبەضیکیش بقایای لشکری اسد خان بو کەچند مانگی لەوە وپیش لە گەل محمد حسین خاندا شریان کرد بو .

لەم بینەدا لشکری کورج وبکاری کریم خان محاصرینیان زور ناراحت کرد ، تەنگ هەر ئەمەی شارەکەمردانە مدافعە بکەن بلکو بو بلاو کردنەوە رضرر لی‌دان لەمحاصرین هیچ فرجتیکیان‌لەدەست نەئەدا. نهایت ایش گەیشتە درجەیەک کەهەمو روژی بەشیکی لشکری محمد حسین خان بلاوئەبو و ورای‌ئە کرد وئەمەرئیسی‌قاجاری‌مجبور کرد کەواز لەمحاصرە بینی . واقعا لەپریکا شیرازی بەجی هیشت وگەرایەوە بو اصفهان وئەمو قوتەی کەبەرامبەر باشارە کەبەجی‌ی هیشتبو ئەوانیش بلاوەیان کرد . محمد حسین خان لەاصفهانیش‌خوی نە کرتەوە ولە گەل اردو یەکی ضعیف ومعنویات شکاو کەعبارت بو لەدوانزەهزار کسیک خوی گەیاندە (مازندران) .

کریم خان ، لەدوای ئەمەکە خوی باش کو کردەوە وامنیتی ولاتی فارسی تأمین کرد روی کردە اصفهان ولە طرف خوا کی ئەم شارەوە بە

شکر وممنونیت‌قبول کرا وداخلی بو [١١٧٠ ه‍ ، ١٧٥٦ م] اغلبی شارانی عراقیش هر بەم ئەرحە کەوتەدە دەس کریم خان ، بو اعادەی شوکت وقدرتی خوی محتاج ظنر بو . واقعا لەو شرانەی کە کرد بوی لە بعضیکیانا غالب بو بەلام لەزوربانا طالع مساعدەی نە کرد بو . وضعیتی ، زور جار جیگەی امید نەبو ، بەلام ئەو حرمتەی کەخەلکی شاران درحق ئەویان ئەنواند ، لە کەوتن محافظەی کرد وبەنتیجە سری خست .

کریم خان ، لەگەل ئەمەدا کەئەو ولاتانەی کە بە آرزوی خویان نابی بون ، پاش ایشوکاری ریك‌خستن‌لەلایە کیتریشەوە (شیخ علی‌خان)ی لەگەلی لشکریکی هەل بژیراودا نارد بومازندران تا محمد حسین خان بەتەواوی مجبوری اطاعت بکا وبو ئەمەلازم بو اولا اتحادی عشایری قاجارنیك بدری ئەم‌عشیرتە جسور وزورەسیە فرقەبو : یکیکیان‌لەدوری (کنجه) بو ، دومیان لەاطرافی (مرو) بو وحدودی‌خراسانی بەرامبەر بەتعرض اوزبك محافظە ئەکرد سیەمینیشی لەولاتی (استراباد) دا بو . ئەم فرقانە اساسا لەژیر نفوذی دو خاندانا بون . یەکیکیان کەلەپیشدا مدتیك بەسر هەموو عشیرتە کەدا حاکم بو ولەم صردا چەبە تشویقاتی کریم خانوچە بەآرزوی اعادەی نفوذ خصمی محمد حسین‌خان بو وتصادفی ناوی ئەم رئیس خاندانی (بوخاری پش) مش هر محمد حسین خان بو . ئەم حرص انتقامەی ، رئیسی (بوخاری پاش) ی الحاق اردوی شیخ علی

خان کرد . ئەم حادثەیە بە خصمی کریم خانی ضعیف کرد لە گەل ئەمەش ناچارما وایە گەل قوتیکی ضعیفەوە لە گەل شیخ علی خانا کەوتە شەرەوە بەلام بەشیکی لشکرەکەی لەوقتی شەردا بەجی یان هیشت وخوشی نجاتی نەبو وبەدبل کیررا (١)

لە نتیجەی ئەم ظفرە عظیمەی (مازندران) دا ، ولاتی (گیلان) وبەشی زوری (آذربایجان) کەوتە دەس کریم خان ، ئەم ولاتی آذربایجانە ئەوە ندەی پی نە چو ئوشی استیلای (فتح علی خان) رئیس (افشار = هەوشار) بو ، ئەم رئیسە گەلی جار کومەکی دژمنانی کریم خانی کردبو وئەم دفعە بە آشکرا اعلانی حربی لە گەل کرد ، لە جنوبی (ئەوریز) ولە دشتی (قرەچیمن) داشکا ورای کردە شاری (وورمی) (٢) ولەدوای محاصرەی چەند مانگیك کەزانی مقاومت ناکاخوی فریدایە لای کریم خان وعفو کرا [٧٦٠ م] .

فتح علی خان ، لە پیش ئەمە دا کە تسلیم بی ، بعضی لە رؤسای

---

(١) کوردانی محمد حسین‌خان رایان کردە نورکستان ولەیاش جواز سال التجایان کردە کریم خان وحسن معاملەیان لی‌دی . آغا محمد خان هەرەکەورەی ئەم کوردانە بو ولەپاشدا بوە سببی محوی خاندانی زەند .

(٢) مؤرخ (ستراو-Strabo) بەم شارەی (تەبارما - Thebarma) کوتوە وظن تەبری کە (زردشت) لێ ەدا هاتبیتەدنیاوە .

اردوی کریم خانی بو خیانت درحق به حیاتی کریم خان تشویق کردو
بەلام ئەم سەد قصده آشکرا بو رفتح علی خان جزای خوی دی ؛ وەختا
امرا یەکی مشوریش ، که داخلی ئەم اتفاقه بون،هەل آوستران مورد
ایران ئەلین بەسبب اشترا کی بەم خیانه دەسر داری مشهور (شیخ علی
خان) یش به اعـدام محکوم کرا . بەلام ئەم روایته به راستی محتاجی
تأییده .

کریم خان،لەم هەمو شرو دەوای حاکمیت ونفوذەدا معاوتیکی باشی
له عشایری عربی دوری خلیج فارس دی . بەضی له قوتی عرب،تا اصفهان
له گەلی چون لەبەر ئەمه کریم خان معاملەی له گەلیانا باش بو وله حال
عصیانیانا ویارمی نەدا نیانا اینجا لشکری کرد ونه سر ، مثلا عصیانی میر
(موحانا) ی(بندرریغ) [نیو درجه له شمالی غربی بندر بوشهر،وەبو]،
که بنی ریکەی (شیراز — بندر بو شهر) ی بری بو ، لەم نوعەبه وکریم
خان به شدت تادیبی کردن ، رئیس عشیرتی (کعب) بشی که (شیخ
سلیمان) ی ناو بو ، نه ویش بەرامبەر به کریم خان بی اطاعتی ی کرد
وکریم خان مجبور بو به لشکریکی زورەوه چوه سری ، شیخ سلیمان
به سفینه رای کرده جزیره به کی نزیك .

حکومتی کریم خان ، گەلی جار به سبب شدت وشر دا کیر ساندنی

(زکی خان) (۱) ی برایه وەنا راحت کراوه . ئەم زکی خانه جاریك بەتە واوی عصیانی کرد وله گەل بعضی امرا وقوتدا رای کرده لای عشیرتی (فەیلی)،بەلام ئەم تشبثەی بو نەچوه سر وگه رایەوخوی‌ەاویشته لای کریم خان،زۆتو کرا وحتی وظیفەی درایه . ونیر رایه (دامغان)(۲) حسین قلی خانی قاجار له ومنطقه بەدا عصیانی کرد بو بەلام زکی خان زو ئەم عصیانەی تسکین کردو حسین قولی خان رای کرده ناو تورکمان .

دهشت وشدنی زکی خان،هیچ شبهه نیه کەبو محافظەی امن واسایش مملکت له فائده خالی نەبو . چونکه حلم وعدلی کریم خان ، جسارتی به بعضی رؤسا وامرا دا بو که عصیان بکەن وئه یانزانی کەله نتیجه دا عفو ئه کرین . بەلام اینر هەمو کس نی گه یشتبو که بو تسکیلی عصیان.برا غداره کەی ئ نیری وعفوی کریم خان به عمل نایه ، عصیان هرله (دامغان) دانه بو له (مازندران) وزور جیگەی تریش په یابو،بەلام هەموی بەشدت تسکین کرا ،زور جارله پیش که یشتینا جمعیتی عصات بلاوئه بوەوه . خلاصه ـ ه شدنی زکی خان ایرانی له عصیان پاك کردەوه

---

(۱) زکی خان ، بەبرای کریم خان داناوه . بەلام آموزای وزر برای بو . بەجگه لەزکی خان زوربرا (اسکندر خان) وزر خوشکیشی بو لەدایکی بون ولەباوکی نەبون .

(۱) وطنی خاندانی بارت (آشکانی) .

وسالانی دوایی‌ی دوری کریم خانی خسته سکون وبی ده‌نگی یه‌وه .

خوشکه زا که‌ی (شاه حسین) ی صفوی که منداليکی نوساله بو وبه ناوی (شاه اسماعیل) ەوه له‌طرف علی مردان خانه‌وه هینرابوه سرتخت له‌طرف کریم خانه‌وه محافظه کرا و کریم خان به‌عنوانی وکیل شه اکتفای کرد ومیلی مقامی حکمداری ی نه‌بو شیرازی کرد به پایتخت وتیا دانیشت وایتر بالذات خوی لشکری سوق واداره نه کرد لشکریکی زوری بو محاصره‌ی بصره کوکردوه وخستیه ژیر قوماندای (صادق خان) ی برای . محتمله که . وه کو حکومته کانی پیشوی ایران ، کریم خانیش مجرد بو تامینی آسایش داخلی‌ی خوی، حریکی خارجی (تعرض به تورك) ی به مناسب زانیی ، وبه کوره‌ی ئه‌م ملاحظه یه افکار عمومیه‌ی بو غایه وهدفی خوی توجیه کردبی ، وئه‌ی زانی که هیچ شتیك به‌قه دفکری زه‌وت کردنی ئه‌و ولاته‌ی که اماکن مقدسه‌ی تیایه ، شیعه تشویق وتهییج ناکا وله بەر ئه‌مه کریم خانی مملکتی عراق کردبو به هدفی‌خوی. کریم خان اولا سر عمر پاشای والی‌ی بغدای له حکومتی استامول داوا کرد ،چونکه عمر پاشا ، رسمیکی خستبوه سر زواری ایران . حکومتی عثمانیه به طبیعت جوابی ردی دایه‌وه وصادق خانیش به لشکریکی پنجا هزار کسی یه‌وه له نزیك ساحلی خلیجی فارسه‌وه روی کرده بصره ، فیلو یه‌کی سوکی سی سفینه یلش ، که‌له (ابو شهر) و (ریغ) دایوله گه‌ل

لشکری صادق خاندا توحیدی حرکاتی کرد .

واقعا حکومتی عثمانیش له بصره چند سفینه یه‌کی حربیه‌ی هه‌بو به‌لام بی عمل بو وقتی توانی به‌رامبه به فیلوی صادق‌خان مقاومت بکا صادق خان له دوای ئه‌مه که به سر شط العربدا حاکم بو زوبه زوپردیکی له‌به‌لهم دوروست کرد،واردوه کەی پەراندوه ساحلی راستی شط العرب وده‌ستی کرد به استحضاراتی محاصره .

شاری بصره زور که‌وره و چند باغچه یه‌کی تیا بو نفوس اهالیه کەی تخمیناً ٥٠,٠٠٠ وقوتی مدافعه له ربعی ئه‌م عدده زیاتر بو ، والی سلیمان آغا ، عسکریکی آزا بو وبه سر معنیدا امری نافذ بو دیواری قه‌لای بصره به‌رزبو به‌لام محکم نه‌بو . خطی مدافعه‌ی اصلی بچه‌ند استحکامیك بو وصد طوپکی تیا بو .

له زستانی ١٧٧٥ دا محاصره به هیواشی دەستی پی کرا واردوی ایران پیش که‌وت . حکومتی عثمانی امری به والیه کانی (وان)و(موصل) و (دیار بکر) و (حلب) و (شام) دا ئابه هه‌مو قوتی خویانه‌وه له‌بغدا گرد بینه‌وه .

واظن ئه‌را که‌امانه دینه بغدا وله گه‌ل والی‌ی ئه‌م ولانه به فریای بصره دا ئه‌گه‌ن والحال ئه‌مانه هاتنه بغدا وبه‌فکری ئه‌مه که حکمداری ایران ممنون بکه‌ن عمر پاشای‌والی یان کوشت،و دەس به‌جی تاماریکیان

نارد بو شیراز تا خبر بدایه‌کریم خان که ، سبی ئەم حربه‌که ، والی بو کوژرا وآرزوی ئەو هیزایه‌جی . بەلام کریم خان ، کوی نەدایه وویستی لەضعیفی حکومتی عثمانی استفاده بکا خلاصه والی‌ی بصره لەدوای‌سیانزه مانك مدافعه ، بەسبب نەمانی زاد وذخیره‌ی‌نا علاج تسلیم بو . [حزیران ١٧٧٦ م] متسلم وبعض ارکانی شاره که بەحرمت نەمانه (شیراز) صادق خان ، حسن معامله‌ی له گەل اهلی بصره کرد . و (علی محمود خان) ی کرد به قوماندانی بصره وگەرایەوه شیراز ، محمود خان ، خلافی احتیاط وبصیرت خوی تی‌کەلی شری بینی دو عشیرت کرد ونوشی مغلوبیت بو وضایعاتیکی زوری دا وقوماندانه کانی کوژران صادق خان کەئەمه‌ی بیست‌زو خوی گەیانده بصره وبه حسن معامله واخلاق باشی ئەو ناوەدا آشنی‌ی دامزراند وتا وفاتی کریم خان بەراحتی اداری ایره‌ی کرد وله پاشـــدا بەبعضی آمالی شخصیه‌ی خوی بصره‌ی بەجی هیشت ووالی‌ی بغداش ، لەدوای ئەو بەسوك وآسانی شاره که‌ی سەندەوه .

لەپیش زمانی کریم خاندا . اوروپا لەبەر تقلباتی‌داخلی ئەوەندە اهمیتی بەتجارتی ایران نەدا بو بەلام لەزمانی کریم خاندا وه کو تجارتی داخلی زراعتی ایرانیشی زور ترقی‌ی کرد ئەم حکمدارە عاقلەهەمو اهلی صنعتی وحتی ارمنی‌ی ایرانیش زور تشویق وحمایەتی‌کرد وبەم تەرحه له اواخری حکومتیدا بەراستی ایران کەونبوه رفاه وسعادتەوه . صاحب ملك وزراع

لەحاصلاتی خویان بەشیکی زور کیان بەحکومت ئەدا ، بەلام هەر وقتی حکەدار تکلیفی بکر دایە بەمنونیت قبولیان ئەکرد . لەبەر ئەمە ئم صنفی خەلکە ، اکثریا وەکو مستقل وابون وصاحبی ثروت وسعادتی خویان بون ولەاشنا لیان مسعودتر بون . لەدوری کریم خان هەر مساعدە ومعاونتی کەبە خیالدا بی بو ئەم صنفە ئەکرا .

هەمو شارانی ایران ، لەدوری ئم حکدارە دا ترقی کرد ، بەلام هیچیان وەکو شیراز نەبون . کریم خان ، اغلبی احتمال بەسبب نزیکی عشایری خوی ومربوطینی خەلکە کەی بەنفسی خویەوە ئم شارەی کردبو بەپایتخت . بەزحمتیکی زور ایشو کاری مدافعەی ریك خست ، بەگەلی بنای زور جوان وزور بەکەلك شارە کەی تزیین کرد ، دورەکەشی بەباغی باغ وباغات جوان کرد . بەقدر ئەوەی کەلە گل تزیینی شارەکە خەریك بو زیاتر بو تأمین رفاە وسعادتی اهلە کەش سعی کرد . « شعلەی ئەم روزە مخششە » لەطرف مؤرخیکی ایرانی یەوە(١) پش تصویر کراوە وکەباسی کریم خان ئەکاتەلی : « ئەم شەوقە هەمو مملکتی داگیر کرد ، بەلام حیارتی لەشیرازدا زیاتر محسوس بو خەلکی ئەم شارە لطیفە ، لەرفاە وسعادت بەتەواوی بهرە مندبو لەجمعیتی کچانی مەویان دا وقتی خویان رائەبوارد ، عیار ویاری کرانی شوقدار لەهەمو لایەکاتەسورایەوە ، عشق

(١) تاریخی خاندانی زەند ، کەلەطرف علی رضاوەتوبزراوە .

وکیف لەهەمو سریکدا حاکم بو .

کریم خان ، لەعمریکی هەشتا سالیدا وفاتی کرد [١٣ صفر ١١٩٣ ، ١٧٧٩ میلادی] (١) بە استقلالیکی تەواو بیست وهەشت سال حکمدار بو(٢) بالخاصە لەبیست سالی دوایی دا بەتەواوی وبی رقیب حکمداریکی ناسراوی ایران بو .

اخلاق وتربیاتی :

تصویر اخلاق رفضائلی ئەم ذاتە سوك وا سان نیە ، وافما بعضی آثاری حکمدارانی مطلق تیابو نفزور شدید ونە زور حلیم بوونە بپاتیکی معتدلی بو . لەهەمو ادواری حیاتیدا بەروحی سوك وآزادی شورەتی سەندبو وبەسایەی ئەمەوە خوی لەهەلەشەبی وغروری مقامی بلندی ئەپا راست ومحافظەی حلم وتواضعی ئەکرد لەگەل ئەمە شدا وەکو انسانانی تربعضاً بەشدت جزای ئەدا ، ودائما بو ابشیکی مخالفی طبعی خوی یکیکی

---

(١) ولەشیراز دا دفن کرا ، بەلام لەدوای تشکلی حکومتی قاجار ، اغامحمود خانی غدار اسقانەکانی لەنیردرهینا واسقانی نادر شاهیشی لەمشهدەوە جلب کرد وهر دوکیانی لەپەر نایی سراکەی خویدا ناشت . بەفکری ئەمە کە هەمو روزیك بیان بەسر دابنی (تاریخی سیرجون ما لفولی) .

(٢) بعضی کوتویانە لەعمری ٧٥ دا وبعضیکیتر کوتویانە لە ٨٦ دا وفاتی کردوە بەلام فکری زور لەسرئەمەیە کە نزیك هەشتا سال بوە ، بەلام محتملە کە کریم خان خوشی تاریخی ولادتی خوی نەزانیبی . چونکە لەلاو عشایردا نیمی ولادت عادت نەبو .

ئری ئەکرد بەڕاسطەو دەهشتی ئەخستە ناو دوژمنانی وتبەەی عاەی بەوە بەلام ئەوەندە بەمرحمت بو هەرکەی التجای بی بکردایە وطلبی عفوی لی بکردایە ردی نەئەکردەوە . یکی لەاوصافی هەرە بلندی دلی پاك وچاکی بو . اغلب سرکەشتی حیاتی خوی ئەگیرایەوە کە حقیقةً زور غریب وپر مراق بو .

کریم خان ، لە عفو ومسامحەدا جرئتیکی نجیبانەی بو ، ودرحق بە وانکسانەی کە عفوی ئەکردن امنیت واعتمادی ئەکرد وبە وتەرحە ربطی شخص خوی ئەکردن . بەدل هەموکەسی خوش ئەویست ، لە وظائفی دینی دا زور دورست بو بەلام متعصب وشدید نەبو . روخوش وجاذب بو ، لەاذواق دینوی بەتەواوی استفـادەی ئەکرد وئەی ویست هەمو کسیکیش وەکو خوی لەنعمتی حیات ودنیا بهرە دارین ، ولەم خصوصە وەقت مبلی افراطی نەکردوە ، وقت نەی گەیاندوتە درجەیەك کە تأثیر لەموقع ووظیفەی حکداری بکا .

کریم خان ، هیچ تحصیلی نەبو ونەی ئەتوانی بنوسی،ورەتـگەلەزمـنی منذالی نی دا نەچو بیتە حجرە ونە آرزوی چونی بوبی ، کوری رئیسیکی بچوکی عشیرتیکی کیوی (١) بەغیری ئەو شتانەی کەبو حیاتی خوی بەعمل

---

(١) جە (زەند) وجە قولەکانیتری عشاری (لك) وەکو باقی عشایری ایران لەحالیکی ابتدائی دا بون .

بی ابتەمیلی فیربونی شتیکیتر ناکا. کریم خانیش لەسر ئەم شوینە رویبو بەقەت پالە وانی بەقوت وچالاك بو لە سواریدابی امثال ولە انواعی اوصافی عسکریە دا ممتاز بو، لە گەل ئەمە شدا کە خویندە وار بەبو ئەی ویست هەمو کسی بخوینی وتشویق ئە کردن مجلسی، جیگەی علما وفضلا بو. مرقدی (شیخ سعدی) و (حافظ)ی، کەلە اطرافی شیراز بو، سرلەنوی ولەسر جیگەی قدیمی بنا کرد، وبعضی باغ واراضیی بو وقف کردوپاسە وانی بو دانا.

لە ناوی اعمالی زور گەورە یدا ئەم حسناتەی، بە نظر اهالیی شیراز ەوە یەکی لە اثاری زور مقبول ومشهوری دوری سلطنتی بو، چونکە ئەم شارە، بەزنی بەوطن ئەم دو شارەوە افتخاری ئە کرد.

یەکی لە عادتی کریم خان ئەمە بو کە هەمو روژیك چند ساعتیکی بو بیستنی شکاتی تبعەی تخصیص ئە کرد بە مناسبتی ئەم عادتەیەوە حکایتیکی نەکیر نەوە، کە بەراستی دلیلیکی زور جوان وبلندی لەسر خویی وعدالتی کریم خانە کەلە ادارەی حکومت واهالیدا بەجیی هیناوە روژیك لەدیوانی عدالت ایشی نەوا وئەکاوئەگەریتەوە، بەسبب محاکمە ومشغولبنی ئەو روژەی زور هیلاك ئەبی، لەو حالە یدا کابرایەکی پەشوکاو بەهەلەداوان دیتە سر ریگەی وەاوار ئەکا (داد! داد). کریم خان لی ئەپرسی:

— نوکەی؟

کابرا :— ئجارم ، وەر چیم بو دزیردی .

کریم خان :— چون ، لەکوی دزراوە ؟

کابرا :— نوستبوم .

کریم خان ، بەزمانیکی تورەیی وبیطاقتی کوتی :— بوچی نوستی ؟

کابرا — بە غلط چوم ، وئوام زانی کە تو بیداری !

ئەم جوابە تورە یی وعاجزیی لە کریم خانیدانە هیشت : وجرأتی کابرای بەرامبەر بە عتابی خوی زور پی خوش بو . امری کرد بە وزیرە کەی کە قیمتی مالە کەی لە خزینە بدانی وکوتی :

— ئەبی سعی بکەن ئەم مالە دزراوە بدوزینەوە [تاریخی ایران . مالقولم . لاپەرە — ٨٧] .

ئەوریگە یەی کە کریم خان بودا مرزاندن ومحافظە کردنی قوت ونفوذی خوی استعمالی کردوە ، لە سایەی حسیات روحانیەوە کسی قوبی کرد . وقەت میلی نەوەی نە کرد بە واسطەی تالان وخراپە اردوە کەی بە خویەوە بنو سینی ، ونەی ویست کەبو زیاد کردنی شرفیکی ملی بی فائدە ویابو بەرز کرد نەوەی مقامی حکمداری خوی سیاستیکی حریصانە تعقیب بکا . طبیعی زور متواضعی بو ولە جل وبر کیشدا ئەم حالەی هەبو . لەگەل ئەمەشدا حکم واوامری قطعی بو ولە وقتی لازم دا تونده تەبیاتبو در حق بەرعیتی بەصوتی خوی روخوش وها وحال وخوشە

وبست بو له اخلاق وتەیانیدا هیچي بەفەد ئەمەی باش وعجائب نەبو کەئەی توانی لەمحیطیکی وادا کەتیا ژیا ، حس وشعوریکی طبیعی وانسانی لەناو هەمو اجراآتی حکومتدا نبویني ، وموفقیتی لەمەدا ، بوحکمدارنی مطلق درسیکی باش بو بە مسعودي ژیا ، وفاتی ، وە کو مردنی باوکیکی زور خوشه ویست وزور شایانی اعتمادی عائله یك بو. هەمو ایرانیه کی ئەو دورە ، ناوی کریم خانیان ، لەکل ئەو واعمالەگەورانەی کەبو تأسیسی حکومتە کەصرف کردبو تقدیس وتبجیل ئەکرد وبەسبب خلوجنابی یەوە هەمو کسی بەدل وبە شوق تابعی ئەبو . هر وقتي مزایا واخلاق بهاتایه تاوەوە محقق زور زور مدح وثنای ئەکرا ، وئەیان کوت : « پادشا یەکی گەورە نەبو ، سرا ومابینیکی محتشمی نەبو ، وفتوحاتیکی کمی بو ، بەلام ئەبی اعتراف بکری کە حاکمیکی بی امثال ومستثنابو [1] ».

لە دوای کریم خانه :

وفاتی کریم خان ، مبدئی تیك چونی حکومتی (زەند) ،وپەشیوی

---

(١) تاریخەکەیدا . سیر ما لکولم ، ئەلی زور دلەبە یەمتوەکە تەمم مطالعەیە لە طرف رؤسای تاجاری دوای دوری کریم خانەوە بیستراوە .

(بینینك ـ Binning ' لەلاپەرەی خویدا (جلد ـ ٢ ، لاپەرە ـ ٢٦٧) ئەلی:

لەهەمو جدولی اسمای حکمدارانی ایراندا ، تەنیا ناوی کریم خانە ؛ کەلەطرف هەمو اهالیەوەبەباوکیکی خوشەویست وحاکمیکی عادل وانسانیتیر ور ذکر ئەکری ولەظل وتعدی دورە .

مملکنی ایران بو کریم خان ، پنج کوری‌بو (١) یکیکیان له‌پش خویدا وفاتی کردبو وته‌نیا چواری مابو که قضا وقدر هه‌مو بانی توشی خیانت وغدری رؤسای عائله‌ی خویان کرد .

زکی خان ، هرله دوای وفاتی کریم خان حکومتی هینایه ژیر دس خوی . بعضی له رؤسای عشیرتی (زندی) ، شخصاً له زکی خان امین نه‌بون وله وحشت وخیانتی خوفیان بو ، له‌بەر ئه‌مه ایچ قه‌لایان گرت‌وبو مدافعه خویان حاضر کرد وله‌عینی وقتدا خویان به‌طرفداری ابو الفتح خانی کوری کریم خان اعلان کرد زکی خان ، به اعلان کردنی ولی عهدی ابو الفتح خان ومحمود علی خانی برای (٢) بؤ نختی باوکیان ، مظاهراتی اهالی‌ی لی‌منع کردن . بەلأم له‌حقیقتدا هردوکیان به‌نا وحکمدار بون ، وبه‌هانه‌ی ئه‌وه که خزمیان بو وئم دوشازاده جاهیله له امور اداره‌ی دولتدا شاره‌زانه‌بون هه‌مو حکم ونفوذی کرتبوه ده‌س خوی ، وله هه‌مو ایشو وکاریکدا له طرف مشهور علی مراد خانی خوشکه زایه‌وه

---

(١) هیره کوره‌ی‌ئم کورانه صلاح خان بوکه ی ئه‌وه‌ی بیته حکمدار له‌طرف اکبر خانی آموزایه‌وه کور کرا . دوهم ابو الفتح خان بو کله‌دوای ئه‌مه به‌ناو بوه شاه ، له‌دوری حکمداری‌ی صادق خانی مامیلاچاوی هه‌ل کولرا . سیه مینیان محمد علی خان بو کله‌پیش له‌طرف اکبر خانه‌وه کورکرا . چواره مین محمد رحیم خان بو کله‌پیش بوکیا وفاتی کرد ونجاتی بو . پنجه‌مین ابراهیم خان بوکه ئم بسه زمانش له‌طرف اکبرخانه‌وه خه‌یرا .

(٢) ئم شازاده‌یه زاوای زکی خان بو .

مەاوتی دی . زکی خان ، بو زەوت کردنی ایج قەلا کە زور هەولی دا . بەلام ئەم ایشە ئەوە نەدە سوك نە بو . زکی خان لە اندیشەی محاصرەیەکی دوور و درێژ ، ریگەی حیلە وفیلی گرتە پیش . بە سویند وقرآن رؤسای ایج قلعەی تأمین کردونەك ئەمەی هر عەویان بکا بلکو وظیفەی گەورە گەورەشی پی وعددان ئەم رؤسایەی رایان کرد وتسلیم بون وزکی خان خلافی سویند ووعدی هەمویانی بە صورتیکی زور فجیعانە کوشت .

صادق خان ، کە خبری وفاتی کریم خانی بیست ، بصرەی بە جی هیشت وڕوی کردە (شیراز) . کە نزیك ئەم شارە بووە وە اردو گای هەلدا وجعفر خانی کوری نارد تا لە وضعیت وفکری زکی خان درحق بە ادارەی حکومت بگا . جعفر خان گەرایە وە ووعدو تأمینانی زکی خانی بو باوکی گیرایە وە لە گەل ئەمەشدا باوڕی نە کردنی توصیە کرد چونکە محتمل بو توشی عینی غدر واهانت بی کە درحق بە رؤسای (زەند) کرا . ئەم توصیە یە تأثیری لە صادق خان کرد وامیدی لە ریك کەوتن بری وقراری دا کە شیراز محاصرە بکا وبە کورەی مقدار ومحبتی اردوە کەی لە غلبە امین بو بەم قناعتە خوی حاضر کرد . لە ولاوە زکی خان کە تماشای کرد بە قبل صادق خانی بو جلب نکرایە شارە زە ، دەس بە جی ابوالفتح خانی حبس کرد ومحمد علی خانی برای کە تاقە ووقتە لە حکداری داشربکی ابوالفتح خان بو ، بەتە نیابە شاهی ی ایران اعلان کرد ، وسیە کوری صادق

خانیشی که له شیراز دابون خسته حبسخانەوه ، قاپی‌ی شاری داخست، وا‌ـلانی کرد که مال ومندالی ضابطان وفراشی اردوی صادق‌خان هەمو اعدام ئەکری . نتیجه‌ی ئەم اعلانه به موافق مطلوبی بو . چونکه هەمو کسی نەیزانی کەر زاندنی خوینی ئەو معصومانەلەلای‌زکی خان وەکو آو خواردنه وه وایه ، لەترس‌ئەمه هه مو ضابطانی اردوی صادق خان‌وهەمو افرادی کەمال ومندالیان له شاردابوصادق خانیان بەجی هیشت‌وچونەوه شیراز . بەم تەرحه هـه مو پلان وامیدی موفقیتی صادق خان تیك چو وته نیا سیه صد کسیکی له ده ورما ، وله گەل ئه مانه ناعلاج رای کرد بو (کرمان) . زکی خان‌قوتیکی سوارەی ناردە سری وله چل میلیکی شرق شیراز له دربندی (اورسینجان) دا توشی بون وکه وتنه شر ، کوژرانی فوماندانی ئەم لشکری سوارەیه بوه سبی شکان وگەرانەوەی قوته که بو شیراز ، صادق خان خوی گەیانده کرمان‌والتجای کرده ئەلایه کی‌پیوك.

یکی له وقایعی مهمەی‌دوای وفاتی کریم خان خلاص بون‌وده‌رچونی (آغا محمدخان) ی‌قاجارله شیراز بو .ئەم ذاته که له سالی ١٧٤٧م،١١٦٠ھ دا اسیر کرابوله وتاریخەوەتا ایستا له شیرازداقلمه بندبو . بیتیك‌مساعدەی کرابو که جار جاربچی بوراو . کریم خان زور لطفی در حق‌بو وله‌ابشو کاری حکومەتیدا له‌رأی استفاده ی ئه کرد . آغامحمدخان ، مقدراتی‌خوی به‌مردنی کریم خانەوه ربط کردبو وانتظاری ئەوەی ئه کرد . خوشکیشی

ژنی کریم خان بو . روژی وفاتی کریم خان ، له پەی شوکی ی حکومت ومحافظان استفادەی کرد وله گەل چەند خدمتکاریکدا لەشار هاتەدەرەوە وەرویشت وخوی گەیاندە مملکتی خوی ، وقوتبکی زوری کو کردەوە واعلانی شاهیی کرد « ١٧٧٩ م . ١١٩٣ ھ » .

زکی خان ، ئەزانی کەرئیسی قاجار تەنیا بە مازندران راضی نابی ، له بەر ئەوە مینای لشکریکی هەل بژیراوی له قوماندای(علی‌مرادخان)ی خوشکە زایدا ناردبو ئەو طرفە تامنعی پیشکەوتنی بکا . بەلام بەم حرکتە خوی زیاتر توشی تهلکە کرد . خوشکەزا کەی آزا وحریص بو ، بۆ نجربەنی گەیشتبو ، کە شرائط واحوالی مملکت ، بو کسیکی وکوخوی ، بە بی‌قوت مساعدنابی ، وبەم قناعتە له شوین‌فرصتیك‌نەگەرا ، کە بەرامبەر حکداریکی واظالم کە قەتلی امین بونی ممکن نیە وهیچ تبەیەکی‌حەزی لی ناکا ، عصیان بکا . دعوت‌واستمدادی صادق خان ،لەوقتی‌را کردنی له شیراز وله وقتی کە بشتنی علی مرادخان بە طهران ، بوە بهانەیەکی‌باش بەم فکرە امرا وظابطانی لشکری کو کردەوە ، وپی‌ی کوتن ، کە یاری یەدانی‌رئیسیکی‌وەکو زکی خان کەمعاملەیەکی‌زورخرابی‌درحق‌بە کورانی کریم‌خان کردبی‌جائزەیان‌نا ؟ خلاصە بە آسانی ئەمانەی اقناع کردلەدوای ئەمە ، علی مراد خان ، روی کردە اصفهان ، وکەنزیك‌بوەوە والیەکەی زکی خان رای کرد هەمو طبقە یەکی رعیت ، طرفداری غلبەی علی‌مراد

خان بو ، بیجگه له وەش اعلانی کرد ، که مقصدی لەم حرکتەصرف دا
نانی کورە گەورەی کریم‌خان له سرتختی‌باو کیەتی‌وبه غیری ئەمەفکریکینری
نیه . ئەم اعلانه زیاتر محبتی اهالی‌ی بو جلب کرد .

زکی خان ، که لەعصیانی خوشکه زا که ی خبردار بو عقل‌لەسرانەما ،
زوبەزو لشکریکی کو کردەوه وروی کرده اصفهان ، به لام انتقام آلمی
بوی نزیك بو بوه وه که گه یشته (یزدی‌خواست) ، داوای بعضی‌رسمی
ئەو ساله‌ی لی کردن که امری به کو کردنه وەی کردبو . اهالی انکاری
کرد وله بەر کم حالیان پارانەوه ، له باتی عفو ، پیاوماقوله کانی کو کردەوه
وله پنجره‌ی قەلاکه وه خستنیه خوارەوه ، بەمەش وازی لی نه هینان
وسیدیکی‌مبارکی ئەم شارەشی را کیشابەلای خوی‌وبه‌عنی بهانەئه ویشی
بەودرده بردوویستی بعضی‌شناعتی تریش بکا به لام محافظه کانی قبولیان
نه کرد ، وبه سبب ئەم و حشتیەوه لی‌ی سارد بونەوه وخویازلی‌دا گرت
وکوشتیان [١٧٧٩ م] .

له دوای کوژرانی‌زکی خان ، ابوالفتح خانی کوری کریم خان به‌شای
ایران اعلان کرا [١٧٨٠ م] . ئەم‌ذاتەجرئتکار و عادل بوطبیعیکی‌باشی بو
وحریص‌نه‌بو . به لام وادیاربو که‌له عودەی‌ئەم ایشه زیاده نایه له‌گەل
ئەمه شدا ، شبهه نیه که‌بوله ناونه‌چونی‌خاندانی (زەند) ، واعادەی سکون
وآسایش به‌غیری اعلانی شاهی ی ئەو چاره به‌کی ترنه‌بوه . صادق خان ،

که خبری لەناو چونی زکی خانی بیست هەلسا وروی کردە شیراز (١) ئەم امیرە ، سردار یەکی باش و بە عەقل وتدبیر بو بە لام زور حریصی سلطنت بو ، لەلایەکیتریشەوە لە ژیر ادارەی حکمدار یکی جاهیل وضعیف دا ژیانی پی ناخوش بو خلاصە مدارای مام ویرا لەم خصوصە وەممکن نەبو نهایت صادق خان ، برازاکەی گرت وچاوی ئەو وبە سـە زمانەی هەل کولی ، وخوری بەشاه اعلان کرد [١١٩٤هـ ١٧٨٠م] بە لام هیچ امیدنە ژەکرا کە نختیك کە بەم ظلمە دەس کەوتبی پایداربی واقعا نهلکەی هەرە گەورەی علی مرادخانی زرکوری بو . جەفر خانی کوری ناردەاصفەان تالەوی مراقبەی حرکاتی علی مراد خان بکا (٢) .

لە وختی وقوعی ئەم حادثاتە دا علی مراد خان لە (طهران) بوە کەئەم خنەرەی گەیشتی دەس بە جی خوی بە شاه اعلان کرد ، ولە گەل لشکریکی زور روی کردە اصفهان ، وکە نزیکی ئەم شارە بوەوالیە تازە کەی رای کرد .

صادق خان ، اردویە کی بیست هزار کەسی پیکەوەنا وخستیە ژیر

---

(١) صادق خان ، بە مراسیمیکی شاهانەلە ٣٠ جمادی الاول دا داخلی شیراز بو .

(٢) لە دوری حکومتی ابو الفتح خاندا ، (ذوالفقار خانی خمسە) عصیانی کردبو وولاتانی قزوین ، سلطانیة وزنجانی داگیر کردبو . علی مرادخان جوە سری وشکاندی وسرەکەشی نارد بو شیراز .

ادارەی تقی خانی کوری وئەم لشکرە تعرضی کردەسر علی مراد خان وبوە مانعی پیشکە وتنی وبلاوەی بە لشکر کە شی کرد ، بەضیکیان التحاقی لشکری تقي خانیان کرد . علی مراد خان ، لە گەل بعضی لە خزمان وتوابعی خاصی خوی گەرایە وە همدان ، وئەم ولاتەي محافظه کرد ، صادق خان ، کاغذي بو کورە کەی نوسی ونصیحتي کرد کەلەم غلبە ومساعدەی طالعە استفادە بکا وتنها کەی علی مراد خان بەر طرف کا ، بە لام ئەم شازادە جاهیلە گوی نە دایە ومظفر انە داخل اصفەان بو ، ونزیك مانگیك بە بی غائلە وفتنی رابوارد بەلام علی مراد خان ، لەم فرصتە بەتە واوی استفادەی کرد وخوی کو کردەوە . لە وقتیکدا کە تقی خان بو اکمال فتوحات روی کرد بوە عراق وبەض لە رؤسای مەیلی لی ی جو بوبونەوە لە نزیك همـدان توشی علی مراد خان هات وزور خراپ شکا وبە هزار حال دەرچو ورای کرد بو شـیراز . علی مراد خانیش لە دوای ئەمە بعضی فتوحاتی تری کرد وقوتیکی زوری پە یا کرد وقراری بە محاصرەی شیراز دا .

صادق خان ، کە خبری هاتنی علی مراد خـانی بوسر پایتختي بیست علی العجلە اردوبە کی (بە شی زوری پیادەبو) پیکە وەناوناردبە بیست وپینج میلیکی شیراز ، تانە هیلن علی مراد خان پیش کەوی ، والحال ئەم لشکرە ، لە وقتیـکدا کەخەریکی بەش کردنی ارزاق بو توشی تعرضی

علی مراد خان بو ورای کرد وله طرف لشکری سواره وه به شدت تعقیب کرا .

شیراز ، هەشت مانگیک محاصره ویا تجرید کرا . محاصرین ، بواستا ملی قەلا هیچ اذیتی خویان نەدا ، بەلام مدافعین واهالی چونکه زور زور پیتاجی خواردەنی بون له فکری عصیانا بون به شبکی مـــدافعین قاپیکیان زەوت کرد وبو علی مرادخانیان کرده وه . وبەم نەرحەشارە که کەونه دەستی ، وحسنی معاملەی له گەل اهله کەی کرد .

صادق خان به خوبو مال ومندالیه وه ، له اپچ نه لا کەداخری قایم کردبو بەلام ئەوەندەی پی نه چوبه ناعلاجی تسلیم بو وله گەل هەموکوره کانیا که لەوی بون اعدام کرا (۱۷۸۱) میلادی) ، نەنیا جعفر خانی کوری نجانی بو چونکه زور له پیش گیرانی شاره کەدا له گەل علی مراد خان نی که لی پە یا کرد بو . صادق خان ، لەزمانی کریم خانی برایدا به اعتدال وحسن معامله وعدالتی لەناو ایراندا شوره نیکی باشی بو ، باخصوص فتحی بصرەش ، شرفیکی زی علاوەی ئەم اوصافەی کردبو . بەلام لەدوری دوایی دا ، بەبی حرکتی وبد معامله یی درحق بەقوی خوی ئەم شوره نەی وون کرد بو وامید به حکم وحکمداری ی نه مابو . بەم حاله دا بەراستی انسان نازانی بەزه وی بەسری صادق خانی له تاج براوبی ویابه چاوانی هه لکو لراوی کوری کریم خانداببی ، کەشورەت وحشمتی

ئەم خاندانە تە نیا لەسابی ی آزابي وگە ورەبی ئەوە وەپە یا بوبو !
علی مراد خان ، بەم تەرحە بو بەشای ایران لە معاملە وغلبە ی وادەر
ئە کەوت کەئەم مملکتە چەند سالیك ئە حە سنیتیەوە لە ناوسر لشکرانیا،
هیچ کسی لەوقتي محاصرەدا بە ڤەت اکبر خانی کوری زکی خان شورەتی
نەسەندبو، بەلام ئە وەندەی کە آزاو مە زبوت بو ئەوە ندەش ظالم ومنتقم
بو بەدرجەیەکی وا کە بە تعجیل قتلی صادق خان وسیی کورە کەی وبەضی
رؤسا اکتفای نە کرد بلکو ئەم جنایتە شی بە دمی خوی کرد بەلام حق
سینی گەورە ، ئەمەی کرد بە سابی تعجیلی قتلی خوشی ، وبەترتیب سؤ
قصد در حق بە شاە اتهام کرا وافتاعي علی مراد خان زحمت نەبووجعفر
خان بەدەمی خوی ئەم پرسەی ، کە هیشتاخوین یارك وبرا کانی بەدستیە
وە بو ، اعدام کرد .

علی مراد خان ، لەدوای چند مانـگیك چوە اصفهان وایرەتی کرد
بە پایتختي خوی . ئاوە ندە لەجعفرخانی زر برای امین بو کە بەبی‌ردد
کردی بە والی سر لشکر ، (شیخ ویس) ی کوری بو ومحافظەی سرحدی
شمال وترصد کردنی آغا محمد خانی قاجاری تودیعی نە و کرد بو . ئەم
شازادەیە لەاولا زور مظفریتی بوومازندرانی دا گیر کرد ورئیسی قاجاری
شکاند ورای فراندە (استراباد) قوتیکی ناردبە دوایدا بەلام محمدظاهر
خانی سرداری ئەم لشکرە ، خطی رجعتي خوی محافظە نە کرد ولە پاشدا

ریگەی گەرانەوەی بومازندران پرا ونەی توانی بگەریتەوە وتوشی تعرض قاجار بو وکوژرا اردوەکەشی تەفروتونابو ، بەضیکی کەدە رچو بو خویان گەیاندە لشکری شیخ ویس وئەویشیان بلا وکردەوە و(شیخ ویس) مجبور بو مازندرانی بە جی هیشت وگەرایەوە طهران لەم شارە دا لەگەل لشکری علی مراد خان یکد گیربو (١١٩٩ هـ ١٧٨٤ م).

علی مراد خان ، توشی نخۆشیە کی زور کران‌هاتبو بە لام لەگەلئەمە شدا فعالیتیکی فوق‌العادەی نواند . لشکریکی ناردبو مازندران ،وخوشی فکری وا بو کە لە دوای ئەم لشکرە وە بچی ، لەم صرە بە دا بیستی کە جعفر خان عصیانی کردوە وروی کردوتە پایتخت،علی‌مراد خان‌ئەوەندە متـأثر بو کە خوی رانە گرت وروی کردە اصفهان وزیر وحکیمە کەی هر چندە تکایازلی کرد کە لـکی نە گرت ولە وزستانە ساردە دا وبەونە خوشیە قورسە وەسوار بوور ویشت وبە نتیجە لە ریگە وفاتی کرد(١٧٨٥ میلادی)،رۆساو پیا وناقولانی لشکر، مردنی‌شایان شاردە وەتاگە یشتنە پایتخت لشکر کە لەمْ وقوعانەخبر دا ربو بلاوەی کرد ولە هەمو لایکەوە دە سیان کرد بە خراپە وتالان .

اطوار واخلاق علی مراد خان لەطرف گەلی کـەوە بیان کراوە ؛ وادیارە کە زور جسور ومتین بوە هیچ افادە یك ، بە قە دەر شهادتی دشمنیکی مقتدر مقبول نابی آغا محمد خانی قاجار کە لە حالی حیاتی ئەم

حکمداره دا ، بو محافظه کردنی مازندران زور نوشی ازبت بو بو، به‌رامبه‌ر
به‌تشویقاتی معیتی بو چونه‌سر عراق نه‌ی گوت : « صبریکه‌ن تا ئه‌م
کویره محترمه (۱) له ناوچی ، اینجا له دوای ئه وئه‌م ایشه مان بو
ئه چیته سر » .

له بینی وفاتی علی مراد خان وگه یشتنی جعفر خان به اصفهان پنیج
روژ مولبت و وله‌م مده دا عنوانی شاهی له طرف والی‌ی اصفهان
بکر خانه وه غصب کرابو ، به لام که جعفر خان گه یشته پایتخت رای
کردوپیا ونیررا به‌شونیا وکرتیان. اینر به‌غیری (شیخ ویس) کسیکیتر
نه بو که بتوانی ادعای سلطنت بکاجعفر خان کاغذیکی برادرانه‌ی بونوسی
وله دوای ئه مه که هینایه زیرحکم و نفوذی خوی معامله ی له گه‌ل گوری
وبونه‌وه‌ی که ئینر نه توانی به‌رامبر به مامه که‌ی دعوای حکومت
بکا کویر کرا .

آغا محمد خانی قاجار ، ئه ووعده‌ی که به‌طرفدارانی خوی دابو
به جی‌ی هینا ، واقعه گوتوی که له دوای وفاتی علی مراد خان له گه
لیانه ئه چیته سر عراق ، اینر بو به جی هینانی ئم وعده مانعیك نه‌مابو
له گه‌ل ۵۰۰ : ۶۰۰ سواریکی خواص خوی له چاکانی مازندران هاته خوا
ره وه ، وگه تماشای کرد فوته کی پی‌درپی به التحاق طرفدارانی وله

(۱) آغا محمدخان ، بهم تعرضه ناوی علی‌مراد خانی گه برد . واقعا جاویکی کویر بو .

زیادی دایه ، بوسام شکاندنی (تشجیعی) اردوه که‌ی جسورانه روی کرده اصفهان ، وله دوای دومانك کمی زیاتر له پاش وفاتی علی مرادخان داخلی اصفهان بو (٦مایس ١٧٨٨ م) ، وجعفر خانیش له پیش که‌یشتنی نه‌و دا به ناو که شاره که‌ی به جی هیشتبو وله‌م نالو که به داهـــاتو بارگرانی وخزینه وبه پیاخی شاهیش له طرف عصاتی ناو پایتخته وه نالان کرابو (١) له وقتیکدا که رقیبه به قوته که‌ی بهم ته رحه له اصفهانداجی کیر بو ، جعفر خانیش داخلی شیراز بو ، صادقی‌سید مرادی(٢) حاکمی شیراز زور جیگه‌ی باور نه بو به لام اهالی‌ی شیراز به تأثیری رؤسا واشراف مملکته که طرفداری جعفر خان بون له ناو اشرافدا هه‌ره‌فعال وبه نفوذیان حاجی ابراهیم بو وله طرف جعفر خانه وه ده‌س به جی رتبه‌ی (کلانتر) یعنی والیه‌تی ی (فارس) ی درابویه .

آغا محمد خان ، نه‌ی ویست فرصت فوت بکا . بعضی شری بی فائده‌ی له گه‌ل بختیاری‌ی ولاتی فارس کرد وله نتیجه دا ناچارما وبه‌عجله گه‌رایه وه‌طهران جعفر خان له‌م فرصته استفاده‌ی کرد واصفهانی‌سه‌نده‌وه وبه رحیم خانی والی‌ی آغا محمد خانی گرت و کوشتی به‌لام له دوای بیتیك

---

(١) له لین ته‌م عاصیانه له زیر اداره‌ی بعض رؤسادا بون که‌له جیاتیان نجاتیان بو بو . له ناو ته‌م رؤسایانه دا بکر خانی والی‌ی بیشوی (اصفهان) یش هه بو .

(٢) له‌م سید مراد خانه خوشکه زای علی مراد خان بو .

کەیشتی آغا محمدخان دیسانەوە روی کردوتە ئصفهان ، ئەم شارەی بەجی هیشت ، مقابلەی جەفر خان ، لە شکلی مدافعەدا بو چونکە آغا محمدخان زور قوتی پە یا کردبو وولاتانی شمالی ایران وعراقی عجمی هەمو دا گیر کرد بو وفکری محاصرەی شیرازی بوە جەفر خان ، وە کوبە رامبەر بە رئیسی قاجار ضعیف وعاجز بولەعودەی عصیانی داخلیش نەئەهات والی‌ی (همدان) ی کەناوی اسماعیل خان بو عصیانی کردبو وئەو لشکرەی کە جەفرخان ناردبو یەسری شکاندبوی . لە دوای ضایعاتیکی زور شاری (یزد) یش لەدەس چوبو بەلام لە آخر سالی سلطنتیدا . طمانی زیاتر سیاستەی کرد . لطف علی خانی کوری ، سفریکی غالیانەی لە ولاتی لار) دا کرد ، ودوری‌ی آغا محمدخان جسارتی دایە ربە قوتیکی زورەوەروی کرد ، اصفهان وقوتی محافظی ئەمشارەی شکاند ، بە لام ئەم غلبەیەئەوەندە دوامی نە کرد ، وخبری نزیك بونەوەی رئیسی قاجار ، دیسان ئەمشارەی پی چول کرد .

جەفر خان ، لەطرف اهالی یەوە خوشەویست بو ولە گەل اجانبیشدا معاملەی پاش بو . طبعی حلیم وحرمتکار عدالت بو ، امور ادارەی دابوە دەس وزیریکی عاقل (١) ومحترم ، بەلام درەق بە یکی‌لە امرای زور صادق

---

(١) ئەم وزیرە « میرزا حسین»ی یاوکی « میرزا بزرك » ی وزیری شازادە عباس میرزای ولیعهدی مشروعی ایران بو ، وئەم میرزا حسینە لەطرف اهالی یەوەخوشەویست بو .

وحتي به ضدی اعتقادی مەلە یەکی ناشیرینی کردوتەوە بوە سەبەبی ڕۆشەرنی وحتی ڕوخانی بنای حیات وسلطنتی .

لە ناو امرای جەفر خانزدا ، (حاجی علی قولی خان کازەرون) ی هەبو وئەم امیرەلەطرف جەفر خانەوە بو تسکین عصیانی (کاشان) نیررابو ، عرب محمد حسین خان رئیسی عصات بو . حاجی علی قولی خان تنکی پی هەلچنی ومجبوری اطاعتی کرد لە ناو اسرای عاصیە دا ١٥٠٠ کەسیکی خراسانی بو کە لەدوای مقاومتیکی تەواو بە شرطی محافظەی شرفیان تسلیم بوبون . جەفرخان کوی نەدایە ئەم قولی شرفی حاجی علی قولیخانەوئەم خوراسانیانەی خستە حبسخانەوە هر چەندە حاجی علی قولی خان رجا وتکای کردنفائدەی نە بو لەبەر ئەوە ئەم امیرە بەشرفە ترکی خدمتی جەفرخانی کرد ورویەوە بو ولاتی خوی . لە دوای ینیك جەفر خان لشکریکی نارده سری وتکلیفی هاتنە شیرازیان لی کرد ، بە لام بەتأمینات قبولی نە کرد ونهایت کرتیان وهینایانە شیراز وخستیانە حبسخانەوە حاجی علی قولی ، لە گەل بعضی محبوسینردا ، بو انتقام ڕۆ قصدیکی لەحق جەفرخان ترتیب کرد . لە ناو ئەو محبوسانە دایکیکیان سید مراد خان بو (١) کەبە سبب مأموریتی پیشوی واعتباری ، هەرە مەمی اعضای ئەم ترتیباتە بو

(١) ئەم ذاتە والی شیرازبو . معاوینی جەفر خانی کردبو بەلام لەدوا پیدابنیان تیك جو وجەفر خان بوکشفی مالڕۆدولتەکەی حبس وتضییق کرد .

وفوذیکی زوری بو . که ترنیانی سؤ قصد نه واو بو . آفرتیکی اسیر مقداری درمانی بیهوشی ی برد و کردیه ناو خوارده منی ی جعفرخانه وه وله وقتی بیهوشی دا ، محبوسه کان به واسطه ی طرفدارانیانه وه نجات دران وخویان گه یانده هوده که ی جعفر خان و کوشتیان ، وسره که یان له ایچ قه لاوه فری دایه بهر در کا که ی وبه ناو شاراجاریان دا که جعفرخان له ناو چو [١٧٨٩] .

دوری لطف علی خان :

لطف علی خان کوری جعفر خان ، له وقته دا له (کرمان) بو وسیدخان به قوتی اخلالیر ورانه وه به شاه اعلان کرابو ، به لام نهایت چند مانگی حکومتی پی کرا . والی ی عومی ی فارس ، حاجی ابراهیم که زور له گه ل طالع واستقبالی لطف علی خان دا خلافه دار بو ، بعضی له ئه لی ورؤسای عشایریشی داخل اتفاقی خوی کرد بو . لطف علی خان ، که خبری قتلی باوکی بیست ، چونکه امنیتی به لشکره که ی نه بو ، رای کرده لای شیخی (ابو شهر) ، ونه ی توانی به زو به زوبی دعوای تختی باوکی بکا شیخی (ابو شهر) زو وفای کرد ووصتی بو شیخ ناصری کوری به جی هیشت که معاونتی لطف علی خان بکا . واقعا ئه م شیخه لشکریکی پچوکی دایه وناردی بو شیراز ، به لام ئه م لشکره ، به رامبه ر به قوتی (حاجی هاشم)ی برای سید خان شکاو بلاو بوه وه دوه م جار که لشکر بو سر لطف علی خان هات ، له فرماندای علی محمود خاندا بو وئه م سر لشکره له ره ی

حاجي ابراهيم بو وبنا به قول وقراريان ، طرفداری‌ی لطف علی خانيان اعلان كرد . شازاده له‌مه كه‌وته اميد وروی كرده پايتخت وبه واسطه‌ی دوستان وطرفدا رانيوه افكاری عموميه‌ی بو حاضر كرابو وله طرف خه لكه وه به كمال ممنونيت قبول كرا [١٧٨٩ م] سيد خان التجای كرد بوه ايچ قه‌لا ، زوری پی نه چو تسليم بو واعدام كرا . لشكر حاجی علی قولی ، كه يكی له عناصری اخلال بو له گه‌ل گه‌لی امرای تردا له طرف حاجی ابراهيم خانه‌وه تطيب وتأمين كران ، ولطف علی خانيش نه‌ك ته نيا ئه‌م وعدی حاجی ابراهيمه تصديق بكابلكو اظهاری لطف واعتماديشي درحق كردن .

لطف علی خان ، له عمری بيست سالیدابو به‌لام له زمانی باوكيا دائما له وظيفه دابو بو وگه يشتبوه درجه يه ك وا كه دوست ودژمن تقديري ئه كرد وله صره‌ی‌هه ره جسور وهه ره شركري مملكتي‌خوی‌بو شمائل‌ولاو چاكی ی وای ئه نواندكه به‌راستی لايقی ئه‌م تقديرانه وجائزی اوصافی عاليه يه له هه مو اخلاق واطواريدا علامتی غيرت وفعاليت ظاهر بو . كه له گه ت ولا وچاك ، باريك وگورج وه‌ه زبوت وبه‌هيز و سواريكی جست وچالاك بو وله هه مو نوع تمليميكدا ماهر بو وبی رقيب بو . به لام ئه واوصافي دماغيه يه كه بو مقامه كه‌ی لازم بوئی بدا انكشافي نه كرد بو خلافي‌جرأت وجسارتی له گه لی ايشدا سلی‌ئه كرد

له پیش ئه مه دا که بچینه سر تخت ، زور نازك ودرحق بچوکی زور لطفکار بو بهلام له دوای حکداری‌ی ئهوه ندهی پی نه چو طبیعتی گورا وبه ش له مزیاتی پیشوی نه ما له جیگه ی حلم وشفقتی قدیمی تو ندی وبیر حمی‌ی ئه نواند ئه وحسی متداری وشکرانه‌ی که به رامبهر به حاجی ابراهیم خان ، که بوه سبی هاتنه سر تختی ، ئه‌ی نواند ، زو تبدلی کرد به خصومت وشبهه به راستی هه ره عجائبی ئهوه بو ، که به نظر کی حساب نه وه تماشای ئه وقوته گه وره‌ی ئه کرد که ناجی نابوه سر سری.

هیشتا له مبادی‌ی جلو سیدا بو ، که آغا محمد خان روی کرده شیراز. ئهم حکمد ه جاهیله جرئتیکی فوق العاده‌ی نواندو بوی چوه ده‌ره‌وه‌ و له‌دی‌ی (هزار بیزه)دا توشی بو. بهلام به‌رامبهر به قوتی زوری قاجارشکاو زافرا نزابه شیراز . آغا محمد خان به نشته د ئهم ظفره ، هاته سر (شیراز) وله دوای مانکیك محاصره گه رایه وه طهران که پایتختی بو .

سالی‌دوا‌یی، به اندیشه‌ی هجومیکی تر ، لطف‌علی‌خان بو مدافعه به کی به‌قوت خوی پش خاضر کرد . بهلام آغا محمد خان ، به سبب مشغولیتی آذربایجانی نه‌هات . لطف علی خان ئه‌ی ویست ئه‌و قوته‌ی که کوی کرد وته وه بی ایشی بمیلیته‌وه له گه ایانا روی کرده (کرمان) وبه‌بعضی شروط والیه کهی به تسلیمی شاره که راضی بو وچو نکه وقتی سفر را بورد بو خیر خواهانیش نصحیتان کرد که قبولی بکه . بکی له شرطه کان

وەرگرتن لەوالی وائیلاعی بو. بەلام لطف علیخان قبولی نەکرد. لەسر ئەمە محاصرە لە وزستانەسختەدا دوای کەوت. اردوی محاصرە، ولاخ وانسانیکی زوری لەبەر سرماوبرسیەتی لە کیس چو، وله دوای بارینی بەفریکی زور جلبی خواردە منیش ممکن نەبو، نهایت بە زوری بعضی لە عسکر ونا ممنونی ی ها مو، وازی لە محاصرە هینا وله حالیکی پریشاندا گەرایەوە شیراز.

لەپیش حەسانەوەی لەم سفرە بە مصیبتە، برایە کی پچکولەی کە هیشتا منداڵ بو، بە ناوکردی بەوالی‌ی‌فارس، ولەجیی وفتدا حاکمیتی ی‌ملکیە ی‌شیراز واطرافیشی تودیعی حاجی‌ابراهیم کرد قوماندای قوه ی محافظه شی بە جوی‌دا بەرئیسیکی عشیرتی (زەند) کە ناری (بختیارخان)بو، اتبع فەلاتی خستە ژیر ادارەی رئیسیکیتری خاندانی (زەند) ەوە، مقصدی لەم تقسیمی صلاحیتە، منعی خیانت بو، بەلام بی فائدە بو. بختیار خان پیاویکی ضعیف ومتکبر بو وبە موقعی خوی‌واستقلالی ادارەی عسکریەی مغرور بوونە ی ویست بەسرحاجی‌ابراهیمدا زالبی‌وآمریتی بەسرابکا، بەلام بوی سری نەگرت، ودەسی کرد بە تحریکی لطف علیخان لەحق، ونەم تحریکانەکم وزور تأثیری بو وهەمو معاملەیەکی دوای هاتنە وەی لە کرمانەوای نشان‌ئە دا کەاینر اعتمادی بە وزیرە کەی نەماوە.

ڤانا مدتیک لەپیش ئەمەشدا، حادثەیک رابطەی بینی حاجی ابراهیم

ولطف علی خانی زور ضعیف کردبو . لطف علیخان ،لەسر تکای حاجی ابراهیم ،چند کسیکی ، که شبهه له اشترکیان به سۆقصد درحق به باوکی کرابو ، عەفوکردبو . له ناو ئەوانەدا (میرزا مهدی) ناویك هه بوکه له پیشدا جعفر خان ئه مه ی له خدمتی (لشکرنویس = محاسبی لشکر) دا استخدام کردبو ، لەدواییدا بعضی اختلاسی له سر دوزرا یەوه ودەر کرا وکوی برا . وقتی که جعفر خان کوژرا وسرەکەی فریدرایه به رقابی ئەلا ، میرزا مهدیش هردو کوکەی بری بەلام انسکاری ئەمەی ئه کرد . حاجی ابراهیم چونکه به بی کناهی قائم بو ، طابی عەفوی له لطف علی خان کردبو ، وحکدار له دوای ئەمه که ئامینانی دابویه ، گوتبوی اگر حقیقەتە وفاحتەشی کردبی له بەر خاطری ئەودیسانەوه له عفو کردنی تردد ناکا له دوای چند مانکی لطف علی خان خەلاتی دابەش کردبو وخلاتیکیشی دابو به میرزا مهدی . دایکی حکدارکەئەمەی بیست باندکی کردوپی گوت ، (ایا عفوی قاتل باوکت کافی نەبو ، ولزومت یانی که لطفیکی مخصوصیش درحق سفیلیک نشان دەی که خاطرانی باوکت اخلال ئه کا .) ئەمقسه یه زور تأثیری له لطف علیخان کرد وگەرایەوه سرای حکومت ومیرزامهدی ی هانك کرد وله دوای عنایکی زور امری بەسوتاندنی دا . حاجی ابراهیم که خبری زانی به عجله چوەلای حکدار وله معاملەی خبردار بوو به کمال دهشته وه جسدی سوتاوی میرزا مهدی ی

چاوپی که وت ، وله دوای ئەمه — وەکو حاجی ابراهیم بالذات خوی ، بو (سیر مالقولم) ی گیراوەته وه — ابنر هیچ امنیتی به لطف علی خان نه ما .

ئەم اختلافی ینی حکمدار ووزیره لەلای هەمو معلوم بوبو ، لطف علی خان ئەی‌توانی، ئه ونظامی اعماله ی که ئاثه وقته قبولی کردبو ، زور خراپ بی شکنی ، بەلام جسارتی تعرضیکی‌اشکرای نه‌بوولە نفوذی وزیر ئه ترسا ، واقعا بیجکه له ارتباطی خەا کی شیرازله گەل‌حاجی ابراهیمدا زور والی‌ی ولاتان ورؤسای عشائریش له گەلیدا به گرمی تی کەل بون وبرا کەشی قوماندانی پیادەی اردوبو به کورەی ئەم وضیعته به طبیعت حکمدار میال شدت نواندن نه بو،بەلام حسی‌عاجزی‌ی لەهەمو ابشیکیدا دەر ئه کەوت،وزیر ، که زانی‌ی حیات وموجودیتی له ئهلکەدایه،قراری لەناو بردنی لطف علی خان‌دا .

لەو بینەدا که احوال بەم تەرزه دوامی ئه کرد ، لطف علی خان فکری چونه‌سر اصفهانی‌بو ،اولا وه کوچون له پیش سفری (کرمانی) دا کردبوی ، هیناي وظائفی رسمیه‌ی شیرازی تقسیم کرد : له خاندانی خوی‌امیریکی کردبه قوماندانی قوه‌ی محافظه‌ی شار ، ویکیکنریشی کردبه قوماندانی قەلای ئاوشار (ایچ‌قەلا)، وظنی‌وابو کەله‌سایی‌ی ئەم ترتیباتەوه ابنر خوف له وزیره که‌ی‌ناکری ، له گەل ئەمه شدا نه‌ی ئه توانی شنیکی

خلافي صداقت‌لەسر بدوزینەوە. لە دوای ئەمەکە بە صورتی رسمی والیەتی عی شیرازی تودیع کرد، لەوقتی حرکتی اردودا بە حاجی ابراهیمی گوت کە کورە گەورە کەی کە ناوی میرزا محمود بو پینبرینە فرار کاهی اردو، ئەم کورە چونکە زور بچوك بو بەطبیعت بە کە لکی هیچ خدمت ومأموریتیك نەئەهات ودیار بوکە ئە یلتە بارمتەی افعال وحرکاتی باوکی. ئائەم حادثەیە، حاجی ابراهیم لە اجرای‌قراری خویدا مترددبو بەلام ئەم سوء ظنە تردده کەی‌نەهیشت وقراری دا کەروزی‌زوتر پلانە کەی تطبیق بکا، وئەم پلانەشی ئەوە بو کە شیراز تسلیمی آغا محمد خان بکا وبەم تەرخە یکانەحاکمی یکانەی ایران.

واقعا حاجی ابراهیم اینر هیچ امنیتی بە لطف علی خان نە مابو، ذاتاً دشمنیکی زوریشی بوو بو محافظە حیاتی‌خوی‌ویستی کە بە خدمتیکی گەورە حمایەی پادشاهیکی بە قوت بوخوی بسینی‌وبوئەم‌خدمتە مقتدربو، بەلام کە فکری‌لی ئە کردەوە بە اندیشەی محوی خاندانیك، کە بوبوە باعثی ئەم قدرت وعزتەی، وجدانی معذبئە بو [١].

---

(١) ئەم حاجی ابراهیمە کوری حاجی هاشم بوکە یکیك بولە اشرافی شیراز. لەعمر یکی زوییر بدامرد وعائلە یە کی زوری‌لە حالیکی احتیاجدا ابە جی هیشت. بەلام کورە گەی، ئەوەندەی‌بی‌ئە جو داخلی صرەی اشراف بو اخلاق معاشرتی ومعاملەی‌پاش‌وذکا ودرایتی زوترق ی پی کرد وکە یاندیە مقامی کە ورە کریم خان، حاجی ابراهیمی(*)

لە دوای ئەمەکە لطف علی خان چند قوناغیك دور کەوتە وە ، حاجی ابراهیم بە قوتیکی شاری ، کە تشکیل کردبو وخستبوبە ژیر ادارەی (محمد حسن خان) ی بر ابچوکیە وە، قومندانی محافظی شاروابچ قەلای گرتوئەم موفقیتەشی زور بە آسانی بوی پیك هات . وخبری ئەم موفقیەی بو براکەی نوسي کە لە گەل لشکری لطف علي خاندا بو وله دي يكي پنج فرسخی ی (کومە یشا) دا ارد وکای دامزراند بو لشکری قاجاریش لە قومندای (بابا خان) ی خوشکە زای آغا محمد خان داروبان نی کرد بو وبیست میلیك زیکیان بوبونە وە بر اکەی حاجی ابراهیم لە گەل امرا وخانبطانی اردوە کە دابو خیانت ریك کەوتبو .

(*) لە جیگەی باوکي دانابو، علی مراد خان، کردبویەرئیسی هەموکە رەکە کانی حیدری کە تقریبا پنوەی شیر ازبو لە وقیتکدا کەجەفر خان لە اصفهان رای کرد وهاتە شیراز شارەکە ی بە آسانی تسلیمی کرد ولە سرئە مە کرایە (کلانتر) ي فارس ؛ ولە سایەی ئەم مأموریتە کورەیەوە کە لی نفوذي بە یاکرد وبە رامبە ریەم لطفی جعفر خانە ، لطف علی خان کوری کە یاندەمقامی حکمداری.

سیرما لقولم ، ئەلی خوم لەم خصوصە وە تسەم لە گەل حاجی ابراهیم کرد وادعای ئەو وابوئە مقصدی لەم حرکتەی نجات دانی ولاتە کەي بولە شروعە راي مدعیانی دولت ، وگوتی : « جەیکی لە زەند وجەلە قاجار بیتە سر تخت ، منمی لشکر لە تالان تاکا بلام ئەوي پی وبستە بوھە مو ، کە ورە پی وبە هزيي ایران ونالل بوئی بە سکوتیکی دائمی بە »

وقراریان دابو که تاریك داهات به شیکی لشکری پیاده، قرار کای لطف علي خان بدانه به رتفنك وده‌ی بکن به هه راوغه لبه غه لب وئه وه‌ش اشارت بی بو کو بونه وه‌ی به‌ره‌ی حاجی ابراهیم . واقعا به کوره‌ی قرار حرکت کرا و که هه‌را به یابولطف علي خان عجایباتی ی‌لی‌ماوخوفی‌ل نیشت وپیاوي ناردکه بزانن چی یه . پیا وهاته وه وپی گوت‌سوار به‌و ده‌رچو چونکه لشکره که‌ی‌خوت بوته دشمنت . ته‌نیا طهماسب‌خانی‌قبلی) له‌گه‌ل‌حه‌فتاسواریکداشویني که‌وتن بق رؤسا وامرانه‌م‌حکداره‌بی‌طاقه یان به‌جی‌هیشت لطف علی خان به‌امیدی ئه‌وه که‌شیراز به‌ده‌س قوماندانه کانیه وه‌یه له گه‌ل رفقای فلاکیتداروی کرده پایتخت [۱۷۹۱م] به‌لام له دوای‌جوبونه‌وه‌ی له‌ار دوکاه‌به دوروژله‌احوال‌خبردار بو، وقوته که‌شي گه‌یشتبوه سیه صد سواریك هرچونی بو خوی که یانده درکای شیراز وپیاویکی ناردده لای حاجی ابراهیم واسبابی معامله که‌ي لی پرسی . حاجی ابراهیم له جوابي ئه‌م پرسیاري به‌دا له‌سر خو کوتی : « له وضعیتي لطف علی خان وفکري تی گه یشتم ، وه زانیم که بومحافظه‌ی حیاتی‌خوم لازمه له‌قوت تجریدي بکه‌م ودوري‌خه مه وه تونصیحتی بکه که‌وازله مالکیتي‌شیراز بنی وپي‌لی بونجات‌دانی‌روحی بچکه‌له‌را کردن‌علاجیکی تري نیه [باریخی حاجی ابراهیم] به‌لام ئه‌م حکداره‌مغروره که‌قوتیکی کمي بو ، ئه‌م نصیحته‌ي‌رد کرده‌وه وگوتی : « هیچوتی بی‌ئه‌م‌خائنه‌شاري

یه ، وقوته کاه‌شی نهایت بعض بقال وخطارن که ناتوانن به رامبه ربه
عسکربکی آزاراوه سنن ، بهم خیاله بشت ئه ستور بوو له نزیك دیواری
شاردا به زی واردوکای هه‌لدا حاجی ابراهیم که‌وای زانی فیلیکی تری
بودروزیه وه مال ومنداڵی عسکره که‌ی که له ناوشارا بوخبری بونادرن
وکوتی اگرزو لطف علی خان به جی نه هیلن ونه یه نه وه ناوشارمال
ومنداڵیان هه‌موئه کوژری . واقعاته مه‌تأثیری کرد وعسکره که لطف علی
خانی به جی هیشت وحکداری بدبخت ناعلاج له گه‌ل چوار پنج کسیکدا
چوبو(ابو شهر) . به لام که گه یشته ئه‌وی ئاشای کردشیخه که‌ی وه کو
پیشو دوستایه تی‌ی نه ماوه ، چونکه ئه‌ویش منسوبی حاجی ابراهیم بو ،
له به‌ر ئه‌مه‌چوه (بندریك) وسه ا کمی ئه‌ویذورپیش قبولی کردو توانی‌ی
معاونتی کرد ، به سایی‌ی ئه‌م معاونته‌وه توانی‌ی بعضی قوت کوبکاته وه
وله گه‌لیانا سعی بوسه‌ندنه‌وه‌ی شیراز بکا .

کمی‌ی لشکری لطف علی خان ، به سایی‌ی آزایی خوی وصدافی
عسکره که‌یه‌وه ئه‌وه‌نده‌ی نه‌ئه که وت . اول غلبه ی به سرلشکری (ابو
شهر)دابو [1] دوم شری له گه‌ل حاکمی ((کازه‌رون)) دا بو واسیری

---

(١) لهم شره‌دا‌ی (تنگستان) داوانهم بو . قونی سواری‌ی (ابو شهر)که له
ئه‌ماندای رضا قولی خانداابو ئه‌ماندانه‌که‌یان ده‌ربه‌ران وخویان هاتنه لای لطف علی‌خان
وله دوای‌ئه‌م حرکته قونی پیاده‌ش بی شر شکا ورای کرد .

کرد وچاوي دەر هینا (١) ئەم حرکتەی ظالمانەی محل منفعتي بو وتەوبەی دژمنە بەقوتە کەی نە کردونە ومحبتەی کەدر حق بەجاهیلی وقهرمانی وبدبختی‌ی بە یابوبوبەم سیبە وە زائل نە بو .

لطف علی خان ، لەم مرافیاتەی جسارتی سەند ، ودیسانەوە هاتە سرشیرازودەسی کردبە حصر ونضقي بەلام چونکەنە پیادەونەطوپچی‌ی بو محاصرەی پی نە ئەکرا . لە گەل ئەمە شدا طرفدارانی عصیان پی دربی‌لی‌ی کوئە بونە وەوگ پشتە درجەبە کی وا کە دوستان وطرفدارانی امیدی موفقیت وسەندنەوەي حکومیتان لی‌ئە کرد . بەلام فضیلتی قهرمانی وسعی منادي ی‌ئەم شازادە جاهیلە توشی مقاومتی انسانیك‌هانبو ، کەبە عقل وذکا وتدبیری هەمو ئهلکە بە کی لەپیش وقوعیدا حس نە کرد وصلابتی لە گەل اعتدالدانی کە ل‌نە کرد بلزوم‌هیچ لە دشمنی نە ئەکەوتە خوفەوە ، ردا ئەبە سرطرفدارانی خویامؤثر ومراقب بو،اطوار ومشواری فوق العادەی ئەم انسانە عجائبە ، رەنگە بە سبب ئەم وضیعتە مشکلەوە، امەمو ادواری حیاتیدا زیاتر دەرکە ونبی .

---

(١) حاجی علی قولی خان ، لە دوای عفو کرانی لەطرف لطفعلی‌خانەوە ،دیسان‌امین نە بو ورای کردبوە لای اغا محمد خان . براکەي کە ناوي رضاقولی خان بوولی‌ي (کاژ روون) بو، ولە وقتیکدا کە لطفعلی خان لە شیراز رای کرد تعرضي نی کردوباز کرانی ی تالان کرد وجند ولاخیکشی بردبو ،

لەدوای ئەوە کە ئەلف علی خان ، لە سفری اصفهاندا لەاردوە عاصیە کەی بجوی بوەوە ئەو لشکرەلەحالیکی پریشان وتی کە لوبی کەلیدا گەرابوە وە شیراز وهاتنی ئەمانە قوەی عددیەی عشایری مسلحەی فارسیان زوز کرد بو وگەیاند بویانە دوازدە هزار کسیك . پیادە یاخود عسکری شاری کە عبات بون لە اصناف وصنعتکار، نهایت پینج یکیکی ئەوعددە بو، وحاجی ابراهیم تەنیا پشتی بە معاونتی ئەمانە ئەستور بو چونکەئەم عشایرە کە ثروت وسعادتیان بەدوامی حکومتی (زەند) ەوە مربوط بو ، ممکن نەبو لە سرفکری حاجی ابراهیم بن یەنی بەوەراضی بن کەحکم و نفوذبکەویتەدەس رئیس قاجار، حاجی ابراهیم ، چونکە قانع بو کەئەم قوتەنایەلی پلانە کەی تطبیق بکا ، قراری دا کە سلاحیان لی بسینی ودەریان کا ، ئەم پلانەی بە احتیاطیکی تەواو وزو بەزو تطبیق کرد خبری بوئاو عشایرە نارد وگوتی لەوقتیکی معنیدا ئەبی بینە شارتا خەلاتیان بەسر ادابەش کری. خلاصە بە فیلیکی زور عجایب وبی هەراو شر سلاحی لەهەمویان سەندولە دواییدا ناردنی بودیهاتان . لەمانە بعضیکیان لەدواییدا هاتنەلای لطف علی خان وبە شیکی زوریشی بی سلاح چاوە روانی مقدراتی خویان بون.

حاجی ابراهیم ، زمانی گرنتی شیرازی بو آغا محمد خان نوسیبو ، رئیسی قاجار ، لەقوماندای مصطفی خانا لشکریکی بە امدادەوە نارد . لەم لاوە لطف علی خان لەفرصتیکی مناسبدا هەلی کوتایە سر ئەو لشکرەولە

دوای شریکی قایم شکاندی آغا محمدخان که‌ئه‌مه‌ی بیست‌سفری‌اعلان
کرد وقوتیکی وای له قوماندای جان محمد خان ورضا قولی ناندانارد که
به کوره‌ی زوری‌ی بونهایت دان بهم شره کافي بو ئهم لشکره به قوته له
دوای ئه‌مه که‌له گه‌ل‌محافظی شیراز یکد کیر بون بو تعرض رویان
کرده لطف‌علي‌خان، که‌لشکره پچوو که که‌ی به نظر ئه وانه‌وه‌ده یك‌بو
ئهم شازاده به غیرته ، ئه‌ی ویست‌رو وه‌ر گیری بهلام بو تلافی‌ی کمی‌ی
قوته که‌ی به فکریکی ماهرانه بعضی باغاتی ئه‌و ناوه‌ی اشغال کرد تا بهم
ته رحه وبه‌یارمه یه تی‌موانعی صنعیه بتوانی‌مقابله‌ی ئه‌وقوته‌زوره‌بکاابتدای
شر بودشمنی‌م اندبو، هجومی کرده‌ناو موضعه که‌ی‌ومدافعینی دەر په‌راند
وکه وته شوینیان ، بهلام اطف علي خان ، که حقیقة قدرت وتقدیریکی‌سر
دارانه‌ی هه‌بو ، دی‌ی که اشکری دژمن که وته تالانی قرار کاهه خالیه
که یه‌وه ، ئه‌مه‌ی به فرصت زانی وچه‌ندسواریکی کو کرده‌وه وبه‌شدت
هالی کونایه سر دژمن ، عسکره شکاره که‌ی که‌چاویان به قهرمانی‌ی‌رئیسه
که‌یان که‌رت ، گه‌رانه وه‌سر دژمن ، وله هه‌مو لایه‌که‌وه‌شکاندیان،وبهم
ته‌رحه‌شك وشبهه له ظفری لطف‌علي‌خاندا نه ما ، دژمن ضایعاتیکی‌زوری
دا وبه شیکیشی‌اسیر بو حتي رضا قولی‌خانیش که یکي له رؤسای‌قاجار بوه،
له‌ناو اسیره کانا بو .

حاجی ابراهیم ، زانی‌ی که‌ئهم ظفری دوه‌مه شان وشوره‌تی لطف

علی خان بلندتر ئه کاوئه ماش بوخوی خرابه ، بو آغا محمد خانی نوسی که به عجله خوی بگه بنیته شیراز ، ئهم حکمداره‌ش گه یشت که‌وضعیت‌له ئهلکه‌دایه ، ده‌س به‌جی به‌قوتیکی زور گ. وره وه[٣٠ . ٣٥هزار کسی] روی کرده شیراز . ئهم قوته به نظر قوتی لطف‌علی خانه وه صدبه‌یك بو، وئه‌مه‌ش دلیلی ئه‌مه بو که آغامحمدخان به نظرجرأت وبی‌پروایی‌دژمنه که‌یه‌وه احتیاطیکی زوری کرد بو ، وحقیشی‌بو . آغا محمد خان به قوتی پیشکه‌وتو یه‌وه که گه یشته دی‌ي ، (میان) نزیك اصطخر (پارسه پولیس) ، اردو گاهه که‌ی‌له پرّیکا توشی تعرض لطف‌علی‌خان بو ، ئهم شاهزاده‌یه، به جرأتیکی وا که اینجا له بعضی قهرمانانا ، که میدانی‌شریان له‌لا وه کو صحنه‌ی ذرق وصفا وایه ، لنگی دایه میدانی شری تاج گیری ایران. ئهم صولتی‌شیرانه یه‌پیشداری آغا محمد خانی‌شله‌ژاند وشکاندی،وشوینیان که‌وت وبه چند صد سواریکه‌وه بی پروا هه‌لی کوتایه سر لشکریکی سی ویاسی وپنیج هزار کسی . له‌لا یکه‌وه تاریکی‌ی شه‌و ، له‌لا یکیتره‌وه ئه‌و ترس وخوفه‌ی که به واسطه‌ی فرار یه کانه‌وه پیدا بوبو ، وده‌شتی ناوی لطف علی خان ، اردوی قاجاری به‌نوعی شله‌ژاند وتیکی دا که بو طرفی ئهم‌لا ، وه کو مقدمه یه کی غلبه بو (١) . عادتا هه‌و اردوه که‌ی

---

(١) لطف علی خان به دستی خوی ، ابراهیم خانی رئیسی قاجاری له که‌ل‌بعضی له توابعی‌کوشت . ئهم رئیسه له دربندی‌بن « میانه‌» و « ابرز» داریکه‌ی‌به‌شازاده کرتبو.

آغا محمد خان بلاو بوەوە ، ومهاجمین گەیشتنە فرار کای آغا محمد خان ، لەو وقتە دایکی لە امرای لطف علی خان ، بەشزادەی گوت کەآغا محمد خان ، لە گەل فراری یەکان رای کردوە ، وتأمینانی دایە وگوتی من حەزنا کەم ، ئەو مال ودولت وخزینەی شاهی‌یە کەبنم ازیتە دەست کەوتوە ، لەطرف اردوە کەتەوە بەتالان بچی[1] . صدحیف کە شازادە بروای پی کرد ، ودەس‌بەجی امری بەلشکرە کەی دا کەر اوەستن ونە چنە ناو قرار کای شاهەرە ، واقعا اطاعتیان کرد وروبان کردە لایکیتر وکە وتنە تالانەوە . روژی دوایی لە بەری بەیاندا . ولە حالیکدا کە شاهزادەی‌غالب پشت‌دشمنی کەوتبو ، لە پریکا وبە کال حیرت‌وەهشتەوە دی‌ی کەلە اردو کای‌دشمندا بانگی سبەینی ئەدری وخەلك بو نوژدعوت ئەکری ، ئەوانەی کەلە اردو کاهدا مابونەوە لە مەنی گە بشتن کەآغامحمد خان لە جیگەی خویەتی (٢) ، وقرار کای‌خوی بەجی نەهیشتوە واقعا آغامحمدخان ، کە چاوی بەپە شوکاوی‌ی‌اردوە کەی کەوت‌وزانی‌ی کە اصلاحی قابل ینە ، لە قرار کاهە کەی‌خویدا لە گەل بعضی محافظانی‌راوە ستاو سیری عدد کمی‌ی دژمن وزوری جرأت وانتظامی کرد . لطف‌علی

---

(١) ئەم رئیسە نصیحتکرە ، میرزا فتح اللهی اردە لانی بو . بعضی مؤرخین ئەلین ئەم نصیحتەی بەدلیکی‌صادف‌کرد بعضیکیتریش ئەلین جاسوسی آغا محمد خان بو .

(٢) هەر وقتی کە شاە لەگەل اردودا بیوایە بەم تەرجە بانك ئە درا .

خان ، لەخەوی ظفر خبری بوەوە ، وروانی کە بو ئەمەی اسیر نە کری بەغیری خودەر کردن علاجیکی تری نیە ، وواشی کرد .

ئەم تجربەی جسورانەیەی کە بوسە ندنە وەی حکم ونفوذ کردی، نابی بەهر کتبکی مأیوسانە تلق بکری کە امکانی موفقیتی نەبوبی . لطف علی خان ، بەتجربەی خوی زور باش تی گە یشتبو کەلە اردویە کی وادا کە تعرضی تی کرد ، اگر یکجار بە شوکی وشلە ژانی تیاپەیابی ، ئینجا خو کوکردنە وەی ممکن نابی ، ودیسان باش ئەزانی کەزور رؤسای عشایر هیشتا لە پنی خویو آغا محمد خاندا متردد بون . ئەم رؤسایانە دائما بە کورەی احوال وزمان حرکتیان ئە کرد ، وئە وان هر یکیکیان اختیار بکر دایە بەرەی ئە وانیش بەبی تردد تابعیان ئەبون ، لە لایکیتر بشەوە حق بو کە امیدی بەنتیجەی ئەم غلبەی بی امثلە بی وبەم وسیلەوە بەسر دژمنە کەیا، کە هەمو اسبابی اضمحلالی لە طرف ئەوانە وە (رؤسای عشایر) حاضر کرابو ، غلبە یکا پلانی تعرضی شازدە بە راستی بی قصور بوبە کمال احتیاط حرکتی کرد ولە پریکادای بەسر پیشداری آغا محمد خان دا ئەو استفادە یەی کە لە ظفری اولی کرد ، بە راستی نشانەی قابلیت وجرأتی فوق العادەی خوی بو . ظفری قطعی بەسببیکی واوە لە ذەس چو، کەلە اغلب نتایجی حرب وسلطنتداتە ونوعە اسبابی مؤثرئەبی .

واقعا چون لطف علی خان لابق مظفریت بو ، آغا محمد خانیش

لایق ئه وناجه بو که له‌اعتباری ئه‌و روژه وه بوی‌ساغ بوه وه. ئه‌م حکمداره له یأس وپریشانی‌ی لشکره که‌ی هیچ نه شله‌ژا وئه‌مه‌ش نشانه‌ی متانتی فوق العاده‌ی بو . دماغی دائما له گه‌ل ئه‌م حادثه یه‌مشغول بو ، واغلب لهم مطالعه یه‌دابو ، که له تاریخی دوایی‌ی ایرانداته نیاسیه شت ئه بی زور باش تلقینی‌انسال آنیه بکری : اوله مبنی‌انضباط ومتانتی ئه وحاجی ابراهیمه ، که له گه‌ل‌چند صاحب‌دکان واصنافیکدا شیرازی‌دا گیر کرد وچند ماڵگیك به‌رامبه‌ر به هه موعشایری محاربی ئه‌وناوه محافظه‌ی کرد. دوه مبنی فه‌رمانی‌ی فوق العاده‌ی لطف علی خانه ، که‌له گه‌ل چوار صد ویاپنیصد کسیکدا له‌هه‌ل کوتانه سراردویه کی‌سی هزار کسی پراوی نه کرد . وسیه مبنیشی متانتی‌نفس خوی بو که‌له وقتیکدا که‌هه موکس فراری کردبو ئه وقرار کاهه که‌ی خوی به جی نه هیشت ، ومحافظه‌ی سکوتی کرد وعلی العاده به واسطه ی بانگ دانه‌وه له دوست ودژمنی گه یاند که له جیگه‌ی خویه‌تی وئه وپه شوکی وشکانه تأثیری نه کردوتی .

لطف علی خان ، تا (کرمان) رانه‌وه ستا وله وی ده‌می کرد به لشکر کو کردنه وه . اغا محمد خانیش بالذات خوی روی کرده شیراز ولشکریکیشی نارده سر لطف‌علی خان (١) ، ئه وچند کسه‌ی که‌له‌دوری

---

(١) تومانداتی سواره‌ی ئه‌م لشکره « ولی محمد خان » وتوماندانی پیاده‌ش عبد الرحیم خانی برای حاجی ابراهیم بو .

لطف علی خان کوبو بونه وه که ئه م خبره یان بیست بلاوبونه‌وه . له سر ئه‌وه شاهزاده چوبو خوراسان [۱۲۰۷ ه‍] چونکه ئه‌م ولاته له وفاتی نادر شاهه وه تائه روژه به ده‌س بعض رؤسای سر به خووه بو . یکیلهم رئیسانه میر حسین‌خان بوکه‌ها کی منطقه وشاری(تو ببوس) بوشازاده‌ی حمایه کرد ، ودو صد سواریکی بوپیکه وه ناشاهزاده له کهل ئه‌م قوته وبعضی پیاوی صادق خوی که قه‌ت لی ی جونه بوبونه وه ، روی کرده (یزد) والی ی ئه‌م شاره[1] لشکریکی‌ناردور یگه ی پی گرت، بهلام شازاده به بی تردد هه‌لی کوتایه سریان وته فروتونای کردن . وله دوای ئه‌وه که‌به‌م غلبه به‌سامی لشکره چو که‌کی شکانند ، روی کرده دوی(ابر کوه) که‌له‌حدودی فارس‌بو ؛ ئه‌م دی‌به‌اطاعتی کرد، وایره‌وه خبری بوطرفداران ودوستانی نارد که سر له نو هاتوته میدانه‌وه راقعا هیشتا به صورتی خفی بعض طرفداری بو وله دوای ئه‌وه که شوره تی غلبه‌ی که‌رته ئه‌وناوه‌وه زور کس به آشکرا اعلانی طرفداریان کرد وبه‌م ته رحه ئه‌وه نده‌ی پی نه چو عددی لشکره که‌ی گه‌یشته هزار وپنیصد کس وله گه‌ل ئه‌مانه (دار ابجرد) ی محاصره کرد [۱۲۰۸ ه‍] . هر چنده ئه‌م شاره لطیفة وه کو جاران که وره وقه له بالغ نه بو به لام هیشتا اهمیتی خوی محافظه کردبو وده پانزه هزار نفوسیکی بو . له بهر اهمیتی موقعه که ی

لطف علی خان زور هه ولی بوزه‌وت کردنی‌دا به‌لام له وبینه‌دا که خبری
به یابونی بلاوبوه وه ، لشکریکی قورس له طهرانه وه نیر رایه سری وله
لایکتیریشه‌وه حاجی ابراهیم لشکریکی به قوتی پیاده‌ی له گه‌ل براپچو
که که یدا بو تقویه‌ی مدافعینی (داربجرد) نارد . نزیك که‌وتنه‌وه‌ی ئه‌م
لشکره شاهزاده‌ی مجبوری دور که وتنه‌وه کرد وسی کرد که‌له‌ی سخته
که‌ی (رونیز) خوی بکریته وه به لام له دوای چند روژی دعوا مجبور بو
که به تعرضیکی غریب تجربه‌ی طالع یکا ، به‌لام له نتیجه‌دا زوری ی
دژمن غلبه ی‌لی سه‌ند ومجبور بو تکرار بچیته وه‌لای حاکمی (توبوس).
ئه‌م جا که دیسانه‌وه‌به روخوشی قبولی کرد به‌لام له دواییدا له ترسی
موقعی خوی ، توصیه ی کرد که بچیته (قندهار) وطلبی معاونت له
(تیمور شاه) ی حکدار ی افغان یکا ، هرچه وچه ی توانی که
بیخاته وه سرتختی اجدادی . لطف علی خان ، کوی له‌م نصیحته گرت
وروی کرده سرای ملکی افغان ، به‌لام هیشتا چند قوناغیك‌رویشتبو
که خبری وفاتی (تیمور شاه) ی بیست له‌م وضعیته دافراری دا
که له ایراندا بمینیته وه .

له وقتیکدا که لطف علی خان در حق به حرکتی خوی متردد بو
کاغذی له دورئیسی (نه رمانشیر) [منطقه ی شرقی کرمان] که محمود
خان وجها نگیر خان بون، ومرگرت ، توصیه یان ئه کرد که مملکتی

خوی به جی نه هیلی وئامینیان ئه کرد که ئه گهه ربگه ریته وه هر
معاونیتك وخدمتیك لازم بی ئه‌ی که‌ن مؤلفیکی ایرانی به راستی حق بوه
که گوتویه تی: «شعله یه کی زور کم له دلی محاربدا آگریکی امید پهیاثه کا»
شازاده له سر ئهم وعده دهس به جی ههلسا وروی کرده (نه رمانشیر)
وله وی که روانی چند عسکریك له ژیر به یاخیدا گوبونه وه ، که وته
امیده وه وقراری دا که (کرمان) بگری . وبه حرکیتکی سریع نزیك
ئه وشاره بوه وه ، مامه زور آزا که‌ی ، که ناوی عبدالله خان بوولههمو
حادثاتی دوری لطف علی خاندا حقیقة شوره تی سه ندبو له گهل نیوه‌ی
قوته که یدا پیشی خست تانعرضیکی به دروبکاته سر شاره که . متباقی قوتی
بو احتیاط گل دایهوه وله دوایید‌ا که چاری پی که‌وت دشمن هه مو
قوت ودقی حصر کردوته سر عبدالله خان ، له گهل قوته که‌ی خویدا
هه‌لی کوتایه سر لایه کی تری قه‌لا که ، وبهم تهرحه قوماندانی شاره که‌ی
هه‌ل خله تاند وله پیش ئه وه دا که پی بزانن به دیواری قه لا که دا
هه‌ل گه‌را ، هه ر ندهء افغلی شاره که لهم حرکته شله ژان به‌لام دیسان
زور مقاومتیان کرد له گهل ئه مه شدا ئه وه‌نده‌ی پی نه چو هه مو
موضعه کانیان له دهس‌ه ندن ومجبوریان کردن که خویان بهاونه ناوقه‌لای
داخلی بهوه (ایچ قه‌لا) ، ولیر ش خویان نه گرته وه وزوبه جی یان

هیشت‌فوماندانه‌ی قه‌لای کرمان (١) هه‌رچونی بوده‌رچون به‌لام‌زوری
قوته‌که‌یان کوژرا وهه‌و بارگانی ومالیان که وته ده‌س شاراده‌ی‌غالب.
لطف علی خان ، له دوای ئه‌م غلبه‌یه وضعیتی حکمداری ی گرت ،
وبو یادکاری‌ئه‌م آخر ظفره‌ی به ناوی‌خویه وه سکه‌ی‌لی دا .وژرخبنی‌ئه‌م
دوره کوتویانه : « طالعی ئه‌م شازاده یه ، له بروسکه یه کی وا زور به
شوق ئه چو ، که زیادی ی نوری له وقتی کوژانه وه‌یدا ده‌وئه‌که‌وت ».

اغا محمد خان ، که خبری زه وتی (کرمان) ی، بیست (١٢١٠ ه)
به هه موقوتی خویه وه روی کرده ئه‌و طرفه . لطف علی خان ، له
زوری ی لشکری خصمی پروای نه بو ، چونکه اولا لشکره که‌ی خوی
به واسطه‌ی چند غلبه یه که‌وه مهارت وجسارتی په یا کردبو دوه میش
به غیرتی قهر مانا نه‌ی خوی پشت ئه ستوربو ، به لام له دوای مانگیك
محاصره ، مضایقه یه کی زور توش بون وبعض قطعاتی مدافعه اظهاری
نا ممنونیان کردبعضی له عسکری پیاده که مأموری مدافعه‌ی چند برجیك
بون له پریکا ئه‌وبرجانه یان بودشمن به‌جی هیشت ، وله پیش خبردار
بونی لطف علی خان لئم خیانته دوسیه هزار کسیك له اردوی آغا محمد
خان داخلی‌ئه وبرجانه بون . لطف علی خان که ئه‌مه‌ی بیست ، ده‌س
به جی هه لی کوتایه سر ئه و برجانه وله دوای جدالیکی مدهش دژمنی

(١) ئه‌م‌دو تومانداته محمد حـ بن‌خانی‌قره‌کوزلووعبدالرحمن‌خانی‌برای‌حاجی‌ابراهیم بو.

فریدایه دەرەوە ، وئەم ش آخر موفقیتي بو . یەکی لە امرای کە زورلی ی امین بو .خیاتی لەگ ل کرد ، ئەم خائنە فوماندانی مدافعەی قەلای ناوەوە (ایچ قەلا) بو ولە لا یکتیریشەوە اشترا کی مدافعەی خارجی ی ئە کرد ، ئەم ضابطەخائنەقانی ی ئە وطرفەی بودژمن کردەوە ، وآغامحمدخان بە دە دوانزە هزارکسەوە هاتە ناوشار وباقی قوتە کەشی بو، یامەیەت حاضر کرد لەطف علیخان کەلەم درەم خیانتە خبر داربو ، بە جسارتیکی خارق العادە وە هەلی کوتایە سریان ، بەلام فائدەی نە بو و کار لە کار ترازابو چونکە دژمن لەغایت بە دەر زوربو ونهایت کە چاوی پی کەوت کە عسکرەهە رە آزاوبە کارە کانی کوژران ، بە نا علاجی گە رایە دراوە .

مقصدی یەگانە ی آغا محمد خان منمي دە رچونی شازادەبو ، دوری شاری کرمانی دا ، ولە بەر هەر در کایە کی قەلا دا مفرزە یە کی زور بە قونی دانا . لطف علی خان لەگەل ئەمە شداکە لە هە مولایە کەوە محاصرە کرابوسیە ساعت لە ناوشار داخوي راگرت ، وکە شەو هات بە سراله التجا گای هاتە دەرەوەوبە واسطە ی پردیکی تختە ی ضعیفە وە ، کە لە دوای استیالی لەطرف دژمنەوە فریدرابو ، دە رچو . بەلام ئە بوایە لە دوای ئەمە خطی دژمنیش بدري شازادە بە جرأتیکی خارق العادەی مأیوسانە وە تعرضی کردە ئەم خطي دژمنە ، ولە گەل سیە کسد ائەم خطی

دری‌ی وده ڕۆ ، وبه سلامتي خوی گه یانده منطقه ی (نه‌رمانشیر).

آغا محمد خان ، له دوای گرتنی کرمان ، خه لکی شاره که‌ی هه مو کوشت به غیری ژن ومندال که‌می تیانه‌هیشت وئه‌م ژنه ضعیفانه‌شی تسلیمی عسکره وحشیه کانی کردوسیه روژله گه ل نالان وقتل خه ریك بو . مقصدیشی له م معامله یه ئه‌وه‌بو که هیچ شاریکیتر جسارت نه کاریه ی لطف علی خان بدا .

لطف علی خان ، له اولدا له طرف والی ی (نه‌رمانشیر) ه‌وه‌باش قبول کرا، به لام ئه‌وه نده‌ی پی نه چوروژیك له طرف براکه یه‌وه ، که‌له وقتي خویدا له گه‌ل لطف علی‌خان بو کرمان چوبو بانگ کرا ، وتی ی گه یانرا که ئه‌م حمایه یه‌ی بو استقبالی خراپ ئه بی ونوشی غضبي آغا محمد خان‌ئه‌بی. محبتی براکه ي وخوفي دوایی غلبه ی لی کرد وعهد وپیمانه که ی له فکر برده‌وه وقراری دا که شازاده بگری وبو تأميني حیات واستقبالی خوی تسلیمی آغا محمد خانی بکا . رفیقه کانی لطف علي خان له‌پیش وقوعیدا له‌م خیانته گه پشتن ، وخبریان دا به شازاده تاخوی نجات بدا به لام کوی له نصیحتیان نه گرت وبروای پی نه کردن وحتی به وون‌بوني رفیقه کانیشی که له هه موسایه‌تی فلاکیتدالی‌ی جونه بوبونه وه دیسانه‌وه له خه وی غفلت خبری نه بوه‌وه به‌لام زوری‌پی‌نه‌چو بعضي انسانی پرچه‌ك وسلاحی له دوری خویدادی وزانی ي که رفیقة

کانی راستیان گوتوه ، دەس بەحی دەسی‌دایە شیرە کەی وەجوی کردە سرئە وکابرایانە کە ئەیان ویست بی گرن . لە دوای مجادلە یە کی زور مدهش ، شازادە خوی گە یاندە اسپە کەی‌خوی[1] وسوار بو لەوبەینەدا یکی لە مهاجمە کان بە شیر قاچیکی اسپە کە ی پە راندوشازادە لە گەل اسپە کەی کەوتوهە لسایە وە وسر لە نوی جدایکی مدهش دەسي پی کرد ، ولە نتیجەدا شازدە لە سر وقولی دوبرینی زور قورسی خوارد وکەوت ، وبـە وحالە وە بردیان بو آغا محمد خان اولا بە دەسی خوي چاوی هە لـکولی ولە پاشدا ناردی بو طهران ، ولەوی لە دوای حقارتیکی زور [2] وحشیانە امری دا بە لە ناوبردنی ئە وشازادە یە، کەلە وحالی اسیری ولی کە وتو یشیدا دیسانە وە دشمنە زور دوراندیش

---

(١) ئەم اسپەي ناوی « کوررونده » بو لە جنس ولاخی عرب ومولودی ایران بو جالاکی وقوتی شایانی حیرت بو . سرعتی بوبوبە داستان بو مسافەی فوق العادە دور زورجار شازادە ی بردبو . ولطف علی خان زوری خوش ئەویست .

(٢) سرجون ما لقولم ئەلی کە لطف علی خانیان بردەلای اغا محمد ، معاملە یە کی واوحشیانە ی در حق کرد کە انسان ناتوانی تەربەی بـکا . ئەوانەی کە ئەم کتیبە ئە خوینێتەوە ، بە رامبەر بە صحنەی فجیعۀ کـە خلاق ڕوت انسانی بو عمق نفرت ئە کـە ن .

وبه قونه کەی خوی ئەلرزاند ١٧٩٤ میلادی (١).

لطف علی خان ، له پیش ته واو کردنی عمری بیست وپنج سالی وله دوای حیاتیکی خارق العادەله ناوچو. سیرجون مالقولم ئه لی «له اطواری ئەم شازاده یه وله حادثاتی حیاتدا بعضیکی شایان مرحمت وبعضیکیشی لایق تبجیله ، وئه که ر تماشایه کی اعمال وحرکاتی بکری به غیری مزیانی عسکریه شتیکی تری تیانا بینری . شازاده ، له ناوسلطنتیکی واسعه دا وله وله دوریکی وادا که اطاعتی حکمدار عادتیکی عمومی بو هاتبوه دنیاوه وممکنه که اوصاف ومزایای ئەم شازاده یه مشابهی اوصاف وسجیه‌ی جنیکیزویا تیمور لنگ بی. به لام به کوره‌ی احوال وشرائطی اووقته‌ی که ئه وهاته سرتخت ، به غیری فضائل شخصیه‌ی وقابلیتی ریاستی ، هەمو اوصافیکی تری له علیهی بو معلوماتی بوبه‌لام مدبر ودوراندیش نه بو ، محاکمه ودراریتی به سبب احتراصاتیه وه بی تأثیر بو . له غایت به دەر مغرور بو ، حتی له دوری نشستی شی دا تنزلی نه ئه کرد له گەل ئەوانه‌ی که قابلیتی سوق واداره‌یان بو ، ریك بکه‌وی‌ویایکد گیربی توندەته بیات

(١) اغا محمد ، در حق به هه مو خاندانی « زه ند » وبالخصوص بو ئەم شازاده یه نفرتیکی عظیمی بو ، له کەل ئەمه شدا تقدیری مزیتی ئه کرد . له پیش کرتنی کرمایندا ٭ جند قیتك خبری زانی که خوشکه زاو ولی عهدی که ی — که فتح علی خان بو — له شه ویکدا جند کوریکی بوی ، له سرئەم خبره کوتی « : باری یەکی لەم کورانه وه کو لطف علی خان بی »

وئه به زبو ، هیچ وقتی به‌غیری فکریکی تدهیش سمی بوفتوحات نه ئه کرد وروي بکر دایه هر لایهك ظفر به پیر یه وه ئه هات. قوت وقدرتی خوي به شدتیکی وا استعمال ئه کرد که ئهم شدته ، اینجا حاکمیکی حی کیر بوي به قوت ئه ي تواني بیکابه‌لام بوخوي تأثیریکی وای نه‌ئه‌بو ، بلکو بعضی دشمني بوپه یائه کرد ، که هروه کوخوي ، دائما به رامبر به مجرای حادثات له مجادله دا بون له گه‌ل ئهمه شدا قصوري که زور بو ، له بهر بعض فضائلی عالیه‌ی وبه سبب سرانجامي فخمی، ئهم آخر شازاده‌ي خانداني کریم خانه‌وه له طرف مؤخیني معاصربه‌وه اهمال کراوه .»

حکمداراني خانداني (زه ندیه) ، نزیك نیو عصریك به سر به شی زوري ایراندا حکمیان کرد ، به لام له دواي وفاتي مؤسسی ئهم خانداته، حکم ونفوذیان قه ت به ته واوی دانه مزرا ، وئه مه‌ش ، اولا له بهر اختلافاتي ناوخویان ودوه میش به سبب ذکا ودرایتی آغا محمد خاني دژمنیانه‌وه بو ئهم حکماره له روقته‌ی که له شیرازه وه رای کردبو دائما سعي بوله ناوبردنیان ئه کردونهایت موفقیش بو . غلبه‌ی ، له‌قوتی سلاحي زیاتربه سایه‌ی ثبات‌ومتانتی به‌وه بو آغا محمد خان ، له ناوبردني ئهو کسانه‌ی ، که‌وا ممکن بوسر به زرکه نه‌وه ، به وظیفه‌ي خوی زاني له‌م طبقه یه وبا خصوص له وانه‌ي که محتمل بو پیاو بیرنه ئخته‌

که ي، [1] هه موی له ناوبردن ، یا کوشتنی وياخاوي دەر هينان . نەك هر عشيرتي زەند بلكو هه مو عشيرتيك كه فعلا مماوتی خانداني (زەند) ي كردبو له فارس تهجير كرابوو لاتاني دور نيران وله جيگه ی ئه وان عشايری اصليه‌ي فارس اسكان كرا . [2]

به شی زوري ئەم مظالم وقتل عامه له طرف حاجی ابراهيمی خانه‌وه كرا محرری (كتاب ماثر السلطانيه) يەنی تاريخی قاجا ئەلی حاجی ابراهيم ئەم خيانته‌ي باميد استقلال كرد به لام له ترسی اغا محمد خان نه ي ويرا اشكراي بكاوبه ظاهری به اخلاص فه‌لاي شيرازي تسليم كرد واغا محمد خان كردي به والی‌ی فارس به لام شكی له خيانت ودنائتي نه بوله‌گەل ئه مەشدا بو دفع طعنه ي خەلك ويستي له فرصتيكدا له عوده‌ي بي حاجی ابراهيم درحق به بقاياي زنده زور مظالمی كرو وجكر ي لاواني زندبی به سوژن درو . خزم وافرباشی له مظالم ودنائت دامسابقه‌يان ئه‌گەيەنايت

---

(۱) سيرمالقولم ئەلی : « وەكو من له يزانم ، لەم ناوه دانه نيا عبد الله حسني ، ی لطف علی خان نجاتی بو چونكه خوشكی حاجی علی قولی خاني « كازەرون » ی هيناير وبه واسطه‌ی ئەم رئيسه‌وه عفو كرابو وئەم حاجی علی قلی خانه زور قدر وحرمتی له لای اغا محمد خان هه بو

(۲) لەم مجمی حكومتی « زەند » ه زوری له تاريخه مشهوره كه‌ي ميجر جنرال سيرجون مالقولم خلاصه كراوه وئەم مؤرخة مشهوره له دواي انتراضي حكومتی زه ند چند سالیك بالذات خوی چوته شيراز وله‌گەل حاجی ابراهيم وبەش اشخاص وقعه بالذات نسه ی كرده‌وه واستفاده ئی له اتاريكی زور به قيمت كرده .

عادل مطاق حقی‌لی سه ند وله داوی وفاتی أغا محمد خان به مدتیکی کم وبه امری فتحه‌لی شاه چاویان هه لکولی وچاوی کورانی و ژنانی و کچانیشی هه لکولرا وامرد را که براوخۆماینشی له ناویری خوش له گه‌ل مالی ومندالی کوبیدا له قزوین دانرا تاله ناوچو عبرت !

له دوری حکومتی فتح علی شاهدا ، محمد خانی کوری زکی خان دعوای سلطنتی کرد وحتی اصفهانیشی گرت بەلام بوی محافظه نه کرا ورای کرده لای حکومتی عثمانی بیجگه لەوه تشبثیکیتر وافع نه بوه وخاندانی کریم خان له طرف قاجاره وه بەته واوی له ناوبرابو.

سفارشه‌ك دەر حق حكومت :

له این تاریخ ، عبارته له تکرر حادثات تەم قسه‌یه زور راسته زوری حکومات ، به مبدئیکی پر نور ومساعده‌وه تشکلی کردوه ، وله احوال وظروفیکی نا مساعدا له ناوچوه . تماشای حکومتی تیمور جلایری ، قره وآق قویونلی صفوی ، افغان ونادری که . هه مویان به فرقیکی کم زور ده شبهه یك. مبدأیان پره له شان وشرف ومنتهایان عبارته له بد طالعی ونکبت . هیچ شبهه نیه که مؤسساتی علاوه به مزایای شخصیه‌ی خویان مساعده یکی زوریان له بخت وطالع دبوه به درجه یکی وا که احفادیان یاله‌و مزیانه بلنده ویاله‌و مساعده‌ی طالعه ده یکیکیان به نصیب نه‌بوه . (حکومتی زند) یش عین وه کو ئەم امثلانه‌ی محکومی عین قاعده بو .

کریم خان ، به اوصاف وجلادتی خوی ومساعده‌ی طالع له هیچه‌وه حکومه‌تیکی گه‌وره‌ی دا مزراند به‌لام له ناو احنادیدا تنها علیراد خان ولطف علی خان قابلیتی حکمداریان بو . اجل موله‌تی اولیانی نه دا وله عمریکی له وسط به‌ره وخوار دا به علتی استسقا له ناوی برد . والا قابلیتی ئه‌وه‌ی بو که ایران به ته واوی له رقیب پاك بکاته‌وه وپایداری حکومه‌ته که‌ی بو مدتیکی باطولنی تأمین بکا

بیینه‌وه سر لطف علی خان ، ئه‌م حکمداره ، که هروه کو جنرال مالکولم ئه‌لی ، وارث اوصاف جنگیز وتیمور بو وجرأت وجلادتی له‌طرف دوژمن خوینی وه‌ك آغا محمد خانیشه‌وه تصدیق کرابو ، حیف که توشی وزیریکی سپله وخائن بو ، حاجی ابراهیم بو نیریه‌ی خوی له‌لای سیرجون مالکولم زور هه‌ولی داوه به لام خیانت وددنی قابل شرح وتأویل نیه . کریم خان باوکی هینایه پیشه‌وه ولطفیکی زوریشی در حق خوی کرد . جعفر خان رتبه یکی زور گه‌وره‌ی دایه ، ولاتی فارسی تسلیم کرد ربه‌م نه رحه له هیچه‌وه بو به یکه پیاوی حکومتی زند به‌لام ئه‌م پیچوه گورگه نهایت در حق ولی نعمتی مایه‌ی اصلیه‌ی خوی نواند وهر وه کو سعدی‌ی مرحوم ئه‌لی(عاقبت گرگ‌زاده گرك شود) صاحبه که‌ی خوی فه‌وتاند محرری تاریخی قاجار (عبدالرزاق بن نجف قلی)، به قلمیکی بیطرف وحق نویس ئه‌لی (حاجی ابراهیم خان) در ازاء حقوق چندین ساله بداعیه‌ٔ خود

سری وهوس برێی سلسلهٔ فساد را بدست فکرت تحریك ... یکی بچهٔ گرگ می پروریده چوپروریده شد خواجه برهم دریده) . اگر لطف علیخان له صبوری ودوراندیش ی کریم خان جدی نصیبکی ته واوی بیوایه‌وا کر محمدعلی شیرازی بۆ تدبیر بکردایه به هواخواهی خوی ئه‌ی توانی جزای خیانتی حاجی ابراهیم له پیش وقوعیدا بدا وخوی زرگارکا به لام حیف ئه‌و سرانجامه تاریکه بۆئه‌م اشپارهٔ جلادته مقدر بو وئه بوایه وابوایه .

وحشت ودنائتی آغا محمد خان در حق به لطف علی خان ، موجبی نفرتی تاریخ ولعنتی احفاده ئه‌مرئیسه جباره ، اوانه خوازبو که له‌سلاله‌ی خوی قهرمانیکی وه‌کو لطف علی خان پیدابی یعنی وای ئه نواند مفتونی جرأت وشهامتی بو به‌لام له وقتیکدا که‌ده سی بستراو وبه‌برینداری‌هینابانه لای ودك کونگه به‌بو هه‌له ئی‌دایه وبه نینو که‌یسه کانی خوی ئه وچاوه جوانانه‌ی هه لکولی وبه‌مه‌ش راضی نه‌بو ومعامله یه‌کی وحشیانه وای در حق کرد که هروه کو سیرجون مالقولم ئالی ، تاریخ له ذکری حیانه کا

حکومتی ئاتابکی لوری گەورە

﴿ فەلەوی ﴾

ئەم حکومەتە لەجنوبی شرقی‌ی لورستاندا تشکلی کرد ولە ٥٠٠ ی هجریەوە تا ٨٢٧ یەنی ٣٧٧ سال دوامی کرد .

ولاتی لورستان دوبەش بو ، لوری گەورە ولوری بچوك . ئەم تقسیمانە لەاواخری قرنی سیەمی هجریدا هەبو ودوبرا حاکمی ئەم دوبەشەبون (بدر ومنصور) . لەدوای بدر ،لوری گەورە کەوتەدەس نصیر الدین کورەزای ، ولەووقتەدا نیوە یەکی لورستان لەژیر ادارەی خاندانی (شول) دابو وحکمداریان سیف الدین بو . وئەم خاندانە - بەکورەی روایت — لەزمانی ساسانیانەوە لەوی حاکم بون .

لەاواخری قرنی پنجەمی هجریدا صدمالیکی کورد ، کەلە(جبل السماق)ی شامەوە هجرتیان کردبو هاتنە لرستان ولە (جبل اسعاد)ی محمدی خورشید

کوزری ملك نصیر الدین بو وانیشتن [1]. کەورەی ئام خلی کورده.

١ — ابوطاهر :

(ابو الحسن فضلولی) بو. لەو بینەدا ولانی فارس بەدەس حاکمانی سلغری[2] یەبو. کورەزای ابوالحسن. کەناوی محمد وبە آزاپی شورەتی بوە داخلی خدمتی حاکمی فارس بو. حاکمی فارس لەگەل حاکمی شوانکارەدا دشمنایەتی ی بو. ابوطاهر محمدی کوری علی کوری ابوالحسن فضلولی بە لشکریکەوە نارده سر حکومتی شوانکارە ابوطاهر غلبەی کرد وگەرایەوە، اتابك (سنغر) زور ممنونی بو ولەسر آرزوی خوی ناحیەی (کوەگلویە)ی دایە ولشکریکیشی خستەنەکی وبو زەرت کردنی لورستان مساعدەی کرد. ابوطاهر، کاتیکەشەر وکاە بەسیاست وردە وردە لورستانی هینایە ژیر حکمی خوی ولەدواییدا سر بەخویی خوی اعلان کرد، وحکومتی فضلوی کورد، بەم تەرحە لەطرف ابوطاهر محمدەوە دامەزرا. ابو طاهر مدتیك

«١» اتسیز و بە دیاری اسلام ئەلی: ئەم خیلی کردەلە ادارەی فضلویدا لەسوریەوە هاتونە میافارقین، لە پادشا جونە اذربایجان وکیلان ولەگەل امیری کیلان «دیباجی» واتفا یان کردوە ولە ٥٠٠ ی هجریدا لە وبوە هاتونە دەشتی شمالی (شتران کوە) ی لورستان (جلد — ٣)

«٢» ئەم حکومتی «سلغری» یەلە طرف سلغر ناوێ وماندانیکی سلجوقیەوە لە ٥٤٣ ی هجریدا دامەزرادوە وتا ٦٨٦ لەهجری دوای کردوە ولە پاشدا عنوانی: بکی ی دراوەتی.

ادارەی ملك حکومتی کرد وله ٥٥٥ ی هجریدا وفاتی کرد . پنج کوری بو : هزار اسپ، بهمن ، عماد الدین پهلوان ، نصرة الدین ، ایلوا کوش وفزل بجکم . کوره گەورەی بەانفاق برا کانی هاته جیگەی باوکی .

٢ — اتابك هزار اسب :

حکداریکی عاقل وعادل بو وله زمانیدا لورستان زور پیشکەوت وآوادان ودوله مندبو . گەلی عشائر له (جبل السماق) ی شامەوه لەزمانی ئەم حکدارەدا هاتنه لورستان ئەم عشائرە بعضیکی عرب وبعضیکی کوردبو ناویان — بە کورەی تاریخی کزیدە — لەخوارەوه نوسراوه : اسوکی ، مماکونه ، بختاری[٣٣] مراسلی ، سداسان ، زاهدیان ، علائی (آلانی) ، کونوند ، بیرونند ، بدائی ، بوازکی ، شنوید ، راکی ، جاکی[٤٣] هارمی[٥٥] اسبك[٦٥] ، کفی[٧٥] ، شموس[٨٥] ، نخوئی ، کاکئی[٩٥] ، مامەسی[١٠٥] اویلکی[١١٥] ، ابراوی ، دلکی ، توانی کیا ، مدیحا کورد ، کولارد . والخ هزار اسپ بەواسطەی ئەم عشائرەوه قوت ونفوذی زیادی کرد وخاندانی (شولی) ي لەلورستان بەنەواوی دەر پەراند وولاتە کەی داگیر کردن حدودی مملکتی گەیانده چوار فرسخیه کی اصفهان ، (اتابك تکله) ی سلغری چند دفعه یك لشکری نارده سری بەلام ظفری

---

[٣٣] بختیاري ، [٤٣] خاکی ، [٥٥] هارونی ، [٦٥] اشکی ، [٧٥] کفی ، [٨٥] شموسی ، [٩٥] کاکئی ، [١٠٥] مامەسی ، [١١٥] اویلکی ، [١٢٥] ابراوی ، [١٣٥] دلکی ، [١٤٥] توانی کیا ، [١٥٥] مدیحا کورد ، [١٦٥] کولارد .

پێنەبرد ولەهەمو جارێکیدا شکا وروژ بەروژ نفوذیَ هزار اسپ لەزیادبدا بو تجارت وزراعت لەترفیدابو . زور قصبە وکوند بنا کرا وآوەدانی زیادبو . لە پاشدا کورە کەی نارده لای خلیفه (ناصر الدین الله)ی عباس والتماس عنوانی (أتابکی لی کرد وخلیفه قبولی کرد وبرات وخەتانی بونارد هزار اسپ ، لە گەل سلطان محمدی خوارزم پاشدا دوستایەتی یەکی پاکرد وکچی خوی دابە غیاث الدین کوری لە دوای سلطنتیکی بە طول وفاتی کرد واکر تاریخی وفاتی (٦٥٥ ھ) راست بی لازمەکە صد سال حکومتی کردبی (٥٥٥ - ٦٥٥ ھ)"

٣ــ اتابك تيكله

کوری هزار اسپ لەدایکەوە لە خاندانی سلغر لی ی فارس. کە خیری وفاتی هزار اسپ ، گەیشتە فارس ، اتابك سعدی سلغری ، وسەندنەوەی حقی خاندانی شول لە فوماندای جمال الدین عمر ناوی آموزایکی هزارا سپدا لشکریکی دو هزار کەسی کردە سر (تیگلە) لە نزیك قەلای[1] بیروزە)نوشی اتابك تیگلە بون تە نیا پنجسد سواریکی لە لابو لە دوای شریکی زور شکا بەلام لە ووقتە دا جمال الدین عمر بە تیریك کوژرا ولشکری فارس شکستی خوارد وغلبە و تیگلە مایەوە. لە دوای ئەمە سلغربە کان سیێ[2] جاریتر لشکریان

---

(١) ئەم تاریخە ، کەلە طرف انسیقلو بە دیاری اسلامەوە ، بو وفاتی هزار اسپ وجلوس تیگلە دێراوە. ئابی راست بی. چونکە لە دوای چند سالی حکومت وشرەیەکی رایە کی زور . اتابك تیگلە لە کەل هلاکودا لە وقعەی بغدا دا ٤ محرم ٦٥٦ ھ

Digitized by Google

لي كرد بەلام هيچيان پي نەكرا لە پاش بەيەك، (تيگلا) لشكرى كردە سر (لورى بچوك) وبەض نواحىى لە (حسام الدين خليل ى) حاكمى نەوى زەوت كرد لە دواييدا لەسر بەض اسباب خليفەى بغدا لە قوماندايي بهاء الدين گرشاپ وعمادالدين يونسدا لە خوزستانەوە لشكرىكى ناردە سر لورستان وئەم لشكرە بەضى لە ولاتە كەيان تالان وويران كرد وبراى (تيگلا) يان اسير ولە قەلاى (لاهوج) داىيان كرد انابك (تيگلە) خوى كوكردەوە وبە لشكرەوە رويان كردن ولە گەل ليانا كەرتە شرەوە عمادالدين يونسى كوشت وبهاء الدين گرشاپى اسير كرد وبە وعدى بە ردانى براكەى بەرە للاى كرد.

لە سالى ٦٥٥ ى هجريدا كە هلاكو، لە گەل لافاوى موغولدا روى كردە پايتختى خلافتي عباسيە، انابك تيگلە بو مصلحتي ملك ودولتي خوى لە گەل هلاكوبيك كەرت ولە گەليا اشترا كى سفرى بغداى كرد. هلاكو اتابكى داخلى ئومانى (كيتوقابوس) كرد و انابك لە خايبى بغدا زورسە خلەت بو كوژرانى خليفە ومسلمانان زورتأثيرى تى كرد ولە بەض جيگەى حسى نفرتى خوى نە شاردەوەو ئەم قسانەى بركوى هلاكو كەرت وليى عاجزبو كەانابك حسى ئەم عاجزىيەى كرد وشارەزاى شناعت ولە خوانە ترسى هلاكو بو فرصتي بنى وبە بى اذنى هلاكو چوبو لورستان. هلاكو (كيتوقابوس) ى سردارى بە لشكريكەوە نارد بوگرتنى (شمس الدين الپ ارغون) ى براى انابك

به کاکی گوت که مصلحت وایه من بنیریته لای هلاکو تاسبی بکهم
وربکتان بخهمهوه واشکری موغول بگهریتهوه ، اتابك ئهم تهکلیفهی
به پاش زانی ووعدی دا تاثه ونه گهریتهوه لرستان ، شرگهل لشکری
موغول نه کا . شمس الدین که گه یشته میرگهی (فهرگه) ، که له سهودی
لورستان بو ، ئوشی لشکری موغول بو ، مقصدی خوی نی گه یاندن ،
بهلام امرای موغول گویان نه دایه گرتیان وزنجیر بندیان کرد واوانهی
که له گهلی بون همویان کوشتن ، ویران کرده لورستان . اتابك نیگه ،
له ترسی ئه وه که براکهی بسکوژری مقاومتی نه کرد وخوی خسته
قهلای (جابنخشت) هرچنده امرای موغول وعدی امانیان دایه بروای
نه کرد تاثه نگوستیله ی امانی له طرف هلاکوه بو هات ، ئهووقته اتابك
له قهلا که هاته دهرهوه وتاردیان بو (ته ویز) به خلافی عهدی امان له وی
کوشتیان ، پیاوه کانی بهزیوه میته که یان هه لکرت وبردیانه وملورستان
لهوی ناشتیان .

٤ ــ اتابك شمس الدینه الب ارغونه

له دوای کوژرانی کاکی له طرف هلاکوه کرابه اتابکی لورستان
وامری گه رانه وه به لشکری موغول درا . که اتابکی تازه هاتهوه لورستان
مملکته که ی ویران وپریشان دی . ظلم وشناعتی موغول ولاته که ی محو
کردبوه وه واهالی دابویانه شاخ ، کیوبهره به ره خه لکه که هاتهوه جیگه وریگه ی

خویان‌وده‌س کرا به تعمیرات وزراعت‌وبه‌م نوعه له مدتیکی کدا ولاته‌که چووه دوخی جارانی رفاه وسعادت که‌وته ناویانه‌وه . اتابك ، زستانانی له شاری (ابدج - ابزاج) و (سوس) داوله دوری (ششتر) رانه بوارد ، هاوینان‌ئه چوه چیاکانی منبعی آوی (ششتر) و (زنده رود) که‌به آوی زور وساردی ومیر غزاری ودارستانی وه کوبهشت وابو . شمس الدین الپ‌ارغون ، به‌م تمرده به سکون وسعادت پانزه سال حکمی کرد وله پاشدا وفاتی کرد .

اتابك یوسف شاه :

له وفاتی باوکیا لهلای ابقا خان بوه‌له دوای مانگیك (پرانغ)ی حکومتی لورستانی درایه . له گه‌ل ئه‌مه‌شدا به خوبو دو صد سواره وه له پایتختی غولدا مایه‌وه وبو اداره‌ی لورستان وکیلی تعیین کرد له شری (بوراق خان) دا به‌لشکری لورستانه‌وه یاریه‌ی (ابقاخان) ی دا وزور آزابی ی‌وه‌ند . وله سفری (ابقا خان) بو ولاتی گیلان ودیلم دا حاضر بو ئه‌ی دیلم له‌شرداهه لیان کوتابه سر (ابقا خان) ودوریان گرت به‌لام یوسف شاه به فریایدا که یشت ونجاتی دا ، به رامبه‌ر یه‌م خدمته که وره‌یه ، خان ولاتی خوزستان ، (کوه گیلویه) وشای (فیروزان) و (جرباذقان) [1] ی پی بخشی .

---

(۱) سه‌وت فر سح انزور اصفهانموسو .

له دوای ئەم شەرە یوسف شاە چو بو (کوەگیلویە) وتعرض کردە (شول) ەکانی ناحیەی (ملمە سانی) . برای خا کە کە یانی کوشت .

لە دوای لە ناوچونی (ابقا خان) ، ملکی ایران کەوتە دەس (احمد تا کودار) و یوسف شاە لەگەل خانی ابقا خان کە ارغون بو بەنی خراپ بو لەگەل ئەمە شدا قدرتی عصیانی لە خویدا نەدی و بوحرکاتی خراسان کە داوای کومەکی بواحمد تا کودار لی کرا بەنەبە دلی دوهزار سوارودە هزار پیادەی لەگەل خوی برد بو معـ اوئتي . بەلام احمد ، لە شری خوراسانداشکا (٦٨٣هجری) ولشکری لور ، بە سر (تاپاس)و(نوتانزا) داو بەچولا گە رانەوە لە تیزوە تی زوریان لی مرد و بە هزار حال خویان کە یاندەوە لورستان . یوسف شاە ، بەامری « ارغون خان » بە شوینی خواجە شمس الدین صاحبدا چوە لورستان ولەوی کچە کەی صاحبی مارە کرد وخواجە شمس الدین گرت وبوی نارد لە دوای شهادتی خواجە شمس الدین یوسف شاە گەرایەوە لورستان ولەوی وفاتی کرد .

٦— اتابك افراسیاب :

لە دوای یوسف شاە افراسیابی کوری کرا بە اتابك وئەویش احمدی برای نارد پایتختی موغول وخوشی لە لورستاندا مایەوە ظالم ولە خوانە ترس و . دەسی کرد بە غدرو خراپە وزرای، قدیمی دوری (هزار اسب) ی وە کو خواجە نظام الدین و بلاز الدین وصدرالایزدی هریکە بە ناوی

بهانه‌ی پی کرێن مال وملکی داگیر کردن وکوشتنی بەض له خزم وطرفداری ئەم خاندانه رایان کرده اصفهان . بەلام وازیلی نه هینان وپیاوی نارد به شوینیانا .له وێنەدا (ارغون‌خان)مرد . بەض‌له‌ژسای قدیمه‌له اصفهان عصیانیان کرد ووالی موغولیان کوشت .

اتابك‌افراسیاب ویستی‌لەم فرصة استفاده‌بکا وبرهمان وولاتی‌فارس تاثه‌گاته‌خلیجی‌فارس بعض له خزمانی خوی به حاکم تعیین کرد . (جلال) ی کوری اتابك تیگه‌ی به لشکریکه‌وه نارد‌ومحافظه کردنی (کوه رود) له‌وی توشی لشکری موغول بو و شکاندی به لام کوتایه خراپه وتالان وله‌پریکا موغوله کان‌لیان گه‌رانه‌وه وخراپ شکاندیانن . (کیخاتوخان) که ئەم خبره‌ی بیست له فوماندای امیر (طولدای‌ایداجی) دا لشکریکی موغولی له‌گه‌ل لشکری لوری بچو کدا نارده سر افراسیاب واتابك خوی رانه‌گرت ورای کرده قه‌لای (جانبخشت) ، له خه‌لکی لورستان زور کس کوژرا . وزوری خه‌لك له ترس موغول رایان کرده کیوو ئه شکه‌وت ولورستان تالان ووران کرا له پاشدا لشکری موغول دوری قه‌لای (جانبخشت) یدا ، افراسیاب له ترسانا مدافه‌ی نه‌کرد وتسلیم بو وناردیانه پایتختی موغول له‌وی‌به تکای (اروك خاتون) و (پادشاه خاتون) ئەوکرا ودیسانه وه کرایه‌وه به حاکمی لورستان که گه‌رایه‌وه برمبتادەسی کرد به ظلم وخراپه وهرچی پیاوما قول وذوله مندبو هریکی

به بهانه‌يك كوشت .

كه (غازان خان) بو به جكدار اولاروي به افراسياب‌دا ، به‌لام له دوايي‌دا له سر شكاني (هوركوداك) ي اميري فارس ، افراسيابي كوشت (٦٩٦ه‍)

٧ — اتابك نصرة الدين احمد :

له دواي افراسيابي براي بو به اتابك حكومتي ئه‌م ذاته‌له (٦٩٦ي هجري به وه‌تا ٧٣٠ ويا ٧٣٣ يعني ٣٥ : ٣٨ سال دواي كردوه . ئه‌م اتابكه عربيكي زوري له‌سراي ايلخانيدا رابواردبو عادل وعاقل ورعيتپرور بو. له مدينه كي كدا خرابه‌ي دوري افراسيابي تعمير كرده‌وه ورفاه وراحت له لورستاندا جي كربو . دولت ومال زيادبو ملك قطب الدين كوري عماد الدين پهلواني كرديه وكيلي خوي بو لورستان . خسروشاي كوري ملك حسام الدين كرد به سر لشكر والحاصل اداره‌ي مملكته كه‌ي به نوعي‌دا مزراندكه خوشيو خه‌لكيشي به‌واي حه‌سانه‌وه .

اتابك نصرة الدين ، زور علم وعلماي خوش ئه‌ويست (ملا فضل الله) ي قزويني مشهور (تاريخ معجم في احوال ملوك العجم) ي به ناوي نصرة الدنيه وه نوسي وپيشه‌وه‌ي هدیه كرد (مجمع الانساب) عنوانی (پير) ي داوه‌تي . ابن بطوطه ئه‌لي ، ئه‌م اتابكه ١٦٠ مدرسه‌ي بنا كردوه وچل وچواري له (ابزاج) داوه وبه‌شيكش بو عشائر له ناوچه‌كانا درست

کردوه (١)

٨ - اتابك ركن الدين يوسف شاهى دوهم :

حکومتی ئهم ذاته له تاریخی ٧٣٣ هجریه وه تا ٧٤٠ دوامی کردوه حکداریکی عادلي وعاقل بو به کورهي مجمع الانساب ، ملکی ئهم اتابکه تا (بصره) و (خوزستان) ه وهتا (لاموستان ؟) و (فیروزان) بوه .

٩ - مظفر الدنیه افراسیابی دهوهم:

ناوي احمد و کوری (به کورهی ابن بطوطه ، برای) یوسف شاهی دوهم بو . ابن بطوطه لهدوری ئهم اتابکه دائه وولاته گه راوه . (به کورهی محمد الخضری) مدتی حکومتی ئهم اتابکه تا ٧٥٦ دوامي کردوه (١).

درحق به اخلاق ئهم خاندانه معلومات نیه وبازور که. میژوونوسه به گوێرهی روایتی میژوخینی ئه ودوره، ئه لی :

---

(١) تاتهایتی دوری حکومتي اتابك نصرة الدين ، تفصيلات له (تاريخ كرمان) دا هه یه . به لام له دواي ئهم تاریخه تهنیا استفاده له السیفلوبه دیاری اسلام وکتیبه کهی دوکتور (فریج) کرا .

(١) دوکتورفریج له اثره کهیدا (کوردلر ، لاپهره — ١٠٢) ، ئهم اتابکه به معاصري تیمورلنك دائهنی وئهی کاته سرادیکي تیمور ، والحال له یهکی زمانی ئهم اتابکه واستیلاي تیموردا جل سالیك فاصله هیه .

١٠ ــ نور الودود :

خلقي افراسيابي دوه مه زور مسرف وده‌س بلاوبوه خزينه ى اتابكى هه‌ل ته كاندوه ؛ وبه كورەى (جهان آرا) محمد مظفرى حاكمي فارس (٧١٣ ـ ٧٦٠ هـ) كورى كردوه .

١١ ــ شمس الدين بشنك

به كورى يوسف شاهي دوهم دانراوه [1] وخاني (نور الودود) بوه‌تا ٧٨٠ ى هجري حكومتى كردوه له زماني ئه‌م اتابكه دا لورستان له شر وده‌واى مظفرى زور ضررى ديوه شاه منصورى مظفرى(شستر) ى كردوه به مر كز وله‌وي‌وه چند سفربكى بوسر لورستان كردوه . برا ورفيبى شاه منصور ، شجاع بوه وبه امدادي (پشنك)ەوه هاتوه . واقعاله (ايزاج) بعضى سكه‌ى شاه شجاع دوزراوه‌تەوه كه‌عائد به‌سالانى ٧٦٢و٧٦٤ ى هجريه .

١٢ ــ ملك بيراحمد :

له‌دواى وفاتى پشنك بوه به حاكمى لورستان وله كه‌ل ملك هوشنك تاويك له اعضاي خاندانى خوي كونوته شره‌وه و كوشتوبانى به‌روايتي بعضيك احمد وهوشنك هر دوكيان براوكورى (نور الودود) بون .

---

(١) محمد الحمرى ، له محاضراته كه‌يدا شمس الدين هوشنك‌ەلى وبه كورى افراسيابي ناوي ى داوه ى .

له دوايدا ، شاه منصوری مظفری ئەم ملك پير احمدەی لەلورستان كردوتە دەرەوە ولە پياوماقولی لوريكيكی كردوە بە حاكم .

لە ٧٩٥ ی هجريدا . كە تيمور لنك بە لورستاندارا بورد پير احمد لە (رام هرمز) دا چوتە لای ولە پاشدا لە شيرازيشدا زيارتي كردوە وتيمور حرمتي گرتوە ، بە فرمانيـــكی مخصوص ملـكی ابا واجـــ دادی داوەتە وەرئە ودوهزار مال لورەی كە لە طرف شاه منصورە وە دەر كرابون دیسانەوە هيزاونەوە لورستان ، وافراسيابی براي پير احمدي لەگەل شاه منصور دابە يارمتە لەگەل خوي بردوتە (سمرقند) . پاش بە بنيك تيمور لنك لوری بزرگی لە ينی پير احمد وافراسيابدا تقسيم كردوە .

لە دواي وفاتي تيمور ، ميرزا پير محمد ، پير احمدی لە (كوهان دز) دا اسير كردوە ولە ٨١١ ی هجريدا ادارەي حكومتی لورستانی ريك خستوە بەلام لە عصيانيكی داخليدا لەناوجوە .

١٣ — ابو سعيد :

كوری پير احمدە دوسال بە يارمتە لە شيراز دانرايو لە دواى وفاتي باوكی بوبە حاكم ولە ٨٢٠ دا لە ناوجو .

١٤ — شاه مسين :

كوری ابو سعيد وخلق بو . لە دواى بونى بە حاكمي لورستان لە گەل غياث الدين كاوس اميريكی خزمی كە ونە شرەوە ولە ٨٢٧ دا كوژرا .

١٥ ـ غياث الدين كاوس :

كوری هوشنك بو وحكومتی له‌شاه حسين داگير كرد ، به‌لام زوری پی نه‌چو له احفادي تيمورسلطان ابراهيمی كوری شاه رخ لشكريكی ناردە سری وحكومتی فضلوی‌ی به‌ته واوێ له‌ناو برد وله دوای ئه‌مانه‌حكومت كه وته ده‌س رؤسای عشائری بختياری .

ملاحظه : ئره كه‌ی دوفتور فريج ، كه‌له‌طرف (تورکيامهاجرين عموميه مديريتی) يه‌وه ترجمه وطبع كراوه اگر عينی اصله كه‌ی بی‌به راستی مطالعات وافكاريكی زور دژمنانه‌ي بو كورد تيايه ، وله تاريخ ناچی چونكه تاريخ نه‌بی طرفانه بنوسری وحقيقتی حادثات نه‌گوری . مثلا له مشابهتيكی لفظی ی (فضلوی) ويستويه‌تی استفاده بكا وخلاف روايتی تاريخی گزيده وتواريخی معتبره‌ی ترخاندانی فضلوی به‌تورك دابنی . ظاهر وايه كه خوشی بهم نظريه غريبه قانع نه‌بوه وله پاشدا غلبه‌ی ابو طاهری كردوه به‌مال بوسر لشكری تورك ! له دواييدا زيانر بنفضی نواندوه‌وادعای نه بونی قومی كوردی كردوه !

له گه‌ل ئه‌مه شدا ، تاريخ ئه‌لی ئه‌م حكومته به‌قوته كورد بوه‌وله‌زمانی ابوطاهره ره تا استيلای موغول صد سال‌يك‌زيانر به‌ته واوی سر به‌خوبون وله پاشدا وه كو باقی حكومانی اسلام به مجبوری بونه حكومتيكی تابعه‌ی موغول وتيمور لك .

هکومتی لوری کوچك

ویا

خورشیدی

عشائری له‌ر وغیره‌ی شمال وغربی لورستان تا اواسطی قرنی شه‌شه‌می هجری له‌حالی عشائری دابون وهرعیل وخیلیك اداره به‌کی مخصوصی بوه به کوره‌ی تاریخی کزیده عشائری او وقته ئه‌مانه‌بون · داودی ، عباسی ، محمد کوماری ، کروهی وجنك‌روبی (اصلی لوری پچوکن وامرالهمانه‌بون وئه‌م‌عشائره له شعبه‌ی سلغوری ن) · عشائری تری: کارندی، جنکردی ، فضلی ، سنوندی ، الانی ، کاه کاهی ، ورجوارکی ، دری ، وپراوند ، وما یکی ، داری ، آبدکی ، ابو العباس ، علوم مائی ، کچابی ، سلـکی ، خودکی ، بندوئی ··· واغ ن · عشیرتی ساهی ، ارسان ، ارکی ، بیهی هر چنده به لوری قسه یان ئه کرد به لام لورنه بون · خه لـکی دیهاتیش لورنه بون ·

ئەم عشائرە تائیوەی قرنی شەشەمی هجری ادارەیەکی مخصوصەیان بو وتابعی خلافتی بغدابون لەم تاریخە دا (٥٥٠ هـ) حسام الدین سوهلی ناو تورکیکی هەوشاری (قشار) لەطرف سلجوقیە تانە وەحاکمی لوری بچوك وخوزستان بو . اجدادی اتا بکانی خورشیدی (١) لە معنی ئەم حاکمە دا ولە عشیرتی (جنگردی) لور بون . لە نەتەوەی خورشیدشجاع الدین خورشید کوری ابو بکر کوری محمد کوری خورشید لە گەل نورالدین محمدی برایا موقعیکی بلندیان بو . شجاع الدین خورشید ، بە ناوی (حسام الدین سوهلی) یەوە محافظی بەشیکی لوری بچوك بو .

١ — شجاع الدین خورشید :

لە دوای وفاتی حسام الدین (٥٧٠ هـ) بوبە حاکمی سربەخوی هەموری بچوك . عشیرتی (جنگردی) ، کە ابا واجدادی شجاع الدین منسوبی بون ، لەووقتەدا لە ادارەی (سرخاب عیار) دابو وئەم ذاتە رقیب وخصمی شجاع الدین بو . لە بەر ئەمە شجاع الدین لشکری لی کرد ولە قەلای (دزی سیاە) دا محاصری کرد اهالی هەمو (ماترود)یان بوبە جی هیشت . خلیفەی بغدا کە وتە بیرەوە وامری بەشجاع الدین کرد کەتە نیا

---

(١) انسیقلو پەدیا لغلی ، لەپیش تشکلی اتابکی لوری بزرك ، لەوولاتەدا حکمدار یك وەو « خورشید » ناو وزیریکی بوە . رەنگە ئەم خورشیدە لەگەل خاندانی خورشیدی ا منا سبتی بی .

بە قەلای (مانگـارا) وازیانـلی ینی و بو مکافاتی ئەم اطاعتەی لە ولاتی خوزستانـ نضای (نارزاك) پشی درایە [1] تاریخی کزیدە ، بو باقی دور شجاع الدین ئەلی :

ئەم امیرە زور پیربو ؛ بدری کوری وسیف الدین رستمی برازای دا ئەلە خدمتیدا بون لەوقتەدا عشیرتی (بیات) ، بەض اقسامی لورستانیان کرتوە دەس خویان: بدر وسیف الدین رستم لشکریان لی کردن وله دوای شریکی بە طول لە لورستان دەریان کردن شجاع الدین ، بدری کردبو بەولیعەدی خوی وسیف الدین رستمیشی کردبو بە ولیعەدی ئە و بە لام

---

(١) تاریخی کزیدە ئەم ماجرایە بە نوعیکی تر لە کورتیە وە وائلی : —

شجاع الدین خورشید « سرخاب » ی بە ی دەس کرد ونهایت محافظیتی «مانروده» ی بە ناوی شجاع الدنیە وە قبول کرد . لە باشدا شجاع الدین ، کورانی خوی « بدر » «وحیدر» ی بە لشکرەوە نارده سە رعیلی « جنکردی » وقەلای « دزسیاە » بان محاصرە کرد لە وشرەدا حیدر کوزرا. لە سرئە مە شجاع الدین لە وعیلەهرکسیکی دەس بسکە و تایە ئەی کوشت بە نتیجە هەمو « مانروده » یان بویەجی هیشت لە باش ینیك لەدار الخلافەوە شجاع الدین ونور الدین برای دا واکران وجون : لەوی داوای ئەلای «مانکارا» یان لی کردن ئە وانیش قبولیان نە کرد لەسر ئەوە هر دوکیان حبس کردن . نور الدین محمدلە حبسیدا مرد ووصیتی بو برائەی کرد کەفت ئە لاکە بە دستەوە نەدا . بەلام شجاع الدین کەزانی ی بە بی دانی قەلا کە نجاتی نایی لە یانی ئەو ئە لایە « طرازك » واطراف لە دار الخلافە طلب کرد وقبول کرا وکە رایە وە لورستان « ٩٠٠ دە » لە دوای ئەمەی سالیتر حکومتی کرد .

سیف الدین بوختانیکی بو هەل بست و (بدر) ی کوشت له پاش به بنیك شجاع الدین خبری ئەم جنایتەی زانی وزوری پی نه چوله سالی ٦٢١ ی هجریدا وله عمریکی زیاتر له صد سالیدا وفاتی کرد زور عادل وخوشه ویست بو وقبره کەی له طرف قومی لورەوه به مباركی شورتی هه یه وزیارت ئه کری . ئەم حکمدارەحیاتیکی گەرمی رابوارد هەونیان ئه چیزه (کیریت) وزستانان له دەلوران (دەلوران ی پشکوه) دادا ئه نیشت پایتخت (خرم آباد) بو .

٢ — اتابك سیف الدین محمد رستم :

کوری نورالدین محمده وعنوانی اتابکی دراوەتی زور عادل بوه درحق به رقاهی زمانی ئەم ذاته بعض حکایات هه یه . لەزمانی حکومتی دا منعی جاردەبی وخراپه کراوه . بەلام ئەم حاله ئەوه نده قومه کەی ممنون نه کردوه وئاممنونان لەدوری شرف الدین ابو بکری برای کوبونه وه وله وقتیکدا که حماما بو چونه سری هرچنده لەوی خوی نجات دا به لام شوبنی کەوتن ونهایت برا کەی له گەل امیر علی ی کوری (بدر) دا کوشتیان .

٣ — شرف الدین ابو بکر :

زمانی ئەم امیره بەشرو دعوای رقابیت ودشمایەتی وخیانتی اعضای

ئەم خانەیە ڕابوردوە .

٤ — عزالدینە گرشاسب :

برای شرف الدین ابو بکر بو ملکە خاتونی براژنی مارە کرد. ئەم ملکە خاتونە خوشکی سلیمانشاهی سەر لشکری خلیفە (مستعصم) بو (حسام الدین خلیل)ی کوری (بدر)، کەمدینك بوڵە بغداد انیشتبو کە یەستی عزالدین گرشاسب بوتە حاکمی لورستان ، لە بغدارە چوە خوزستان ولەوی لشکریکی پیکە وەنا وروی کردە لورستان . عزالدین گرشاسب نەی وانی بەرامبەری بڕیستی ، بەڵام بەنشوتی زنی خوشکی مقابلەی کرد لشکری لور طرفداری ی حسام الدینیان کرد وعز الدین گرشاسب شکیم بو وادارەی ملك کە وتە دەس حسام الدین .

٥ — حسام الدینە خلیل :

کوری بدری کوری شجاع الدین خسروە ولە دوای کوژرانی باوکی چوە بغدا ولەوی ساکن بو . لەدوای ئەمە کەامارتی لورستانی پێوکی دەس کەوت عزالدین گرشاسبی کرد بەولی عەهد بەڵام سالی دواپی بە بهانە یەك بانگی کردە لای خوی و کوشتی ملکە خاتونی ژنی کە خوشکی بیست سیە کوری عز الدینی کە هیشتا منداڵ بون ، بدز بەوە نارەدە لای

شهاب الدینی برای. ئەمبو بەسبی دژمنایەتی ی بینی حسام الدین وشهاب الدین سلیمانشاه ، وله ظرفی مانگیکا چندجار له گەل یکتریداشریان کرد ونهایت سلیمان شاه شکا ، قەلای (بهار) وبعضی ولاتی کوردستان که وتە دەس حسام الدین له پاش بە ینیك سلیمانشاه به یارمەیەتی خلافتەوه لشکریکی زوری هەل گرت وچوه سر حسام الدین ، له دشتی (شاپورخواست) دا دولشکر نیك آلا وله نتیجەدا سلیمانشاه غالب بو وحسام الدین خلیل کوژرا [٦٤٠ ه] .

٦ــ بدر الدین مسعود :

لەدوای له ناو چونی حسام الدین برای چوه لای (منکوخان) وشکایتی حالی کرد له دواییدا له گەل (هلاکو) هات بۆ ایران .لەوقتی زەوت گرانی بغدا ، سلیمانشاه کوژرا ، بدر الدین مسعود ، عائله وخزمانی سلیمانشاهی له گەل خوی هەلگرت وبردنی بولورستان وله:وای شانزەسال حکومت کردن وفاتی کرد [٦٥٨ ه] .

ئەم ذاته حاکمیکی عادل ، عاقل وعالم بو . له (فقه شافعی) دازور شارەزابو وزور دیندار وبه رحم بو .

له دوای وفاتی ، له‌بنی‌دو کوره که یو وتاج الدین شاهی کوری حسام الدین شر ودعوا ده‌سی پی کرد . له باشدا (ابقا خان) کورانی بدرالدینی کوشت وحکومتی دابه تاج الدین .

٧ ـــ تاج الدینه شاه :

ئه‌م ذانه ،هفده سالیك حکومتی کرد واداره که‌ی پاش بو صاحبی تاریخی عالم آرای عباسی، له‌جلدی دوه‌میدا ئه‌لی، ئه‌م خاندانی خورشیدی به عباسیشیان پی کوتون وئه‌م عنوانه‌ش ، به‌سبب ئه‌وه‌یه‌که ملکه که‌یان له‌خواص‌ملکی خلمای‌عباسی بو . به لام له‌دوا بیدا (ابقا خان)ئه‌ویشی کوشت (٦٧٧ هجری) .

٨ ـــ فلك الدین وعز الدینه :

له دوای کوژرانی تاج الدین شاه ، ابقا خان . ئه‌م دو کوره‌ی بدر الدین مسعودی کرده حاکم . به کوره‌ی اراده‌ی ایلخانی وظیفه‌ی (دلار) یانی ایشو کاری‌مالیه به ده‌س‌فلك الدینه‌وه بوو(عزالدین‌حسین) ی‌براشی ناظری املاك خصوصیه‌ی خان بو . ئه‌م دوبرایه پانزه سالیك زور پش لورستانیان اداره کرد وفوتیکی مناسبان په یا کرد لشکریکی ١٧٠٠٠ کسیان بو ، عشیرتی (بیات) یان به ته‌واوی له لورستان ده‌رکرد

وحدودي حكومتيان توسيع كرد وكه ياندياته (ششتر) و (همدان) وحدودى اصفهان وعراق عرب امير فلك الدين زور عاقل وعالم وله سر خوبو بەلام عز الدين جبار وقهار وبير حم بو وئەم خـلافى طبع وطبيعته تأثيري نه كرده ادارەيان، برايانەو بەعدالتيكى باش خەلك وەملكيتان حەساندەوە . امنيت لەھە مولايەكا زور باش بو لە گەل حـكمدارانى دراوسياندا مناسبت ودوستايەتيە كى چاكيان بو وله تصادفاتى غريبـه يە كەئەم دوبرايە لە يەك سالىشدا امرى خوايان بەجى هينا [٦٠٣هـ] .

٩ــ جمال الدينه ضفر

ئەم امير• كورى تاج الدين شاه بووبە فرمانى (كيخاتوخان) كرابە حـكمدارى لورى پچوك . بەلام دورقبى بو پەيابو نەيان هيشت ادارە ى حكومت بكا ئەم رقيبانەشى حسام الدين عمرى نەوەي بلرى كورى شجاع الدين خورشيد وشمس الدين الياس ـكى بو ئەم دور قيبه اطاعتيان نەئه كرد وحتى بەمماوتى لشكرى موغولى ئەوناوەوە لەوقتى راو وشكاردا جمال الدينيان لە گەل چەندخزميكيا كوشت ، وبەم تەرحه نەتەوەى حسام الدين خلل برايەوە [٦٩٣ هـ] .

١٠ــ حسام الدينه عمر

ئەم امـــــيرە بە زورى خوى حكومتى لورستانى گرتە دەس . بەلام صمصام الدين محمود ونورالدين محمدى كورانى عزالدين گرشاسب وباقى خزمانى

لەگەل لیاکەوتنە دژمنایەتی . حسام الدین بە معاونتی لشکری موغول پشت ئەستوربو بکزادە کان خورشیدی هە موطر فداري صمصام الدین محمود بون چونکە ئەم امیرەزور آزا ورشیدبو صمصام الدین لشکریکی زوری کو کردەوە ولە حدودی خرزستانە وەروي کردە (خرم آباد) لەدوایيدا حسام الدین عمر وازی لەحکداریەینا وبو صمصام الدینی بە جی هیشت.

١١ــ صمصام الدینە محمود

زمانی ئەم امیرە بەشرو دعوای بین خزمانی رابورد وئهایت بە أمری (غازان خان) کوژرا [٦٩٥ ھ].

١٢ ــ عزالدینە احمد

کوری امیر محمدي کوري عز الدین حسین کوری بدر الدین مسعودبو لەدوای صمصام الدین کرابە حاکمی لورستان ، هیشتا منداڵبو بدرالدین مسعودی کوری فلك الدین حسن کە آموزای عز الدین بو ولە وکە ورەتر بو اطاعتي نە کرد لە دواییدا (اولجایتو خان) کردی بە اتابك وحاکمی (دلار) ، بە شي (انجو) ش بە دەس عزالدینە وەمابەوەلەپاش بەبینکك بدرالدین وفاتی کردوهەمولوري چوكبو عزالدین میر احمد مایەوە .

١٣ــ دوات خاتونە

لەدوای وفاتی الدین میراحمد ، ئدارەي حکومت کەوتە دەس دوات

خاتونی ژنی . بەلام ئەم ملکەیە ادارەی پی نە کرا وئەوذ کەوتە دەس موغولە کان (١) بە کورەی روایت ، لە پاش بەینیک ئەم ملکەیە شوی کردوە بە اتابکی لوری بزرك کە یوسف شاە بو ، وتختی حکومتی بوعزالدین حسین بەجی هیشتوە .

١٤ـ عزالدین حسین

حکومتی ئەم اتابکە لەطرف سلطان ابو سعیدەوە تصدیق کراوە وچواردە سال حکومتی کردوە .

١٥ـ شجاع الدین محمود

بە کورەی دوقتور فریچ ، ئەم حکمدارە کەرتوتە هوای سربە خوبی وموغولی نەناسیوە خەلك بەمە راضی نەبون وله گەلیشیا کە وتونەتە وله ناویان بردوە شرفنامە ، لە ناوچونی ئەم حکمدارە جیاوازی هەیە لە اخلاویکی ترکە لەبنی خویو واهالیدا پەیدا بوە خلاصە هەر وچونی حکمدارە لە ٧٥٠ ی هجریدا لە ناوچوە .

١٦ — ملك عزالدین بەهە شجاع الدینەهە

لە وفاتی باوکیا هیشتا منداڵیکی دوازدە ساڵەبو . لە ٧٨٥ هجریدا ، مظفری شاە شجاع بەلشکریکەوە هاتونە (خرم آباد) وکچی ملك عزالدین

---

(١) تاریخی کزیدە ، تا زمانی ئەم (دولت خاتون) . باسی ئەکا . دوایی خبرات لە انسیقلوپیدیای اسلام واترەکەی دوقتور فریچ وەرگیراوە

ماره‌کرد . کچبکي تربشي‌دا به سلطان احمد جلايرى‌ى حکمدارى بغدا .
له ۷۸۸ دا که تیموری‌لنك که‌یشته‌ایران لورى کوچك له حالي‌اختلافدابو.
تیمورلنك له (فیروزکوه) ، وه‌به عجله که‌یشته لورستان (خرم آباد)
ى له دواى محاصره‌یه کى کورت زەوت وویران کرد ولاته‌کەى به‌تالان
وقتل عام ته‌واوکرد امرا یورژسای لورى هەمو کوشت به رواتینك ،
ملك عزالدين له قەلاي (رميان) «۱» دا له گەل سیداحمدى کوریدا
اسیربوه وخوى له (سمرقند) داوکوره‌کەش‌له قەلاى (اندکان) «۲»
دا حبس کراون . ودواي سیه سال له گەل کوره که‌یدا نیررا وه‌ته‌وه
لورستان وله زماني مظفري (زين العابدين) داگەلى غغاليتي نواند . له
۷۹۵ دا که تیمورلنك گەرایه‌وه ایران ملك عز الدين له (بروجورد)
، وه‌چوبو (شستر) ، وتیمور ئەم جاره به راستى خاکي لورستانى به
توره‌که بثیرا وکردى به ویرانه یه‌کى پرله خوین له گەل ئەمه شدا ملك
عز الدين به رده‌س نه‌که‌وت وکوره کەش راى کرد . حاکمى فارس
محمد سلطان لەم بیصاجیه‌ى ئەو ولاته‌استفاده‌ى کرد وله ۷۹۸ دا لورستان
وخوزستانى هینایه ژیره حکمى خویه‌وه . به‌روایتیك ، ملك عزالدين
له پاشدا گیراوه وله طرف تیمورلنکه‌وه کوژراوه .

«۱» نه‌لایکى نزیك (بروجورد) بو .
«۲» نصه‌یکي نزیك همدان‌بو .

١٧ـ ملك سيد احمد

له خاڵەی كۆڕانی باو كیا خوی شاردبوەوە وله درای‌له ناوچونی تیمورلنك(٨٩٧ ﻫ) خوی ده رخست (٨١٠ ﻫ) وله لورستاندا حكومتی خوی سرله نوی دامزراند وبه استقلال تا ٨١٥ اداره ملكی كرد .

١٨ ـ شاه حسین

له‌دوای وفاتی ملك سید احمدی برای بوبه‌حكمدار وله‌اختلافاتی داخلی احفادی تیمور استفاده ی كرد وده‌سی‌كرد بەتوسیعی ملك وحدودی خوی تانزیك همدان وجرباد كان واصفهانی‌برد . وحتی سفریكی بوسر شاره‌زورگرد بەلام لەم سفره‌یدا له طرف عشایرتی (بهارلو) هوه به‌دیل گیرا وله ارجو (٨٧١ ﻫ) .

١٩ — شاه رستم :

كوری (شاه حسین) ﻫ وله دوای باوكی بوه حكمدار. شاه اسماعیل صفوی له دوای فتحی بغدا روی كردبوه (خوزه) وله‌وی‌وه لشكریكی ده هزار كەسی له فومندای حسن بك قه وبیرام بكی قره مانلودا ناردە سرشاه رستم ئەم امیره خوی كیشا به‌چیاوه بەلام له دواییدا تنگیان پی هەڵچن وتسلیم بو وهاتەلای شاه اسماعیل وحضوكرا [1] وبه امیری

«١» صاحبی تاریخ عالم‌ارای عباسی ئەلی شاه رستم ریشیكی دریژی‌بو وشاه اسماعیل امری كرد بەدر وجواهر ریشیان‌ژیین كرد وبه وهیئته‌وه ئه هاتەلای شاه اسماعیل وشاه خوشی پی ریست « جلد ـ ١ »

لورستان دیسانەوە نیرایەوە .

٢٠— اوغوز

کوری شاە رستمە ،لە طرف شاە طهماسبەوە کرابە سرداری اردوی ایران،بە راستی سر لشکریکی ممتازبو ، اوغوز خان ،لە ٩٤٠ دا بەلشکریکی قورسەوە چوە سر حکداری ما وراء النهر کە اوز بك (عبدالله خان) بو ولە ووقتەدا کە پشتبوە خوراسان وایرانی خستبوە تهلکەوە .

اوغوز خان ، کەچو بوئەم سفرە جهانگیری برای کردبو بەنائب ملکی لورستان . بەلام لەدوای بینینك جهانگیر استقلالی خوی اعلان کرد اهالیش طرفداری بو . اوغوز خان کەلە سفرگە رایەوە لە گەل جهانگیرا کەوتە شرەوە ولە شریکدا کوژرا .

٢١— جهانگیر

لە دوای کوژرانی اوغوز خان بی رقیبو بە سر بە خوبی چند سالیك ادارەی حکومتی کرد لە گەل تەمەشدا بەتەواوی لە گەل حکداری صفویدا نیك نەچو لەسالی ٩٤٨ دا کە شاە طهماسب بو تادبی (علاء الدولة رعنش)ی والی دیزفول چوبوئە وناوە جهانگیر هاتە لای وعرض تعظیمی کرد .

اسکندر منشی لە جلدی دوە میدا ئەلی، جهانگیر لەدواییداروی لەایران وەرگیرا وشاە طهماسب اول ، لە ادارەی عبدالله خانی اوستا جلودا لشکریکی کردەسری ولە شردا جهانگیر کوژرا ولشکری ایران

گوشتاریکی زوریان کرد کورانی جهانگیر شاه رسم ومحمدی رایان کرده بغدا وله دوایدا به تکای سید امیر ، شاه قاسم عفوی کردن [1] بهلام به سبب حرکاتی سر بهخوی له ۹٤۹ داگیرا و کوژرا .

۲۲ — شاه رستمی دوهم

کوری جهانگیره . شاه طهماسب بهنهبه دلی حکومهته کهی تصدیق کرد . چونکه ئهم حاکمانی لورستانه راحت دانه ئه نیشتن ودائما دور وپشتی خویان بیزار ئه کرد سبب بهمه شاه طهماسب ویستی ئهم خاندانه بکوژیتهوه . ذانا شاه رستم ، تهنیا برایه کی بهکوله ی بو خلاصه شاه طهماسب ، یه کی له امرای شاه رستمی ، که (امیر مسلم کودرزي)یان پی ئه کوت ، ته فرداو به واسطهی ئه وهوه شاه رستمي هینایه طهرازوده س به جی حپسی کرد .

عشائری لور کهله فکری شاه طهماسب نی گه یشتن ، (محمدي) ی برای شاه رستمیان له قه لای (چنگوله = شنگوله) دا شار دهوه ومحافظیکی به قوتیان بودانا . بهم تهرحه لورستانی حکمدار مایهوه وچند سالیك بهم نوعهرابورد . له پریکا کابرایهك پهیا بوو گوتی شاه رستم منم وله حپسخانه رام کردوه ، ئهم کابرایه زور شاره زای لورستان بو وزور ئه شبهایه شاه

---

(۱) عین مؤرخ ئهلی ، له دوای ئهم عفوه شاه طهماسب ملکی لوری بجوکی له ینی رستم ومحمدی دابهش کرد . والحال انسیقلوپه دیایه نوعیکیتر باسی ئهکا .

رستم ، به درجه یه کي وا که حتي ژنه کاني شاه رستم فرقیان پی نه کرد وبه‌م نوعه امارتی لورستانی دامزراندەوه شاه عباس ، که ئه‌مەی بیست رقی هه لساو شاه رستمی راسته قینه‌ی بره للا کرد وفرمانی امارتی دایه دستي وناردیوه لورستان ، ودروزنی‌ی شاه رستمی پیشو اشکرابو گیررا وکوژرا ، وشاه رستمي حقیقی حکومتی خوی دامر زانده وه .

له‌م دوره‌دا (محمدی) ي براي شاه رستمیش گه‌وره‌بوبو وطرفدایکی زوری په یا کرد بو وادعای حکومتي نه کردله وه‌دابو شربکه‌ن بغض امرا که‌وتنه بنیه‌وه وصلحیان له‌یینا کردن جوار به‌شي ملکه که بوشاه رستم تخصیص کرا ودوبه شیس درابه محمدی ، به‌م نوعه مدتیك رایان بوارد به لام میر محمدی راحت دانه نیشت وگه‌لی شری به شاه رستم فروشت نهایت به بهانه‌ی ضیافته وه دعوت کرا وله طرف شاه رستمه‌وه خویو امرای گیران وحبس کران . (١)

به‌م (محمدی) یه سیه کوری بو له سر ئه‌م معامله یه که درحق‌باو کیان کراعصیانیان کرد وشاه رستم وشاه‌طاهماسبیشیان زور خه‌ریك وبیزار کرد اهالی‌ی لورستانیش توشی ضرر بون ونهایت رؤسای لور کوبونه‌وه‌و بومنعی عصیان پی ویست بوکه (محمدي) بیته وه سر اداره چونکه بو لاچونی

---

(١) عین اثر ئه‌لی ، محمدي له طرف امیر خانی موصاوه‌وه کیرراوله قلعه‌ي(اغوت)د حبس کرا .

خرابه به غیری به ردانی باوکیان چاره‌یکیان نه‌دی وه‌ضبطه یکیان
بو شاه نارد وشاه به شرملی ئه‌وه که کورانی (محمدی) به بارمته لالای
دابنری راضی بو . بهم نوعه محمدی باره للاکرا وزوری پێنه‌جو کوره
کانیشی فرمتیان‌دی ورایان کرد و(محمدی) سر له‌نوی ته‌نگی به شاه رستم
هه‌ل چنی ولورستانی هینا به ژیرده‌ستی خوی .

محمدی ، له باشداله گه‌ل شاهی ایرانیشداریك که‌وت وله دوای
ئه‌و له‌گه‌ل شاهی ایراندا مناسبتیکی باشی پەیدا کرد وله گه‌ل سلطان‌مرادی
سیه میشدا بنی زور چاك بو ولورستانی بچوکی خسته ژیر حمایه‌ی عثمانی‌یه‌وه
(۹۲۲ ه) وبهم ته‌رحه توانی (مندلی ، بدره ، جسان وتورساق)
یش بخانه سر لورستانی بچوك . بەلام زوری پی نه‌چو له‌گه‌ل حکومتی عثمانی
تیك‌چوو سەلاله‌ئوڵه له‌گه‌ل شاهی صفوی ریك که‌وت حکومتی عثمانی بکلی بکه‌ی
بەدای ناردە سر بەلام هیچی پی نه کرا .

۲٤ ــ شاه وبردی :

له وقتی وفاتی (محمدی) دا شاه وبردی ی کوری له بغدا بارمته بو
هر چونی بوخوی نجات‌دا وگه‌رایه‌وه لورستان وله جی‌ی باوکی دانیشت
وشاهی صفوی (محمدخدابنده) ش حکومتی‌که‌ی تصدیق کرد وله‌و قیکدا
که لشکری عثمانی (نهاوند) ی گرت شاه وردی‌خان جوبره لای
(قورقزخان) ی حاکمی همدان . که سنان پاشا روی کرده همدان ،

شاەوردی نصیحتی حاکمی همدانی کرد کەبە لشکریکی کەوە راوە ستان باش نیە . ئەو حاکەگوی نەدایە ولە نتیجۀ شردا اسیربو . وشاە دردی گەرایەوۀ لورستان (تاریخی عالم آرای عباسی . جلد — ٢) . لەم بینەدایە کە عشیرتی (قرەالوسی) کە لە طرفی (نهاوند) بوهجرتی کردە لورستان . شاەوردی قبولی کردن وبو محافظەی موقعی خوی لە گەل حکومتی عثمانی مدارای کردوبە سربە خوبی لە مملکتی خویدا ژیا . لە سالی ١٠٠٠ ی هجریدا . چونکە لە حکومتی تورك معاوتی نەدی دیسانەوە لەگەل ایران ریك کەوتەوە وحتی خوشکی خوی دا بە شـــاە وخوشی ملـکە بەکی صفوی ماره کـرد . ئەم ئیکەلی بە زوری دوام نەکرد ، لە وقتیکدا کە (اوغورلی سلطان) ی بیاتی کە حاکمی اصفهان بو بو کوکردنەوەی رسمی حکومت هاتە (بروجورد) ، لەگەل شـاەوردی کەوتە منـازعەوە وئە دوای شرکی کورت شاە وردی کوشتی لە ووقتەدا شاە عباس چوبوبو خراسان کە ئەمەی بیست روی کردە لورستان وشاەوردی خوی رانەگرت خوی فریدایە خاکی عثمانی . شاە عباس بە شیکی لورستانی (منطقەی خرم آباد) دایە (مهدی قلیخان) ی شاملو وحاکمینی باقی لوری بچوکی دایە سلطان حسین کوری شاە رستم وعشیرتی (قرەالوس) بش نقل کردەوە منطقەی (علیشکر) (١٠٠٢ هجری)

شاە عباس لە دوای ئەمە روی کردە عشیرتی بیات وتادیبی کردن

سالی دوایی (شاه وردی) به‌توسه‌لی اعتماد‌الدوله وفره‌ادخان ، له‌طرف حکومت ایرانه‌وه عضو کراوهاته‌وه لورستان شاه خه‌لاتی کرد و(خرم‌آباد) پشی دایه‌وه. له سالی ۱۰۰۶ داشاه عباس لشکری کرده سری بوخرم‌آباد، به‌لام شاه وردی له به‌ری رای کرد وخوی هاویشته قه‌لای جینکو له پشتی له‌لشکری شاه عباس که له‌قوماندای (الله وردی) خاندا بو که‌پشتنه چنکوله وله دوای شریکی کورت شاه وردی گیررا وبردیانه (صدمره) لای شاه عباس ولاوی کوشتیان .

وهرچند له دوای شاه وردی (حسین خانی) ی کوری منصور بك به سربه شیکی لورستاندا کرا به حاکم به‌لام ، طهماسب قولی (نادرشاه) ، سایماراً ، هیزه‌اس وپشتکوهی دا به‌عشیرتی (ایناللو) وبه‌م ته‌رحه حکومتی لوری بچوك دوایی پی‌هات (۱۵۸۵ م) . به‌لام نه‌وه ی شاه وردی له (پشتکوه) دا حکومتیکی بچوکتریان بدهس خویانه‌وه هیشته‌وه وله‌اعتباری (حسین خان) ه وه‌ئه‌م امارته بچوکه دوامی کرد .

وبه ئاوی والیه‌تیوه اداره یان کرد به‌وته‌حره له اعتباری ئه‌م دوره‌وه حسین خان ، اسماعیل خان ، اسد خان ، حسن خان ، کاب علي خان ، علي خان ، حیدر علي خان (ئه‌م دو والیه کوری حسن‌خانن که‌له ۱۸٤۰ دا مردوه) ، حسین قلي‌خان ، غلام رضاخان والیتیان کرد له دوری

آخروالي رضاخاندا ، رضاشاهي پهلوی لورستانی وه‌کو ولاته کانیتر ربطی مرکزکرد وحکومتی ارثیه‌ی ئه‌م خاندانه‌ی لغوکرده‌وه .

سه‌رنجه :

له حادثاتی تاریخیه‌ی ئه‌م حکومته وا حالي ئه‌بین ، که‌دوری سر به خوی‌ی ئه‌وه‌نده دوامی نه‌کردوه وته‌نیا له دوری دوه‌می (شجاع الدین خورشید) داس‌سالیك به ته‌واوی‌مستقل‌بوه . به‌لام شرودعوای اعضای ئه‌م خاندانه بو ته سه‌بی بی هیزی وئه‌م حاله‌ش له اغابی‌حکوماندا به‌وره ئه‌و زمانه بوه . له پاشدا مصیبتی موغول وتیمور وه‌کو قي حکومته کانیتر ئه‌م حکومتی‌لوره‌شی داگیرکرده و کردویه به تابع. له‌گه‌ل ئه‌مه شدا چه‌له داخلداو چه له‌حدوداً زورباش‌اداره وتوسعی کرده وحکومتیکی وه‌کو (مظفره) ، (غـاسنه) ، و (همداني) و (اتابکی دیار بکر) بوه ، حدودی ملـکي له (قارون) ه وه تا شاره‌زور وله حدودي عراقه‌وه تا همدان واصفهان چوه ، وبه نظر زماني وامثالیه‌وه وحده یه‌کی مهمي سیاسی بوه .

حکومتی بنی ارده‌لان

به‌کوره‌ی شرفنامه و (چوار عصری دوایی‌ی عراق)، ئه‌م حکومته زورگه‌ ورده‌ وبه‌فوت‌بوه‌، به‌روانی خه‌لکی ارده‌لان، ئه‌م حکومته زور قدیمه‌ وتادوری عباسی وحتی ساسانیش ئه‌چی واقعا بو ادعای دره‌م اثبات وژئنه‌یه‌کی معقول به‌ده‌سه‌وه‌ نیه‌. به‌لام به‌کوره‌ی ئه‌وه‌که‌ (میجر لونگریك) ئه‌لی له‌طرف جنگیز خانه‌وه‌ حکومته‌که‌ی تصدیق کرا[1]، ویا به‌نظر قسه‌ی (دوقتور فریج) که‌ئه‌لی له‌طرف جنگیزخانه‌وه‌ کرا به‌حاکمی ئه‌وناوه‌[2] ئه‌بی له‌اوخری خلافتی عباسیدا دامزرابی. چونکه استیلای ایران له‌طرف جنگیز خانه‌وه‌ له‌سالی ٦١٧ ی‌هجریدا وله‌دوری خلافتی (ناصر الدین الله) دا واقع‌بوه‌.

جابه‌کوزه‌ی ئه‌م تاریخه‌ ئه‌بی حکومتی بني ارده‌لان، گاه‌ به‌سر به‌خوبی وزور جارله‌شکلی تابعیدا له‌شش عصر ونیوزیاتر دوامی کردبی

«1» چوار عصری دوایی‌ی عراق · لابه‌وه‌ ـ ٦

«2» کوردلر ۰ ـ ١١٩

چونکه تاریخی لەناوچونی ١٢٨٤ ی هجریيە .

بیینەوە سەرسەتای دامزرانی ، لەم خصوصەوە تاریخ شتیکی قطعی نازانی ، شرفنامە ئەلی (بابا ارەلان) ، لەخاندانی (احمد سروان) ەکە حکومتی مرواینەی کوردی لەکوردستانی مرکزیدا دامزراندوە ، لەدیاربکرە وەهاتوتە ناوعشائری گوران[1] ، ولەدوای ئەمەکە جنگیزخان ایرانی زەوت کرد داخلی خدمتی موغول بو وکرا بەحاکمی شارەزور .

روایتی (چوار عصری دوایی عراق) یش ،لەاساسدا وەکو روایتی شرفنامە وایە . بەلام ئەلی (بابا ارەلان) لەخاندانیکی قدیم وعجمی دیاربکربو وعجمی کردبوە ناوعشیرتی گوران ، وئەوە ندەی پی نەچو نفوذی پەیا کرد وعشائری شارەزور وخیلانی دولانی شرقی مەورامانی کرد بەتابعی خوی،وکەجنگیزخان هاتە ئەوناوە،حکومتی(بابا آرەلان)ی تصدیق کردوە .

سیاح ومستشرق مشهوری، انگلیز (ریچ) ئەلی ، خاندانی (بنی ارەلان) ، اصلاً گورانن ولە فرقەی (ماموپی) ن . تدقیقاتی ئەم موزخە ، لەعقل زور نزیکە وئەبی بە قوتی عشیرتە کەیەوە بەسر عشائری ئەوناوەدا زال بوبی وحکومتی دامزراندبی[2]

«١» حکومتی مروانی ، لە اواخری عصری پنجەمینی هجریدا لەناوچو ، وزور محتملە کە « بابا ارەلان » هرلەو وقتەدا ولەبەر ظلم وناحەزیی (ابن جهد) هجرتی کرد بینەناوکوران

«٢» دوکتور « ریچ » ، لە اثری « کوردار » یدا ، کەزور رعایتی نصبی تورکی

شرفنامه ، درحق به حکومتی (بابا اردەلان) وچند نەوەیەک معلوماتیک نادا . بەلام (میجرلونگریک) ئەلی (کەلوئ بک) ی کوری بابا اردەلان ، بالات (هەولیر) بش هینایە ژیر حکمی خویەوە ، وەدوای حکومتی بەدو امیدنیک ئەبی دوری خضربکی کوری والیاس بکی کوری خضربک بی] بەبی شر وهەرا رابورد وریاتر شوکتی پەیا کرد .

ظهوری حکومتی جلایری لە عراقدا [هەشتەمین قرنی هجری] ، تصادفی زمانی امیربکی ست وبی ارادەی [ئەبی خضربکی کوری الیاس بک بی] اردەلانی کرد وبەشی شمال وغربی اردەلانی لەدەس جو . حکومتی جلایری بودا گیر کردنی باقی ملکی اردەلان زور هەولیدا ، بەلام بەرامبەرآزایی وتدبیری امیری تازەی اردەلان حسن بک [کوری خضر بکە] هیچ نەکرا ، لەدوایندا ولە عصری پانزە مین میلادی [قرنی نویەمی هجری] دا ولە دوری حکومتی بەقوتی مأمون بک[1] دا ، ئەو بەشی لای ژیری اردەلان کەکەوتوە دەس جلایری ، سیزایەوە ، ودیسانەوە زیدی بادینان [زابی گیر] و بەحدودی شمالی اردەلان ، وقوتبکی اردەلان لە (رواندز) دا ترا .

کردوە ، اصلی « با . اردەلان »ی بە نوعیکیتر دارەتەلم .

« ۱ » ئەم مأمون یکە کوری منذر بکی کوری حسن بکەکە بەرامبەر بە حکومتی جلایری مردانەویستا ، بەکورەی «تۆرخ « علی اکبر » دوری حکومتی ئەم مأمون بکە لە ۸٦۲ ی هجریەوە تا ۹۰۰ یعنی ۳۸ سالیك دوای کردوە « آسیة‌وبیدیای أسلام » .

له حکومتانی دراوسیه‌ی عراقداله ودوره‌وه‌تا ئیروهیچ حکومتیکیوا
پەیانەبوه که بەقەد حکومتی اردەلان بە شوکت وپایدار بوبی .
لەو دورەدا ، خەلکی ولاتی شارەزور ، هرعینی عیلات وديهاتی
ایرەبون زنکنه ، همەوەند وجاف هیشتا له ایرانەوه نەهاتبون . خانداني
دینی وه کو شیخان وطالبانی وجباری هیشتا زور نەبوبون وشکلیکی
عەشایرین پەیانه کردبو . دولاتی شرقي کرکوك بەدەس لادیی تیکەلی
کورده وەبو . حیاتی مدنیه ، بەنظر ایرووه ، زور دربو (درنه) و
(پنجوین) ی سر حدودي ایرو ، کوی وحریر و رانیز وعقره هریکه
حکومتیکی بچوکی فەلایی بون .
لەلای زوروی زیي بادینان ، امارتی عمادیه‌بو ، عقره ، دیر ، دهوك
وبعض جاریش زاخو لەتابعانی بون . ئەم امارته له قرنی دوانزەمین
میلادەوه تاچواردە مین یعنی دوصد سالیك لەژیر حکمی اردەلانەدابو .
له دوای ئەم تاریخه کەوته ژیر حکمی جلایري یەوه . لیرەدا له اعتباری
عصری چواردە مینی میلادی یەوه خاندانیکی بادینانی حاکم بو وخەلکی
ولاتەکەش له عشائری حکاری بون .
ولاتي مکریش له ژیر نفوذی اردەلاندابو .
مأمون بك ، سیه کوری بو : یەکه بك ، سرخاب بك ومحمود بك .
له دوای وفاتی ، یەکەبکی کورەی هاتە جیگەی ، بەلام زی

لام‌وایه‌نه‌ی توانی هه‌مو مملکتی اردەلان‌بینیته ژیرحکمی خوی وبراکانی هریکه له ولا تیکدا اداره یکی سر به خویان دامز راند . ئه و به شه‌ی که‌بو یکه بك مابوه وه :

قه‌لای زه‌لم ، تقه‌سو ، شمیران ، هاوار ، سیمان ، داودان(راودان) وکلعبزبو .

ظاهروایه که لەزمانی یەکه بکدا حادثاتی گەورە روی نه داوه واکر روشی دابی بومان مجهوله . به لام به کوره ی ئەوه ، کەلەاعتباری سالی ۹۰۰ هجریه وه بوته حکداری اردەلان ، ره نکه تصادفی دوری (یاوز سلطان سلیم) ی کردبی (میجر لونگریك) ئەلی . لەدوای ظفری چالدیران اردەلانیش ، لەگەل باقی امارته کانی کوردا بو به تابعی‌عثمانی بەلام لام وایه ئەمه مشکوکه .چونکه مولانا ادریس لەسفری کوردستاندا هیچ باسیکی وای نه کردوه .

له دوای یکه بك ، مأمون بکی کوری هاته جیگه ی ؛ وئەم حکداره تصادفی دوری سلطنتی‌سلطان سلیمانی قانونی‌ی [٩٢٦-٩٧٤هـ] کردبو وتابعیکی سیاسی‌ی صفوی بو بەرد بەرە توسیعی ملك ونفوذی کرد . حدودی خوی گەیانده (زی‌ی کویه) ، هەورامان ، شارەزور ، قەرداخ ودشتی کرمیانیشی[بنی چیای قەرداخ و ریکەی کفری ـ ر کوك] لەژیر حکدابو . توسعی نفوذی حکومتی اردەلان بەم نوعه .

بوحكومتى عثمانى دەسى نەدا ، اولا بو بە ربستى ، فونيكى يكيچرى‌ى لەگرگوكدا دانا ولە پاشدا بە بهانەى تامينى‌ى ريگەى بغـدا وتعرض عشائرى شارەزور بودورى ئەوريگەيە ، لەقوماندای حسين پاشادا ولە سالى ٩٤٥ ى هجريدا لشكرى نارده سر مأمون بك . بەشى زورى ئەم لشكرەامرای كورد بو ولەناوئەمانە دا (سلطان‌حسين) ى اميرى عماديه شى حاضر بو . هدفى ئەم لشكرە ، زەوت كردنى (مريوان) و (سنـه) بو واگر نەى توانى هيچ نەبى كرتنى شارەزور بو . مـأمورن بك ، بەرامبەر ريەم لشكرە زور مدافعەيەكى مردانەى كرد ولەدوايدا خوى كيشايەوە قەلای (زەلم) . لشكرى عثمانى هاتە سر قەلا كە ومحاصرەى كرد مأمون بك ، كەلە عاقبتى ناميد بو ، خوى گەياندە استامول [1] . بەلام لەوى حبسيان كرد . لشكرى حسين پاشاش ، لەدوای تالان وويران كردنى ولاتەكەگەرايەوە

لەدوای مأمون بك ، سرخاب بكى مامى لەگەل شاهى ايران طهماسبدا مناسبتى خوى تازە كردەوە ، ملكى بزازاكەبشى داگير كرد . سلطان سليمان كەئەم خبرەى زانى ، مامون بـكى لەحبسخانە هينايە دەرەوە و سنجاغى (حلە) ى‌دايە اسماعيـل بكى برائى كرد بەحاكى

« ١ » بەروايتيكى تر مامون بـك اسير كراوە وبراوتە استامول .
(كوردلر . لاپەرە — ١٢٢)

سنجاغی(سروچك) . بەلام سرخاب بك ، زور باش خوی جبي گير كردبو ، ئەم دوبرايە بە رامبە ـ بەمامیان هیچیان پي نە كرا . لەسالی ٩٤٨ ی هجریدا ، القاس میرزای برای شاه طهماسب ، كەلەدەس لشكري كورد هەلات ، چوەلای سرخاب بك ، بەلام زوری پي نەچو اسماعیل میرزا بە لشكری قزلباشە وە هاتە سری و سرخاب بك والقاس میرزا ی لە (قەلای مریوان) دا محاصرە كرد و امیر سرخاب مجبور ربو القاس میرزای تسلیم كرد ، ومملكتە كەی خوی لە شری قزلباش یاراست [تاریخي عالم ارای عباس] .

علی پاشای والی بغداد ، ئەم وضیعتەی عرض استامول كردوظاهروایە كە باب عالی ئەمەی بەاثری سستی ی علي پاشا زاني وعزلی كرد . لە جیگەی ئەو مشهور بالطه جی محمد پاشا بە والیەتي نیررا بو بغدا . [١٥٤٩ م ، ٩٥٦ هـ] . عثمان پاشا بو شار هزور مأمور كرا ، بالطه جی محمد پاشا لشكر یكی باشی لە گەل طوچیە كی یە قوتی دایە و ناردی وقوتیكی كوردی زوریشی لەگە لیا نارد . ئەم لشكرە ، سرخاب بكی لە (زەلم) دا محاصرە كرد و ئەم محاصرە یە زور طولی كیشا نهایت بالطەجی پاشا خوی بالذات قو ماندای گرتە دەس خوي و بۆ سیاستیكی عافلانە ویە پي شر لە گەل سرخاب بكدا ریك كەوت سرخاب بك ، قەلا كەی بەجی هیشت ورو یشت وبەم تەرحە قەلاي (زەلم) كەوتە

دەس بالطەجی ، ولی بك ، لە كەل قونیكی منا سبەدا لە قە لاكە دانرا ولە سالی ٩٦١ دا ادارەی نەم ولا تەریك خرا وبوە ولایەكی عثمانی .

روایتی سنە ، هیچ ئەم باسەی نیانیە سرخاب بك ، لە دوای ئەمە كە لەقەلای (زەلم) دەرچو ، بە معاونتی حكومتی ایران ، دیسا نە وە جی گیربو بە سر اردلان وشارەزور دا مدتیكی زور حكمی كرد لە سرای شاهی صفو یدا قدر وحرمتیكی بە زری بو . بارام بكی كوری كرد بەحاكمی رواندوز ومدتیكی زور لە وی مایە و ە .

دوقتور فریج [1] ئەلی ، سرخاب بك لە پاش یەنیك حابە ی ایرانی لە سر خوی فری دا وذەسی كرد بە ادارەی سر بە خو . مدتیكی زور بێشر وشور و یەكینی خوی ادارەی حكومتی كرد ئەم ذاتە لە هەرەگە وڕەی حكدارانی ئەم خاندانەیە . شرفنامە زور مدحی عقل وكمال و ادارەیباش ئەكا ، وئەلی یانزە كوری لە پاش بەجی ماوە .

لەم یینە دا كە سرخاب بك متفقی ایران بو ، محمد بكی كوری مأمون

---

(١) كوردلر . لابرە — ١٢٣

بك پەیا بو . بەسبب وفاتی یاوکو مای سنجاقی حلە[1] وسروچکی درایە ، وبە زە یرە حدودی ملکی توسیع کرد ، قرەداخ ، شاربازیر ، دمهران (دلجوران)ی هینایە ژیر حکمی خوی ، وطلبی توجیە ئەم ولا تانە ی لە سلطان سلیمان کرد .

رە نکە بمکس تاثیری طالبی محمد بك بی کە زوری پی نەچو ، رستم پاشا ی صدر اعظم لەکەل عثمان پاشای میر میرانی بغدا وامرای کردستان بو زەوت کردنی اردەلان مأمور بو . لشکر یکی قورس قەلای (زەلم) ی محاصرە کرد ، وئەم محاصرەیە دوسالیك طولی کیشا . محمد بکیش ئەم بینە دا وفاتی کرد . لەلا یکیتریشەوە شاە طهماسب یارمە یەتی قەلاکەی ئەدا . لەبەر ئەمەرستم پاشا ناعلاج وازی لە محاصرە ی قەلاکە هینا ور وی کردە ولاتی شارەزور وله و ویندە دا وفاتی کرد .

لە جیگەی رستم پاشا ، دیسانەوە بالطەجی محمد پاشا ایرزرا ، وبە لشکر یکی زورەوە شارەزوری داگیر کرد . سرخاب بك لەم یانە دا حاکمی اردەلان ومتفق ایران بو .

لە دوای وفاتی سرخاب بك ، سلطان علی ی کوری عمانە جیگەی بە لام لە دوای سالیك وفاتی کرد ولە بینی (بساط)ی برای و (تیمور

---

(۲) مناسبتی (حلەپچك) و (سروجك) مشکوکە ، وزەنگە ئەم ناوی (خلیجان) بە لە شوفنا مە دایە غلط نو سرا

خان)ی کوریدا شر و شوری حکمداری دەسی پێ کرد . بساطجیگەی براکەی گرت . بەلام (تیمور خان) ی برازای وازی لێنە هێناو تنکی پێ هەڵچنی بە معاونتی حکومتی عثمانی ، مای شکاند و حکومتی اردە لانی هێنایە ژێر حکمی خوی . سلطان مرادی سیەم ولاتی شارە زوریشی ، لە گەڵ رتبەی میرمیران وعنوانی پاشایی دایە . وچوار کورە کەشی کرد بە میر سنجاق [٩٨٨ هـ ، ١٥٨٠ م]

شرفنامە ، در حق یە کوڕانی تیمور پاشا وسنجاغەکانیان ئەڵی :

١ — سلطان علی ، میر سنجاغی سنە ، حسن آباد و قەلای قزلجە بو ،

٢ — بوداق بك ، « قرە داخ بو ،

٣ — مراد بك ، « مەروان بو ،

٤ — بدر خان ، « شارباژیر بو .

دوکتور فریچ ئەڵی ، دوری حکومتی تیمور خان پاشا بو کردستان مصیبت بو ، چونکە ئەم امیرە زور حەزی لە تالان ئەکرد . حتی عمر بك و امیری لوڕستان (شاە ویردی) ، بو خاطری ئەمە لە بلای نجاتیان بێ داویکیان بونایە وە وگرتیان بە لام دیسانە وە بخانی یو و دەس کرد بە ناراحت کردنی درا وسیە کانی و لە یەکی لەم سفرانە یدا کوژرا

[۹۹۸ ه] .

له دوای تیمور خان پاشا ، (هەلو خان) ی برای بو به امیری اردەلان ، ئەم ذاته وەکو تیمور خان حەزی له خرابه نه ئه کرد بەلام به اصولی ئەو وقته ممکنیش نه بو که عشائر به تەواوی له خرابه کردن منع بکا . درحق به سلطان مراد اطاعتیکی باش بو .

شرفنامه تا ئەم تاریخه [۱۰۰۵ هجری] ایضاحات ئه دا . انسیقلو په دیای اسلام و(چوارعصری دوالی عراق) درحق به زمانی دوایی ئەم حکومته زور کەم باس ئه کا . وظاهروایه که له دوای (هەلوخان) ؛ حاکمیتی اردلان که وتوته دەس خان احمدخان [۱۰۱٤ ه ۱٦۰۵ م] . ئەم حکمدارە ، له گەل شاه عباسدا زور زیك بو و مملکتی اردەلانی کرد به تابعیکی ایران ، وبه حمایەی شاه پشت ئه ستور بو و تعرض کرده عشائری تابعەی عثمانی وامارتانی کوردی . اول ایشی ، هجوم کرد نەسر عشائری مکری بو . له سالانی دوا ییدا ، رواندز وعمادیەشی زەوت کرد و مأموری خوی بەسر ئەم شارا نه وه دانا ، (کوی) و (حریر) بش هینایه ژیر امری خوی . ئەم حکم ونفوذی خان احمد خانه بەسر ئەم ولاتانه دا ئه وندە دوای نه کرد . له گەل ئەمه شدا اول بیست سالی دوری حکومتی خان احمدخان ، بو اردەلانی که وره ، به راستی دورێکی پر شان وشرف وپربرکت وخوشی بو . دیرزمانیك بەم نوعەمو ولاتانی

اردەلانی قدیمی محافظە کرد، ولەم مدتەدا زور محبت و معاونتی لە شاە عباس دی وختی شاە عباس خوشکیکی خوشی لی مارە کرد [تاریخی نعیما] . خان احمد خان، بە فکریکی دوربینی وعاقلانە تعرض ئەو وجیگایانەی نەکرد کە زاستە وراست لە طرف حکومتی عثمانی یەوە ادارە ئەکرا . تەنیا لەگەل حکومانی اریشەی کورد خەریك بو .

بە لام، لە سفری شاە عباس بو سر بندا [١٠٣٤ ھ] دا، خان احمد خانیش بە لشکری اردەلانەوە لەگەلی بو و چوە سر [کرکوك = کرکویە] ولە دوای شریکی کورت ئەم قەلایە ی گرت وشارەزوریشی داگیر کرد [تاریخی عالم ارای عباسی]، بەم ئەرحە حکم و نفوذی خان احمد خان، لەغربی عمادیە وەتا حدودی کرماشان وهمدان ولەلورستانەوە تا بحری وورمی ئەچو .

دوری شوکت اردەلان لە دوای وفاتی شاە عباس [١٠٣٧ ھ] دوایی نەکرد . لە سالی١٠٣٩دا صدر اعظم خسرو پاشا . بوسە ندنە وەی بندا هاتە موصل ولەوی بە نصیحتی امرای کورد وە کو سیدخان عمادی ومیرەبکی سوران وبمضیکی تر، روی کردە مملکتی اردەلان .

خان احمد خان، لەگەل حکومتی ایران محافظەی صداقتی کرد، ئاتا ئەم مردایەتیەی لەگەلی فرصتدا بخصوص لەسفری دوایی شاە عباس بو سر بندا اثبات کردبو، لە بین امراوپیا وبافولانیدا زور کس هەبو

لەطرفداری حکومتی سنی‌ی عثمانی بون . ئەمانە ، هەویان نزیك بونەوەی سردار خسرو پاشایان بەفرصت زانی وکەاردوی عثمانی لەکرکوك حرکتی کرد ، لەگەل امرای خاندانی اردەلانی وبیست خانیکی کوردستان هاتنەلای صدر اعظم[1] . لشکری عثمانی ، لەشاروزوردا وەستا وچل‌پنجا روژ لەگەل تعمیری قەلای (گلعنبر) خەریك بو .

لەدوای ئەم مدتە ، صدر اعظم قونیکی نارد‌ەسر قەلای (مهربان) وگرتی ، ولەوقتیکدا کەهیشتان اردوی اصلی لەشارەزوردابو ، سرداری ایران زینل خان وخان‌احمد خان ، بەلشکریکی ٤٠٫٠٠٠ کسی‌یەوە لەهمدان حرکتی کرد وبەبی ئەمەی خطی رجعتی قولی (مهربان) ببرن ، لەگەلیانا کەوتنە شریکی سختەوە ولەگرمەی‌شردا امدادی خسرو پاشا گەیشت بەفریادا وزینل خان خراپ‌شکا وچند هزار کسیکی کوژرا ، وخوشی‌لەطرف شاهەوە اعدام کرا لەجیگەی ئەورستم خان کرا بەسردار وبالنفس شاهی ایرانیش لەاصفهانەوە حرکتی کرد .

خسرو پاشا ، لەدوای ئەم غلبە گەورەیە روی کردە مرکزی اردەلان

---

(١) تاریخی نعیما ، نەلی خان احمد خان ، لەوقتی بەرینە وەدا لەزی ی‌کویە ، دخالتی کردبە صدر اعظم وسلطان عثمان‌دخالتی قبول کردبولە موصل جی کەدی‌کرد بەلام ئەم روایتە ئەوەندە راست نیە . واقعا بینیك خان احمد خان لەحکومتی ایران زوی وەرگیراوە وئەمش لەبەر ئەوە بو کە بە امری شاه صفی جاری کردە کە ی هەلگولڕا .

ی(قەلای حسن آباد) ی کە مەرکزی خان احمد خان بو ویران وتالان کرد. لەحزیرانی ١٦٣٠ م [١٠٤٠ھ] دا کەیشتە بەردەمی همدان ولەدوای ویران کردنی ئەم شارە و (درگزین) ولە پاش تالان وکشتاریکی زور، صدر اعظم گەرایەوە وروی کردە بغدا. ولەدوای محاصرەی چل روژیك بەسەر موصلدا گەرایەوە دواوە [١٦٣١م]. هیشتا صدر اعظم لەموصل حرکتی نەکرد بو کە، خان احمد خان هەلی کوتایەوە سر شارەزور وزەوتی کرد.

درحق بەآوخری حکومتی خان احمد خان وخلقی معلوماتیکی وادەس نەکەوت وقتیك کەخان احمد خان بەسبب معاملەیەکی ظالمانەی شاہ صفی روی لەحکومتی ایران ودرگیرا ولەطرف سلطان عثمانە وەلەموصلدا دانرا حکومتی اردەلان کەوتە دەس سلیمان خانی اردەلانی کەلە عینی خاندانە ورەنکە هرلەزمانی ئەم سلیمان خانەدا ولەتاریخی ١٦٩٤م دا تەرض سلیمان بکی بەبو سر اردەلان واقع بوبو ئەمش تصادفی دوری حکومتیکی سست وبیخیری اردەلانی کردوە، وبەشیکی اردەلان کەوتوتە ژیر استیلای بابا سلیمانەوە بەلام سالی دوایی حاکمی اردەلان بەیارمەیەتی حکومتی ایرانەوە بابا سلیمانی شکاندوە وملکە کەی سەندوتەوە.

لەسفری والی‌ی بغدا حسن پاشا دابو سر همدان [١١٤٣ ھ]، حاکمی ارڵی‌ی اردەلان (علی قلی خان) بو، کەبەبی شر تابعی حکومتی عثمانی بو

چونکه لەطرف حکومتی ایرانه وەعزل کرابو وامیدی معاوەتی بەحسن پاشابو لەسر ئەمە خانە پاشای بەبە بەامری حسن پاشا ، اردەلانی داگیرکرد ؛ وعلی قلی خان وزوری امرای اطاعتی خانە پاشایان کرد .

لەدوای شراشر نخانی افغانی واحمد پاشای سردار [کانون اول ۱۷۲۶] خانە پاشا ، کە بوبە سببی شکانی اردوی عثمانی ، ولاتی اردەلانی درایە وچوار سالیك وتا دوری نادرشاە بەدەسیەوەبو بەلام ، کەنفوذی ایران کەوتە دەش طهماسب قلی ولشکری عثمانیی لەخاکی ایران کردە دەرەوە ولاتی اردەلانیشی دایەوە بە (سبحان وردی خان) ی اردەلانی وحکمی بەبە دوایی هات .

سلیمان پاشای حاکمی بەبە ، لە ۱۷۹۳ م دا ولە دوای ئەمە کەدفعەی دوەم سلیم پاشای مامی لەقزلجە شکاند شوینی کەوت وزوری ولاتی اردەلانیشی داگیر کرد ، بەلام زوری پی نەچو سبحان وردی خان اردەلانی دەری پەراند سالی دوایی بەاشارتی کریم خانی زەند ، سلیمان پاشا دیسانەوە چوەسر اردەلان وبە یارمەتی لشکری کریم خانەوە (سنە)ی زەوت کرد . لەدوای سالیك سلیمان پاشا کوژرا وعلی بکی کوری بوبە حاکمی اردەلان . محمد پاشای برای سلیمان پاشاش لەقەلاچوالاندا حاکم بو . امرای بنواردەلان لەگەل آغا محمد خانی قاجاردا ، کەدژمنی

گەورەی خانەدانی زەند بو ، متفق بون لەبەر ئەمە کریم خان ، امرای بەبەی حمایە ئەکرد . ئەم حالە زور جار لشکری ایرانی هینایە سر اردە لان وشارە زور و لشکری بغدای جلب کردە ئەوناوە .

لە دوای نبحان وردی خان ، حاکمیتی ی اردەلان کوتە دەس خسرو خان ، کە بە عنوانی (گەورە) شورەتی سەندوە [١١٦٨ - ١٢١٤ هجری] . (١) لەسالی ١١٩٠ ی هجریدا ، احمد پاشای والی بغدا لەقولیکە وە بو (کرماشان) ، ومحمد پاشای بەبەش بو (سنە) حرکتی کرد . محمد پاشا ، لشکر یکی اردەلانی شکاند و (بانە) ی گرت ، ولە شریکی تریشدا خسرو خانی خراپ شکاند . بەلام زوری پی نەچو لشکری کریم خان لەقوماندای کلب علی خاندا گەیشتە اردلان ومحمد پاشای دەرپەراند وتا دوری کرکوك هات .

خلاصە لەدوری حکومتی بەبەدا ، اردەلان زورا سیتلا وتخریبانیدی . لە دوای خسرو خان ، امان اللە خانی کوری ، کەدیسان لقبی (گەورە) ی هەبو ، هاتە جیگەی ولە ١٢١٤ ی هجری یەوە تا ١٢٤٠ حکومتی کرد ئەم حا کمە بەراستی بو علم وعمرانی ولاتە کەی زور خەریك بوە وشاری (سنە) ی زور جوان کردوە وبوتە مرکز یکی

---

(١) میجر سون ئەلی خسرو خانی دوەم . کجی فتح علی شاهی خواستوە بەلام رەنگە ئەمە خسرو خانی اول بی .

علم وادب ومەرکزی شعرا سیرجون مالقولم و ریحمیوانی بون وزور مدحی اداره وخدمتی ئەکەن . لە دوای ئەم حاکمە خسرو خانی کوری کە بە (ناکام) مشهورە ، هاتوتەجیگەی وده سالیك حکمی کردوە ، لە شعر وادبیا تدابهرە یکی بلندی بو . مشهور شاعرە (ماه شرف‌خانم) یش ژنی ئەم حاکمە بو . لەدوای وفاتی ، ولە زمانی (رضا قلی خان) (١) ی کوریدا شرو هەرای بینی بکزادەی اردەلانی دەس پی کرد و والی شانزە سال لە (طهران) حبس کرا و اینجا لە دوای وفاتی محمد شاە نجاتی بو (امان‌الله خان) ی برای ، دوایی حاکمی اردلانە ولە ١٢٦٥ ی هجری یەوە تا ١٢٨٤ حکمی کردوە . لە ١٢٦٨ دا حکومتی طهران دەسی گرت بە بهانە دوزینەوەبو والی ولە سالی ١٢٨٤ دا ناصرالدین‌شاە شازادە فرهاد میرزای مامی کرد بە حاکمی اردلان ، وحکمی خاندانی بنی اردلان لە ناوچو .

واقعا هیشتا لەم خاندانە بعض کس ماوە بە لام هیچیان بە دەس نیە .

وە کولە سرە وە باسمان کرد ، ئەم حکومتی اردلانە یکی لە حکومتە گەورە کانی کوردی ایرانە . بە کورەی شرفنامە ، بینیك بەتەواوی

---

(١) میجر سون تەلی : ناوی ئەم حاکمە «غلام شاە خان» بو «رابوری سلیمانی . کالکتە . ١٩١٨» .

سر به خو بو . سکه‌ی به‌ناوی خویه وه لی داوه وخطبه‌شی به ناوی حکداریه وه خویند و ته‌وه . ئه‌م دوری سر به خویی‌یه ، وادیاره له اواخری حکومتی ایلخا ینه وه [مبادی عصری حه‌وته ی هجری] تا اوائل دور ی صفوی [مبادی ی عصری ده هه‌ی هجری] یعنی دو عصریك دوای کردوه ، له دوای ئه‌مه له تابعیتی سیاسی ایران وبعض جار عثمانی دا،دیسان استقلالی داخلی ی خوی تا له ناووچونی خان احمد خان محافظ کرد وله دوای ئه و به‌گه وره‌ی نفوذ وسیاستی ایران به سریازال بو ونهایت له ١٢٨٤ ی هجری دا به‌ته‌واوی نقلی مقبره‌ی تاریخی کرد .

حکومت وامارت براخوری

له جلدی اولدا باسیکی کمی ئەم عشیرەتەگە وردە بەمان کردبو .
بەلام له اصل وادارەی قدیمی نەدرابوین به کورەی انسیقلو پەدیای
اسلام ، له دوای پەشیوەی دوری موغول له غربی ایرانەوە بەعض
عشائری کورد روی کرد بوە ولاتی کرمان وله ناوئەوعشائرە دارە نگە
ئەم عشائری (کوچ) ویا کوردەش هاتبی ولەگەل عشائری (بلوچ) ،
لەشاخانی ولاتی کرماندا جی گیر بو بی[جلد ۱ — ، لاپەرە- ٦٣٦] .
لەمە وادەرئەکەوی که انسیقلو پەدیا زۆزانی ئەم عشائری کوردە ،
کەی وچون هاتونە (کرمان) . بلکو تدقیقاتی مؤرخین ئەم جهته مان
بو بیاغ ئەکانەوە .

مستر (کورزون) ؛ له کیتبە نایا بە کەی خویدا ئەلی : « له سیستاندا
عشیرتی (کورد گەلی) هەیە که قولیکن له کوردانی کوردستان وله
زمانیکی مجهولدا هاتونە ایرەوله ولاتی (غور) دا حکومیتکیان به ناوی
(ملك کرد) هەوە دامزراندبو که له ١٢٤٥ ی میلادیەوە وە تا ١٣٨٣ یعنی
١٣٨ سالی دوا می کردوە [جلد — ١ ، لاپەرە — ٢٢٨ حاشیە] .

زمانی عشیرتی (براخوی) یا (کورد کهل) مشهوره ، وهیچ به دور نیه که ئهم عشیرتی سیستا نهش قولیك بن لهم عشیرته . ذاتا سیستان وبلوچستان یك له نشت یکه وهن .

ئسیقلو پهدیا زیاتر تفصیلات ئهدا وئهلی ، چونکه عشائری براخوی له قولی (دراوید) ی هند نسین ئهبی نه ته وهی ئهوعشائری (کوچ = کرد)ه بن که له دوای اسیتلای موغولهاتونه کرمان وله دواییداهاتونه (مکران) وله دواییدا بعض عشائری بلوچ وافغانیش تی که لی بوه و (براخوی) بلوچستانی لی حاصل بوه . ئهم تیکه لی ویکیه تی یه ئهبی بهره بهره بوبی وه کو چون که بعض له زمانی (دراوید) بشیان قبول کردوه . عشائری زوری بلوچ ، به رامبه ر بهم (براخوی) ه خوی رانه گرتوه وبهره بره روبه روژ هه لات داخلی هندستان بوه .

نادر شاه که چو بو هندستان ، وا دیاره براخوی یاری یه ی داوه ، و بعض له اراضی ی (کلهورا) ی هندستانی زهوت کردوه و داویه تی به براخوی و عبدالله خانی گهوره ی عشائری براخوی له کهل محبت خانی کوری له کهل بلوچی داراجات کهوتو ته شره وه و اراضی یه کهی داگیر کردن له دوای ینیك له کهل عشائری (کلهورا) ش که وتوته شره وه و کوژراوه له و وقته دا محبت خان و ناصرخانی کوری لای نادر شاه وبلاوه ته بون . محبت خان له دواییدا کهوته ده س (احمد شاه) ی

دورانی حاکمی افغان وله چپسخانه دامرد . ناصرخان ، له شکلی
سکوتیکی تابعه‌ی افغان‌دا ، اداره‌ی براخوی گرته دهس وله (سکران)
و (کاچ) دا اداره یی به قوتی دامزراند . احمد شاه ، منطقه‌ی
(شال) و (موستانگ) یشی دایه پسر (لاس بیلا)
و (سکراچی) یش دا نفوذی پیدا کرد . بعض جیگه‌تی له
هندستان داگیر کرد .

آیش هدره که‌وره ی ناصرخان وبك خستی اداره وتشکیلاتی
(براخوی)، ئهم عشائره‌ی کرد بهدوو به شهوه :(سراوان)و(چاهلوان) .
رئیسی عشیرتی (رایزانی) ی سکرد به رئیس هشی اول و هشی
دوه هشي دا به دهس که‌وره‌ی عشیرتی (زهری) . ئهم تقسیماته به‌فکر
هنگی هسکر به‌وه‌کرا وهر به‌شیك ، بی‌وایست بو که‌لوتی ته‌زگاله‌وا
لشکریك بو خان بنیری

ناصر خان، به‌ئه‌وجی کسبی قوتی کرد که‌ئیتر امینی به احمد شاه
نه‌ما وخوی به‌تابعی نه‌ئه زانی لهسر ته‌ما ۱۱۷۲ ی هج پدا احمد
شاه لشکری لی‌کرد وله (موستانگ) شکاندی و ناصر خانی له‌قه‌لای
(کلات) داچل روزیك محاصره کرد به لام بوی زهوت نه‌کرا
وناعلاج ما به شرطی ئهوه که ناصر خان به ئاو به بیتوعن خوی

بزانی صاحبی لەگەل کرد و لەشکری افغان‌گە رایە و دە . واقعا ناصرخان بە سر بەخویی‌ادارەی ولاتی خوی کرد وتەینا لەحربدا یارمەیەتی احمد شاهی ئەدا و بەخویو لشکریەوە آلتی ظفری احمد شاە بو . جرأت وجسارتی ناصر خان . و حسن اداره وسیاهتی زور بلند و بە اهمیت بو وبەراستی هەرە گەورە ترینی حاکمانی برا نخویە .

ناصر خان لە ۱۲۱۰ ی هجریدا (۱۷۹۵.) بە رحمت چو ، ومحمود خانی کوری ، کە هیشتا منداڵ بو ، هاتە جیگەی . بهرام خانی کوری محبت خان ، کە لەزمانی ناصر خانیشدا بعض جار ناراحتی‌ی نواندبو ، غضبانی کرد بە لام‌ەیچی بونە کرا . لەگەل ئەمەیشدا محمود خان ادارەی امارتە کەی پی نە کرا وبعض ماکی لە دەس چو (کراجی) یش لە ژوئەمانەدابو . محمودخانیش‌لە ۱۸۲۱دا لەناوچو و مهربان خانی کوری بوە امیر و لەباوکی زیاتر قابلیتی نواند بەلام احمد یار خانی (وری‌بهرام خانی . لەراست بوە وە ولە نتیجەدا لە (کلات) دا اعدام کرا . زمانی ئەم امیرە باش رانە بورد . لەروی (داود محمد)ی (گەلزای) ەوە بعض لە عشیرتی (جاڤلاوان)ی براخوی لەی جوبونەوە . منطقەی (هارانە)ی (داحیلی) لە دەمن چو ولە روی حمایە کردنی (شاەشجاع

الملك) دوه‌ڵه‌گه‌ڵ محمد ... (دوراني) ... يش تيك‌چو (١٢٥٠ ه) .
له‌لايه‌كى تريشه‌وه ... محمدي سردارى وله دواى
ئه‌ويش له روى بى معنايى ى (محمدحسين)ى خلفى داود له‌گه‌ل حكومتى
انكليز يشدا يك چو و قوتيك هاته سر محراب خان و كلات)
ى محاصره وزه‌وت كرد ومحراب خان لهم شره‌دا كوژرا . بعض
له ملكى براخوى دراوه حكمدارى دورانى . (شاه نواز خان) ى
نه‌ته وه‌ى محبت خان ، كراوه اميرى (براخوي) . له سر ئه‌مه كوره
چواردە ساله كه‌ى محراب خان راي كرده لاى عشايرى نوشيروانى و
وبعض له عشائرى (سرلوان) يش هجوميان كرده سر (كلات)
وكريتان له نتيجه دا شاه نواز خان عزل كرا و كوره كه‌ى محراب خان
به ناوي (ناصر خانى دوهم) هوه بوبه امير . قوما ندانى قوۀ سفريه‌ى
انكليز اسير كرا وله دواى بينيك اعاده كرايه وه جيگه‌ى خوى
[١٨٤٠ م]وسالى دوايى حكومتى انكليزيش رسما اعترافى به خانى
ى كرد وله ١٨٤٣ دا ارتباطى له‌گه‌ل افغان ... را وبو تابعى
حكومتى هندوتا ايرو ئم حاله بردوامه . ناصر خانى دوهم له
١٢٧٤ ه [١٨٥٧ م] دا وفاتى كرد و (خيدا داد خان)
براى هاته جيگه‌ى . له ١٨٩٣ دا عزل كرا و (مير محمد خان)

و به امـــير وتا ايستا اداره‌ي دوام ئه‌كا [ايسلام له دواى اسلام ، جلد — ١] .

حکومتی شدادیه

بنو شداد که درحقیان معلومات کەم هه یه ، له (اردان) داله سالی ۳٤۰ هجریەوه تا٤٦٨حکومتی کردوه . ولەم تأریخی دوایی یه دا کەزوری ولاتەکه لەطرف ملکشاهی سلجوقیەوه زەوت والحاق کرا دیسان اعضای ئەم خانەدانه تانهایتی عصری ششەم لەکەلی جیگەدا (وه کو گنجەوآتی) پەناوی حکومتی سلجوقیەوه ادارەی أموریان کردوه محتملەئەم خاندانه کوردبوبی . ئەوشارە مشهورانه کەداخلی حکومتی « اردان » بو : نخجوان کنجه ، تفلوس دبیر قپو ، قرەباغ بو . امالیه کەی لگزویاله زکی بون .

لەسالی ۳۳۷ ه (۹۸٤م) دا مظفری حاکمی أذربایجان (سالار اموزبان محمد) ، له بەردر نبد (ری) دا أسیر بو ، لەدوای ئەمه مملکه کەی شیوا . وامرای أطراف هر کەسه بوخوی لەشاران و ولاتانی کەتیایون اعلان سربه خویان کرد . لەناوئەمانەدا : محمد بن شداد بن کارتوناویك ، لەپیش هەموا خوی سکرد به حکمداری « دەبیل » ، ولە دوایدا بە حاکمی « اذربایجان » وه وادەرزه کەوی کەتا ۳٤٤ ه

(۹۵۵ ی میلادی)، به بی زحمت دوا می کرد وله دوایدا روی کرده
تنزل وەله ۳۶۰هجریدا کورەکەی هەرولانی«ارزانی»ی به دەسته وەما.
لەم سەرەیدا «فضلون» ناو حاکیك له «کنجه» دابو ره نگه برای
محمد بن شداد بوبی. کوری محمد بن شداد که ابوالحسن علی بن جعفر
لشکری بو هه شست سال حکومتی کرد وەله آخریدا براکه ی
«مرزبان» هاته جیگەی، وئەمیش لەیاش حەوت سال حکومت کردن
له طرف برایه کیتریەوه که ناوی «فضل بن محمد» بو لەراودا کوژرا.
فضل بن حسنی ادارەی، خری لەلای اهالی خوشەویست کرد، و له جەلەی،
افعالی بنا کردنی پردیك له سر آوی «آراس» بو ئەم دانه له ٤٢٢ ی
هجریدا وله دوای سلطنتیکی ٤٧ سالی وفاتی کرد؛ وه کورەکەی که ناوی
«ابو الفتح موسی» بو هاته جیگەی، وله دوای حکومتیکی سێ سالی
ئەمیش له طرف کورەکەی که ناوی«ابوالحسن علی» بو استخلاف کرا
وئەم حکمدارە: (٤٤٠ هجری) دوایی کرد ئەم «ابوالحسن» یەکی
له حامیه کانی شاعر(فطران)ەله (کنجه‌دا). له دوای ئەم، کورەکەی
«نوشیروان» هاتەجیگەی، ولەدوای سێ مانك وفاتی کرد، وله
دوای ئەویش «ابو الاسوار شاوری کوری فضلی» بوبه حکمدار؛ ودەر
حق بەم ذاته له اسلافی زیادتر معلومات هەیه، چونکه زور جار له طرف

(کابوس) ، وه‌له « کابوسنان»دا بجێ کراوه . وابن الاثیر ئه‌ڵێ ارطغرل بیك له دوای فتحی « بوزیر »ی کەهاته « کنجه»[٤٤٦ك] ابو الاسوار چوەلای وعرض تعظیمانی کرد [1] ابوالاسوار له ٥٥٦ك جارێدا وفاتی کرد و « الفضل دوم منوچهر »ی کوری هاته جێگای (کابوس) که له‌سالی ٤٦٨ك جارێدا نوسراوه درحق به‌« فضلون کوری ابو الاسوار »ه‌ ووا دیاره که له‌گه‌ل وفاتی (فضلون) دا وله الحاق کردنی « ارران » له ڕوی ملکشا هاتوه ، استقلالی « بنو شداد » دوایی هاتوه ، وله به‌ر ئه‌مه تعقیب کردنی تاریخی ئه‌م خانه‌دانه زوز زحمته.

خلاصه ئه‌م (فضلون) ه صاحبی ئه‌م اسمه بو وبه وته‌رجمه مخابره‌ی له‌گه‌ل شاعر (قطران) کردوه وفه‌رمانی گه‌لی حکایه ومثاله که‌له « کابوسنامه » دا نوسراوه . ظاهروا دیاره که حکمی سر (کنجه) و (آنی) و (توین) داجاری بووه .

به گوێره‌ی « خانیکوف » ، (الفضل منوچهر) دوکوری بوه : فضلون له‌وقتیکدا که ملکشاه (کنجه) ی زوت کرد [٤٨١ك] حاکمی ئه‌وی بو ،

« ١ » منجم الممران پش باسی اطاعتی ابو الاسوار بو ارطغزل بیك ئه‌کا (جلدر ٩ ، لاپره ١٩٠) .

و « ابوالاسواری دوەم شاورە » بش لەوتیکدا کە (آنی) لەطرف غزال (داوید)ەوە زوت کرا [٨٠٥ ھ] امیری (آنی) بو . [1] ئەم (ابو الاسواری دوەم شاورە) ، (محمود) ناو کوریکی بو ناوی « قابی سلطان » بو ، ودر حق بەم ذاتە ، لە لوحە یکی نوسراوەدا کەلە (آنی) دوزراوەتەوە معلومات هەیە وتاریخی ئەم لوحەیە ٥٩٥ ھ (١١٩٨ م) . ئەم لوحەیەداخوی ناو ناوە « زقابی سلطان کوری محمود کوری شاور بن منوچهر الشدادی) .

بە کورەی اولوحەیە حکمداران بنو شداد ئەمانە یە

١ — محمد بن شداد لە ٣٤٠ ی هجریدا لە (گنجه) . فەرمانی اول .

٢ - ابوالحسن علی بن جعفر لشکری ٣٦٠ — ٣٦٨ ھ ،

٣ — مرزبان ٣٦٨ ٠٠٠٠ ھ ،

٤ — الفضل بن محمد ٣٧٥ — ٤٢٢ ھ ،

٥ - ابوالفتح موسی ٤٢٢ — ٤٢٥ ھ ،

٦ — ابوالحسن بن موسی لشکری ٤٢٥ - ھ ،

---

(١) « آنی » لە سالی ١١٢٤ میلادیدا لە طرف لشکری گورجی یەوە کە لە موماندای « داوید »ی دوەمدا بو زەوت کرا . لە دوای ئەم غلبە یی گورجی یە « آنی » بوبە شارێکی گورجی .

۷ — نوشیروان بن علی بن موسی ۴۴۰ ه ،

۸ — ابو الاسوار شاور بن الفضل بن محمد ۴۴۰ — ۴۵۶ ه ،

۹ — الفضل منوچهر بن شاور ؛ فضلونی دوم (کنجه) ،

۱۰ — ابو المظفر فضلونی سیه‌ی (کنجه) ،

۱۱ — ابو الاسوار شاور بن منوچهری (آنی) ، ۴۶۸ ه ،

۱۲ — ابوالفتح جعفر بن علی بن موسی (الان) ، ۴۷۰ ه ،

۱۳ — محمد بن شاور بن منوچهر بن شاور بن الفضل (آنی) ،

۱۴ — قابی سلطان بن محمود بن شاوری (آنی) ، ۴۹۵ ،

حکومتی ملائ کورد

ئەم حـکومتە ، بە کورەی افادەی (کوردزون) ، لە سیستاندا ولە طرف عشیرتی (کـوردگەلی) وە ولە سالی ۱۲٤۰ ی میلادیدا دامە زراوە وتا ۱۳۸۳ سال دوامی کردوە . زوو جیگـەی اسفە کە درحق دوری ئەم حکومتە تاایستا هیچ تفصیلاتیکمان دەس نەکەوت . تە نیاتە وندە ئە زانین کە ئەم عیلە بە قوتە لە تاریخیکی نا معلومدا لە کوردستانە وە هاتوتە سیستان ویا هینراوە

(کورزون) ، ئەم معلوماتە ی لە اثرە نایابە کی (راولنسون) وە رگرتوە [جلد ۰ — ۱ ۰ لاپەرە — ۲۲۸ حاشیە]

اصار نانی کورد

انسان ا موتالا کردنی احوالی پشوی قومی کورد زور باش حالی ئەبی ، کە ئەم قومە ، اول وآخر سربەخوبی داخلی‌ی بوە وئەم حقی طبیعیەی خویە تا اواخری قرنی سیانزە مینی هجری بە فرقیکی کە موزور محافظە کردوە، لە قرونی وسطا دا بعض جار احوال یاریەی داوە ولەبە شیکی وطنە کەیدا استقلالی خارجیش کر توتە دەس خوی ، بەلام ئەم حالەی زۆر دوامی نە کردوە وشرائطی روحیە واجتماعیەی خوی لەگەل بعض اسبابی تر ئەو استقلالەی لە دەس سە ندوە وتە نیا سربە خوبی داخلی‌ي بە دەسە وە هیشتوە وبو محافظە کردنی ئەم حقەی دائما لەگەل قوای مستولیە دا بشروەە رای کردوە .

حیف کە درحق بە زمانی زور کونی . ئەم استقلالی داخلیە ی شتیکی وانا زانین ، تەنیا بە مناسبتی بعض حادثاتەوە درحق بەم استقلالەی فکر یك بەیا ئەکەین مثلا لە شری قرالانی آسوری لەگەل لوللو ، گوتی ونایری ولە شری (فرهادی چوارەم)ی حکمداری اشکانی لەگەل (مادی بچوك) . . . . والخ ولە دوری دوای اسلامیشدا لەشر واختلالی

یك له‌وای یکی کور دستان واحالی ئه‌ین ، که فوی کورد بو له ده‌س نه‌دانی سر به خویی‌ی دائما کوشتویه‌تی و کوژراوه . به‌لام چونکه ئه‌م حادثانه تاریخیکی باشی بو نه نوسراوه ، به‌طبیعت درحق به وامارته‌شر کیانه وتفصیلات واسبابی شره کانیان شتیکی وانازانین .

صاحبی شرفنامه ، درحق به احوالی ئه‌م امارتانه شتیکی نوسیوه ، به‌لام ئه‌مه‌ش نهایت تاعصری حه‌وته‌می هجری ئه‌گری و به‌ش زوری له روایات وحکایات ده‌رهینراوه ، وئه‌وه نده امنیتی پی ناکری . له‌گه‌ل ئه‌مه‌شدا ، تامعلوماتیکی باشتر وبه اساستر ده‌س ئه‌که‌وی ، به‌ناعلاجی ئه‌بی معلوماتی شرفنامه وبعض علمای تاریخ قبول بکه‌ین . مؤرخ ومستشرق محترم پروفسور (مینورسکی) ، ئه‌م امارتانه‌ی باش تصنیف کردوه وایه‌ش وامان مناسب زانی ، که‌به‌پی خلاصه یکی تاریخیه‌ی ئه‌م امارتانه‌دا له‌سر ئه‌وشوینه‌برویین ته‌نیادرحق به‌امارتانی بادینان وسوران وبابان زیاتر نه دوین .

امارەکانی بین جزیرە ودیرسم

١ — امارەتی جزیرە :

بە کوردی شرفنامە ئەبی امیرە کانی ئەم امارەتە لە خاندانی (امری) وە سلالەی (حضرتی خالد بن ولید) بن . بەلام چونکە تاریخی اسلام درحق بەوئی حضرتی خالد ویا سلیمانی کوردی لە کوردستاندا شیتك نالی واماتنگ معلومە کە نسلی ئەم قەرمان ەرب واسلامە منقرض بوە کەوابو بروا کردن بەم ادعایەزحمەتە [1] .

---

(١) بەکوردی روایت وا دعای طرفی (سمرد) و (جزیرە) لەبی مرفدی حضرتی خالد لەنزیك (سمیرە) بی . وانحال تاریخی صحیح ئەلی حضرتی خالد لەحمصدا وفاتی کرد ولەوی مدفونە .

لەوایە ، ئەم ادعایە لە محبتی قومی کردد بو ازایی وقەرمانی حضرتی خالدە وە حاصل بوە . چونکە تاریخ ، سلالەی حضرتی خالد بە منقرض ازانی . کورانی بە شورەتی سلیمان وعبد الرحمن ومهاجر بون اولە مینیان لە پەرەی حضرتی علی بو ولە شر (صفین) دالە ناوچو و دومین والی (حمص) بوویە فیلی ، معاویە لەطرف حکیمیکی جولە کەوە درمان خواردکرا (تاریخ خالد بن الولید ـ ابو زید شلبی لاپەرە ، ٢٠٨) . مؤلف « اسد الغابە »ش ئەلی زربتی حضرتی خالد لەمعاوە وئیك

خلاصه شرفنامه ، (سلیمانی کوری حضرتی خالد) به جدی امرای جزیره دانسه نی . وئه‌لی له‌دوری (ئاموبه) دائه‌م امسارته دامن راوه . ظاهروایه (دوکتور فریچ) ، ئه‌م روایته ی به اساس داناوه واحتیاجی به تدقیقاتی آثاریتر نه‌دیوه وحکیمی زور غلط وبی معنای داوه . والحال روایتی شرفنامه وحکمی (دوفتور فریچ کوردلر ، لاپه‌ره — ١٤٣)، به‌رامبه‌ر به اتفاق علمای تاریخ له قیمت که وتوه .

خلاصـــه شرفنامه دوام له سر(روایته کەی ئه کاو ئه‌لی له دوای سلیمان بن خالد ، میر عزیز ، میر حاجی بدر ومیر عبدالی کوری ولاته که‌یان له بینی خویانا به‌ش کرده وله‌ماش خاندانی (عزیزی) ، (بدری) و (عبدالی) په‌یابوه .

جل اولادیکی به طاعون وله‌شامدا له ناوچون وله‌به ربی ذریتی ملکی مدینه ی درایه (ایوب بن سلمه بن عبدالله) «جلد — ٢ ، لاپه‌ره — ١٠٤» . صـــاحبی «نهایت الارب »یش تأییدی ئه‌م قوله ئه‌کا وئه‌لی : « فلم یبق منهم احـد شرقا ولا غربا وان من انتمی الیهم فهو مبطل في انتمائه وکل من ادعی الیه فقد کذب » «جلد — ٢ ، لاپه‌ره — ٣٥٦» .

زور محتمـله که عشائری جزیره نه‌تاوه‌ی (کالدی = خالدی) ی تاریخی بن که مدینکی زور به سر (اورارتو) دا حکمیان کردوه وله استیلای تومی (که ئه‌مری دا حکومتیان له‌ده‌س چو ، بلا وبونه‌وه . ذانا بعضی له‌مستشرقین ، (کالدی)و(کورد به اسماء مشترکه ئه‌ده‌نه قلم وبه دورینه ئه‌م ادعای (خالدی) یه‌له‌مه‌وه بلاوبو بیته‌وه .

خاندانی (عزیزی — عزیزیه)، جزیره‌ی ابن عمرو واطرافیان له‌دوای انقراضی سلجوقی کرتوته ده‌س. به‌لام درحق به بادوری میر عزیز و کورانی واحفادی تاپشتی چوارەم معلوماتیکی وانیه. امارتی (میر عز الدین کوری بدر الدین کوری عیسی، کوری مجد الدین کوری میر عبد العزیز) تصادفی دوری تیمور لنگی کردوه؛ وله‌ماردین چوته‌لای وله‌شری تیمور ولاته‌که‌ی پاراستوه. به‌لام له‌دوایدا برامبه‌ر کوره‌که‌ی عصیانی کرد وولاته‌که‌ی له‌طرف تیموره‌وه داگیر کرا وخوی به‌هزار حال نجاتی بوخوی شارده‌وه.

له‌دوای تیمور، کوره کانی هاتنه پیشه‌وه وامارته که‌یان احیا کرده‌وه وتا اواسطی قرنی نوزده هه‌ی میلادی دوامی کرد وله‌دوای اختلالی بدر خان بك [١٨٤٧ م] له‌ناوجو.

به‌شی (بدریه) ی، له‌دوری (گورگیل) دامزرا، وتازمانی شرفخانی تبلیس مابو وله ١٠٠٥ هجریدا به‌ده‌س میر احمدی کوری میر محمده وه‌بو احوالی دوایی‌ی معلوم نیه.

به‌شی (عبدالیه) شی - له‌دوری (فینك) دادامزرا وتادوری سلطان سلیمانی قانونی دوامی کرد وله‌دوایدا ئه‌میش خرایه سر امارتی جزیره.

٢ — امارتی غیزانیه

شرفنامه، خاندانیکی (خنس) ی به مؤسس ئه‌م امارته داناوه‌تی. له

خاندانه‌سیه‌یرا (دل بك ، پل‌بك ، بلیج بك) له (خیزان[1] ومکس وامبایرد) دا ، وره‌نکه له اواخری دوری سلجوقیدا ، ئەم امارته‌یان دامن راندبی . عشیرتی همره به قوتی ئەم قضایه (نمیران) بوه .

هرسیه قولی ئەم امارته گەلی دوایی کردوه وله دوری عثمانیشداماوه لەوقتی نوسینی شرفنامه دا [۱۰۰۵ هجری] (خیزان) بەدەس (امیر حسن) دوه ، و (مکس) بەدەس (میر احمد) دوه بو . وبەشیکی (اسپایرد) یش بو کورانی (میر شرف) هیلرا بودوه .

درحق بەاحوالی دوایی ئەم امارته هیشتا معلوماتیکی وانیه .

۳ — امارتی شیروانه

شرفنامه ئەلی ، لەوقتی انقراض حکومتی ایوبیه‌ی سوریه دا [۹۲۶ھ] یکی‌له وخاندانه هاتبوه (حصن کیف) ولەوی امارتی (ملکان) ی دامزراندبو باوکوباپیری امرای (شیروان)[2] له امارتی ملکاندا وظیفه‌ی وزارتیان بو له خاندانی ایوبی‌ی (حصن کیف) بون . سیه یرالەمانه (عز الدین ، بدر الدین ، عماد الدین) لەتاریخیکدا هاتونه (کفرا) وبەیارمەتی حکومتی ئەونا وه له (کفرا) دا امارتیکیان دامزراندوه .

---

(۱) قضایکی ولاتی بتلیس بو

(۲) لەولاتی وانداا منطقه یك بو وسەرکزەکەشی (کفرا) بو

لەم خاندانە أول امیر ... براهیم) بوە ، وئەم امیرە لەحالی حیاتیدا امارەکەی لەبنو هکورە کانیا باش هکردوە وهەموبان تابعی امیری (کفرا) بون .

ئەم امارەتە وقولەکانی (شبستان ، ایرون ، آدیل کفرە) ، لە اوائل دوری عثمانیشدا مابو ولەوزمانەشدا مدتیك دوامی کرد .

٤ — امارەتی بتلیس :

صاحبی شرفنامە ، چونکە خوی لەنەتەوەی ئەم خاندانی امارەتەبو ، درەق بەم امارەتە گەلی معلوماتی پەیا کردوە وتوسیویەتی .

شرفخان ، اصلی ئەم خاندانە ئەباتە وەسر (خاندانی ساسانی) ؛ بەلام دوفتور فریچ بە تفصیلات وایضاحاتی شرفنامە بروانا کاوەرنگە حقیقتی بی . چونکە بەراستی بەض وقوعات واسمای تیدایە کە ئەوەندە لەگەل تاریخی صحیحدا یك ناگری .

عینی مستشرقئالی ، (بەکورەی معلوماتی صحیحەی تاریخەوە اول حاکمی معلومی (بتلیس) (ملك اشرف) بوە ولەپیش ئەمە دا کەبی بە امیری (بتلیس) ، لەعینی ایوبی سوریە دا سردار بوە . لەوقتیکدا کە جلال الدین خوارزمشاە هاتوتە ئەوندوە ، ئەم ملك اشرفە حمایەی کردوە ولە دوایدا لەسر تکلیفی موغوللەحدودی خوی کزدوتە دەرەوە) .

لام وایە تدقیقاتی دوفتور (فریچ) یش نقصانە چونکە بەکورەی

تاریخی حکومتی ایوبی ، هاتنی جلال الدین خوارزمشاه تصادفی زمانی (ملك اشرف کوری ملك عادل) ی حاکمی سوریه‌ی کردوه ؛ وختی ئه‌م ملکه ، به‌رامبه‌ر به‌جلال الدین ، له‌گه‌ل علاء الدین کیقباد‌ی سلطانی سلجوقی‌ی رومدا اتفاق کرد وله قوماندای (امیر عـز الدین عمری حکاری) دا لشکریکی نارد وله‌نزیك ارزنجان جلال الدین خوارزمشاهی شکاند [٦٢٧ هـ] جا که وابو ره‌نکه اول حاکمی بتلیس (امیر عز الدین عمری حکاری)) بوبی که‌سرداریکی ایوبی‌ی سوریه بو .

له‌دوری (تیمورلنك) دا ، امیری بتلیس (حاجی شرف بك) بو واطاعتی تیموری کرد وحرمتیکی زوری دی و (پاسین) و (ملازکرد) یشی‌دایه به‌لام له‌دوایدا له‌طرف (آیق صوفی) ی وکیلی تیموره‌وه حبس کراوله ناوچوو (امیر شمس الدین) ی کوری له‌گه‌ل امرای عشیرتی روژکی چونه ایران . شرفنامه ئه‌لی له‌دوای حاجی شرف بك (امیر شمس الدین) بوته حاکم ؛ وله‌زمانی ئه‌م امیره دایه که (قـره یوسف) ی قره قویونلی ، هاتوته بتلیس ودخالتی به امیر کردوه وکچه که‌شی داوه به‌امیر وبه معاونتی ئه‌م امیره وردە وردە حکومتی قره قویونلی‌ی سر له‌نو دامه زراندوته‌وه . وبه‌فاصله‌یه‌کی که‌موزورتا اواسطی عصری نوزده‌مینی میلادی دوای کردوه . آخر امیری شرف بك بو وله ١٨٤٦ م دا ، حکومتی عثمانی امارته که‌ی له‌ده‌س سه‌ند .

له جادثانی مهمه‌ی ئه‌م امارته ، التجای باوکی شرفخان به ایرانه وله پاش یه‌نیکی ترشرفخان‌هاتوته‌وه بتلیس وله‌طرف حکومتی عثمانی‌یه‌وه به‌امیری بتلیس ناسراوه .

له ۱۰۶۶ دا ملك احمد پاشای والی‌ی (وان) ، به خوزایی شری به (امیر عبد الخان) ی حاکمی بتلیس فروشت و به لشکریکه‌وه که به‌شی زوری کوردبو چوه‌سری ومجبوری هه‌لاتنی کرد ومال وملکی تالان کرد وامارته‌که‌ی له‌ناوبرد .

٥ — امارتی صاصونه

خاندانی ئه‌م امارته ، نه‌نه‌وه‌ی (میر عز الدین) ی برای حاکمی بتلیس (میر ضیاء الدین) ه یعنی له‌گه‌ل امرای بتلیسیدا آموزابون ؛ حتی به‌ناوی (میر عز الدین) ه‌وه (عزی) شیان پی‌ئه‌گوت ئه‌م عشیرتی (صاصون) ه به‌نظر عشیرتی (روژاکی)[1] ی بتلیسه‌وه له‌درجه‌ی دوه مدابو وچوار فرقه بو : شیراوی ، یابوس ، موسانی ، تاموکی له‌دوای ئه‌وه‌که (لرزن) یش خرایه‌سر (صاصون) عشائری (خالدی ، دیرمغانی وعزیزان) یش که‌وته ژیر حکمی امرای صاصونه‌وه

---

(١) ئه‌م عشیرتی (روزاغی = روزا کی) ، بیست وچوار فرقه ودوبه‌ش بو : عباسی کاولیس . چوار فرقه‌ی له‌پیشدا له‌دوری بتلیس بوه وله‌دوایه‌دا بیست فرقه‌ی تریش هاتوه بوه‌وایتیك (بتلیس) یان له‌قزالی کورهی (داوید) زه‌وت کردوه .

مؤسس ئەم امارتە، بە کورەی شرفنامە (میر ابو بکر) • ولە دوری حکومتی (آق قویونلی) دا دامزراوە . لەدوایيدامیرانی صاصون حمایەی شاە اسماعیلیان قبول کردوە . لەدوای ظفری (چالدیران) محمود بکی امیری صاصون تابعیتی عثمانی قبول کرد ؛ قەلای (ارزن) یش درایە ولەسر ئەم وەلایە لە گەل (ملك خلیل) ی (حصن کیف) دا کە وتەهەراوە .

ئەم امارتەش وەکو باقی امارتە کانیتر لە دوری عثمانیشدا گەلی دوامی کردوە .

٦ — امارتی سویدی

بە کورەی شرفنامە امرای ئەم خاندانە. نەتەوەتی (برمکی) یە . بەروایتیکی تر عشیرتی سویدی ، لە کوندی (سوید) دوە هاتونە کوردستان وئەم کوندەش دوفرسخیك لای ژوروی (مدینەی منورە) کەوتوە . ئەم امارتە ، وەکو قسەی لی‌ئەکری ، زور لەپیش حکومتی (آق قویونلی) دا دامە زراوە . پنجەم امیری ئەم امارتە (میرفخر الدین) بوە وپرا کەی چونە لای حکمداری آق قویونلی (حسنە دریژ) ، و (خان جوك) و (چپاقجور) ی دراوەتی . اصل مرکزی امارت (کنج) بو

لەدوری (شرفخان) دا امیر سویدی (سلیمان بك) بو ولەلای

حکومتی عثمانی زور بەقدربو . ئەم امارتەش وەکو ئەوانیتر لەدوری عثمانیدا مدتیك دوامی کردوە ولەباشداله ناوچوە

٧ — امارتی بازوکی

عشیرتی بازوکی بەروایتیك ایرانی بوە وبەروایتیکتریش امرای ئەم حکومتە لەعشیرتی سویدی بون ئەم عشیرتە دوبەش بو : خالد بکلو ، شکر بکلو . منطقەی حکمی قولی اول خنس ، ملازکرد ، وناحیە یەکی (منوش) بو . بەشی دوەم تابعی امیرانی بتلیس بون .

درحق بەاحوالی کونی ئەم امارتە معلومات نیە . تەنیا ئاوی مؤسس قولی اول (حسین علی بك) زانراوە خالد بك شهوار بك حسین علی بك . لەسعیت شاه اسماعیلدا کسبی شورەتی کردوە ولەعجار بەدا دەسیکی براوەوبە(خالد بکی بك دەس)ناسراوە ولەطرف شاهەوە خنس ملازکرد وناحیەی اوخکانی دراوەتی . بەلام لەدوایدا لەشاه عاصی بوە واعلانی سربە خویی کردوە . لەدوایدا چوتەلای یاوز وزوری پی نەچوە لەویش عاصی بوە وبە امری یاوز کوژراوە .

نەتەوەی ئەم امارتەش کەلی دوامی کردوە ولەزمانی (قلیج بله) دا بەشیکی عشیرتە کە چونە ناو عشیرتی دوملی وداخلی تابعیتی عثمانی بون .

٨ — امارتی میردەسی (مرداسی)

بەکورەی شرفنامە ، خانداني ئەم امارتە نەتەوەی عباسی بە موسە

کەی (پیر منصور) ناو شیخیك بوە لەحکاریە وە هاتوتە قەلای (اگیل). لەدوای ئەو(پیر موسی)ی کوری بوە بە شیخ ولەدوای ئەویش (پیر بدری کوری پیر موسی) لەنفوذ شیخیەتی خوی استفادەی کردوە وقەلای (اگیل)ی داگیر کردوە. چونکە لەدوایدا عشرتی (مرداس) زوریارمە یەتی ئەم خاندانەی داوە، إمارتەکەش بەونارەوە شورەتی سەوندوە.

لەپاش بنیبك، سلجوقیە کان قەلا کەیان لە (پیر بدر) سەندوتەوە، (پیر بدر) یش چوتە (بیافارقین)، ولەوقتی تعرض لشکری (الپ ارسلان) پوسر ئەمشارە (پیر بدر) کوژراوە، لەپاش بینبك بولدوق)ی کوری خاندانی (اگیل) دامزراند، ولەم خاندانە قولی (پالو) و (چرموق) یشی لی بوەوە ولەدوای دوری شاە اسماعیل کەوتە دەس حکوق عثمانی ومدتیك دوامی کرد.

٩ — امارتی حسنکزك

خاندانی ئەم امارتە بەروایتیك نەتەوەی عباسی وبەروایتیکتر نەتەوەی سلجوقیە مؤسس معلومی(ملك محمد)وباوکیەتی. ملك شاهی کوری ملك محمد لە ٥٩٦ ھ دا بو استقلالی خوی لە گەل سلجوقیە کانا کەوتوتە شرەوە ولە ناوچوە وامارتەکەش کەوتوتە دەس سلجوقی. لەپاش بنیبك (ملك محمد)ی کوری ملکشاە امارتەکە احیائە کاتەوە و ٣٢ قەلا

و ١٦ ناحیه زەوت‌ئه‌کا .

عشیرته‌کەی به (ملکشاهی) مشهور بو وله‌ایرانیشدا هزار مالیکی هه‌بو دائره‌ی حکم ونفوذی ئه‌م‌عشیرته ئه‌وه نده واسع بوه که‌عادتا ته‌بیری (چیشکزك) بوته‌علم بو کوردستان.

ئه‌م امارته له‌دوری موغول وتیمورو قره‌قونلیداخوی زورباش محافظه کرد به‌لام له‌دوری آق قویونلیدا بعض عشائری ترك نیرراوه‌ته ناوی و (پیرحسین) ی امیری هریخنده ئه‌م عشائره‌ی ده‌ر کرد واطاعتی شاه اسماعیلی کرد، به‌لام فائده‌ی نه‌بو وریاستی ئه‌م امارته کاوته دەس امرائی قزلباش. له‌دوای بنیك باوز سلطان‌سلیم امارتی‌چمشکزکی دایه وه‌بۆ امیر پیر حسین، وئه‌م امیره که‌به آزایی‌ی ونه‌ترس‌ی‌یاوزی‌حیران کردبو، هه‌لی کوتایه سر حاکمی قزلباش (نور علی). وکوشتی‌وامارته که‌ی سه‌ندەوه.

له‌دوای پیر حسین، امارته که سیه فولی (مجنگرد، پورتوق، سقمان) لی‌بوته‌وه وتا اواسطی‌دوری عثمانی دوامی کردوه. وبیجکه له‌رؤسای ئه‌م سیه‌خاندانه، پیر حسین بك وکورنیریش بوه وهریکه له‌طرف حکومتی عثمانیه‌وه‌منطقه یکیان به ملکایه‌تی دراوه‌تی.

امارەتی کانی بینی جزیرە وکلس

۱۰ — امارەتی حصن کیف

ملوکی ئەم امارتە بە روایتی شرفنامە ، نەتەوەی خزدان ایوبی یە . اول امیری (ملك سلیمان) بوو وتصادفی دوری جنگیزی کردوە کەوابو ئەبی ئەم امارتە لە(۷۳۳ ھ دوری)دا دامزرابی ملك محمدی کوری ملك سلیمان ، لە گەل موغول وحکومتی ایلخانیاشي رابواردوە . ملك اشرفی کورە زای ملك محمد ، تصادفی دوری تیمور لنگی کردوە ، ولە ماردین چوتەلای تیمور ، وحمایەي ئەوی قبول کردوە . ملك خلیلی کوری لەگەل (شاەرخ)ی کوری تیموردا مدارای کردوە . (ملك خلف = ابو السیفین)ی کوری ملك خلیل زور بەجەرگ وازابوە وبە رامبەر بە استیلای آق قویونلی (حصن کیف)ی مردانە مدافعە کردوە بەلام بەخیانتی بکلە امرای ،قەلا کە کەوتوتە دەس دوژمن وئەم امارتەوقتی لەناوبچوە .

ملك خلیل ناو امیر بکی ئەم خاندانە ، لەدوای استیلای آق قویونلی رای کردبوە (حما)لە وقتیکدا کەامرای آق قویونلی بونخت سلطنت

له بینی خویانا که وبتونه شرهوه ، ئهم ملك خلیله هاتهوه کوردستان وبه معاونتی عشائره وه (سعرد)ی زهوت کرد له دوا یدا (حصن کیف)یشی سهندوه وامارته کهی سر لهنو دامزراندهوه .

ملك خلیل ، هرچهند لهگهل خاندانی صفویدا مناسبت وخزمایهتیشی پهیا کرد بهلام لهشری شاه اسماعیل رزگاری نهبووسیه سال لهرتهوزیر) حپس کرا وله دوای شری چالدیران خوی نجات داهاتهوهسر امارتهکهی وتابعی عثمانی بو و مدتیك امارتهکهی بهدهس نهتهوه پهوه دوامی کرد وله دوایدا لهطرف حکومتی عثمانیه وهله ناوبرا .

١١ ــ امارتی سلیمانی :

شرفنامه ، خاندانی ئهم امارته ئهباتهوه سر سیه کوری آخر خلیفهی امهوی (مروانی محمد) ، وئهلی ئهم کورانه ، لهدوای له ناوچونی حکومتی امویه هاتونهمنطقهی(قولب) [1] ، وبه یارمهتیه تی عشیرتی (بانوکی = بانهکی)ی کوردهوه ، وردهورده ئهونا وهیان تا دجله داگیر کرد وبعض قهلا وناحیشیان له ارمنی وکورجی سهند و لهوناوهدا حکومتیکی باشیان پیکه وهنا .

له هشت عشیرتی گهورهی ئهم امارته بعضیکی سنی بون وبعضیکیشی

---

(١) له داخلی ولاتی بتلیس قدیم ولوای (کیخ) دا قضایهکه

بون به یزیدی بەشێ زۆریان گەروك بو وعشیرتی (سلیمانی) ش له مانه بو .

دیسان هریه قسەی شرفنامه ، ئەبی مؤسسی ئەم امارته (مروان) ناویك بی . لازمانی پنجەم پشتی ئەم امیره داکه (میر دیادین) [1] یان پی ئەگوت ؛ شاه اسماعیل صفوي پەیابوه ، وامیر دیادین ، له گەل والی‌ی دیار بکری صفویدا یاش‌رای براردوه وحتی بوته زاواشی . لەپاش وفاتی ئەم امیره ، اداره‌ی حکومتەکەی کەوتوته دەس برازاکانی ودوقولی لی‌پەیا بوه : خاندانی گلاب وباطمان ، خاندانی میا فارقین .

ئەم دو خاندانه تامبادی ی عصری بیستەمي میلادی حکم ونفوذیان بدرجەیەك مابو [انسیقلوپه دیاي اسلام جلد — ٣ ، لاپەره ١٦١] .

١٢ — امارتی زراکی

شرفخان بتلیس ئەلی ، ئەم عنواني (زراکی) بەله (ازرق) پەوه پەیابوه ومؤسسی ئەم امارته (شیخ حسن) له سوریەوەهاتوته (ماردین)

---

(١) ئەکوری میر ابراهیم کوری میر عز الدین کوری میر بهاء الدین کوری مروان ﴾

به کشف و کرامتی شورتی پەیا کردەوە وچونکە جلی شینی لە بەر کردوە بی‌یان گوتوە (ازرقی) .

زوری پی نەچوە ئەم شیخە لەطرف حاکمی (ماردین) ەوە ، کەمحتملە آق قویونلی بوبی ، حبس کراوە بەلام لەدوا ییدا بە سبب بعض کرامیتەوە بە ردراوە وحاکمە کەش کە دویەتی بەزاوای خوی وئەم (شیخ حسن) ە لەدوای خەزوری حکومتی (ماردین) ی گرتوتە دەس خوی ، ولە باشدا لەنەسەوەی ئەم ذاتە چوار خاندانیتر پەیابوە : درزینی ، کردکان ، عتاق ، ترجیل .

قولی اول لەطرف (هابل)ی کوری (شیخ حسن) ەوە لەقە لای (دیر زیر) دا ،]

قولی دوەم لەطرف کورە زای (هابل) ەوە لە (کردکان) دا [یانی دیار بکروعیانارتین]

قولی سیەم لەطرف امیربکی (رزا کی) یەوە لە قەلای (عتاق) دا ،

قولی پنجوارەم ، لە قەلای (ترجیل) ی نزیك دیار بکردا دا مزراوە .وهر پنجوار قولەکە لە دوری عثمانیشدا مدتیکی زور دوای کردوە .

۱۳— ارارتی کلس

انسیقلو په دیای اسلام ئه‌لی ، خاندانی امارتی (کلس) ، بی شبهه ، منسوبی خاندانی امارتی (حکاری) و (عمادیه) یه . شرفنامه ئه‌لی‌اصلی ئه‌مانه عباسی‌یه وئه‌مانه شیه برابون : شمس الدین ، جدی خاندانی امارتی (حکاری) یه بهاء الدین[1] باوکه گه‌وره‌ی میرانی (بادنیان)ه و (منتشا)ش مؤسسی خاندانی امارتی (کلس) ه . ناوی ئه‌م سیه ذاته ، له‌طرف کوردانی ئه‌رناودوه ، یه نظر لهجه یانه‌وه‌کرا وه به (شمون) ، (بهدین) و (مند) .

له مانه (منتشا = مند) ، قوتیکی مناسبی کوردی کو کرد وته‌وه وبخوته مصر وشام[2] وخدمتی حکومتی ایوبی‌ی کردوه وله‌طرف سلطانی ایوبیه وه نزیك له (انطاکیه) ناحیه‌ی (قصیر) ی‌دراوه‌تی و (مند) باره به‌ره یزیدی ی ئه‌وناوه و خیلانی کوردی (صوه) و(کلس)ی له دوری خوی کو کردوته‌وه وله خدمت وصداقتی ایو بیشدا دوامی کرد وه ، له مکافاتی ئه‌مه‌دا سلطانی ایوبی امارتی کوردانی شام وحلبی‌ی بخشیوه :

له‌دوری ملوکی مصر وا خلافیدا نه‌تاوه‌ی (مند) ، له‌گه‌ل (یزیدی) یه‌کا زورخه‌ریك بون . امیر (قاسم) یك ، له‌زمانی عثمانیدا له‌گه‌ل (شیخ عز الدین)ی رئیس یزیدی که‌وتوته شره‌وه ونهایت به حمایه‌و

الماس (قره جه‌پاشا)ی بگلر بگی‌حلب قاسم‌بك كيرا وكوژرا و (جانپولادبك) ی كوريشي برايه استامولة وخرايه. (اندرون) ەوه ، وشيخ عزالدين بوه اميری كورداني ئەوناوه .

لەزماني سلطان سليماندا ، اينجا امارت كوتاوه دەس جانپولا ، تازمانی سلطان احمد تادرجه يك حكم ونفوذی نەماوەی جاری بو ونهايت (ميرعلی) عصيانی كرد وسەربەخويی‌ی لەحابلدا اعلان كرد بەلام زوری پە نەبو (قويوجی مراد پاشا) شكاندی ولەناوبو .[١٠١٦ ھ].

امارەتە کانی (بینی جزیرة وغوی

١٤ — امارتی مطاری

درحق به اصلی خاندانی ئەم امارته معلوماتیکی دورست نیه . شرفنامه ئەلی جدی ئەمانه شمس الدین ناو ذاتیکه [ئاشای باسی کاس یکه] ، لەلایکیتره وه ئەلی دوم جار ، امارته کەطرف (سد الدین کلابی) یەوه احیا کراوەتەوه ، وئەم اسد الدینه ش کەبه (زرین پنجك) شور ەتی بوه لەمصره وه ولە سر التمامی آسوریه کان کراوه به امیر . دوقتور فریچ ، به کورەی ئەم معلوماتە واسمی (ثمون = شه بو) وه ئەلی چونکه بەاسوری اسمی (شبنه) ناوی روژیکه ، ئەبی ئەم امیرەش له اسوری بی والحال ئەم فکره لەر غلطه چونکه (شەمو) کوردیه واکربه کورەی مشابهتی لفظه وه حکم بدەین ئەبی بلین (شه مبو) کورد بوه . خلاصه وه کو شرفنامه لەباسی (امارتی کاس) دا ئەلی ، ئەبی شمس الدین باپیره گەورەی ئەم خاندانەبی وامارته کەش (شەمبو) ی پی گوتراوه .

لەدوای اسدالدین . (ملك عز الدین شیر — یزدان‌شیر) بوە بەامیر شەستسالیك حکمی کردوە . لەدوایدا (زاهـد بك) ی کوری امارتە کەی خستوتە ژیر حمایەی شـاە اسماعیلی صفویەوە . لەدوای زاهد بك ، وادەر ئەکەوی کە (ملك بك) و(سید محمد بك) ی کوری هریکە لەبەشیکی وشمدینـاندا حکمیان کردوە و ئەتەوەی ئەم خاندانە تاعصری نوزدەمیش میلادیش ماوە وحکیـان جاری بوە ، ولە امارتەکەوە کانی کوردستانی مرکزی بون . زکریابك وابراهیم بك لە جولەمیرك وئالپاق دا حاکم بون وتصادفی دوری شرفخانی بتلیسیان کردوە [١٠٠٥ هـ] اولیا جلی، زور مدحی ئەم امارتە ئەکاوئەلی، دائەی دەهزار ئەنکچی یەکی بو ولەوقتی تنکانە داچل پنجا هزار شرکری کۆئە کردەوە آخر امیری ئەم خاندانە (نور الله بك) ی حاکمی (بوتان) بوکەلەدوای حادثەی بدرخان بك امارتەکەی لەدەس چوولە ١٨٤٥ دا حلیمە خانم (باش قلعە) ی تسلیمی تورك کرد .

١٥ — امارتی محمودی

درحق بە اصلی امیرانی محمودیش روز روایت هـە یە بەلام (دوفتور فریچ) ئەلی، مؤسس ئەم حکومتە کە (بهلول بك) ی سـلیمانی یە ، لەنەوەی آخر خلیفەی اموی (مروان) ە .

بەلام شرفنامەئەلی ، مؤسس ئەم خاندانە (شـیخ محمود) ناوذانیکە

كه‌ به‌ روايتيك له‌شامه‌وه‌ و به‌روايتيكتر له‌جزيرةٔ ابن عمره‌وه‌ له‌گه‌ل عشيرته‌
كه‌ى هاتونه‌ لاى حكمدارى قره‌قويونلى (قره‌ يوسف) ، وله‌طرف ثم
حكمدار، وه‌ فه‌لاى (آشوت) داره‌ به‌ عشيرته‌ كه‌ى وخوشى كردوه‌
به‌ معيتى خاص خوى . له‌دواى بنيك كه‌ جرأت ومردايه‌تى شيخ
محمود له‌شرداينراوه‌ ، كراوه‌ به‌ اميرى (آشوت) و (خوشاب) ،
وغشيرته‌كه‌ش به‌ناوى ثه‌م اميردوه‌ (محمدى) ى ناونراوه‌ .

(مير حسن)ى كورى شيخ محمود، امارة كه‌ى گاوره‌ كردوه‌ عزالدين
شيرى حكمارى‌ى شكانده‌وه‌ وناحيه‌ى (تيلو) ى لى زه‌وت كردوه‌ له‌وه‌ايندا
اميرى بتليس ياريه‌ى عز الدين شيرى داوه‌ واشرى (چه‌ى مير
احمد) دامير حسن گوزراوه‌ له‌پاشدا ثه‌م امارته‌يوه‌ به‌دوقول : محمودى
آقجه‌قلعه‌ . وله‌اوخر عصرى ده‌ هه‌ى هجريدا قوليكى زيشى‌لى بوته‌ وه‌
خلاصه‌ تا اواسطى دورى عثمانى دوامى كردوه‌ اوليا چلبى باسى قوت
وگه‌وره‌يى ثه‌م امارة ثه‌كاوثه‌لى ، ثه‌م حكومته‌ لاى روژ هه‌لاتى وان
كوبتو ونزيك صد عيليكى هه‌بو ، لشكرى دائمى شش هزار
سواريك بو .

١٦ — امارتى بيانيش

انسيقلوپه‌ دياباسى ثه‌م امارته‌ ناكا والحال له‌دورى عثمانيدا له‌ناو امارته‌
گه‌وره‌ كانداباه‌ناوبانك بو ودراوسيه‌ى امارتى محمودى بو . اوليا چلبى

ئەلی بە دائیم لشکریکی شەش هزار کسی بو .

۱۷ — امارتی دبنلی

دوقتور فریچ ، لە کیتبی (کوردلر) دا زور بە کورتی باسی ئەم امارتەی کردوەوختی اهمیتی بەایضاحاتی شرفناەش نە داوە [۱] . بەلام کیتبی (اثار الشیعة الامامیه) ، بە کورەی تاریخی دنابلە [۲] باسیکی بەطولی ئەم حکومتە مان بوئە کیریتە وە ، وئەلی اول حکمداری ئەم خاندانە ملك طاهرە کە کوری امیر عیدی کوری امیر موسی حاکمی شام بوە ئەم امیر موسی یە کوری امیر یحی وزیر هارون الرشیدە . بە کورەی [انساب الاکراد] [۳] اصلیان ئە چیتە وەسر عائلەی برمکی مشهور ، وئەم عشیرتە زور قولی لی بوتەوە هرە مشهور یان دنبلی یحیی [نەتەوەی امیر یحیی] ، شمسکی [بەردی شمس الملك جعفر] عیسی بکلو [نەتەوەی امیر عیسی] ، بکزادە [نەتەوەی امیر فریدون] ، ایوبخانی .....

---

(۱) بەکورەی شرفنامە وروایتی اصح ئەبی عشایری دونبلی لە حکاری بەوە جونبە اذربایجان وامیر عیسی باوکی ملك طاهرلە جزیرە ابن عمروە هاتوە

(۲) تاریخی دنابلە لەزیر عنوانی (ریاض الجنة) دالە طرف عبدالرزاق کوری نجفقلی دنبلی یەوە بەفارسی نوسراوە نسخە یەکی لەطهران لەکتبخانەی شاهیدایە بیجگە لەمە (امین احمد الرازی) ش لە زیر عنوانی (هفت اقلیم) داکیتبیکی درحق یەامرای دنابلە نوسیوە .

(۳) ئەم کیتبە اثری « ابو حنیفه ی دینوری » صاحبی « کتاب اخبار الطوال »ە .

واخۆ . وئەم قولانەی لەطرف خلیفە-مأمون وتیمورلنك وسلطان سلیم ، بەولاتانی کاشان ، خراسان ، خبوشان ، شیروان ، کنجە ، قرەباغ وقرجە طاغدا بلاوکراوەتەوە امرای ئەم خاندانە لە عصری چوارمی هجریە وە لە کوردستان . واذربایجاندا ادارە یکی سر بەخوبان بوە وتازمانی شیخ حیدری صفوی دوای کردوە وله زمانی ئەم شیخە دا امیر بهلولی دنبلی بە آرزوی خوی تابعی شیخ حیدر بوە وئەم حکومتە بوبە امارتیکی تابعە .

حاکمانی ئەم امارتە بە مختصری لەژیر دوە باس ئەکری تفصیلاتیان لە (کوردانی ؛ ناوبانك ویا مشاهیر الاکراد) داهەیە :

مەرحومی امیر ارلان

میر احمد : چوارمین حکمدار، لە شامدا حاکم بوە . بعض جیگەی حکاری زەوت کردوە . بعض تألیفاتی هەیە . فلای (بای) اثری ئەم ذاتیە ولەوی مدفونە . تاریخی وفاتی ٣٧٨ ی هجریە .

میر سلیمان : بەسر کوردستان و اذربایجان وشامدا نفوذی جاری بوە لە جبل سنجار (سرای سلیمان)ی دورست کردوەماوەستای لەایرانەوە هیناوە ومندالانی کوردی فیری خوێندن کردوە صاحبی (مشارق الانوار) شیخ رجب البرسی لە خواصی ئەم امیرەیە تاریخ وفاتی ٤١٠ هـ یە.

امیر جعفری دوەم : لەزمانی ئەم امیرەدالە(چیای سنجران)دامەدنی

آلتون دوزرایه وه وبه (زری جمفری) شورتی سه ندنم چیایه نزیك قه‌لای (دنبله) بوه تاریخی وفاتی ٤٤١ ی هجریه .

امیر یحیی : به کوره‌ی شرفنا له گاورمی هزار مال تبعه‌ی بوه ونزیك هزار ودوصد تکیه‌ی له‌چیا کانی کوهستان واذربایجان وشامدا یکه وه ناوه ، تاریخی وفاتی ٤٧٧ ی هجریه .

امیر عیسی به‌صلاح الدین کورد شوره‌تی‌بو وله منسوبینی یزدانیه صد هزار مالیکی کوردی بردوته اذربایجان وکوهستان اغلب له بتریزدا وفتی رابوارد وه .

امیر جعفر به شمس الملك شوره‌تی‌بو معاصری (منوچهر شیروان شاه) بو وشاعری مشهور خاقانی‌ی شیروانی گه‌لی مدحی کردوه تاریخی وفاتی ٥٣٥

امیر باشاله گه‌ل ته سلطان سنجر اداباشی را بوارد. بعضی آثاری له (خوی) را دانا تاریخی وفاتی ٥٩٠ی هجری.

میراحمد صاحبی مثنوی مشهور مولانای رومی‌له خواسی‌ئه‌و امیره‌بو.

میرابراهیم‌مرکزی(نه‌وزیر) بو.له گه‌ل چنیکی وولاته که‌ی‌ئه ویرانی نجات‌دا. تاریخی وفاتی (٩٢).

میرجمشید: له گه‌ل لشکری مغول که

له ۷۲۰ دا لشکریکی زوری کرده سری وله چیای (چله خان) داکوژرا .

امیر بهلول : کوری امیر جمشیده تاریخی وفاتی ۷۶۰ ی هجریه .

شاه منصور : کوری امیر بهلوله تاریخی وفاتی ۷۹۵ ی هجریه .

میر محمود : کوری شاه منصوره وله‌لای سلطان بایزید حرمتی بوه . قصه‌ی محمودی‌ی دورست کرد وله ویدا مردتاریخی‌وفاتی ۸۲۰ی هجریه

امیر ولی : له‌خوی دا دانه‌نشت .

حاجی بك : کوری امیر ولی‌یه تاریخی وفاتی ۸۲۲ ی هجریه .

سلطان علی : کوری حاجی بگه تاریخی وفاتی ۸۳۵ ی هجریه .

امیر نظر : کوری سلطان علی‌یه .

امیر فریدون : به امیر فیلج ناوده‌تی‌بو به کوردی تاریخی جهانناما‌یه‌مو اذربایجان و کوردستان وارمینه داحاکم بو له (خوی)دانژراوه تاریخی وفاتی ۸۶۰ ی هجریه

امیر بهلول : تصادفی دوری شیخ حیدری صفوی‌ی کرد طبرستان وطاغستانیشی به‌دهسه‌وه‌بو به‌ارزوی خوی‌بوه تابعی‌شیخ حیدر، له‌شری بنی‌صفوی وشاه‌خلیل اق قویونلیدا وله‌تاریخی ۸۸۰ ی هجریدا له‌ناوچو .

میر رستم به شمخویردی بك‌شوره‌تی بوتاریخی وفاتی۸۹۸ ی هجریه.

امیر بلاوز : فهی(سلمان خلیفه) یه‌تاعمری (۹۵) سالی‌امیربو له‌معیتی

شاه طهما سبدا داخلی شری عثمانی بو تاریخ وفاتی ۹۸۵ ی هجریه .

ایوب خان : کوردزای امیر بهروزه رتبه‌ی بکلر بکی ومنصبی سپهداری ی بو تاریخ وفاتی ۹۹٤ ی هجریه .

شاه بنده خان :

بهروز خان : له‌خواص شاه عباس بو شرفنامه باسی شجاعت ورشیدی ئه کا له ۱۰۱٤ای هجریدا وفاتی کرد .

علی خان : کوری بهروز خانه وبه‌صفی قلی‌خان شوره‌یی بوکه‌سلطان مراد هاته سرادز بایجان له‌اردوی شاه صفی دا بو . له وقتی هاتن فرهاد پاشا بو سر کوردستان علی خان له‌چیا کانی حکاریدا زور مدتعدی کرد له‌باشدا له گه‌ل احمد پاشای والی بغداد ریك كه‌وت واذ[illegible] وارمینیه‌ی له‌اداره دابو .

مرتضی قلی خان : کوری علی خانه وله اصفهان ملازم خاص شاه عباس ثانی بو .

غیاث بك : کوری علی خانه یکی له سردارانی شاه عباس بو له‌شری (قندهار) داموفق نه‌بو له‌برئه‌وه روی نه هات بیته‌وه وله‌گه‌ل بعض عشائری‌له وطرفه مایه‌وه . طائفه‌ی (خرابی) نه‌ته‌وه‌ی ئه‌م امیرەن فتحعلی خان ملك الشعرای قاجار ومحمود خانی کوری لام طائفه‌یان .

شهبازخان : کوری مرتضی قلیخانه . له‌فه‌لای (خوی) دا له‌طرف

عبد الله پاشاوه محاصره کرا وله‌دوایدا تسلیم وفوت بو (۱۱٤٤ی هجریه)

امیر احمد خان : تصادفی دوری نادرشاهی کرد ولاتی اجدادی به‌دەسەوه بو پنجا سال وشەش مانك امارتی کرد ووقتی که لەلای کریمخان زندبو بەدەس کورانی شهباز خان کوژرا .

نجفقلی خان : کوری شهباز خان ولەسردارانی نادرشاه وبکلربکی نەوریزبو شاعر وادیب بو تاریخی وفاتی ۱۱۹٦ ی هجریه

امیر خدا داد خان : کوری بخققی خانه .

فتحعلی بك : کوری خدا داد خانه .

اقا محمد خان : کوری نجف قلی خانه .

عبد الرزاق بك : کوری نجف قلی خانه شاعریکی مشهور وپیاوماقولی شاه زاده عباس میرزا بو بعض اثاریش هەیه تاریخیکیش در حق خاندانی خوی نوسیوه ونسخه یکی له کتبخانه شاهیدایه تاریخ وفاتی ۱۲٤۳ی هجریه .

بهاالدین محمد آقا : کوری عبد الرزاق بکه عالم وفاضل وشاعریکیش بو دیوان اشعاری هەیه .

کوچوك خان : کوری بها الدین آقایه

شهباز خان : کوری مرتضی قلیخانی دووەمه لاشیرازدا بەدەس کریمخانه وەاسیربو .

محمود خان : کوری شهباز خانه . بکلربکی اصفهان بو .

شهبازخان : کوری محمود خانه تصادفی دوری ناصر الدین شاهی کرد.
امیر حسینقلی خان : کوری احمد خانه .
محمد صادقخان : کوری حسینقلی خانه بکلربکی اذربایجان بو .

۱۸ — امارتی براادوست

خاندانی ئەم امارته . نەتەوەی خـاندانی حسـنویه . لەدوای کوڕانی (میر هلال) ی کوری (ناصر الدوله بدر) ، کورانی هـلال هاتونە ناو برادوست . ئەمانەسیە برابون : یکیکیان [طاهر] ، لەجیگەی باوکی بوتە حاکمی اشار،زور) ، یکیکیشیان بوتە رئیس عشیرتی (اکور) وسیە مینیش هاتوتە (سلماس) وئەوی دیکەش ئیر حکمی خویەوە .

شرفنامە ئەلی ، امیری هرە مشهوری ئەم خاندانە (غازی قرائی کوری سلطان احمد) ە ، لەاولا لەگەل شاه اسماعیل دوژمنایەتی کردوە لەدوابیدا ریك کەوتون وشاه لقبی (غازی قران) ی لەگەل نواحی (تەرگەور) و (صومای) و (دول) ی داوەتی ، وئەم امیرە جسورە تاشرە گە وردکەی' (چالدیران) بە نیوە سربە خوبی تابعی شـاەبوە . لەدوابیدا لەگەل باقی امرای کورد اطاعتی یاوزی کردوە وسلطان سلیم زور قدری کرتوە ولەایالاتی (هەولیر) و (بغدا) و (دیار بکر) بعض نواحی خستوتە سر ملکی امیر غازی قران .

لەدوای غازی قران . ئەم امارتە بوتە دوبەش : تەرگەور .

صومای .

امارتی صومای

لەطرف شاه محمود بکی غازی قرانه وه دامزار وتا اقراض بەدەس نەتەوەی شاەمحمود بکە وەبو . لەتاریخی ١٠٠٠ ھ دا امیر صومای (اولیا بك) بو .

غائرانی امارتی تەرکەوەر

لەعشیرتی برادوست بو وشرفخان ، باس (ناصر بك بن شیر بك بن شیخ حسن) ناو امیر بك ئە کا کە لەزمانی خویدا حاکمی تەرەگ وەریوە یکی لەامرای مشهورەی ئەم خاندانش ، مدافعی قەلای (دوم دوم) امیر خان یکدەسە ؛ ئەم امیرە تصادفی دژی شاه عباس اول کردوە ولە١٠١٧ ھ دا لەقەلای (دوم دوم) دا بەرامبـە بەشاه عباس عصیان کردوە .

١٩ ــ امارتی مکری(١)

شرفنامە ، سیف الدین ناو امیر یکی صومالی بە مؤسس ئەم خاندانە ذانەنی . ئەمذاتە لەدوری حکومتی تورکماندا [عصری نوهه می هجری] ، اولا ناحیەی (درباس) ی لەعشیرتیکی تورکمان زەوت کردوە ، لەاخریدا (دولی باریك) ، (اختـاجی) ، (ایلەبور) و (سلدوز) یش

(١) بەکورە روایتیك ئەم خاندانی (مکری) یە تولیکی ؟؟؟

خستونه سری ، وبەرە بەرە امارتیکی بەقوتی ریك خستوه وبه عنوانی سویەوه امارته کەو وعشائره کانیشی ژونا (مکری) ومدتیکی زور بی شروهەرا حکومتی کرد .

لەدوای (امیر سیف الدین مکری) ، صارم بکی کوری بوه بەامیر ، واستیلای کوردستان لەطرف شاه اسماعیلەوه تصادفی ئەم وقتەی کردوه . شاه ، لشکریکی ناردوته سر صارم بك بەلام لشکره کەی شکاوه . لەدوایدا لشکریکی قور ستری کردوتەسری [٩١٢ ه] ، وئەم جارەش صارم بك ، لشکری قزلباشی زور خراپ شکاندوه ، بەلام لەپاش یەك بوخو باراستن لەشری صفوی لەگەل باقی امرای کوردا جاپەی عثمانی قبول کرد وله استامول سلطانی زیارت کرد .

لەدوای صارم بك ، حکومتی مکری که وتوته دەس آموزا کانی ، که شیخ حیدر ومیر نظر ومیر خضربو . ئەمسیه برایه وازیان لەحکومتی عثمانی هیناوه وبونه طرفداری صفوی [٩٤٨ ه] . لەسرئەمه سلطان سلیمان ، امیری عمادیه سلطان حسین وامیری حکاری زینل بك وعشایری برادوستی کرده سریان ولەدوای شربکی قورس هرسیه امیری مکری لەناوچو . لەدوای ئەمشره امارتی مکری ، لەطرف سلطان سلیمان دراوه به امیره بکی حاجی عمر بکی کوری صارم بك ، ونزیك سی سال امارته کەی یدە سەوزبوه . لەدوای ئەم امیره بکه امارت کەوتوته دەس

امیره بکی شیخ حیدر ، ومکری دیسانه وه چوته ژیر حمایه‌ی صفوی . لەزمانی (شاه محمد خـــدابنده) دا ، لەگەل امرای لورستان واردە لان دادیسانەوه بوه تەمەی عثمانی . امیره بك ، لەوضعیت استفادەی کرد وملکی اجـــدادی لەگەل شارەزوری ولوای موصلی له سلطان بجری سلطان مراد ، هەولیر و (مراغـه) شی دابه کور ەکانی امیره بك .

زوری پی نەچو بەسبب خدمت وآزایەتی بەوه رتبەی میر میرانیشی درایه امیره پاشا مدتیکی زور حـکمی کرد لەپاشدا لەگەل جعفر پاشای بکلربکی (تەوریز نیگەچو وبعضی لەملکه کانی لەدەس سیزایه وموله گەل ئەمەشدا مدتیکی ترئەم امارته دوامی کرد ولەدوری شاه عباس اولدا دودفعه (لەزمانی قباد بك وشیر بك دا) توشی قتل عام بو . درحق به تفصیلاتی له ناوبەونی معلومات نیه .

٢٠ — امارتی استونی (١)

شرفنامه باسی ئەم امارته ناکا . بەکورەی تەحقیقاتی انسیقلو په دیای اسلام ، خاندانی قدیمی شمدنیان ، عبـــاسین . لەدوای ئەم خاندانه ، سیدانی (نەرەی) ، حکم ونفوذیان کرتوته دەس خویان ، یـکی لەم

(١) انسیقلو په دیای اسلام ، باسی امارتی « زازا » وامارتی « ئارزا » ش ئەکا بەلام درحق أداره ومەرەم وخصوصیاتیریان شتیك نالی .

سیدانه که شیخ ابوبکری کوری شیخ عبد العزیز بو ، له‌کوندی (استونی) دا دانه‌نیشت ونفوذ روحانی وجسمانی‌ی ئه‌و ناوه‌ی به‌ده‌سه وه بوه مشهور شیخ عبید الله نه‌ته‌وه‌ی شیخ ابوبکره . وحرکتی ئه‌م ذانه ، له‌شمدنیان ومکری دا بواستقلالیکی ملی ودامزراندنی حکومتیك [١٨٨٠ — ١٨٨٣ م] معلومه له‌نتیجه دا موفق نه‌بو وگیررا ونیررا به‌استامول وله‌وی وه چوه حجاز ولله‌وی وفاتی کرد .

کومه لی جنوبی هکاری

۲۱ — امارتی بادنیانه :

ئهم امارته (بهادنیان) یشی پی ئهلین به کورهیِ شرفنامـه ، ئهبی له (دوری عباسی)یش دابوبی . به کورهی روایتیـکی شرفنامه مؤسسی ئهم خاندانه ، لهخاندانی بنی عباس بهاء لدین ناویک بوه و بهسبب ئهم ناوهو- بهاء الدنیان = بهادنیان = بادنیان) ی پی گوتراوه شرفنامه لهلایکی تریشهوه ئهلی ، (لهزمانی تیموری لنك وشاهرخی کوریدا عمادیه) لهژیر حکیانا بوه و (شـاه رخ) ، دوابی ی عمری لهویدا رابواردوه و (عمادیه) ی داوهبه (امیر سیف الدین) ی کوری) .

لهدوای امیر سیف الدین ، امارته که کهوتوته دهس امیر حسن)ی کوری ، وزمانی لهگهل شرودهوای آق قویونلیدارا بواردوه ، ولهدوا ییدا چوته ژیر حمایهی شاه اسماعیلهوه .

لهدوای امیر حسن ، کوره گهورهکهی (سلطان حسین) بوته امیر . ئهم امیره لهپاش یهنیك بوته تابه کی عثمانی وله اداره دا مقامی وه کووالی بو وسی سالیك امارتی کردوه . لهتادیبی امارتی مکری وتعقیبی (القاس)

میررا دا بوحکومتی عثمانی خدمتی گەورەی کردوە وچوار سالیکیش سنجاقی موصلی لەژیر ادارە دابوە .

لە دوای سلطان حسین ، قبادبکی کوری بوتە امیر ، زوری پی نەچوە لەگەل (بارام بك)ی برایدا کەوتوتە هەراوە . بارام بك ، لەدرویش مشربی وسکوتی قبادبك استفادەی کردوە وعشائری بادینانی لی هەلساندوە وخوشی رای کردوتە لای شاە اسماعیل دژوەم قباد بك ، هەر چونی بو عشائرەکەی تسکین کردوە . بەلام زوری پی نەچو عشائری (مزوری)ی لیراست بوەوە بە زوری ئەم عشیرتە (سلیمان بك) ناوامیریکی بادینانی کرا بەامیر ، وقباد بگیش لەموصلەوە چوبو (سنجار) ولەوی ئەم ماجرایەی بواستامول نوسی .

بارام بك ، لەم فرصتە داهاتەوە (عمادیە) وامیریەتی خوی ا.لان کرد .

قباد بك ، بینیك لە(زاخو)دا دانیشت ولە دواید چوە استامول ، وصدراعظمی ئەووقتە، کەسیاوش پاشابو ، فرمانی امارتی دایە ونارديەوە . قباد بك هاتەوە (دهوك) وویستی مشوقی عاصیە کان لەناوبەری ، بەلام لەو وقتەدا (سلیمان بك) ، لەگەل (میر ملك)ی رئیس مزوری ، بەلشکرەوە رویان کردە (دهوك) وخەلکی شارەکەقاپیان بو کردنەوە و (دهوك) کەوتە دەس سلیمان بك وقباد بگیش کوژرا

[٩٨٤ هـ] .

بارام بك ، كەوای‌زانی دەس بەجی پەسوەلای عشیرتی مزوری وامارتی خوی پی تصدیق کردن .

کورانی قباد بك ، سیدی خان و ابوسعیدەلای حکومتی عثمانی دا وای امارتیان کرد . حکومتیش‌امری دا بەسردارفرهاد پاشا کەبارام بك بگری . لەو وقتە دا سردار بوسفری کورجستان ئەچو ، بە وعدی ئەمە کەلەدوای ئەم سفرە بیکا بەامیر (بارام بك) ی بانك کردە لای خوی ، وبارام بك بەم امیدە (سیدی خان)ی برازای کردبە وکیل وخوی بە لشکرەوە بچوبولای سردار ، لەدوای سفری کورجستان ، سردار بارام بگی گرت وبە بوختانی کوشتی براکەی بە حکمی محکمە لە ارضروم اعدام کرا [1] .

بەم تەرحە امارتی بادینان بو (سیدی خان) مایەوە [٩٩٤ هـ] . ئەم امیرە لە زمانی صاحب شرفنامەدا حاکمی بادینان بوە ومدتیکی زور

---

(١) صاحبی «جوار عصری دوایی ی‌عراق» ئەلی : لەدوای ئەمەکە سیدی‌خان وبراکەی جونە ئستامول سلطان مرادی سیەم امارتی عمادیە ی دابەوە بە سید خان وامری‌دابەسردار فرهادپاشا، کەبە لشکری بغدا وکرکوك وامارتانی کوردیارمەیەتی سیدی خان بەنهایت فرهادپاشاهرجونی بو عمادیە ی‌گرت وسیدی‌خانی‌لە ١٥٨٥م دا دامزراند «لابزە — ٤٢» .

امارته‌كه‌ی اداره كردوه . ظاهروایه كه له‌دوای سیدی خان ، یوسف خان بوته امیر ، ولەزمانی خویدا [١٠٤٨ ه] توشی تعرضی ملك احمد پاشای والی‌ی دیار بكر بوه ومدتیك لەدیار بكردا چەپ بوه وله پاش جریمه یەكی قورس وله‌دوای وفاتی سلطان مراد نجاتی بوه [لولیا چلبی] .

له‌دوای یوسف خان ، وا دیاره امارت كەوتوته دەس كوره كه‌ی وله ودوره‌دا [١٠٧١ ه] قوت ونفوذی امارته كه زور پیش كەوتوه . لشكری ئەم امارته ٨ تا ١٠ هزار سوار وئەوه ندەش زیاتر پیاده بوه ودائما یارمه‌یه‌تی حكومتی داوه [چوار عصری دوایی ی عراق . لاپەره - ٩٨] .

تاریخ ، له ١١١٢ ه [١٧٠١ م] دا (ربات پاشا) به امیری عمادیه نشان ئەدا وئەم امیره لەوتایخەدا لەگەل لشكری موصل ودیاربكر دا چوه بو جنوبی عراق واختلالی منتفكیان تسكین كردوه .

له ١١٣٨ ه دا بارام پاشا (ره نگه كوری ربات پاشابی) بوته امیری بادینان وبه (بارام پاشای گەوره) شورتی سەندوه ، له هەمو خصوصیكه وه خدمتی امارته كه‌ی زور كردوه وحه ساندویه تەوه له‌دوای حكومتیكی پنج سالی له ١١٨١ ه [١٧٦٧ م] وفاتی كردوه

له‌دوای بارام پاشا ، اسماعیل پاشای كوری بوبه امیر وحكومتی زور

دوای کرد له ۱۲۰۲ هجریدا [۱۷۸۷ م] توشی ناراحتی واختلالی بعضی لەرقیبانی بو بەلام ، وفاتی ناکهانیی کوران وکورە زاکانی ایجگکاری آلوزاندی وشریکی خرابی خومالی دەس پی کرد ، واینجا به مداخلەی بغدا ئەم هەرایه برایەوه . (چوار عصری دوایی عراق) باسی علی مراد خان پاشای بادینانی ئەکا وئەلی له ۱۲۱۷ هـ دا که علی پاشای والیی یغدا لشکری کردە سر سنجار ، ئەم امیرەش به لشکری بادینانەوه لەگه لیدابو . ظاهر وایه کەعلیمراد خانیاکوری وبابری اسماعیل پاشابوه. لەدوای شری سنجار علی پاشا ، علیمراد خانی عزل کرد وقباد بکی کرد به امیری بادینان ولەگەل پنیصد سواریکی بەبه کەلەمیت خالد پاشای بەبه دابو قپادبکی نارده وه بادینان . عمادیه ، عقره ، دهوك وزاخو هریەکه درا به امیر بکی بادینانی وئەبوایه هەمویان تابعی امیری عمادیه بونایه .

له وقتیکدا کەامارتی بادینان توشی تعرضی امیری سوران(پاشاکوره) بو ، سعید پاشا امیری عمادیه بو ، وبەرامبه ربه محمد پاشا ، رسول پاشای برای کرد بەحاکمی عمایه .

لەدوای لەناوچونی محمد پاشا ، اسماعیل پاشای بادینانی بوە حاکمی (عقره) ، هاته میدانەوه وامارتەکەی گرتە دەس خوی وەدتیک متصرفی موصل(اینجه بایر اقدار محمد پاشای ناراحت کرد وامارتەکەی

بدەسەوەنەدا بەلام زۆری پی نەچو ، صدر اعظم مصطفی رشید پاشا بەلشکرەوە هاتە سری ولە (عمادیە)دا محاصرەی کرد وگرتی ونار دیە بغداوەوی حبس کرا ولە حبسخانە دا وفاتی کرد وبە تەواوی امارتە کەلە ناوچو [١٢٥٩ هـ ١٨٤٣ م] .

٢٢ — امارتی داسنی :

بە کورەی انسیقلو پەدیای اسلام ؛ ئەم عشیرتی(داسنی)یە لەمنطقەی (دهوك) دابوە وئەم شارەشی بدەسەرەوە . لەدوایدا امیری بادنیان ، (دهوك)ی لەسنجاغی داسنی سەندوە . لەپاشدا ، کە سلطان سلیمانی قانونی‌چو بوفتحی بغدا ، حاکمیتی (هەولیر)ی ، لە(میر عز الدین)ی سوران سەند ودای‌بە حسین بکی رئیس عشیرتی داسنی و(میر عزالدین پشتی کوشت‌ولەدوای وفاتی سلیمان بکی برای هەمو امارتی‌سوران دەس حسین بك .

لەوبنیەدا لەنەوەی امرای سوران میر سیف‌الدین کوری‌میر حسین لە (صوماقلق) بو کەیستی امارتی سوران دراوە بە خاندانکی غیرە ، لەگەل حسین بکدا کەوتە شروەە راوە ، ولەدوای شربکی زور حسین بکی دەر پەراندا ولە دوایدا حسین بك بانك کرا بە استامول ولەوی اعدام کرا .

٢٣ — امارەتی سۆران :

شرفنامه ، (کەولوس) ناوەاجریکی بۆنانی بە جدی امرای سۆران ئەنوینی وئەلی ئەم ذاتە کوری یەکی لەپیاوما قولانی بغدا بوە وهرچونی بوە هاتوتە ناحیە ی (آوان) ولە گوندی (هودیان) دا بە شوانی رای بواردوە .

(دوفتور فریج) ، ئەلی ئەم ناوی (کەولوس) ، لەناویکی عرب نا کا وئەبی کوردی بی چونکە بە کوردی ی ئەوناوە ، کسیك دانی پیشەوی کەوبق وباشاش بی (کەولوس = کەل)ی پی ئەلین .

واقعا مطالعەی دوفتور فریج لە عقل نزیکترە .

ئەم (کەلوس)ە ، سیە کوری بوە : عیسی ، ابراهیم وشیخ ادریس . عیسی کورە گەورە بوەوزور آزا ومەزبوت وخوش صحبت وسخی بوە ، لەبەر ئەوە زور خوشە ویست بوە . بنیك بعضی غیرە ئە وناوە ناراحت ئەکەن . خەلکی ناحیە کە بودفعی دوژمن ، (عیسی)ئەکەن بە گەورەی خویان وعیسی ، لەمدتیکی کمدا زور کسی لەدوری خوی کو کر دوتە وە وقەلای (آوان)ی محاصرە کردوە ، وەگەل رفیقە کانیا ، لەسر بعضی تاشە بەردی سوری بەرامبە قەلاکەوە دەسی کردوە بەشر وەدافعێی قەلاکەی چاونرسین کرد وخەلکی قەلاکە ناویان نان (سورە بە

ردی) ، وله دوایيدا ئەوەی امير عيسى بە(سوران) شورەتی
سەند [1]

امير عيسى ، نهايت قەلاكه زەوت ئه كا وامارتيك دائه مەزرنى ،
وبەسر بەخوبى يەكى ئەواو مدتيكى زور حكومت ئه كا . لەدوای وفاتى
(شاه على بك)ای كوری هاتونه جيگەی . بەيك امارتى كردوه ، لەپاشدا
ملكەكەی لەبنى مير عيسى ، مير بوداق ، مير حسين ومير علی كوريدا
بەش ئه كا وخوشى ديتەقەلا (حرير) ، كەبەشى مير عيسى بوه .

مير عيسى لەپاشدا توشى تعرض (پير بوداق بك) بوه وله ناوچوه ،
و (مير بوداق) ى برای هاتونه جيگەی و (صومافلق)ى له ايران
زەوت كەدوه .

شاه على بك [2] ى برای مير عيسى ، حاكمى (شق آباد = شفاابلد) بوه .
امير بكى آزا ورشيد بو ، بوئەوەی كه حق كاكى له (پير بوداق بك)ى

---

(١) جوار عصری دوانەی عراق) لەلى ، سرخاب بكى حكمداری اردەلان ،
بارام بكى كوری نارده « رواندز » وكردى به حاكمى ئەوێوه ، وحكومتى سوران
لەم بارام بكەوه هاتوته خوارەوه وسيه عصريك زياوه .
واتما ، « دوقتور فريج » يش باسى بارام بك ناو كور يكى سرخاب بك ئەكا ،
وسرخاب بكيش لەزمانى شاه طهماسبدا اميرى اردەلان بوه .

(٢) دوقتور فريج ، لەاثره كه يدا هكوردلر : لايەره — ٢٦٠ » ئەلى :

بەبە بسینیە وە لەگەلی کەرنە شرەوە ونهایت(پیر بوداق بك)ی کوشت وبەرە بەرە هەولیر ، موصل و کرکوکیشی لەزلبش زەوت کردوامارتیکی گەررە وبە شورەیی دامزراند وبە سر بە خوبی ادارەی کرد ، وکە امری خوای بەجی هینا سیە کوری مابو : امیر سیف الدین ، امیر عز الدین شیر ، سلیمان بك .

میر سیف الدین گیلاو وفاتی کرد لەبە رئەمە امارت کەوتە دەس میر عز الدین شیر ، وئەم امیرە (هەولیر) ی کرد بە مرکز ومدتیك ادارەی امارتە کەی کرد . لەبنیە داسلطان سلیمانی قانونی ئەچو بوفتحی بغدا وکەگە بشتە ئەوناوە بوختانیکی گەورە بەمیرعزالدین کرا وبەامری قانونی گیررا و کوژرا [٩٤١ هـ ، ١٥٣٤ م] .

قانونی ، لەدوای میر عزالدین ، هەولیری دابە حسین بگی داسنی وئەم امیرە لەدوای بنیك — وکە امیرسلیمانی شاەعلی بك وفاتی کرد—

ئەوانەی سورانە کە پیربوداق بکی کوشت ، «امیر سیدی کوری شاه علی »بوە . والحال هەرئەم مؤرخە لە عین اثردا «لابرە — ٢٥٠ » لەلی شاه علی ی سوران ، جوارکوری بو : میر عیسی ، میر بودآق ، میر حسین ومیر علی . لە صفحەی دواییدا لەلی میر علی بە بوداق بکی کوشت . کەوابو ، اسمی « امیر سیدی » ئەبی غلط بی .

شاه علی ، ئەبی کوری میر عیسی بی ، چونکە میر عیسی دوبرای بو : ابراهیم وشیخ ادریس ،

هەموو امارتی سورانیشی کرتە دەس خوی . بەلام لەپاش یەنیك(میرسیف الدین کوری میر حسینی کوری میر بوداقی شاه علی بك) ی لی راست بوە وە ولەدوای شرود عوایە کی زور امارتەکەی سەندەوە .

حکومتی عثمانی ، لە میر سیف الدین عاجز بو و (سلطان حسین بك) ی امیری عمادیە وبەضی امرای کورد یتری نارده سری بەلام لەعودەی نەهاتن . نهایت ، بەقسەی(غازی قران یوسف بك) ی امیری برادوست چوە استامول ودخالتی کرد بەلام سلطان سلیمان لی قبول نەکرد وکوشتی .

لە دوای وفاتی (میر سلیمان) ی کوری شاه علی بك ، (قل بك)ی کوری ، کەدەی حسین بکی داسنی امارتی سورانی زەوت کرد، چوبو لای شاه طهماسب ، بەلام پێش بنیك لە طرف سلطان سلیمانە وە کرا بە حاکمی (سماوە) . لە دوای اعدامی میرسیف الدین ، خەلکی سوران استرحامیان لە استامول کرد کە (قل بك) یان بە امیربو تعیین کا ، وواقعا فرمانی امارتی بو نیررا ونواحی ی (حریر) پشی درایە ونزیك بیست سالیك ادارەکی پێش کرد .

لە دوای (قل بك) ، بوداق بکی کوری بوتە امیر ودوسالیك بی شروەەرا ادارەی کردوە لە پاشدا سلیمان بکی برای لی ی راست بوتەوە وبوداق بك خوی رانە گرتوە چوتە لای سلطان حسین بکی بادنیان ولەوی

بەش امدادی دراوەتی وله‌گه‌ رانەوه‌ دا له‌ (عقره‌) وفاتی کردوه‌ .

سلیمان بکی برای به‌ بی رقیب امارته‌که‌ی بو ساغ بوته‌وه‌ . امیر بکی عادل ورعیت پرور بو له‌ تاریخیکدا به‌ لشکریکی سیانزه‌ هزار سواری به‌وه‌ چوته‌ سرعشیرتی (زەزا) وشکاندوبه‌تی وتالانی کردوه‌ . ئەم عشیرته‌ له‌ استامول شکاتی لی کردوه‌ وسلطان مراد ویستویه‌تی لشکری بکاته‌ سر ، به‌ لام سلیمان بك له‌ووقته‌دا چوته‌ سرایران وتالانیکی زوری هیناوه‌ وبەعض دیاری ی باشی ناردوه‌ بو استامول وله‌ سر ئەمه‌ وازی لی‌هینراوه‌ [٩٩٤ هـ] ؛ وسلیمان بك به‌مه‌ مولا بکا ناوبانکی بلا وبوته‌وه‌ .

له‌ دوای وفاتی سلیمان بك ، علی بکی کوری بوته‌ امیر وله‌ گه‌ل صاحبی شرفنامه‌ داهاو عصره‌ی وشرفخان ، تازمانی ئەم امیره‌ باسی سوران ئه‌کا ، ودوابی ی احوالی امارته‌که‌ تا ایستا باش تدقیق نه‌کراوه‌ .

تاریخ نعیما ، ئه‌لی له‌ ١٠٣٩ هه‌دا که‌سردار خسرو پاشا هاته‌ موصل ، میره‌ بکی سوران وسید خانی عمادیه‌ به‌لشکریانه‌وه‌ هاتنه‌ لای له‌ مه‌ واحالی ئه‌ بین ، که‌ له‌ دوای علی بك (میر ه‌بك) بوته‌ امیر به‌ لام احوال ومدتی امارتی معلوم نیه‌ .

به‌ کوره‌ی راپوری اداری ی رواندز [1] ، مرکزی امارت کا‌له‌ (دوبن ، وکاه‌له‌ (حریر) و (کالیفانی) و (راوندز) بوه‌ .

---

(١) در حق باحوالی سالی ١٩١٩ راپور یکی اداری در حق به‌ قضای رواندز =

ظاهر وایه که امرای سوران له عصری دهه‌م دا مرکزیان له (دوین قه‌لا) بوه وتا تاریخی ۱۱۴۳ هـ [۱۷۳۰ م] له وی مانن .له دوایندا حکومتی به‌ی سلیمانی تدگی پی هه‌لچنیون و (شکه‌لی بك) امیر سوران مه‌رکزی حکومته که‌ی بردوته (حریر). سلیمان بکی کوری ، له سرشاخی حریر [کله سو] قه‌لایکی محکمی دورست کردوه وبه‌ض آثار تیریشی داناوه خدمتی علمی کردوه . رئیس علمای (شیخ حیدری ماورانی) بو ئه‌مڕانه له حریر بش له ده‌س به به نجانی نه بوه وناراحت کراوه وله‌عمریکی ۷۰ سالیدا مری خوای به جی هیناوه وله (حریر) نیژراوه .

به کۆڕه‌ی ریوایتی محلی ئه‌م بکه یه‌نیك له گه‌ل حکومتی بغدا یتك چوه و گیراوه‌وله بغدا حبس کراوه وله وی وفاتی کردوه وئه‌م دوره‌دا (خانزدا) بی خوشکی مدتیك امارته که‌ی اداره کردوه‌وزور آثار خیریه‌ی به جی هیشتوه .

(علی بك) ی سلیمان بك ، بهر به ستی نمرض به‌یه‌ی پی نه کراوه وامارته که‌ی بردوته کوندی(کالیفان) ، که له دولی (آلانا) دا

=تو سراوه وله شالی ۱۹۲۰ م داله بغدا طبع کراوه . له‌م رابوره داخلاصه یه کی تاریخی سوران هه‌یه که له شالی ۱۶۳۰م (۱۰۴۰هـ)ه وه‌دهس پی ئه‌کا ، وتاوی بکرآده‌ی سوران به میران بکی ئه نویی له مه واده‌ر ئه که وی که تاوی میر عه‌لبك (بره بکه کوری سلیمان بك یی) ، پوخاندا نه که بوته علم . هر چنده مأخذی ئه‌م زانیاریه معلوم نیه‌به‌لام به‌ناعلاجی بو باس کردنی تاریخی دوایی ی سوران استفاده مان لی کرد

وله مدخلی درندی رواندزدا بوه[١١٩٢هـ ١٧٧٨م] (دربندی رواندز)ی که له پاشدا به ناوی خویه وه به (گه لی علی بك) شوره‌ئی سه ندوه،زور باش وله هردوسره‌وه [به قه‌لای سردریا وسه‌ره‌شمه] قایم کِردوه ، وله دوآوی (رواندز) و(له کیان) پشدا قه‌لایکی بنا کردوه.

له دوای علی بك ، (اوغوزبه‌گی گه وره) ی کوری بوته امیر ومر کزی امارئی بردوته رواندز [١٢٠١ هـ ، ١٧٨٧ م] ، وبه ره بره حکمی خوی گه یاندوته‌سید کان ،هاویدان ،ودشتی(دیانا)وعشائری گا ووری‌ئه وناوه‌ي هیناوه‌ته‌ژیردسی خوی .

احمد بکی کوریشی ، امارته که‌ی‌توسیع کرد و(اوغوز بکی بچوك) ی کوریشی له سرشوین باوکی رویشت . له زمانی امارئی مصطفی بکی کوری اوغوزبکدا، سر له نوشری به‌به دەسی‌پی کرد وخوي بنیئ مر کزی امارتیش محاصره وتهدید کرا ، به لام مصطفی بك له نتیجه دا اشکری به‌به ی شکاند وشوینیان کەوت وکشتکار یکی زوری لی کردن .

له‌دوای بنیك ، مصطفی بك بوبرینه وه‌ی ئه‌م شره (فاطمه خانم) ی کچی دابه حسین بکي کوری محمود پاشای به‌به ، ولەدوای ئه‌م آشتي‌یه دەسی کردبه اصلاحی امارته که نیموری برای کرد به حاکمی(هفدیان) و(بەي‌بك) بشی کرد به حاکمی منطقه‌ی‌سیدکان وبرادوست ، محمدبکی

کۆری وخوشی له ۱۲٤۲ ه دا وفاتی کرد .

حکومتی پاشاکوره

محمد بك ، له دوای وفاتی باوکی هردو مامه کهی گرت وهه لی آوه ستین ، وبهره بهره دهسی کرد به گهوره کردنی امارته کهی عشایری سیلوان (شیروان) وبرادوستی له گهل سورچی هیناوه ژیر اطاعت ، حکومتی به بهی له (حریر) دهرپهراند ،شاری (ههولیر)ی زهوت کرد وعشیرتی دزهیی دامرکاند . النون کوپری ، کویه ورانیه شی داگیر کرد و (زهی کویه) ی له بنی خویو باباندا کرد به سر خه .

والیی بغدا علی رضا پاشا ، بهرامبهر به قوت وشهتی میره کوره هیچی پی نه کرا وبه ناعلاجی آیشه کهی به شیرینی بریه وه ، حکومته کهی تصدیق کرد ورتبهی میر میرانیشی بو سه ند .

له ۱۲٤۹ ه [۱۸۳۳ م] دا لشکریکی باش ومنتظمی پیکه وه نا وبه تشریفی (موسی پاشا)ی بادینانی روی کرده بادنیان ، وله دوای چند شریك له گهل اسماعیل پاشای بادنیانیدا (عقره)ی گرت وله وی وه چوه سر عماديه سعید پاشای حاکمی ئه وزی ی اسیر کرد وشاره که شی زهوت کرد . له پاشدا روی کرده یزیدی ی طرف (بعشیقه)و کوشتاریکی زوری لی کردن ، علی بهگی رئیسیانی گرت وناردیه رواندز دوسال حبسی کرد

وله پاشدا کوشتی . به روایتیك لیره‌وه روی کردوته جزیره‌ی ابن عمر و (ماردین) و (ونصیبین) یشی له بدر خان بك ره‌وت کردوه .

خلاصه ، محمد پاشا (پاشا کوره) ، له‌مدتیکی که‌مدا گه‌لی ولاتی داگیر کرد . له‌رانیه ودشتی پشدره‌وه تانصیبین وماردین وله (که‌له‌شین)ه‌وه تا (مخمور) حکمی جاری بو .

بهم ته‌رحه غلبه سه‌ندنی نفوذ وشوکتی محمد پاشا ، حکومتی عثمانی‌ی تنگه تاوکرد . سلطان محمود ، صدر اعظم مصطفا رشید پاشای به‌لشکریکی زورهوه ناردەسری وعلی رضا پاشای بغدا ومحمود پاشای موصلیش بو معاونت مأمور بون .

میر محمد پاشا ، که‌وای زانی خوی کیشایه‌وه رواندز وله‌وی بو مدافعه خوی حاضر کرد . اشکر صدر اعظم له‌دوای زه‌وت کردنی بادنیان روی کرده رواندز علی رضا پاشا ولشکری موصلیش به‌سر (هه‌ولیر) دا رویان تی کرد به‌شیکی زوری لشکری صدر اعظم وعلی رضا پاشا عشائری کورد بو . ئه‌م دواردوه له‌دەشتی دیانا وحریردا هه‌لیان دا ، میر محمد پاشاش (گه‌لی علی بك)ی گرتبو . صدراعظم مخابره‌ی له‌گه‌ل کرد وله سفون رشتن مسلمان ومخالفتی خلیفه تحذیری کرد وتأمینانی دابه وله سرئه‌مه میر محمد پاشا تسلیمی مصطفی رشید پاشا بو ، پرایه استامول وعفو کراوگه‌رایه‌وه به‌لام له‌سر نوسینی علی رضا پاشای بغدا ، له ۱۲۵۳ی هجریدا

لە(طرابزون) گریتان و کوشتیان [1] .

لەدوای میر محمد پاشا ، احمد بکی برای بوبە حاکمی سوران رسول پاشای براشی حاکمی عمادیەبو احمد بك لەدوای دوسال لەطرف آموزا

---

(١) میجر میلینغروقی کە جوتە(وان) . رسول پاشا لە وی و الی بوە (تقریبا ١٨٧٠) ماجرای محمد پاشای رای بەم تەرحە بوگیراوە تە وە : لە دوری ١٨٣٤ م دابوکە محمد پاشا ویستی ولا تەکە ی لە دەس حکومتی عثمانی نجات بدا بیخاتە زیرحکمی خاندانی خویەوە محمدپاشا اوصافی فاتحی واداری پی لە خویدا جمع کردبوەوە وتوانی ی بە اردوی کورد ایالاتی دراوسیە ی وە کوکرکوك وموصل بنیتیەزیر نفوذ خویە وە رسول پاشا تومانداتی لشکری بو ولیعهد بو.باب عالی لشکر یکی لەادارەی رشید پاشا ی سر عسکردا ، کە دوستی محمدپاشا بو ، نارده سر رواندز. بە لام حکومت ئەی وبست ئەمەە رایە بیشتر ،زیتەوە لە بە رئە وە لە زیر بردەی دوستیدا خیانت کرا وبمحمد پاشا کە وتە داوی خیانتە وەبو مذاکرە جوە ترار کاهی رشید پاشا ، بە لام گیرا وبدرا بو استامول . سلطان ، محمد پاشا ی زور باش قبول کرد . باب عالی قراری دا کە لە هەو کوردستان دا محمد پاشا والی ی عموی بی وصلاحیتیکی تەواوی بی . بە م قول وقرارە سواری سفینەیکی حربیە ی تورك کراونیر رایە وە بو مملکتی خوی ، ایبتانەمە ٣٥ سالە محمد پاشا لە استامولدەرجوە بە لام نە کە پشتیە ولا تی خوی . لە هیچ جیکە یك کس نەی دوە . خوالە یزانی خویو بج بیاوەکەی جیان لی هات . لە دوای محمد پاشا ، رسول پاشا ش بەخویو لشکر یەوە تسلیم بو . بنیبك لە بغد دانیشت ولەشریفا بمدا لشکر یکی سوارە ی کوردی بیکە وە ناو خد متیکی زور ی کرد لە دواییدا حکوفت کردی بە متصرفی (قارص) ولە باشدا تحویل کرا بو (وان) (حیاتیکی وحشی لە کورد بتاندا ، لاپە ٥٠-١٨٥-١٨٧).

كانيه وه كوژرا ، وسليمان بكى براى كرابه امير ، بهلام بهسبب بى كارهيى شهش مانگيك امارتى پى كرا ، لهپاش بينيك وله سر تكاى اهالى بهمساعدهى حكومت رسول پاشا لهعماديه وه هاتهوه وامارتهكهى گرتهدهس خوى ، ولهدواى حهوت ساليك لهسرويز كو نهداى ، حكومت لشكرى كرده سرى ولهدواى دوشرله (ديره) و (خليفان) داخوى كيشايهوه رواندزولهوى وه لهسر تضرقى حكومت ئاءـلاج ماچوه (اوشنو) وپنج ساليك لهوى ما . امارتى سورانيش له شكلى قضا يكدا راسته وراست كهوته ژير حكمى تور كهوه . رسول پاشا ، لهدواييدا بهتكاى وليعهدى ايران عفو كرا وهاته بغدا وله طرف حكومتهوه مهماش وتخصيصاتيكى ٧٥٠٠ غروشى بو برايهوه ودانيشت لهشرى (قريم) دا چوبو جهادوله ارضروم بوه قوماندانى عشاير وفواى معاونه وله ١٢٧٥ داهاتهوه بغدا . لهدواى سفرى حجاز واستانبول كرابه متصرفى (وان) ولهدواى سيهسال چوه ارضروم دانيشت وله ١٣٠١ دالهوى وفاتى كرد .

٢٤ — امارتى بابانه :

شرفنامه ، بهيى زور قديم ، لهايراندا ئهزبنى وئهلى مؤسسه كهى (پير بوداق بك) بوه ، ايالتى لارجان [1] ى له عشيرتى (زرزا) ، ولاتى

---

(١) له يونى (ريى) و(طبرستان) ى قديمدا مركزى منطقة يك بو .

سورانی لەعشائری (شبوی) و (مشیا کرد) و (سیدوز) یشی لەقزلباش زەوت کردوە وحکومتیکی گەورە وبەشوکتی دامەزراندوە ، وئەم امیرە لەبی بەبەی بوە . لەپاش یەنیك لەراودا لەطرف امیر سیدی [ئەبی امیر علی]ی حاکمی سورانە وە کوژراوە (پیر بوداق بك) ، وەجاخ کویربوە لەبەر ئەوە (بوداق بك)ی برازای هاتوتە جیگەی ونهایت دوسالیك حکمی کردەوەلەدوایدا یکی لە پیاوە کانی کە(پیر نظر) یان پی ئەگوت امارتەکەی لی زەوت کردوە لەدوای وفاتی (پیر نظر) ، اصل ولانی بەبە کەوتوتە دەس (میر سلیمان) ، وبافیش کەوتوتە دەس میر ابراهیم . ئەم دو امیرە بنیبك بە اشتی هر کسە لە ملکی خویدا ادارەی کردوەبەلام لەدوایدا تیك چون ومیر سلیمان ، میر ابراهیمی کوشتوە وبەشە ولاتە کەی ئەویتی داگیر کردوە وپانزە سالیك حاکمی هردو لا بوە . میر سلیمان بعوار ومیر ابراهیم سیە کوری لەدوا بەجی ماوە وئەم امارتە لەبنی ئەم د وخاندانە دا دائابوتە سبی شر ودعوا . نهایت لە اواخری دوری سلطان سلیمان قانونیدا [٩٢٦ — ٩٧٤ هـ] ، سنجاغی (مرگە) بەدەس خضر بك ناو مندالیکی کوری (میر حسین کوری سلیمان بك) دوە ماوە تەوە ولە دوای وفاتی ئەم خضر بەگە خاندانی

(میر سلیمان) له‌ناوچوه (١).

امارتی بەبەی دوایی :

ئه‌لین بناغه‌ی ئەم امارته له‌طرف(فته احمد)ه وه‌دانراوه وئەم امیره له‌خاندانی سوران وله عشیرتی (نورالدین) ی (پژدەر = پشدر)بوه . درحق به‌سرکەشتی ئەم ذاته بەشی روایاتی ناو پژدەر هەیه . خلاسه فقه‌احمد ، گەلی کسی له‌خوی کوکردوته‌وه وعنوانی به‌به‌ی داوه به خوی وبەره بەره قوتی پەیاکردوه . له‌دوای ئه‌رسلیمان به‌به‌ی کوری جیگه‌ی کرتوته‌وه به اصل مؤسسی ئەم امارته‌دانراوه وزور ازاومه زبوت‌بوه . له‌سستی وبیکاره‌یی حکومتی اردەلان استفاده‌ی کردوه وله ١١٠٦ ی‌هجری [١٦٩٤ م] دا بەشی جیگه‌ی له‌اردەلان داگیر کردوه . به‌لام سالی دوایی لشکر یکی زوری ایران وارده لانی هاتونه سر وشکاندویانه وله دوای ئەمه سلیمان بك چوه‌بو استامول وله‌پش یەنیك بونه متەرفی (ادرنه) وله‌وی وفاتی کردوه[١١١٥ ه] .

له‌دوای سلیمان بك ، به‌شیکی خاکی به‌به کەوتونه دەس عشیرتی

---

(١) به کوره‌ی ئەم ایضا حاتی شرفنامه یه ، ئه‌یی دوه م خاندانی به یه ، له مبادی ی عصری یانزه‌مینی‌هجریدا له ناوجویی . خاندانی سیه می یه ، له اوا خری عصری یانزه‌مین‌هجریدا وله (فقه احمد)ه وه یه یاوه به کوره‌ی ئه مه ؛ له بنی خاندانی (میرسلیمان) و(فقه احمد) دا ته نیاشەست حه فتا سالیك فاصله هه یه .

(زەنگەنە) وبە شیکیشی بە دەس کورانی سلیمان بەگەوە ماوە . لەمانە (بەکر بك) غلبەی سەندوە وبەرەبەرە ولاتی بەبەی گەورە کردوە ، حدودە کەی لە(سیروان)ەوە گەیاندوتە (زەی کویە) .

ظاهروایە کەبەکر بك چاوی بریوە (کرکوك) بش ولە سرنەوە لەگەل حکومتی عثمانیتیك بخوە ولشکری (بغدا)ی هاتونە سر وکوژراوە [١١٢٩ هـ]، وپنج سالیك خاکی بەبە لەژیر ادارەی حکومتی عثمانیدا مارە ، ولەم بینە دا (خانە پاشا)ی برازای بکر بك ، وردەوردە لەگەل حکومت زیك کەوتوە ولە ١١٣٤ دا بە درجەیەك ولاتی بەبەی هیناوە تەوە ژیر خکمی خوی .

خانە پاشا ، لەگەل حسن پاشای والیی بغداچوە بوسفری ایران وادارەی اردە لانیشی دراوە تی لەشری اشرف خانی افغانی ولشکری عثمانیدا [١١٣٩ هـ] لای اشرفخانی گرت وبرە سبی شکانی لشکری تورك وتامبادی بی دوری نادر شاە اردەلانی بەدەسەوە ماو ولاتی بەبەش بەدەس خالد پاشای برایە وەبو . لەزمانی خالد پاشا دایە کەامارتی بەبە وسوران کەوتونە شرەوە وبەشی کویە کەوتونە دەس بەبە . نادر شاە لە سالی ١١٤٣ هـ دا اردەلانی لە دەس حاکمی بەبەسەند ، ولە ١١٥٦ دا ولاتی بەبەی دا بە سلیم پاشای کوری بکر بك . حکومتی بغدا ئەی ویست سلیمان پاشای خالد پاشا بکابە حاکمی بەبە وئەم دعوایە بوەسبی

شرۆ شۆرێکی زۆر .

سلیمان پاشای والیی بغدا لە ١١٦٤ ھ دا ، چوار قوناغ لەژوور بغدا وە لەگەل سلیم پاشای بەبە شەڕی کرد وشکاندی وسلیمان پاشای کرد بەحاکمی بەبە وئەم امیرەچواردە سالیك حکومتی کرد ومەدتیك لە طرف محمد پاشای کوڕی خانە پاشا وسلیم بکی بکر بکە وە ناراحت کرا وبەش جار ولاتە کە شێلەدەس جو نەیت والیی بغدا لە ١١٧٤دا لشکری محمد پاشای لەسر (چەمی نارین) شکاند ومحمد پاشا لەناو چو ، وسلیم بکیش چند جارێك هاتە سرولاتی بەبەلام هیچی بونکرا .

لە دوای وفاتی سلیمان پاشای والی ی بغدا [ابو لیله] ، سلیمان پاشای حاکمی بەبە ، لەسر مسئلەی وێرکو لەگەل والی ی بغدا تێك چو ولە ١١٧٥ھ دا بە لشکرەوە روی کردە بغدا ولە نزیك (کفری) لەگەل لشکری بغدا کەوتە شەڕەوە ، بەلام شکا وچوبو ایران ولە وی کرابە والی ی اردەلان بەلام لە دوای دوسال لە طرف عمر پاشای والی ی بغدا وە دیسان کرایەوە بە حاکمی بەبە ومدتیك ادارە بکی پاشی کرد جدودی بەبەی گەیاندە (زەهاو) و (رانیە)و (کویە) خالد بك (وباعلی بك)ی کوریشی حاکمی اردەلان بو . نهایە لە ١١٧٨ دا لە (قەلاجوالان) بە کوشت چو .

لە دوای سلیمان پاشا ، محمد بکی برای کرابە حاکمی بەبەلە پاش ئینك

لەگەل احمد پاشای بۆ ای تیك‌چو وامنیني له حکومتی بغدا ئەما وعصیانی کرد نهایت والی‌ی بغدا لشکری کرده سری و ولاتی بەبەی لی سەند واحمد پاشای برای بوبە حاکم . بەلام زوری پی نەچو محمد پاشا بەلشکریکی ایرانەوە هاتەوە(قەلاچوالان)ی زەوت کرده وە . لە۱۱۹۲ھ دا بەیارمەتی لشکری ایران ولاتی بە بەکەوتە وە دەس احمد پاشا وچند سالیك بەدە سیەوە ما ولە ۱۱۹۳ ھ دا ولە وقتیکدا کەبە لشکرە وە ئەچو بو بغدا وفاتی کرد ،وحاکمیتی ولاتی بە بەکوتەدەس محمود پاشای برای . دوری ئەم امیرە برلەشروشورە ، چند دفعەیەك روی‌لەحکومتی عثمانی وەرگیرا ونهایت لەایراندا لەناوچوو وحکومتی بەبەکەوتە دەس ابراهیم پاشای کوری احمد پاشا . ئەم امیرە رشیدوعاقلە شاری سلیمانی‌ی دورست کرد ومرکزی امارتی لە (قەلاچوالان) ەوە بردە ئەوی [۱۱۹۹ ھ و ۱۷۸٤ م] ،

لە ۱۲۰۲ ھ داعثمان بکی کوری محمود پاشا کرابە حاکمی بەیە وبەلشکر یەوە اشتراکی حرکاتی منتفکی کرد ، بەلام حکومتی بغدا لە دوایدالەفکری خراپی درحق بەحکومت کەوتە شبهەوە وحەپسی کرد ودپسانەوە ابراهیم پاشای تعیین کرد . بەلام حکومتی دوەم جاری ئەم امیرە ، لەسالی زیاتر طولی نەکیشا وحکومتی بەبە درا بەعبد الرحمن پاشای محمود پاشا . ئەم ذاتە زور آزا وبەکار وحریصی حکداری بوتقریبا بەفاصلە بەکی کم وزور بیست وچوار سالیك حاکمیتی‌ی کرد . دوجار لەدر ندی بازماندا ودفعەیەك

لەنزیك كەری شری لەگەل لشكری بغدا كرد ولەدواییدا لەگەل حالت افندی واشكری موصل بو تەمی كردنی سلیمان پاشای والی‌ی بغدا بەو ولە ساعتەدە ری‌ی كی‌ئم شارە سلیمان پاشای شكاندو بغدای گرت زور هەولی بوو ئیە نی‌ی بغدا دا بەلام حكومتی عثمانی نەی دایە .

دوری امارتی عبدالرحمن پاشا ، زوربەشروشور را بورد . رقەبری ودوژمنایەتی‌ی لەگەل خالد پاشای آموزای زوری خەریك‌كرد وبو ولاتەكە شروضرریكی زوری بو .

لەدوای عبد الرحمن پاشا ، حكومتی بەبە كەوتە دەس محمود پاشای كوری [١٢٢٨ ھ] ، لەدوای شەوار سال بی سبب عزل كرا بەلام بەیارمەتی قوتی ایرانەوە عبدالله پاشای خالی شكاند وامارتە كەی نەدایە دەستەوە . لەزمانی ئەم امیرە دایە كە دفتردار داود افندی [مشهور كولەمەن داود پاشا] ، لەرقی والی‌ی بغدا هاتوتە لای امیری بەبە ، وبەمعاونەتی لشكری بەبەوە بغدای لەسعید پاشا زەوت كردوە وبوتە والی تامدتیك پینی والی‌ی بغدا ومحمود پاشا زوررێك بوبە لام لەدواییدانیك پەوومحمود پاشا بەیارمەتی ایران زورماش خوی راگرت لەپاش النجای عبدالله پاشا بە شازادە محمدعلی میرزای حاكمی كرماشان ، پینی حكومتی بغدا ومحمود پاشا چاكتر بو ، ولە وقتكدا كە لشكری عجم روی كردە شارەزور ، داود پاشا لشكریكی . بە فریای محمود پاشاوە بەلام ئەم لشكرە خراپ

شکاو سلیمانی کەوتە دەس عبدالله پاشا .

لە دوای گەرانە وەی لشکری ایران ووفاتی شازادە محمد علی میرزا محمودپاشا قوتیکی پیکە وەنا وعبدالله پاشای لەخاکی بە بە دەر پەراند .

لە دوای مدتیکی کم ؛ بغدا لشکری کردە سەری ومحمودپاشا ، دیسانە وە سلیمانی ی بەجی هیشت بەلام لە دوایدا حکومتی بغدا وایران ریك کەوتن ومحمود پاشاکەرایەوە بە حاکمی بە بە وعبدالله پاشا بوبە حاکمی کویە [١٢٣٩ ھ] .

لەدوای محمود پاشا . سلیمان پاشای برای بوبە حاکمی بە بە وهەشت سە ایك دوامي کرد بەلام زورجا رمحمد پاشا ناراحتی کرد .

لەدوای وفاتی سلیمان پاشا، حکومتی بە بەدرا بە احمد پاشای کوری احمد پاشا، امیریکی آزاوشارەزا بووبوتنوبەوتوسیعی امارتە کەزورفکری باش بو . لەپیش هەموشتیکدا بناغەي لشکریکی منتظمی دانا . هر چندە محمود پاشای مامی لەکەلی نەتە بوەوە زو زو لشکری ایرانی تە هینایەسری ، دیسانەوە لە فکری خوی لای نەدا ولە ١٢٥٨ ھدا بە تەوای خوی دامزراند .

بەشی دراپی دوری احمد پاشا تەوەندە مەلوم نیە تەاین تەم امیرە بەرامبە بغدا سربە خوبو ولە وقتیکدا کە کویەی محاصرە کردبومشهور کوز لکلی نجیب پاشای والی بغدا لەگەل عبدالله پاشای برای احمد

پاشا به لشکریکه وه‌عاتونه سری ، به‌لام زور سلیمان لی کردوه ، له‌پاشدا شه‌ریك‌ه‌قوو توق له‌نا و لشکری احمد پاشادا به‌پاته‌یی ، لشکره‌که‌ی بلاوه‌ئه کا. احمد پاشا به‌ناعلاجي گه‌راوه ته‌وه سلیمانی و بو لشکر کو کردنه‌وه چه‌وه شاره زور ، تاگه‌راره ته‌وه نجیب‌پاشا سلیمانی‌ی داگیر کردوه له‌دواي ئه‌وه احمد پاشا بچوته ایران و به واسطه‌ي سفیری عثمانی یه‌وه عفو کراوه وبچوته استامول [بو تحصیل احوالی لازمه تماشای کتبی (کوردانی به‌نا وبانك = مشاهیر الاکراد) بکری] .

له‌دواي احمد پاشا ، به عنوانی قائمقامی عبدالله پاشاي برای ، چوار سال له سلیمانیدا ماوله‌دوایدا میرلوا اسماعیل پاشا کرا به‌قائمقام له‌روژه‌وه اداره‌ی امارتی به‌ته واوی دوایی هات [١٢٦٧ هـ ، ١٨٥١ م] .

٢٥ — امارتی بانه

به کوره‌ي شرفنامه ئه‌م امارته له‌پیش دوری اسلامیشدا بوه و به کیف واختیاری خوی دین اسلامي قبول کردوه وله‌بر ئه‌مه ، خاندانی امارته که‌به (اختیار الدین) شوره‌تی سه‌ندره احوالی پیشوی ئه‌م امارته له‌اعتباري زمانی (میرزا بکی کوری میر محمد بك) ه‌وه معلومه ، ئه‌م امیره حاکمی قه‌لای (پیروی) و (شوبوه) [1] بو وکچی (پیکه بك) ي

---

(١) ئه‌م دوته لایه له‌داخلی‌قصای بانه‌ی ابستادابو .

حکمداری (اردەلان) ی مارە کردبو ، ولەسرئەم کچە لەگەل سلطان علی ی رئیس عشیرتی (تتاج) ی کورد کەوبتوە دوژمنایە تیەوە لەدوایبدا سلطان علی تەگی پی هەل چنیوە[1] وەدری پەراندوە و (قاتمش) ی برای بوتە امیر . میرزا بك بە یارمەیەتی خەزوری ولاتی بانەی سەندوتە وە وبنیك حکمی کردوە لەدوای وفاتی ، (بوداق بك) ی کوری هاتونە جیگەی ، ئەم امیرە ، لەدایکیکی ترمحمد واوغورلو ناو دوبرای بوە ولەگەلی کەوتونە شرەوە وەدریان پەراندوە . بوداق بك چوتەلای شاه طهماسب وبەیارمەیەتی شاه امارەکەی سەندەوە بەلام لەدوای بنیك لە (قزوین) امری خوای بەجی هینا :

شاه طهماسب ، سلیمان بکی برای بوداق بکی کرد بەامیر ، بەلام بە تشوقی میر محمدواوغورلوی برای عشائرە کەی لی راست بوەوە ، لەسر تەمە لشکریکی ایران هات بەفریای سلیمان بکەوە وقیام تسکین کرا ومیر سلیمان بیست سالیك حکومتی کرد . امیر بکی زورعادل وعاقل ولەخواترس بو ، لەاواخری حکومتیدا کچە کەی خوی لە (بدر بك) ی برازای مارە کرد وامارتە کەشی دایە و نوشی هەر لساوحوبو (مدینە منورە) وتاوفاتی لەوی بە عبادت وطاعت مشغول بو : ئەم سلیمان بکە هاو عصری

---

(١) السیقلو بە دیای اسلام ، ئەم باسە بە نوعیکیتر لەکیریتەوە . لام وابە روایتی شرفنامەمەوتترە .

صاحبي شرفنامه يه .

ئەم امارتی بانه يه لەزمانی (میر بدر) دا بوه تابعی اردەلان . مستشرق (ریچ) ، کەلەسالی١٢٣٦ ی هجریدا بەسربانه داروبوه ، لەگەل (نور الله خان) ی حاکمی بانه ملاقاتی کردوه ، آخر نەتەوەی خاندانی اختیار الدین ، کە (کریم خان) بو ، لەطرف (یونس خان) ناو خدمتکاریکیانە وەکوژرا وبانه کەوتە دەس ئەو یونس خانه . لەدوای بنیبك (یونس خان) یش بەدەس فتاح بکی برازایه وە کوژرا وبانه کە وتەدەس (حمه خان) ی کوری یونس خان . ئەم حمه خانەش ، لەاولی شری گەورە داولەسالی ١٣٣٣ هجریدا لەطرف قوۀ پیفریەی عثمانی(ابراهیم بتلیس) یە وە کوژرا وخاندانی یونس خانیش دوایی هات وبانه بوه قضایکی سابلاغ .

٢٦ — امارتی کەلیانی

لەطرف (عباس آغا) ی اوستاجلوه وە دامزراوه ، اولا لەسریواندا سرچاوه یه کی لە (پیکیه بك) ی حکمداری اردەلان سەند ولەپاش بنیبك(بیلەوەر) پشی‌لە عشائری (کلهر) داگیر کرد وبعض عشائری لەدوری‌خوی کوکردەوە . شاه طهماسب ، امارتی (بیلەوەرە) بی‌تصدیق کرد .

ئەم امارتە لە پاشدا تابعیتی عثمانی ی قبول کرد وحکومتی تورك کرند ، شیخان ، چاکران خورخورا ، زند .. والخ بخند جیگە بەکی تریشی لەشکلی سنجاقیکدا دابە (علی خان) ی گە لباغی .

(یار الله خان) پش امارتە کەی زیاتر گە ورە کردوە وحادثاتی تری ئەم امارتە معلوم نیە .

٢٧ — امارتی (کلهر)

شرفنامە ئەلی ، کلهر نەتەوەی (گیوی کودرز) ە ، وخاندانی امارتی ئەم عشیرتە سیە بەشە .

١ — بگزادەی پلنکان .

٢ — » درتك .

٣ — » ماهی دشت .

امیری ناسراوی پلنکان (غیب الله) ناویك بوە وبەض قەلای شارە زور و نزکی ئەم ولاتەی بەدەستەوەبوە . لەدوای خوی ، لەلرف شاە طهماسبە وە محمد بگی کوری کراوە بە امیر وئەم بگە زور خدمتی علم ومعارفی ولاتە کەی کردوە ، ولەدوابیدا شاەطهماسب کچیکی لی خوا ـ ستوە وئەبەش امارتی محمد بگی گە ورەتر وبە قوتتر کردوە لە حیاتی خویدا ملکە کەی لەپنی چوار کوریدا بەش کردوە لەدوای وفاتی میراسکندر

ی کوری هانوته جیگەی ویست سالیك حکومتی کردوه . له دوای میر اسکندر تەلای پلنکان کەوتوته دەس امیر بکی (دینه وەر)وله پاشدا بوته ملکی عثمانی .

میجر (راولنسون) ، له ١٨٣٦ ی میلادیداجوته(زهاب) ، درحق به عشیرتی (کلهر) ئەلی :

« کەری ئەلین ایمه زور قدیمین وله ئەلی (رهام) ین . (رهام) ، پختنصری مشهوره که فلسطینی داگیر کردوه وبه روایتیك ٤٠ : ٥٠ هزار مال جوله کەی هیناوه تەشاخانی (زاغروس) . رەنگه ئەم عشیرته نەتەوەی ئه ومنفیانەبی . جونکه زورناوزان هەیه که لەناوی جوله که ئەگا وحضرت (داود) بە پیغمبری خویان ئه زانن . لەگل ئەمه شدا اسلامن وبەشیکی (علی اللهی) یه » .

لام وایه ئەم فکره راست بنه . اگروه کو بعضی اثار ودلائل بو ئەی گرانی جوله که بو دوری (زهاب) بیی ره نکه بەسبب أختلاطی اجدادی ئەم عشیرته له که لیانا بعضی عادت وعنعنه ومر گیرابی . بەلام تاریخ ئەلی که(سیرس — کیخسرو) ، له دوای فتحی (بابل) ئەم جوله که نفی کراوانه ی ناردوته وه فلسطین .

به دورنیه کەبەته وەی (رهام)ی کوری (گودرز)ی شهنامه وبا «گودرزی»ی حکمداری اشکانی بن له گل « مهرداد »ی قرالی ارمنستاندا شری کردوه ومشهوره .

(امارتی بن عنانه له (حلوان) دا

اول امیر و مؤسسی ئەم خاندانەنە ، امیری (شاذنجان) ابو الفتح محمد کوری عنانه وله ۳۸۱هجریدا دا مزرا . ئەم امیره له دوای حکومتیکی بیست سالی وفاتی کرد و (ابو الشوك = ابو الشوق)ی کوری هاته جیگەی.

ناوی ابو الشوك (فارس) وانیشی (حسام الدین)بو . له گەل ملکی حسنویه طاهری کوری هلال دشمنایەتیکی ی کونەی بو وکه ملك طاهر له حبس نجاتی بو لشکری گرده سر ابو الشوك وله شردا ابو الشوك شکا وبرا کەشی له ناوچوو بەشی له ملکی بن عنان کەوته دەس لشکری حسنویه . هرچند له دوای ئەم شره ریك که وتن ومناسبتی صمریشیان خستەیتنەوه بەلام ئەوه ندەی پی نەچو ، ابو الشوك له ریکدا هەلی کوتایه سر ولاتی حسنویه وزه وتی کرد .

له ٤١٤ ی هجریدا علاء الدوله بن کاکویه روی کرده (دینەور)وزەوتی کرد بەلام بەناوبژی ی مشرف الدوله له بغدا علاء الدوله دەسی له (دینه ور) هەل گرت وگەرایەوه (همدان)

له ٤٢٠ دا طائفەی (غز) روی کرده (دینه ور) بەلام (ابوالفتح)

ی کوری ابو الشوك لیان که وته خووزوری لی کوشتن وبه دل کرتن وله ٤٣ دا (قرمیسین) وولاتی جبالی به ته واوی دا گیر کرد .

ابو الفتح ، به ناوی باو کیه وه ولاتی (دنیه ور) ی ئداره ئه کرد بنیك طمعی کرده فه لای (بکورا) که به دهس (مهلهل) ی مامیه وه بوبه لام که له گه لیا که وته شره وه به دل گیرا. له سر ئه مه ابوالشوك لشکری کو کردوه وچوه سر (مهاهل) . به لام له وبنیه دا به تشوقی مهلهل ، علاء الدوله ی کوری کا کویه روی کرده (دنیه ور) واطراف، وگرتوله لایکی تره وه (سر خاب) ی برای ابو الشوکیش (دافوقا) ی دا گیر کرد وچه کو لاجیشی له کوردی ئه و ناوه سه ندبو له سر ئه مه ابوالشوك چوه بغدا وله جلاله الدوله یارمه یه تی دا وا کرد وله گه ل عسکری بغدادا روی کرده (حلوان) . مهلهلیش به نای برده لای علاء الدوله وله سر نصیحتی ئه وچوه بغدا لای جلال الدوله .خلاصه به توسطی بغدا دو برایك که وتن به لام (دنیه ور) یان له دهس چو .

ابو الشوك له دوای ئه م صلحه روی کرده (شاره زور) وقه لای (بهرار شا) ی محاصره کرد صاحبی ئه م قه لایه (ابو القاسم بن عیاض) ، به شرطی ئه مه که ابو الفتح له سر نجات بدا ، له گه ل ابوالشوکدا ریك که وت وابو الشوك گه رایه وه ، به لام مهلهل (ابو الفتح)ی به رنه دا له سر ئه مه ابو الشوك روی کرده صامغان وهه مو ملکی (مهلهل) ی

داگیر کرد به لام دیسانه وه ناوبژ یکر که رته بنیه وه ودوبرا آشت بو ه وه
له م بنیه دابو که ز ابراهیم نیال) ی برای سلطان طغرلی سلجوق
به لشکر یکی زوزه وه روی کرده (دنیه ور) وئه م شاره ی له گه ل (قرمسین)
دا داگیر کرد ابو الشوك خوی کوتایه (حلوان) به لام ئه و یش پی
محافظه نه کراو له ده سی چو وناچار به خو و مال وده سته وداثره یه وه
چوه قه لای (سیروان)

ابو الشوك له گه ل مهلهل که رته محاربه وه . وبو دفعی دشمنی
مشترك تشو ق کرد وله و بنیه داهر چند ابو الفتح له حبسخانه دامرد به
لام دیسانه وه دوبراریك که وتن و بو دفعی ابراهیم ینال که رته تدارکه وه
له م وقته دا (سرخاب) ی برای هه لی کوتایه سر (بندنجین) ونالانی کرد.

ابو الشوك له ٤٣٧ ی هجریدا له قه لای (سیروان) دا امری خوای به
جی هینا وله دوای ئه و (مهلهل) بو به امیر ؛ (سعد) ی کوری ابوالشوك
خوی کوتایه لای ابراهم ینال وطلبی ملکی باوکی کرد .

ابراهم ینال (قرمیسین) ی دابو به (بدر) ی حسنوی . (مهلهل)له
٤٣٨ داهه لی کوتایه سر (بدر) و (قرمیسینی)زه وت کرد ولشکری ابراهیم
نیالیشی شکاند . له دوای بنیك ابراهیم ینال (سعد) ی کوری ابوالشوکی
له گه ل فوتبکی غزدا ناردە سر (حلوان) وزه وتی کرد به لام نه وه
نده ی پی نه چو مهلهل ئه م شاره ی سه نده وه

(سعد) ، بنیك له گەل هر دوماید اشروهه رای دەس پی کرد . له نتیجه دا که وته دەس (سرخاب) . کوری سرخاب ابو العسکر له باوکی هه لات وبماوتی کور دی ئه وناوه باوکی اسیر کرد وناردی بو ابراهیم ئینال وئەم امیری سلجوقی به چاوی (سرخاب) ی هەل کولی و (سعد) ی به ره للا کرد وسعدیش (حلوان) ی زه وت کرد .

مهلهل ، له دوای شریکی زور له گەل غزدا له ٤٤٣ دا چوه بندالای سلطان طغرل وئەم سلطانه دافوقاوشارەزور وصاحقانی دابەوقەلای (ماهکی) شی دابه (سرخاب) و (راد ندین) ی به (سعد).

له دوای ئەمەش شر وشور له بینی سعد ومهلهدا هر دوای کرد ونهایت مهلهل کەوته دەس (سعد) وسعد توسطی سلطان طغرلی رد کرده وه له سر ئه مه (بدر) ی مهلهلی به لشکریکه وه هاته سر (٤٤٦)، وملکته که له دەس چو امارتی (بنی عناز) یش نقل مقبره‌ی تاریخی کرد (مرآت العبر ، جلد — ٧ ، لاپره — ٣٧٤ تا ٣٨٠) .

امارتی درتنك :

له داخلی ولاتی (حلوان) دا دامزرابو ومرکزی قەلای (درتنك) بو اول امیری معلومی ئەم خاندانه (زوراب = مهراب) بکه که به آزابی دەس بلاوی شورتی سه ندوه وله زمانی خویدا امارتی (درتنك) ی که وره کردوه. عربکی کوری ، له دوای باوکی بوته امیر وتابعی سلطان

سلیمانی قانونی بوه . له دوای ئەم أمیر ەقباد بکی کوری هانو ەجیگەی
وامیر بکی زور به زه یروزه نك بوه وحدودی امارته که ی تا (دنیه ر ەر)
وحدودی (بغدا) بردوه ، معاصری صاحبی شرفنامه بو .

امارتی ساهیرشت :

له (تیله وەر) دا جی گیر بو ، له دوری شر فخاندا امیره کەی
منصور بك ناویك بوه .

کومه لی ایرانی شەرفی

انسیقلو پەدیای اسلام ئەلی ، عشائری اساسیەی کوردی ایران سیان بو : سیاه منصور ، چکنی وزه نگه نه ، اجد دی ئەم سیه عشیرته سیه برابوه وله لورستانه وه هاتون .

یەجگەله مانه ، دیسان هرعین اثر ، له جلدی چواره میدابامی عشیرت وامارێ شوانکارەش ئه کا که له ولاتی فارس و کرماندا بون .

خلاصه ی تاریخی ئەم امارتانه ئەمەیه :

۲۸ — امارتی سیاه منصور :

به کورەی شرفنامه له زمانی شاه طهما سبدادا مزراوه . ئەم شاهه ، خلیـل بك ناو امیریکی سیاه منصوری هیناوه ته معیتی خوی ، عنوانی (خان) ی داوه تی و کردویه تی به امیر الامرای هەمو کوردی ایران. یەجگه له (سیاه منصور) ، بیست وچوار عشیرتی کورد بنریشی خستوته معیتیه وه ، له بینی اذربایجان وعراقدا گەلی ملك وولاتیشی دایه ، دائما سیه هزار سواریکی له ته کابو ، له بینی (قزوین) و (تەورێز) دا دائه نیشتن ومحافظەی خەلکی حدود وریگه وبانیان ئه کرد . له دوای سیه سال،

حسن اداره‌ی خلیل بك روی كرده كه‌ی‌وله وناوه داخرایه كزوربو. له سر ئه‌مه شاه ، خلیل بكی نق كرد بو خوراسان . لەدوای ئه‌مه‌ته‌نیا عشیرتی سیاه منصوری به‌ده‌سه‌وه‌ماوله دواییدا كرایه‌محافظی‌حدودی خوراسان .

له پاش‌خلیل بك . (دولتیارخان) ی كوری هاته جگه‌ی‌وله‌طرف شاهه وه كرایه محافظی حدودی اذربایجان ، وبه امری شاه له وئاره دا گه‌لی اصلاحات وتعمیراتی كرد. به لام له پاش بینیك له حكومت عاصی‌بو وله‌ژوماینه‌ای (مرشد قولی‌خان) دا لشكریكی ایرانی هاته سر وله‌قه‌لای (شیستاز) دا محاصره‌ی كرد . به لام روژیك له‌پر یكا له‌ته‌لاهاته‌ده‌ره‌وه وهه‌لی كوتایه سر لشكری قزلباش وشكاندی و كوشتار وتالانیكی زوری لی كردن . لەدوای ئه‌م غلبه یه (دولتیارخان) ، طماعی كرده بعضی نواحی‌ی عراق . به‌لام شاه عباس ، مهدی قلی خانی به لشكریكی زوره وه ناردە سری . دولتیار خان . مقابله‌ی‌پی نه كرا ودخالی به شاه كرد به‌لام‌خویو توابی چپس كرا وله دواییدا له ناویرا . وظاهر وایه كه لەدوای‌دولتیار خان ئه‌م اماره‌ش له ناوچوه .

٢٩ — اماره‌ی جكنی :

شرفناه‌ه ئه‌لی ئه‌م عشیرتی (چكنی) یه ، له ناو عشائری كوردی

ایراندا ناو بانگی گەورەی بوو. بە لام چونکەر ئیسیکی بە کاریان نە بو بە ناو عراق واذربایجاندا بلاو بو بوو وە ولە گەل خراپە وجەر دەنی خەریك بو . خە لکی ئەو ولاتە لە لای شاە طهماسب شکایتان کرد وبولە ناوبر دنیان بەھەمو لایکدا امری شاهی درا ، ولە سر ئەمەپنج صد مالیکی چوبو خوراسان . »

لەوبینە دا حاکمی (هرات) ، قزاق خان) بو وئەم حاکمەئەوەندە حەزی لە شاە طهماسب نەئە کرد وویستی لەم عشیرتە مظلومەاستفادەبکا ، بەم فکرەلە (کارجستان) [بینی هراتوکابل کە وتوە] دادای مە زراندن .

شاە طهماسب کەوای زانی ، معاملەی در حق بەم عشیرتە گوری وروی دانی و (بوداق بك) ناو بکرادە بکی چکنی ی کرد بە امیریان وبە ھمنی ئەم امیرەوە عشیرتەکەھینرایە وە خوراسان ولەوی جی گیر کرا . (بوداق بك) لە شری (عبدالؤمن خان) ی اوز بکدا بە خویوعشیرتە کەیەوە زور خدمتی کرد ولەسر ئەمە شاعباس ، منصبی امارتی بەخویوپنج کوری داو(بوداق بك) یشی کرد بە امیر الامرا . وبە کورەی شرفنامە، ئەم امیرە معاصری شرخان وبکی لە سردارانی ھەرە مقولی شاە عباس بوە .

حیف کە در حق احوالی دوایی ئەم امارتەمعلوماتیکپەنکەنوتوە.

٣٠ — امارتی زنگنه :

به‌گوره‌ی شرفنامه، ئه‌م امارتی (زنگنه) یه تادوری شاه اسماعیل اول زور شوهرتی بوه ، له‌دوا یه‌دا خاندانی امارت له ناوچوه وله‌عشیرته که‌ش به‌ضیکی بوته فوروجی شاه

٣١ — امارتی شوانکاره :

امیر (فضلویه) ، له‌فرقه‌ی (رامانی)ی شوانکاره و کوری علی بن حسن بن ایوبی رئیس عشیرتی خوی بو . له‌معنی (صاحب عادل)ی وزیری بوه‌ی فارسدا بوبه سپه‌سالار . له‌پیش ئه‌مه‌دا ، بوه‌ی له‌طرف عشائری شوانکاره‌وه‌زور ناراحت کرابو . تاریخی کزیده باسی عصیانی اسماعیل ناو رئیسیکی شوانکاره‌له‌زمانی حکمداری فارس عمادالدین‌الله(ابو کالینجار) [٤١٦ — ٤٤٠] ئه کا . له‌دوای ئه‌م امیره‌ابونصری کوره گه‌وره‌ی هاته جیگه‌ی وئه‌میش له٤٤٧هـ‌دا مردوجی که‌ی بو برا بچکوله که‌ی که‌ناوی (ابومنصور) بوبه جی‌هیشت و(صاحب ل) وزیری ئه‌م ذاته‌بو . ئه‌م حکمداره ، له‌دوای عضیانی (فضلویه) ئه‌ویت غله‌ی به‌سر ئه‌م ملکه دا کرد وخویو دایکی که (سیده خورا سویه)بو ، گرت ، ابومنصور له ته‌لایکی نزیك شیرازدا حبس کرا وله ٤٤٨ هـ دا کوژرا ، وبه‌امری فضلویه سیده‌ش له حمامیکدا خنکاندیان . به‌م نوعه امیری شوانکاره بوبه صاحبی

ولاتی فارس ، وزوری پی نەچو لەگەل‌سلجوقیە کانا کەوتە شر ودعوارە لەدوای شربکی بیسود لەگەل (قاوورت)ی برای (الپ ارسلان) دا ، بوە تابعی الپ ارسلان ولەطرف ئەوەوە بە حاکمی (فارس) ناسرا . بەلام دیسان زوری پی‌نەچو ، فضلویە عصیانی کرد ؛ وخوی کیشایە قەلای (خورشاە) ولەوی محاصرە کرا ولە طرف مشهور نظام الملکەوە زەوت کرا ، وفضلویەش لەدوای مقاومینکی زورا سیر واعدام کرا [٤٦٤ ھ] ، ئەمە روایتی (ابن(البلخی)یە کەخوی لەوزمانە دابوە .

عشیرتی ئوانکارە ، مدتیکی زور اساسی‌شروھەراونارا‌حتی‌ی ولاتی (کرماز) و (فارس)بو . (ایران شاە)ی کوری(قاوورت) ، لەتاریخی ٤٩٢ ھ [١٠٩٩ م] دا بیارمەتی امیری کرمان ، والی‌ی‌فارس (اونار) یان ، کەلەطرف (سلطان برکیارق) ەوە تعین کرابو مغلوب کرد ومدتیکی کم لەدوای ئەمە شری (جاولی) وشوانکارە دەستی‌پی کرد . ئەم امیر فخرالدین جاولی یە کەلە ١٠ ھەدا مردوە ، بەنوی سلطان‌محمدی کوری ملکشاھی حکمداری عراقەوە ولاتی (فارس) ی، ادارە ئەکرد . امیری شوانکارە (حسن کوری مبارز خسرو) ، اعترافی بە والیە تی‌ی (جاولی) نەکرد امیر جاولی کوتویە ھەلی‌کوتایە سری ، خسرو بە معاونتی (قضلوی)ی برای‌دەرچو لەدوای بینیک‌قەلاکەی‌خسروی محاصرە کرد ، بەلام کەزانی‌ی‌ئەم محاصرە یە ھم زحمت وھم بەطول ئەنجی ،لە گەل

اتابك (جاولی)دا چوبو سفری کرمان . سببی ئەمەش ئەوەبو کە ملـکی کرمان ، امیری (دارابجرد) اسماعیلی .. کەیەکی لەرۆساي شوانـکارە بوقبول کردبو . اتابك جاولی طلبی اعادەی ئە کرد .

لەدوای ئەم حادثانە وادرئە کەوی کەعشیرتی‌شوانکارە ، لەدوری سلطنتی سلطان محمدي کوری ملکشاهدا راحت دانیشتون . بەلام لەزماني سلطان محمودی کوری سلطان محمد دا بە سبب ـۆ معاملەی وزیرە کەی (ناصربن علی‌ی درگزنی) بەوە عشیرتي شوانکارە دیسانە وە قیامي کرد ، ومدتیك ئەوناوەی ناراحت‌وویران کرد . لەم دورەدا ولە وقتی حادثتی (کرمان)دامسئلە یکتیرروی‌داکەلایتی‌ذکرە: کوردمحمدابوطاهر ، کەلەمعینی اتابك سلغوری‌سونـگوردا بو ، ولەدوابیدا بوبە حکداری سربە خوی لوری گەورە ، بواسطەی غلبەیەکی قطای ی بەسر شوانـکارە دا کـبی شورەتی کرد . سببي ئەمەش اتجای (زنکی‌ی کوری تیکلا) بەوعشیرتەبو .

ایتجا بینە وە سر تاریخی هەرە بە شرفي شوانـکارە کەئەوە تدە دوامی نە کردوە :

رئیس شوانکارە قطب الدین مبارز وقطب الدین محمدی برای ، کەامیری (ایغ) بو ، لە وقتی لە ناو چونی حکومتی سلجوقی ی کرمان وظهوری پاشاگردانی‌وبی‌حکومتی‌ی ئەوناوەزوربان استفادەیان کرد وزیر

ناصح الدين ، به رامبه ر به قومي غەز كومكى لى وبستن وئه وانيش چون بۆيايەوه ، خلاف آرزوى ئەم وزيرە وله سر موافقتي اهالى ،لەپيش شرى (غەز) دامركى (بردەسير)يان اشغال كرد وبەم تەرەحا كێنى ولاتى (گرمان) يان تأمين كرد [٥٩٧ هـ ١٢٠٠ م] له دوايدا ئەم دوامیره له گەل (غەز) كه وتنه شره وه ، به لام لەهوقتەدا مناسبتى بين ئەم دوامیرەو اته بكى فارس تمك بەو ، له به رئه وه ، بكى لەخاندانى (كرمان) يان كرد به وكيل به سر كرماندا وخويان گەرانەوه به لام (غەز)ەكان ديسانه وه كه وتنه تالان وتخريب ، بكى له امراى كرمان كه (هرمز تاج الدين شهنشاه)يان پى ئەگوت ، له گەل (غەز)ەكان ريك كەوت. نظام الدين له (ايخ) موه هات وروى كرده (هرمز) ، ولەشردا هرمزى له ناوبردو تورکه كانيش به پريشانى بلاوەيان كرد .ئەوه ندەى پى نه چو نظام الدين ديسانه وه داخلى (بردەسير) بو به لام زور مەزور وكم تەرخەم بو داويكيان بونايەوه وشەويك خويو كورە كەيان كرت [٦٠٠ هـ] له دوابيدا هەوليان بوگرتنى امراى لشكرى مبارزيش دا وحوامەرەيان كردن .

له م بينه دا پياويكى تر له ميدانى سياستدا خۆى نواند ، ئەم ذاته (عجم شا)ى كورى ملك دينار بو وله طرف خوارز مشاهى يه وه حمايه ئه كرا . عجم شاه ، له گەل (غەز) دا اتفاقى كرد وروى كرده ولاتى

کرمان . له دوای ئه مه احوال وادوای کرد : نظام الدینی محبوس زبرا بو اتابکی فارس ، وعجم شاه امیدی وابوکه ئینزه زاخنی ولانی کرمانی ده ڤه‌کەوی الحال اتابکی فارس (سعدبن زنکی) خبری بونارد ، که بو زو تسلیم بونی محافظی شاری کرمان ، واعز الدین فضلونی سرداری خوی به لشکریکه وه نارد ، رافعا لشکری فارس گه یشته کرمان وشاره که‌ی له‌حکومتی شوانکاره سه‌ند . مبارزی برای قطب الدین ، بوسه‌ندنه وه‌ی ئه‌م خته ، به لشکریکه وه‌ه‌ات به لام به غیری تلان وتخریبات هیچی پی نه کرا .

له ٦٥٨ هجدا هلاکو گه یشته ناوه ، (ایغ) ی گرت وامیری شبانکاره‌ئی کوشت وله اعتباری ئه‌م تاریخه‌وه مدتیك عشائری شوانکاره به ژیر نفوذی ایلخانیدا ما له‌پاشدا که وته‌ژیر حکمی مظفری‌ی فارس .

امارتی خوراسانه

له جلدی اولدا وله باسی جغرافیای کوردستاندا گوتبومان که‌ولاتی خوراسا نیشدا عشائری کورده‌یه (Hon . George N . Curzon) . له سیاحتنامه که یدا [ایران . دوجلده] در حق بهم کوردی خوراسانه بعض ایضاحات ئه داوئه لی :

شاه عباس گه‌وره ، بو محافظه کردی حدودی شمال شرقی‌ی ایران به رامبه ربه عشائری تورکمان بعض عشائری کوردی ، له حدودی غربی شمالی‌ي ایرانه‌وه نقل کرده خوراسان ئه‌م عشائری کورده : (شاهدلو) (زافرانلو) ، (کیوانلو) و(امانلو) یون . به‌شی زوری له منطقه‌ی (کوچان) دا دامزرا وفرقه‌ی (شادانلو) ش له (بوجنورد)واطرافیدا جی گیربو عشائری (کوچان) امارتیکی بنوه مستقل یعنی له اداره‌ی داخلیه ی داسربه خو بو قانون ومحاکمی مخصوص خوی بو . مربوطی به حکومت ایران ته نیاعبارت بوله رسمیکی سالانه که ئه یدا به حکومت .

نادرشاه ،ویستی بیهنیته ژیر اطاعت وکچی (ایلخان) بشی بوخوی هینابه لام فائده‌ی نه‌بو نهایت له‌اواخری سلطنتیدا به‌اردویه کی گه‌وره‌ره

بچوه سریان به لام له به رقه لای (کوچان) داشه ویك له خیوه‌تی خویدا سر بردا [١٧٤٧ م] .

له دوری حکومتی قاجار یشدا فتحعلي شاه بچوه سریان به لام هیچی بونه کرا وبه اعلاجی له گ ٠لیانا ریك که‌وت .

له ١٨٣٢ ي میلادیدا ـ اس میرزا به اردو یه که‌وه بچوه سر (کوچان) وزه‌وتی کرد قوتی طوعمی له ژیرا داره‌ی ضابطان انکلیز دابو ،عباس میرزا ١ ا خان)ی اوفته‌ی ، که رضا قولی خان بو ، برده‌ملهران وله‌ری وه نیرزایه (ته وریز)وله ناوچو له چیکه‌ی رضاقل خان ، (سام‌خان)ی کوری کرابه ایلخان

له وقتی سیاحتی (کورزون) دا [١٨٨٦ م]، ایلخان ، امیرالامراء شجاع الدولة امیر حسین خان بو بیّیك له گه‌ل حکومتی ایران نیك‌بو وعزل کرا به لام له پاشدا اریك که وته وه امیریکی به قوت وصاحب نفوذبوه .

امارتی (کوچان) دوله مندوبه هیز بو به لام امارتی (بوجنورد) فقیرتر وکم‌هیز بو وبه‌ش عشائری‌تورکمانیشي له ژیر اداره‌دابو . عنوانی امیره‌کان (ایلخان) بوه انسیقلو په دی بریتانیك له وتاریخه دا نفوس کوردی ئه‌م دو امارته‌ی به ٢٥٠٫٠٠٠ کس‌قید کردوه .